سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە
A.C.S
Aynda Center for Studies

ژمارە (١١ و ١٢)
ساڵی شەشەم
پایزی ٢٠٢٥

ئایندە

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە
سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

پڕۆژەی ئیبراهیمی لەنێوان پێکەوەژیانی ئاینی و هەژموونگەراییدا

- ئاینی ئیبراهیمی پلانی ونکردنی شوناس
- لە بارەی ئاینی ئیبراهیمییەوە
- باکگراوەندە مێژوویی و ئاینییەکانی پڕۆژەی ئیبراهیمی و تێڕوانینیان بۆ ئایندەی جیهان
- ئامانجی پڕۆژەی ئیبراهیمی
- هەڵوێستی ناوەندە ئیسلامیی وفیقهییەکانی جیهانی ئیسلامیی سەبارەت بە پڕۆژەی ئیبراهیمی
- وڵاتی ئاران لەسەردەمی میرنشینی شەدادییەکاندا

ئایندە

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە

سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ژمارە (١١ و ١٢) ، ساڵی شەشەم ، پایزی ٢٠٢٥ز - ١٤٤٧ك - ٢٧٢٥ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

Ahmadwerti@yahoo.com

٠٧٥٠٤٤٨٦٢٢٧

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی کوردی

محمد عزیز لۆتەری

cmhamadaziz1911@gmail.com

٠٧٥٠١٦٧٠٣٤٤

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی عەرەبی

یوسف کەمال هەولێری

Stampoahy@gmail.com

٠٧٥٠٣٧٩١٤٧٤

بەڕێوەبەری هونەری

ڕابەر ئەحمەد وەرتی

دەستەی نووسەران

د. یاسین عەبدوڵڵا وەرتی — **هەردی ئەنوەر فەقێ ساڵح**

ڕاوێژکاران

پ.د. عوسمان عەلی — **د. عبدالرحمن صالح میران**

نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی — **عەلی ئیبراهیم حەسەن**

ئەحمەد غازی سامەڕائی

دیزاین

جمعە صدیق کاکە

نێوەڕۆک

ئایندە پڕۆژەی ئیبراهیمیی تاوتوێ دەکات ٤

تەوەری ژمارە:
پڕۆژەی ئیبراهیمی لەنێوان پێکەوەژیانی ئایینی و هەژموونگەراییدا ٦
ئاینی ئیبراهیمی پلانی ونکردنی شوناس ٧
لە بارەی ئاینی ئیبراهیمییەوە ٢٣
باکگراوەندە مێژوویی و ئاینییەکانی پڕۆژەی ئیبراهیمی و تێڕوانینیان بۆ ئایندەی جیهان ٣١
ئامانجی پڕۆژەی ئیبراهیمی لە نێوان پتەوکردنی پێکەوەژیان و هەوڵی هەژموونگەرایی خۆرئاوادا ٤٢
هەڵوێستی ناوەندە ئیسلامیی وفیقهییەکانی جیهانی ئیسلامیی سەبارەت بە پڕۆژەی ئیبڕاهیمی ٥٣
پڕۆژەی ئیبراهیمی و هەڵوێستی ناوەندە ئیسلامیی و فیقهییەکان لەبارەیەوە.......... ٦٧
کێشە و بەربەستە جوگرافی و جیۆلۆجییەکان لە پێش پڕۆژەی ئیبڕاهیمیدا.......... ٧٦
بایەخی ئاین بۆ بەمرۆڤکردنی مرۆڤ:
ئایا مرۆڤایەتی ئاینی دروستکردووە یان ئاین مرۆڤی دروستکردووە و لە بە ئاژەڵبوون پاراستوویەتی؟.. ٨٠
وڵاتی ئاران لەسەردەمی میرنشینی شەدادییەکاندا ٩٨
کاریگەری و ڕۆڵی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان (٦٠٨ - ٦٨٠ ز) لەفەرمانڕەوایی و دامەزراندنی کەشتیگەلی ئیسلامیدا ١٠٨
ئەی تۆپەکە سروودی نەوەکان ١١٧
سەوداکردن بەدراوە ئەلکترۆنییەکان لەنێوان ڕێپێدران و یاساغیدا ١٢١
گرنگی ژمارە (چل) لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا(ﷺ) ١٣٠
بەڵگەی ئارکیۆلۆجیی پێغەمبەران: مشتومڕی توێژینەوە شوێنەوارییەکان.......... ١٣٧

نووسینەکان گوزارشت لە ڕای خاوەنەکانیان دەکەن و گۆڤاری ئایندە لێیان بەرپرسیار نییە

مەرجەکانی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ئایندە

١- دەبێ لـە بابـەت و نووسـینەکان (توێژینـەوە و بابەتـی تیـۆری و هـزری و ڕۆشـنبیریی وتـار و بۆچوونەکان..) دا ڕەچـاوی بنەماکانـی نووسین بکرێـت.

٢- لـە ڕووی ڕێنـووس و تایپـەوە، نووسـینەکە هەڵەچـن کرابێـت و کەمتریـن هەڵـەی تێـدا بێـت و، بـە بەرنامـەی وۆرد (word) بـۆ گۆڤـار بنێردرێـت، گۆڤاریـش بـە مافـی خـۆی دەزانێـت نووسـین و بابەتـەکان بـە پێـی بەرنامـەی دەسـتەی نووسـەران و ئامانجەکانـی گۆڤارەکـە بـڵاو بکاتـەوە.

٣- ئـەو بابـەت و نووسـینانەی پێشـتر لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان یـان لـە ماڵپـەڕ و سـایتێکی دیکـە بڵاوکراونەتـەوە، مەگـەر چۆنەکایی، گەرنـا لـە گۆڤاری ئاینـدە بڵاوناکرێنـەوە.

٤- نووسـین و بابەتـەکان پوخـت و زانسـتی بـن و بـە شـێوەی خاڵبەنـد و لـە (٣٠٠٠) وشـە زیاتـر نەبـن.

٥- ئامـاژە بـە سـەرچاوەکان بکرێـت بـۆ نووسـین و توێژینـەوەکان، توێـژەر یـان نووسـەر خـۆی بەرپرسـیارێتی یاسـایی و کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقـی هەڵدەگرێـت لـە حاڵەتـی وەرگرتـن یـان گواسـتنەوە لـە سـەرچاوەیەك بـێ ئامـاژە پێکردنـی، یاخـود لـە حاڵەتـی گواسـتنەوە و وەرگرتنـی نووسـین و بابەتـی ئامادەکـراو لـە ماڵپەڕەکانـی ئینتەرنێـت.

٦- بـۆ بابەتـی وەرگێـڕدراو پێویسـتە نـاوی سـەرچاوەکەی لەگەڵـدا بێـت، یاخـود لینکـی سـەرچاوە ئەسـڵیەکەی لەگـەڵ بێـت.

٧- زمانـی نووسـین و گوزارشـتکردن لـە ڕاوبۆچـوون لـە چوارچێـوەی یاسـادا و دووربێـت لـە نـاوزڕاندن و شـکاندن و پێشـێلکاری مافـی چـاپ و بڵاوکـردنەوە.

دەستەی نووسەران

ئاینده ...
پڕۆژەی ئیبراهیمیی
تاوتوێ دەکات

ئایا ئاینێک بەناوی (ئاینی ئیبراهیمیی) بوونی هەیە؟ ئەگەر هەیە ئامانجەکانی چین؟ ئەگەر نیشە ئەم چەمکە چییە و بۆچی بەرەوی پێ دەدرێت؟

لەڕاستیدا شتێک نییە بەناوی (ئاینی ئیبراهیمیی) کە ئاینێکی یەکگرتوو بێت و ئامانجگەلێکی دیاریکراوی هەبێت، بەڵکو چەمکەکە بەلای برەوپێدەرانی ئاماژەیە بۆ سێ ئاینەکە (جوولەکە و فەلە و ئیسلام) کە ئیبراهیم پێغەمبەر سڵاوی خودای لێ بێت بە باوکی خۆیان دەزانن و گوایە لە بەندایەتیکردنی یەکخودادا هاوبەشن، بۆیە پێویستە برەوو بە بەها هاوبەشەکانی نێوانیان بدرێت و تێڕوانینە ئاینییەکان لە ژێر ئاڵای (ئیبراهیمیی)دا یەکبخرێن و ئەم چەمک و بیرۆکانەش بگەیەنرێن بە نەوەکانی داهاتوو لەڕێی خوێندنیان وەک ماددەیەکی پەروەردەیی لەناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکان و، پەرستگای هاوبەش بۆ پەیڕەوکارانی هەموو ئەو ئاینانە پێکەوە و لە یەک شوێندا بکرێتەوە.

بەڵام بەلای ڕەخنەگرانی ئاینی ئیبراهیمییەوە، ئەم چەمکە وەسیلەیەکە بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆرئاوا بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامیی و ئامانج لێی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ ئیسڕائیل و قبوڵکردنی ئەو قەوارەیە وەک قەوارەیەکی ئاسایی لەم ناوچەیە و شێواندنی ئیسلامیش وەک ئاینێکی یەکخوداناسی و خۆشەویست لای گەلانی ناوچەکە.

ئەم چەمک و دروشمە بەکاردەهێنرێت وەک وەسیلەیەک بۆ دووبارە داڕشتنەوەی چەمک و تێڕوانینە ئاینییەکان بەگوێرەی ئەو جیهانبینییەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا ساز و یەکانگیرە و، لەگەڵ پڕۆژەی (ئاشتی ئیسڕائیلی - ئەمریکی) ڕێدەکات، ئەمەش بۆ برەودان و پتەوکردنی ئەو بۆچوونەی پێی وایە ململانێی (عەرەب - ئیسڕائیل)

سەرنووسەر

ململانێیەکی ئاینی نییە، بەڵکو تەنها ململانێیەکی سیاسییە و دەکرێ چارەسەر بکرێت و تێپەڕێنرێت لە میانی جەختکردنەوە و پێداگری لەسەر خاڵە هاوبەشە ئاینییەکان.

بەڵام ئایا ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی واقیعییە و لەگەڵ سروشتی ئیسلام و تایبەتمەندییەکەیدا دێتەوە؟ پێم وایە ئەم چێشتی مجێورە نەک سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو دەبێتە مایەی شێواندنی چەمکەکان و ڕاستییە مێژووییەکانیش، چونکە ئەوەی ڕوونە ئیسلام لاری نییە لەوەی باوەڕداران و پەیڕەوکارانی شەریعەتە ئاسمانییەکان لەیەک نزیک ببنەوە و هاوکاری یەکتر بکەن و لەگەڵ یەک چاکە بکەن، بەڵام نەک لەسەر خاڵە هاوبەشەکان ڕێکبکەون و ئەوەیتری پشتگوێ بخەن، بەڵکو هاوکاری و لەیەکنزیکی و پێکەوەبوون لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتییانەی هاوبەش بێت و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و سوود و قازانجی هەموو لایەک بێ لە کۆمەڵگەکاندا و ئەوەی پێکەوەیان دەبەستێتەوە لەبەرژەوەندییە هاوبەشەکانی وەکو خاک و نیشتیمان و زمان و ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری و خوشگوزەرانی و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و بەرگری لە وڵات.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕەهەندانە و لێکۆڵینەوە لەبارەی پڕۆژەی ئاینی ئیبراهیمی و ئامانجەکانی و خستنەڕووی ڕا و هەڵوێستی ناوەندە ئیسلامیی و فیقییەکانی جیهانی ئیسلامیی لەبارەیەوە، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ئایندە) تەوەری سەرەکی ئەم ژمارەیەی تایبەتکردووە بەم پڕۆژەیە، کە بە سوپاسەوە چەند قەڵەمێکی بە بڕشت بەشدارییان تێدا کردووە و لە هەردوو بەشی کوردی و عەرەبیدا بەرچاوڕوونی باشیان پێداوین.

هیوادارین خوێنەرانی هێژا سوودی پێویست لە نووسین و توێژینەوە و بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی (ئایندە) وەربگرن.

تەوەری ژمارە ...

پرۆژەی ئیبراهیمی

لەنێوان پێکەوەژیانی ئاینی و هەژموونگەراییدا



د. عمر عبد العزيز

ئاینی ئیبراهیمی پلانی ونکردنی شوناس

پێشەکی

بیرۆکەی (ئاینی ئیبراهیمی) دەمێکە بانگەشەی بۆ دەکرێت، بەڵام چونکە مەبەستەکانی پشتەوەی دروشمەکە لەگەڵ زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا یەکناگرنەوە، پلاندارێژانی نەیانتوانیوە بەسەر بەربەستەکانیدا زاڵ ببن. پلانەکە وایە کە مەساری سیاسی کلاسیکی بگۆڕن و لە بری گفتوگۆی نێوان ئاینەکانەوە و پەیڕەوکردنی شێوازی ململانێی گەرم کە زۆربەی کات بە سەرکەوتنی ئیسلام شکاوەتەوە، بەو قەناعەتە گەیشتوون کە بەکارهێنانی (هێزی نەرم) سەرەنجامی باشترە لە بەکارهێنانی هێز و تێچووی ماددیی و مرۆییشی کەمترە چونکە زۆربەی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانەکە لە ئەستۆی بەکرێگیراوانیانە لە ناوچەکە. کەواتە ئێمە لە بەردەم ستراتیژێکی جیاوازداین، کە دەیەوێت هەموو وڵاتەکانی خۆرهەڵات پیرۆزیی بۆ عەقیدەیان نەمێنێت و پرەنسیبەکانی ئاینە ڕەسەنەکان لە ڕێی ئاینێکی تاشراوی نوێوە بسڕێنەوە و کلتوری خۆرئاوایی جێیان بگرێتەوە.

گەڵاڵەبوونی ئەم پلانە لە (جیمی کارتەر) و هەردوو (جۆرج بۆش)ـەوە دەستی پێکرد و گەیشتە سەردەمی (ئۆباما)، ئێستەش (دۆناڵد ترامپ) لەسەر هەمان هێڵە و بیرۆکەکەی لە ئەستۆ گرتووە و لە ژێر ناونیشانی (خزمەتی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) و (کۆتاییهێنان بە ململانێکان) دەستی پێکردووە، پایتەختە غەربییەکانیش هەموویان پەسەندیان بووە و زۆرێکیشیان بە گەرمیی پشتیوانن.

ئاینی ئیبراهیمیی چییە؟

(ئاینی ئیبراهیمیی) زاراوەیەکی تاشراوە، ناوەندەکانی توێژینەوە زایۆنیی و ئیستیعمارییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، گوایە سەرچاوەی ناکۆکیی و بەریەککەوتنەکان جیاوازیی بۆچوونە ئاینییەکانە، هەمانکات ئاینە ئاسمانییە سەرەکییەکان: ئیسلام و مەسیحیەت و جوولەکە بەشی ئەوە بەهای مرۆڤانەیان تێدایە کە ئەگەر جیاوازییەکان وەلا بخرێن و ئەو دەقانەیان کە باس لە پێکدادان و جەنگ دەکەن کاریان پێنەکرێت و سڕ بکرێن، دەتوانرێت ئاینێکی نوێی ئاشتیخوازیان لێ پێکبهێنرێت، کە ببێتە مایەی پێکەوەژیان و ئاشتیی و برایەتی مرۆڤایەتی. وشەی (ئیبراهیمی)شیان لەوێوە بۆ هەڵبژاردووە کە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان ڕێز بۆ باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم - علیە السلام - دادەنێن و

تەنهـا ئـەو گونجاوترینـە بـۆ ئـەوەی جەمسـەری کۆکردنـەوەی هەمـووان بێـت.

پێشینەی چییەو قۆناغەکانی گەڵاڵەبوونی کامانەن؟

سـەبارەت بـە پێشـینەو پاشـخانی ئـەم بیرۆکەیـە چەنـد سـەدەیەکە لەژێـر ناونیشـانی جۆراوجـۆردا دەورووژێنرێـت، تاوێـك لـە ژێـر ناونیشـانی (گفتوگـۆی ئاینـەکان)دا، تاوێکـی تـر بـە نـاوی (نزیکخسـتنەوەی ئاینەکان)ـەوە، تەنانـەت جاروبـار بـە نـاوی (یەکخسـتنەوەی ئاینـەکان)ـەوە، ئێسـتاش بەنـاوی بیرۆکـەی پـڕۆژەی (یەکیەتـی فیدراڵیـی ئیبراهیمـی)دا لەدایـك بـوو، کـە تایبەتـە بـە پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا و کەمکردنـەوەی ململانێـکان لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ورووژێـنراوە و دەیـان سـەنتەری زەبەلاحـی گومانـاوی لـە پشـتەوەی ئـەم پڕۆژەیـەن، کـە نـاوی خۆیـان نـاوە (سـەنتەرەکانی دیبلۆماسـیەتی ڕۆحیـی) کـە لـە لایـەن صندوقـی یەکیەتـی ئەوروپـا، صندوقـی دراوی جیهانیـی، بانکـی جیهانیـی، وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا هـاوکاری دەکرێـن.

پاڵنەرەکانـی ئـەم بانگەشـەیە جیـاوازن، لـە هەندێـك قۆناغـدا سـاکارانە بیـر لـە نزیکخسـتنەوەی چەمکـە هاوبەشـە ئینسـانییەکانی ئاینـەکان کراوەتـەوە. لـە هەندێـك قۆناغـی تـردا ئەوپـەڕی نیازخراپیـی پێـوە دیاربـووە و مەبەسـت لێـی سـڕینەوەی ئاینـە ئاسـمانییە خواییـەکان و هێنانەکایـەی ئاینێکـی داتـاشراو بـووە. بـەڵام پیلانـی ئیبراهیمـی بەشـێکە لـە پیلانـی زلهێزانـی سـەردەم بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تەوژمـی ئاینیـی لـە هەمـوو دونیـادا و وردکردنـەوەی هەندێـك خـاڵ و بڕگـەی پلانەکانـی (صفقـە القـرن) و (خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتی نـوێ) و پـڕۆژەی (بەجیهانیکـردن)ی ئایدۆلۆژیـا و بەهـا خۆرئاواییـەکان و زاڵکردنـی هەژموونـی کلتـوری لیبرالیزمـی خۆرئاواییـە، وەك ئایدیایەکـی جێگـرەوەی هەمـوو بەهـاو چەمکـە ئاینییەکانـی خۆرهـەڵات و پێشـینەی قۆناغەکانـی ئـەم پلانـە، بریتیـن لـە:

* لـە (١٩٧٩ز) ڕێکەوتننامـەی (کامـپ دیڤیـد) لـە نێـوان میصر و زایۆنیدا بـە چاودێریی (جیمی کارتـەر) مۆرکـرا و، (سـادات)ی سـەرۆکی میصر دانـی نـا بـە قـەوارەی سـەپێنراوی زایۆنی(دەوڵەتـی ئیسرائیـل) دا و سـەقامگیریی سیاسـی بـۆ ڕژێمـی ئیسرائیـل کرایـە بڕیـار. لـە بڕگەکانـی ڕێکەتننامەکـەدا هاتـووە کـە: «لـە ئامانجەکانـی ئەمریـکا لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئەوەیـە کـە:

> پیلانـی ئیبراهیمـی بەشـێکە لـە پیلانـی زلهێزانـی سـەردەم بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تەوژمـی ئاینیـی لـە هەمـوو دونیـادا و وردکردنـەوەی هەندێـك خـاڵ و بڕگـەی پلانەکانـی (صفقـە القـرن) و (خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتی نـوێ) و پـڕۆژەی (بەجیهانیکـردن)ی ئایدۆلۆژیـا و بەهـا خۆرئاواییـەکان و زاڵکردنـی هەژموونی کلتـوری لیبرالیزمـی خۆرئاوایـی

ئیسرائیل و دراوسێ عەرەبەکانی لە ئاشتی و ئاسایشدا بژین و ڕەفاهیەتی ئابووریی بۆ گەلان دەستەبەر ببێت».[١]

* لە (١٩٨٥ز) (جیمی کارتەر) کتێبێکی نووسی بە ناوی (خوێنی ئیبراهیم، تێڕامانێکی بەرچاوڕوونانە لە دۆخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست[٢]. لەو کتێبەیدا ئاماژە بەم خاڵانە دەکات:

ــ باسی گەشتی ئیبراهیم ئەکات، ﷺ لە ساڵانی (١٩٠٠)ی (پ. ز) ـ نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوپێش ـ لە ئوری عیراقەوە بەرەو شام و لەوێوە بەرەو سەرزەوی کەنعان (ئوردون و دەریای ناوەڕاست)، پاشان بۆ میصر. ئیسلام و مەسیحیەت و یەهودیەت، هەر سێکیان هاوبەشن لە تێکەڵیی خوێنی ئیبراهیمدا. هەر ناسەقامگیرییەك لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕێگرە لە سوودبینینی جیهان لە نەوت! ئەوەی جێیداخە ئەوەیە کە کتێبە پیرۆزەکانی (ئەو سێ ئاینە) سەرچاوەیەکن بۆ پەرتەوازەیی، زیاتر لەوەی سەرچاوەیەك بن بۆ ئاشتی!

ــ ئەم مێژووە کۆنە بابەتێکی گرنگە بۆ ئەمڕۆی ئێمە، بەو پێیەی کە بنەمایەکی هاوبەشە بۆ جوولەکە و ئیسلام!![٣]

کارتەر پاش ئەم خاڵانە دەڵێت: «سادات زۆر حەزی ئەکرد لەو قسەیەم کە دەمگوت: «ئێمە سێ قۆڵیی نوێنەرایەتی یەهود و مەسیحیەت و ئیسلام دەکەین و دەکۆشین بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی».. بۆیە زۆر جار باسی پلانێکی خۆی بۆ دەکردم کە بە نیازە (شارۆچکەیەکی پیرۆز/ مجمع مقدس) لەسەر کێوی سینا بنیات



بنێت، تاکو پەیڕەوانی هەر سێ ئاینەکە پێکەوە پەرستشەکانیان تێیدا ئەنجام بدەن..»[٤]

* لە قۆناغێکی تردا ساڵی (٢٠٠٤ز) کۆلیژی یاساکانی زانکۆی (هارفارد)، پرۆژەی توێژینەوەیەکی خستە ڕێ کە بە عەرەبی ناونراوە بە: (مسار حج إبراهيم) گوزەرگای حەجی ئیبراهیمی. ئەم پڕۆژەیە بە بەشداریی دەیان توێژەر و کەسایەتیی سیاسی و ئاینیی و کۆمەڵناس و خۆرهەتناس و بازرگان و شارەزای گەشتیاریی هاوچەرخ گەڵاڵە کراوە. گوایە گەشتی حەجی ئیبراهیم (علیه السلام) لە ساڵانی (١٩٠٠) ی (پ.ز) لە زێدی خۆی لە (ئۆر)ی عێراقەوە بەرەو باکوری کوردستان پاشان بە ئاراستەی سوریە و لوبنان و ئوردون و فەلەستین و سارای نەقەب لە میصر تاکو حیجاز بووە.

* لە هەنگاوێکی پشتیوانیی لەو پڕۆژەیە (پاپا فرانسیس)ی یەکەم ـ یەکێک لە ستوونەکانی پڕۆژەی (بەیتی ئیبراهیمی) لە (٢٠٢١/٣/٥ز) هات بۆ عێراق و چوار ڕۆژ مایەوە و نوێژی هاوبەشی لە شاری (ئۆر)ی مێژوویی کرد، کە ڕەمزییەتێکی لای هەر سێ ئاینەکە هەیە، بەو پێیەی کە زێدی ئیبراهیمە (علیە السلام). ئەو سەردانە گوژمەی دا بە پڕۆژەی (مسار الحج الإبراهیمی)، کە ساڵی (٢٠٠٤ز) جاڕی بۆ درا بە پشتیوانیی ئەو پڕۆژەیەی کە کۆلێژی یاساکانی زانکۆی هارفارد ئامادەی کرد و سیاسی و دەستەبژێرەکانی ئەمریکا و ئەوڕووپا ملیۆنەها دۆلاریان بۆ دانا.

ئامانج لە پڕۆژەی (مسار إبراهیم):

لە ژێر پەردەی ئەو گوزەرگایەدا ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم بیرۆکەیە دەکەن ئیستغلالی پێگەی ئیبراهیم (علیە السلام) دەکەن، کە پەسەندی لای هەموو شوێنکەوتووانی ئاینەکانە. کە بە زیاتر لە سێ ملیار مرۆڤ مەزندە دەکرێت. ئامانج لەم پڕۆژەیە ڕەنگڕێژکردنەوەی دووبارەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ نەخشە وەهمییەکەی ڕژێمی زایۆنی، کە ناویان ناوە: (إسرائیل الکبری).

* لە ساڵی (٢٠١٩ز) پاپا فرانسیس پاپای کڵێسای کاسۆلیکی لە وڵاتی (ئیمارات) بە ئامادەبوونی محەممەد شێخ زاید گەیشت بە شێخی ئەزهەر (أحمد الطیب) و پەیماننامەیەکیان مۆر کرد بە ناوی (پەیماننامەی برایەتی ئینسانیی) و بەردی بناغەی بینای (البیت الإبراهیمی)یان دانا و ئیمزایان کرد. محەممەد شێخ زاید فەرمانی دا کە لە دوورگەی (سعدیات) زەوییەکی فراوانی بۆ دابنرێت، لەوێ دیزاینی شارۆچکەیەکی گەورە کێشرا، کە مزگەوتێك و کڵێسایەك و کنیسێکی جوولەکە لەخۆ دەگرێت، دیزاینەرەکەشی (سێر دیڤید فرانك ئۆدجای) بوو، کە ڕوتبەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی هەیە و بەناوبانگترینی ئەندازیارەکانی جیهانە.. بەشی کەنیسەکە ناونرا (فەرەنسیس) وەکو یومنێک بە ناوی قددیس فرانسیس، بەشی مزگەوتەکەش ناونرا مزگەوتی (أحمد الطیب)، بەشی مەعبەدی جوولەکەش بە ناوی (موسا بن مەیمون)[٥]-ەوە ناونرا.

ئاڵوگۆڕ یان دووفاقەیی:

زۆر لە مێژە عەلمانییەکان لە جیهاندا یاری بە زاراوە و دەستەواژە و چەمکەکان ئەکەن، پێشتر داوای جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و دەسەڵات و واقیعیان دەکرد، ئێستا ئەوەتا خۆیان خودی ئاین دەکەن بە وەسیلەی هێنانەدی ئامانجەکانیان، بۆ نموونە باس لە (تەساموحی ئاینیی) و (دیپلۆماسیەتی ڕۆحی) و (ئاشتی ئاینیی جیهانیی) و (خاڵی هاوبەشی ئیبراهیمیی) دەکەن.. کە ئەمانە هەموو بابەتی ئاینین و ئیستیغلالی ئاین ئەکەن بۆ مەرامەکانی خۆیان.

ڕژێمە عەرەبیی و بەناو ئیسلامییەکان و حزب و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی خۆیان فێری ئەوە دەکەن کە ئاینی ئیسلام لە کایەی ژیان دوور خەنەوە، تا نازناوی پێشکەوتوویی و مۆدێرنییان پێ حەڵاڵ بێت، کەچی خۆیان دەیان حزب و ڕێکخراوی مەسیحی و ئاینییان هەیە و ڕژێمی زایۆنیی دەستنەمامی خۆیان ڕژێمێکی پڕاوپڕ ئاینییە و شەڕی ئاین لەگەڵ موسڵمانان دەکات.

کەچی تەڵقینی حزب و دەسەڵاتە کۆیلەکانی خۆیان دەکەن کە باس لە ئاین نەکەن و باجی دژایەتی ئاین یان بە لای کەم دوورخستنەوەی ئاین لە کایەکانی ژیان و خەبات بەسەر سنگیاندا هەڵواسن! ئاکامی پەیڕەوکردنی ئەم ڕێچکەیە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان جوولەکە و زایۆنییەکان و خاچپەرستانی هاوچەرخە، لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی و جێگیردنی قەوارەی زایۆنیی و سڕینەوەی ناوی قودس و فەلەستین و جیهادو موقاوەمە، ئەوەی ئەوان دەیخوازن کە لەبەر خاتری خاترداران ناوی ئاین بێت، بەڵام ئاینێک کە هەویرەکەی شێلراوێك بێت لە دەقی هەڵبژێرراوی پەسەند لای ئەوان و گونجاو لەگەڵ چەمکە خۆرئاوایی و ئەوروپییەکان، هەمان کات ئەو دەقانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لەگەڵ دەقەکانی تری تەورات و ئینجیلەکەی خۆشیان کە بە دڵی ئەوان نییە، بپێچرێنەوە و فەرامۆشبکرێن. گوایە بەم کارە دونیای خۆرهەڵاتیش وەك خۆرئاواکەی ئەوان ئەبێتە دونیایەکی مۆدێرن و دروشمەکانی (پێکەوەژیانی ئاشتییانە) و (برایەتی ئینسانیی) و (ئازادیی) و (یەکسانیی مرۆڤەکان) و (پێکەوەهەڵکردن) بەرجەستە دەبن.

ڕەنگە کەسە ساکارەکانی ئەوان و کەسانێکی بەرەی خۆرهەڵاتی خۆشمان نەزانن یان بیریان چوویێتەوە کە بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێی خۆرئاواییەکان هەر خوێنڕشتن و جەنگی هۆزەکانی ناوخۆیان بووە، پاشان جەنگی خاچپەرستییان دژی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی، پاشان پەلامار و هەڵمەتە داگیرکارییەکانی قۆناغی کۆلۆنیالیستییان دژی خۆرهەڵات، تا دەگاتە

> ئاکامی پەیڕەوکردنی ئەم ڕێچکەیە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان جوولەکە و زایۆنییەکان و خاچپەرستانی هاوچەرخە، لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی و جێگیردنی قەوارەی زایۆنیی و سڕینەوەی ناوی قودس و فەلەستین و جیهادو موقاوەمە

چاندنی لووی قەوارەی زایۆنیی لە ناوجەرگەی خاکی موسڵماناندا. هەروەها جەنگە ناڕەوا جیهانییەکانی یەکەم و دووەم، کە بە ملیۆنەها کەسیان لەناو برد، ئیتر پیلان و بەرنامەکانی ویژدانکڕین و کرێگرتە دروستکردن و مژینی خوێن و نەوت و سامان و وزەی وڵاتانی دونیا بووەستێت، کە زۆر هونەرمەندانە و لێزانانە تا ئێستەش درێژەی پێدەدەن.

ئیتر کامەیە ئەو پێکەوەژیانەی ئەوان قسەی لەسەر ئەکەن؟ کامەیە ئەو ئاشتیی و ئازادییەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن؟

ئامانجی جۆراوجۆر بۆ خۆیان، یەك ئاكامیش بۆ خۆرهەڵات:

مـەرج نییـە هەمـوو ناوەندەكانـی بـاس و توێژنەوەكانـی ئەمریكا و ئەوروپا یـەك ئامانجیـان لـەو پیـلان و پرۆژانـەدا هەبێـت. دەگونجێـت لـە كاتێكـدا كـە ئامانجـی هەندێكیـان ئایدیۆلۆژیـی و ئایینـی بێـت، ئامانجـی هەندێكـی تریـان ژێـر ڕكێفخسـتنی هەمـوو وڵاتانـی ناوچەكـە بێـت، بـۆ بەرژەوەندیـی سیاسـی و ئەمنیـی و ئابووریـی خۆیـان، واتـە گۆڕینـی پەلامارێكـی داگیركاریـی كۆلۆنیالیسـتی نوێیـە لـە سـتایلێكی گونجـاو لەگـەڵ سـەردەمدا و پەنابردنـە بـەر ئەزموونـی: گۆڕینـی سـتراتیژی لـە بەكارهێنانـی هێـزی گەرمـەوە، بـۆ بەكارهێنانـی هێـزی نـەرم، بـەڵام بـە پشـتیوانی هێـزی گـەرم.

بابەتی ئاساییكردنەوە و پرۆژەی ئاینی ئیبراهیمی:

پـاش گفتوگۆیەكـی زۆر لـە نێـوان ئیمـارات و بەحرەیـن لەگـەڵ قـەوارەی زایۆنـی، لـە سـاڵی (٢٠٢٠ز) بـە بـێ شـەرم ڕێكەوتننامەیـان بـە سەرپەرشـتیی ئەمریكییـەكان مۆركـرد، (بەرپـرسی ئـەم دۆسـیەیە «جاریـد كۆشـنەر»ی زاوای ترامپـە، كـە جوولەكەیەكـی ئەرسـۆزۆكسـە و وەزیری دەسـتە ڕاسـتییەتی. ئـەو دەلالـی (تطبیـع) بـوو لـە نێـوان قـەوارەی زایۆنـی و وڵاتانـی ئیمـارات و بەحرەیـن و مەغریـب و سـوداندا. لـەم هەنگاوەشـدا جارێكـی تـر پەنـا برایـە بـەر نـاوی باوكـی پێغەمبـەران ئیبراهیم ﷺ و ڕێكەوتننامەكانیـان نـاو نـا (ڕێكەوتننامەكانـی ئەبراهـام)، لـە ژێـر ناونیشـان و پاسـاوی (تطبیـع)دا.

پەلامارێكـی داگیركاریـی كۆلۆنیالیسـتی نوێیـە لـە سـتایلێكی گونجـاو لەگـەڵ سـەردەمدا و پەنابردنـە بـەر ئەزموونـی: گۆڕینـی سـتراتیژی لـە بەكارهێنانـی هێـزی گەرمـەوە، بـۆ بەكارهێنانـی هێـزی نـەرم، بـەڵام بـە پشـتیوانی هێـزی گـەرم.

ئاسـاییكردنەوەی پەیوەندییـەكان لەگـەڵ قـەوارەی زایۆنیـی، كـە ئـەم پلانـە لـە ڕێكەوتننامـەی (كامـپ دیڤیـد)ەوە دەسـتی پێكـرد، لـە سـەردەمی (ئەنـوەر سـادات)دا. (تطبیـع) بـە زمانێكـی سـادە واتـە كۆتاییهێنـان بـە موقاوەمـە و جیهـاد و بەرەنگاربوونـەوەی سـتەم، لـە بەرامبـەرەوە دانـان بـە قـەوارەی زایۆنیـدا و بێدەنگبـوون لـە هەمـوو هەوڵـەكانی داگیركـردن یـان ڕووخانـدنی قـودس و وازهێنـان لـە داوا ڕەواكانـی فەلەسـتینییەكان.

بـەم كار و هەنگاوانـە سـەردەمی (خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت) كۆتایـی هـات و تابلـۆی (خۆرهەڵاتـی نوێـی ناوەڕاسـت) لـە دەروازەی خۆرهەڵاتـدا هەڵـواسرا و دەخوازرێـت پاشـماوەی پلانـی هەژموونـی ئەمریكییـەكان بەسـەر ناوچە عەرەبییەكە و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـە سـەپاندنی ئـەوە كۆتایـی پێبێنـن كـە ناویـان نـاوە (ئاینـی ئیبراهیمی)، بـۆ پاراسـتنی پێگـەی ئەمریـكا، بـەو پێیـەی كـە خۆیـان بـە سـەنتەری جیهـان و دەمڕاسـی وڵاتـان دەزانـن، ئەوەش دەخوازێـت كـە چەنـد هەنگاوێـك بنێـن، وەك:

- مەحکەمکردنی جێپێی قەوارەی زایۆنی. لە ژێر پەردەی ناوی ئیبراهیمی خەلیلدا (علیه السلام). (قەوارەی زایۆنی) لەناو جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیی ببێت بە قەوارەیەکی جێگیر و خۆماڵیی و لەو نامۆییەی ئێستەی دەرچێت و هەژموونی ئەمریکا و خۆرئاوا ببێتە ئەمری واقیع و لە ڕێی ئەوەشەوە بەهاکانی خۆیان بگوێزرێنەوە بۆ وڵاتانی ئیسلامی.
- سڕینەوەی چەمکەکانی جیهاد و موقاوەمە و بەرگریی.
- برەودان بە دروشمە کۆنەکانی ماسۆنیەت، وەك ئازادیی و برایەتی ئینسانیی و پێکەوەژیان و ئاشتی..
- تۆمەتبارکردنی جووڵانەوە ئیسلامییەکان بە تیرۆریستی و ئوصولیەت و توندئاژۆیی.
- سڕینەوەی دەستەواژەی (وڵاتانی عەرەبی)، یان (وڵاتانی ئیسلامیی) بە (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست).

بۆیە موسڵمانان ئەبێت وریا و چاوکراوە بن، زاراوە و دەستەواژە مینرێژکراوەکان بەکارنەهێنن و لە سۆنگەی داهێنانیان ورد ببنەوە.

هەنگاوە پشتیوانەکانی برەودان بە (ئاینی ئیبراهیمی):

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی ڕابەرایەتی ئەم پڕۆژەیە دەکات چونکە ئەتوانێت بە زمانی هێزیش ڕژێمە دیکتاتۆرەکان - کە زۆربەیان شوێنکەوتەی ئەون - ملکەچ بکات، تەنانەت خەرجییەکانی خۆشیان لە داهاتی نەوت و وزەی میللەتە ژێردەستەکان وەردەگرێتەوە.

- ناوەندەکانی توێژینەوەی خۆیان دەیان ڕاپۆرت و کاری شرۆڤەکارییان کردووە و خاڵە لاوازەکانی تەواوی دەسەڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان خستووەتە بەردەستیان و ئەزانن لە کوێوە و چۆن دەستپێدەکەن.

- خستنەگەڕی توانای کەسە کرێگرتە و پشتیوانە کڕراوەکانی خۆیان، لە کەس و دەزگا و گروپی جۆراوجۆر، بۆ ڕەواجدان و شەرعییەتدان بە پلانەکانیان، بە تایبەتی ئەوانەی کە ڕەنگ و بەرگی ئیسلامیی یان مەسیحی ساختەیان کردووە بە بەر خۆیاندا و دەوری بۆلس و سامری و ئیبن عەلقەمی دەبینن.

- ئیستیغلالکردنی ناو و پێگە و ڕێزی باوکی پێغەمبەران ئیبراهیمە (علیهم السلام). ئەوان باش دەزانن هەموو ئەهلی دینە ئاسمانییەکان لەسەر خۆشەویستیی ئەو زاتە کۆبوونەتەوە. بۆیە بۆ یەکەم جار باڵیۆزی ئەمریکا لای قەوارەی زایۆنی (دیڤید ڤریدمان) لە ڕێکەوتننامەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان زایۆنی و ئیمارات وتی: بە بەرەکەتی باوکی پێغەمبەرانەوە دەستپێئەکەین و هیچ کەس نییە گونجاوتر بێت بۆ ئەم یەکێتییە جگە لەو.

- باق و بریقی چەمکە بۆیاخکراوەکانیانە، وەك: خۆشەویستی لێبوردەیی، پێکەوەژیان، برایەتی ئینسانیی، ئاشتی جیهانیی).. گوایە کاتی ئەوە هاتووە کە گەلانی جیهان لەسەر ئەو چەمکانە کۆببنەوە و واز لە چەمکەکانی: «جیهاد و قتال و دەسەڵات» بهێنن. دیارە لە هەموو ئەمەشدا تەنها ئیسلام و چەمکە قورئانییەکان و موسڵمانان بە ئامانج گیراون. لێرەوەیە کە تێدەگەین و دووپاتیدەکەینەوە کە

لە هەموو ئەم بگرە و بەردە و پلان و بەرنامانەدا کە لە ئارادان، تەنها ئیسلام بە ئامانج گیراوە. بۆیە ئەوان ئامادەن ناوی پێغەمبەرەکانیان و کتێبە ئاسمانییەکانی خۆیان بسڕنەوە، بە مەرجێك ناوی قورئان و ئیسلام و موحەممەد ﷺ بسڕنەوە، چونکە ئەوان وەك موسڵمانان پشتیان بە ئاین و پێغەمبەر و کیتابەکانیانەوە نەبەستاوە، خۆمان ئەزانین کە ئەوڕوپا چۆن لە سەدەکانی (١٤و١٥)ی زاینیدا دژی کەنیسە و ئاین و پیرۆزییەکانی خۆیان هەستان و خستنیانە دەرەوەی کایەکانی ژیانی خۆیان. کەواتە هەموو پیلانەکە دژی ئیسلام و قورئان و موحەممەدە (ﷺ)، هەر ئەوەندە ئەو پێغەمبەرە خاتەمە باسی نەکرێت، ئیتر با ئیبراهیم ببێتە هێمای ئاشتی و پێشەنگی پێکەوەژیان و ڕابەری هەمووان و ناوی کەسی تر لە پێغەمبەران لە پاڵیدا نەبرێت.. ئەمە بە بێ ئەوەی پێمان بڵێن کامەیە ئەو تەعالیم و ئاراستە و پەیامانەی ئیبراهیم علیه السلام، تا بیانکەینە سەرمەشق و ڕێباز و ڕێچکەی ژیان!! ئەمریکا لەوە تێگەیشتووە کە بڕیاردان لەسەر ئەم ئاینە نوێیە لە نێوان گەلە موسڵمانەکاندا لە کاتێکی کەم و خێرادا زەحمەتە، بۆیە پلانەکە ئەوەیە کە ئەبێت قوتابییانی گەنج بخەنە ئەم بیرە و لە ناویاندا بەهاکانی ئەو ئاینە ئیبراهیمییە بڕەو پێبدەن، تالە داهاتوویەکی نزیکدا وەکو دینێکی جیهانیی دوای پرۆسەی شتنەوەی مێشکی ئەو گەنجانە بێتە کایەوە، چونکە گۆڕینی قەناعەتی موسڵمانان لە ئێستادا کارێکی زۆر زەحمەتە، لەبەر کاریگەریی ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ.

> هەوڵدەدرێت کە قودسییەت لە ئەقصا و فەلەستین وەربگیرێتەوە و باسی قودس و پیرۆزییەکانی لە زەینی موسڵماناندا نەمێنێت

دووڕوویی لافلێدەران:

دووڕوویی بانگخوازانی هەڵگری دروشمەکانی ئاشتی و ئازادیی و برایەتی و پێکەوەژیان و.. تاد، لەوەدایە کە لە سەرێکەوە لافی ئەو دروشمانە لێئەدەن، کەچی لە لایەکی ترەوە بە هەزاران منداڵ و ئافرەت و خەڵکی سڤیل لە ئێستەدا لە شوێنێکی وەك غەززە شەهید دەکرێن، بەڵام نقەیان لێوە نایەت، یان لە چەندین وڵاتی وەك چین و هیندستان و ئەفریقیا موسڵمانان ئەچەوسێنرێنەوە، کەسێك لەوانە داکۆکییان لێناکەن. سەرباری ئەوەش چەندین جووڵانەوەی گوماناویی بە ناوی ئیسلامەوە دروستدەکەن، بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام و موسڵمانان. بە هەموو شێوەیەکی تریش جەنگ لەگەڵ نەوەی موسڵمانان ئەکرێت و تومەتبار ئەکرێن بە تیرۆر و توندوتیژیی، نەک تەنها تاکەکان، بەڵکو هەموو گرووپ و دەستەو جەماعەت و دامەزراوەکانیان، بۆ نموونە جیهادی فەلەستین دژی داگیرکەری زایۆنی، بە تیرۆر ناودەبرێت، واتە قوربانیی دەستی تیرۆر خۆی دەکرێتە تیرۆریست. بەڵام ئەو هەموو تاوان و کۆمەڵکوژییەی جوولەکە بە توندڕەویی ناونابرێت، بۆیە هەوڵدەدرێت کە قودسییەت لە ئەقصا و فەلەستین وەربگیرێتەوە و باسی قودس و پیرۆزییەکانی لە زەینی موسڵماناندا نەمێنێت،

بۆیە بەردەوام باسی (تەطبیع) دەکرێت و هەموو بانگخوازان و پشتیوانانی موقاوەمەی فەلەستینی لە هەر کوێ بن تۆمەتبار دەکرێن. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بۆچی دژایەتی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی میصر و تونس و لیبیا و ئوردون دەکرێت؟ بە تایبەتی تۆمەتبارکردنی جووڵانەوەی (برایانی موسڵمان) وەك پێشەنگی ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ. چونکە ئەوانە وەکو لەمپەری بەردەمی ئەو پڕۆژە دۆزەخییە ناسراون.

دەربارەی حوکمی ئاینی ئیبراهیمی و هەڵوێست لە دژی:

دیارە ئەوەی کە شارەزای قورئان بێت دەزانێت کە دینی ئیسلام هەمان دینی ئیبراهیمە و ئوممەتی ئیسلامیی هەمان ئوممەتی ئیبراهیمە، باوکی یەکتاپەرستان، (علیه السلام) قورئان فێری کردووین بڵێین: (قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ * دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) الأنعام: ١٦١. وە خوای گەورە پەیمانی وەرگرتووە لە هەموو پێغەمبەران کە ئەبێت ئیمان بە موحەممەد بێنن، واتە هەر کاتێك ئەو نێردرا و هەرکەس لەوان لە ژیاندا بوو، ئەبێت پەیمانی بداتێ و خەڵکی بانگەشە بکات بۆ ئیمان بە پێغەمبەر موحەممەد. (وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ) آل عمران: ٨١.

هەروەها هەرکەس شارەزای قورئان بێت ئەزانێت ئەوەی باوەڕی بە عیسا و موسا و دینەکانیان نەبێت هەر موسڵمان نییە، یەکێک لە

ئەوان کە بانگەشەی یەکێتی ئایینەکان ئەکەن، ئایا ڕازین کە موحەممەدی پێغەمبەری ئیسلام بە پێغەمبەری خوا بزانن؟ ئایا لە ئاینیاندا باوەڕ بە هەموو پێغەمبەران کراوەتە پایەی ئیمانیان

پایەکانی ئیمان بۆ ئێمەی موسڵمان، ئیمانهێنانە بە پێغەمبەران هەموویان (علیهم السلام) و جیاوازیی نەخستن لە نێوانیاندا: (آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ) البقرة: ٢٨٥.

ئەوان کە بانگەشەی یەکێتی ئاینەکان ئەکەن، ئایا ڕازین کە موحەممەدی پێغەمبەری ئیسلام بە پێغەمبەری خوا بزانن؟ ئایا لە ئاینیاندا باوەڕ بە هەموو پێغەمبەران کراوەتە پایەی ئیمانیان؟ نەخێر، تەنانەت بانگەشەکارانی ئەم بەرنامەیە- بۆ چاوبەستیش بێت- ئامادە نین بە ئەرێنی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەنەوە.

بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە ئەمانە لە بیری خۆیان دەبەنەوە کە حەقیقەتێکی ئیمانیی و مێژوویی هەیە ئەویش ئەوەیە کە موحەممەد (ﷺ)، دواهەمینی پێغەمبەرانە و شەریعەتەکەی کۆکەرەوەی بنەما و (کلیات)ی شەریعەتە نێرراوەکانی پێش خۆیەتی، هەروەها پشڕاستکەرەوەی ئەوانیشە. لە (١٤) شوێنی قورئانی پیرۆزدا جەخت لەسەر ئەوە

کراوەتـەوە کـە قورئـان پشتڕاسـتی تـەورات و کتێـبە پێشـووەکان دەکاتـەوە، بـە دەسـتەواژەی (مصدقـا) یـان (تصدیـق) هاتـووە، بـۆ نموونـە: (وَآمِنُـوا بِمَـا أَنزَلْـتُ مُصَدِّقًـا لِّـمَا مَعَكُـم) القرة/ ٤١. ﴿ولكـن تَصْدِيـقَ الَّـذِي بَـيْنَ يَدَيْـهِ وَتَفْصِيـلَ الْكِتَـابِ لَا رَيْـبَ فِيـهِ مِـن رَّبِّ الْعَالَمِـينَ﴾ یونـس/ ٣٧.

کەواتـە ئیسـلام پەیامێکـی کامڵـی خوایـە کـە بابەتـە نەگۆڕەکانـی پەیامـە ئاسـمانییەکانی تریشـی تێدایـە، بـەڵام زیـاد لـەوە پێداویسـتییەکانی مرۆڤایەتـی لـە سـەدەی حەوتـی زایینییـەوە تـا کۆتایـی دونیاشـی پـێ زیـاد بـووە و بووەتـە دوا ئەڵقـەی زنجیـرەی شـەریعەتە ئاسـمانییەکان. بۆیـە خـوای گـەورە لەگـەڵ ئـەوەی نـاوی قورئانـی نـاوە (مصـدق)، ناویشـی نـاوە (مهیمـن)، واتـە هەیەتـی بەسـەر پەیامەکانـی تـرەوە، ئەمـە ڕاسـتییەکی بینراو و بەرچـاوە، لاڤلێـدان نییـە، تـەواوی ئـەو یاسـا و دەستورناسـانەی دونیـا کـە بـەراوردی نێـوان دەقەکانـی قورئـان و ئینجیـل و عەهـدی کـۆن و نوێیـان کـردووە، دانیـان بـەم ڕاسـتییەدا نـاوە. قورئـان خـۆی لـەم ڕووەوە فەرموویەتـی: (وَأَنزَلْنَـا إِلَيْـكَ الْكِتَـابَ بِالْحَـقِّ مُصَدِّقًـا لِّـمَا بَـيْنَ يَدَيْـهِ مِـنَ الْكِتَـابِ وَمُهَيْمِنًـا عَلَيْـهِ ۖ فَاحْكُـم بَيْنَهُـم بِمَـا أَنـزَلَ اللَّـهُ ۖ وَلَا تَتَّبِـعْ أَهْوَاءَهُـمْ عَـمَّا جَـاءَكَ مِـنَ الْحَـقِّ ۚ لِـكُلٍّ جَعَلْنَـا مِنكُـمْ شِرْعَـةً وَمِنْهَاجًـا) المائـدة:٤٨.

لـە کاتێکـدا نـەك لـە دەقەکانـی ئەوانـدا شـتی وا نییـە، بەڵکـو تـەواوی ڕابـەر و پەیڕەوانـی ئـەو ئاینانـەی تـر، پێغەمبـەری ئیسـلام ـ پەنـا بەخـوا ـ بـە ناڕاسـت ئەزانـن و پێغەمبەرایەتییەکـەی ڕەد دەکەنـەوە، سـەرەنجام قورئانیـش بـە پەیامـی خـوا نازانـن. ئیـتر دەبێـت کامـە پێکەوەژیـان بێـت، ئـەوەی کـە ئـەوان قسـەی لێدەکـەن؟

نەبوونی (وەلاء) بە مانای دوژمنایەتی نییە:

ئەڵبەتـە حەرامبوونـی (وەلاء) یەکسـان نییـە بـە دوژمنایەتـی، بـە پێچەوانـەوە قورئـان فەرمانـی داوە کـە لەگـەڵ ئـەو ناموسـڵمانانەی وا لەسـەر دیـن شـەڕمان لەگـەڵ ناکـەن و لـە وڵاتـی خۆمـان دەربەدەرمـان ناکـەن، ئەوپـەڕی چاکەکاریـی و دادگەرییـان لەگـەڵ بکەیـن، دەفەرموێـت: (لاَيَنْهَاكُـمُ اللَّـهُ عَـنِ الَّذِيـنَ لَـمْ يُقَاتِلُوكُـمْ فِي الدِّيـنِ وَلَـمْ يُخْرِجُوكُـم مِّـن دِيَارِكُـمْ أَن تَبَرُّوهُـمْ وَتُقْسِـطُوا إِلَيْهِـمْ ۚ إِنَّ اللَّـهَ يُحِـبُّ الْمُقْسِـطِينَ)الممتحنة: ٨، بەڵکـو ناکۆکیـی لەگـەڵ ئەوانەیاندایـە کـە لەسـەر ئایـن شـەڕمان لەگـەڵ دەکـەن و لـە خـاك و وڵاتمـان دەربەدەرمـان دەکـەن و پشـتی دوژمنـان دژمـان دەگـرن: (إِنَّـمَا يَنْهَاكُـمُ اللَّـهُ عَـنِ الَّذِيـنَ قَاتَلُوكُـمْ فِي الدِّيـنِ وَأَخْرَجُوكُـم مِّـن دِيَارِكُـمْ وَظَاهَـرُوا عَـلَىٰ إِخْرَاجِكُـمْ أَن تَوَلَّوْهُـمْ ۚ وَمَـن يَتَوَلَّهُـمْ فَأُولَٰئِـكَ هُـمُ الظَّالِمُـونَ) الممتحنـە/٩.

ئەمـە ڕێسـای بنەڕەتیـی قورئانـە بـۆ مامەڵـە لەگەڵ بەرامبـەرەکان، کـە دەیانکاتـە دوو دەسـتەی دۆسـت و دوژمـن: لەگـەڵ دۆسـتان مامەڵـە لەسـەر بنەمـای (بـر) و (قسـط) ئەوپـەڕی چاکەکاریـی و دادگەریی. لەگـەڵ دوژمنانیـش پشـتیوانی نەکردنیـان. دیـارە دوژمـن دوژمنـە و حوکمـی تایبەتـی هەیـە، بۆیـە هەمـوو ئـەو ئایەتانـەی کـە بـاس لـە جەنـگ و شـەڕ و پێکـدادان دەکـەن، تایبەتـن بـە حاڵەتـی دووەمـەوە و لـە کۆمەڵێـك ڕێسـا و یاسـادا ئەویشـی ڕێکخسـتووە.

تێڕوانینی ئەوان بۆ غەیری خۆیان:

لـە بەرامبـەر ئـەو تێڕوانینـە قورئانییـەوە ئایـا ئـەوان ئامـادەن ئـەو هەمـوو سـووکایەتییەی کـە لـە کتێبەکانیانـدا ـ بـە تایبەتـی (تلمـود) ـ کـە بـە عـەرەب و موسـڵمانان کـراوە، بسـڕنەوە. تلمودەکەیـان لـە چەندیـن شـوێن کـە باسـی عـەرەب دەکات بـە نەتەوەیەکـی نـزم و بـێ نرخ ناویـان ئەبـات، تەنانەت دەڵێـت: خـوا ـ کـە ئـەوان پێیدەڵێـن یەهوەـ پەشـیمان بووەتـەوە کـە عـەرەب و نەسـلی ئیسـماعیلی دروسـت کـردووە! ئەمـەش بـۆ وەڵامـی ئـەوە کـە ئەگـەر وتـرا: چـۆن ئێـوە بەشـێك لـە کاری خـوا بـە بـێ نـرخ ئەزانـن کـە دروسـتکردنی عەرەبـە! گوایـە خـوا لـەو کارەی پەشـیمان بووەتـەوە.(٦)

ئـەوان ئـاوا سـەیری غەیـری خۆیـان دەکـەن، تـەوڕات پێـی وایـە کـە: خۆیـان پیـرۆزن، بـەڵام جۆییم واتـە هەمـوو نەتەوەکانـی غەیـری جوولەکـە دوژمنـن و دەبێـت ڕقمان لێیان بێـت.(٧) لـە چەنـد دەقێکـی تلمـوددا دەڵێـت:

«ـ تەنهـا جوولەکـە مرۆڤـن، غەیـری ئـەوان مـرۆڤ نیـن، بەڵکـو دڕنـدە و شـەیاتینن».

ـ «غەیـرە یەهـود وەکـو سـەگ وان (حاشـا)، بۆیـە لـە شـێوەی مرۆڤیشـدا دروسـت کـراون، تاکـو خزمەتـی جوولەکـە بکـەن».

ـ «کوشـتنی هـەر غەیـرە جوولەکەیـەك کارێکـی ڕەوایـە. هـەر جوویـەك غەیرەجوویەکـی کوشـت، ئـەوە قوربانیـی بـۆ خـوا کـردووە»(٨)

ئەمـە نهێنیـی داتاشـینی دەسـتەواژەی گەلـی هەڵبژێـردراوی خـوا (شـعب اللـه المختار)ـە کـە بـە پشتبەسـتن بـە دەقەکانـی تـەوڕات و ڕاڤەکانـی تلمـود بـۆ خۆیـان تاشـیویانە.

> پێویستە بانگخوازان و زانایان و نووسەران و ڕۆشنبیران هەموو بەرەنگاری ئەم پلانە ببنەوە، چونکە مەترسییەکە لەسەر ئەسڵی ئاین و شوناس و کلتوور و مێژووی ئوممەتی ئیسلام و بەها باڵاو پەسەندەکانە

ئەرکی ئێمە بەرامبەر بانگەشەی (ئاینی ئیبراهیمی):

ئەرکـی ئێمـە بەرامبـەر ئـەم بانگەشـە نوێیـەی کـە ناویـان نـاوە (ئاینـی ئیبراهیمـی) ئەوەیـە کـە:

- ڕەدی بکەینـەوە، چونکـە ڕازی بـوون پێـی، مانـای داننانـە بـەو هەمـوو ناحەقییانـەی ئەوانـدا، کـە دژی ئاینـی ئێمـە و پێغەمبەرمـان و کتێبـی پیرۆزمـان و تـەواوی مرۆڤایەتـی بـوون. هەروەهـا داننانـە بـەوەدا کـە قـەوارەی سـەپێنراوی زایۆنـی، بـە شـەرعیی بزانیـن و پشـت لـە مافـە ئینسـانییەکانی گەلـی فەلەسـتین هەڵکەیـن و لـە کۆمەڵکوژییەکانـی زایۆنییـەکان بێدەنـگ بیـن و تەسـلیم بـە پیـلان و پـڕۆژە داگیرکاریـی و سـتەمکارییەکانی زلهێـزان ببیـن. دەبێـت بـە زمـان و گوفتـار و کردارمـان بەرەنـگاری ئـەو بیرۆکەیـە ببینـەوە.

- پێویسـتە بانگخـوازان و زانایـان و نووسـەران و ڕۆشـنبیران هەمـوو بەرەنـگاری ئـەم پلانـە ببنـەوە، چونکە مەترسـییەکە لەسـەر ئەسـڵی ئاین و شـوناس و کلتـوور و مێـژووی ئوممەتـی ئیسـلام و بەهـا بـاڵاو پەسـەندەکانە.

- دەبێت داکۆکیی لەوە بکەین کە ئێمە هەرگیز لەگەڵ شەڕ و ئاژاوە و پشێویی و توندوتیژیدا نین. دەبێت ڕوونی بکەینەوە کە لەگەڵ هەموو ئاینەکان و هەموو نەتەوەکان و پەیڕەوانی هەموو ئاینەکاندا هەڵئەکەین، واقعیش سەلماندوویەتی کە هەرگیز موسڵمانان لە ڕاگەیاندنی شەڕ و پێکدادانادا دەسپێشخەر نەبوون، ئەوەی موسڵمانان نکوولی لێناکەن ئەوەیە کە دژی دژان و دوژمنی دوژمنانن و ناحەقی و ستەم لە کەس قبوڵ ناکەن.

ــ سەبارەت بە جۆری مامەڵەو هەڵس و کەوت لەگەڵ بەرامبەرەکاندا، دەبێت ئەو پرەنسیبە قورئانییە بە جیهان بگەیەنین کە قورئان دانی ناوە بە هەموو گەل و هۆزە مرۆییەکاندا و ئامانج لە بوونیشیان بۆ یەکترناسینە، یەکترناسینیش زەمینەیەکە بۆ پێکەوە ژیان، دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) الحجرات/١٣. پێغەمبەری خوایش ئەمەی دووپاتکردووەتەوە و فەرموویەتی: (لا فضلَ لعربيٍّ على عجميٍّ، ولا لعجميٍّ على عربيٍّ، ولا لأبيضَ على أسودَ، ولا لأسودَ على أبيضَ، إلَّا بالتَّقوَى، النَّاسُ من آدمَ، وآدمُ من ترابٍ)[٩].

ــ دەبێت بە بەڵگەوە بیسەلمێنین هەر گرووپ و ڕێکخراو و تاقمێك کە دژ بەو بۆچوونە هاوسەنگانەی ئیسلام دەجووڵێنەوە و دژایەتی پەیڕەوانی ئاینەکان دەکەن و بە ناوی ئیسلامەوە ستەم دەکەن و توندوتیژیی دەکەن و کلتوری ڕق و کینە و کەراهیەت بڵاو دەکەنەوە، یان لە تێگەیشتنی دروست لە ئیسلام لایانداوە، یان وەکو قاعیدە و داعش و هاوشێوەکانیان، دروستکراوی دەستی نەیارانی ئیسلامن و بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام تاشراون و ڕووداوەکانی دوای (١١)ی سێپتەمبەری (٢٠٠١ز) هیچ گومانێکیان لەمەدا نەهێشتەوە.

- لە کۆتاییدا وەبیرهێنانەوەی ئەم چەند پرەنسیبە قورئانییە زۆر گرنگە و دەبێت بۆ هەڵوێستگرتن لەپێشچاویان بگرین:

- قورئان دووپاتدەکاتەوە کە پێغەمبەر ئیبراهیم ـ علیه السلام ـ موسڵمانێکی یەکتاپەرست بووە، نە جوولەکە بووە، نە نەصرانی، نە هاوەڵ بڕیاردەر بۆ خوا: (مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) آل عمران/٦٧.

ــ هەروەها قورئان دووپاتی کردووەتەوە کە لەپێشترین کەس بۆ ئیبراهیم ـ دوای پەیڕەوانی خۆی ـ پێغەمبەری ئیسلامە و بڕوادانی شوێنکەوتەی ئەون: (إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ) آل عمران/٦٨.

ــ هەروەها ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە هەرگیز لە بیری ئەوەدا نەبن کە یەهود و نەصارا لێتان ڕازی بن، ئەوان ئەگەر پێڕەویی لە خۆیان نەکرێت لە کەس ڕازی نین و بە هیچ ڕازی نابن. زۆر بە ڕوونیی دەفەرموێت: (وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ) البقرة/١٢٠.

ــ بۆیە ئەگەر باس باسی پابەندییە بە ئاینەوە و بە حیساب حیساب بۆ ئاینی ئیبراهیم دەکرێت، ئەوە ئاینی ئیسلام لەبەردەستدایە و هەمان ئاینی ئیبراهیمە: (مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ) الحج/٧٨.

ــ بە ناردنی دوا پەیامی قورئان و دوا پێغەمبەر، دەرگای وەحی خوایی داخرا و هەموو پەیامەکانی خوا لە پەیامی قورئاندا جێیان کرایەوە و دینی خوای گەورە شێوەی کاملی خۆی وەرگرت و بۆ کەس نییە هیچی لێ زیاد یان کەم بکات: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا) المائدة/٣.

ـ بۆیە ئەوانەی باوەڕیان بە خوا و ئاینە ئاسمانییەکان و پێغەمبەرایەتی و وەحی هەیە، دەبێت گوێیان لەم دوا هەواڵە ئاسمانییە بێت کە: حەق تەنها ئەوەیە لە لای پەروەردگاری هەموو لایە، بەڵام لە دونیادا هەر کەس ئازادە هەرچی هەڵبژێرێت: (وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ) الكهف/٢٩. وەلێ لە دوارۆژدا لە کەس قبوڵ ناکرێت کە ئاینێکی تر غەیری ئیسلامی هەڵبژاردبێت: (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) آل عمران: ٨٥.

هەڵوێستی زانایان لە بیرۆکەی ئاینی ئیبراهیمی:

لەگەڵ وورووژاندنی ئەم بابەتە لە سەرەتاکەیەوە، زانایانی موسڵمان چ وەك تاك، چ وەك ڕێکخراو و دەزگا و دامەزراوە ـ ڕوونکردنەوەیان دا و هەڵوێستیان نواند و حوکمی بابەتەکەیان بەشێوەی جۆراوجۆر خستە ڕوو:

* ئەو هەڵوێست و فتوایەی کە کێش و قەبارە و کاریگەریی خۆی هەیە لە بەیاننامەیەکی یەکێتی زانایانی جیهاندایە کە لێرەدا خاڵە بنەڕەتییەکانی دەخەمە ڕوو..

یەکیەتیی جیهانی زانایان ڕێکخراوێکی زانایی سەنگینە کە پێشتر د. یوسف قەرەزاوی سەرۆکایەتی دەکرد و ئێستە پرۆفیسۆر د. عەلی قەرەداغی سەرۆکایەتی دەکات ـ وەك باڵاترین ناوەندی شەرعیی و زانستیی هاوچەرخی ئوممەتی ئیسلام، لە (٢٠٢١/٢/٢١ز)، بە هەماهەنگیی لەگەڵ رابطەی زانایانی موسڵمان و رابطەی مەغریبی عەرەبی، بە ئامادەبوونی زانایانی نوێنەری (١٩) وڵات یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست، تایبەت بە هەڵوێست لەوەی ناونراوە (دیانەتی ئیبراهیمی). پاش پێشکەشکردنی چەندین وتار و موداخەلات، بەیاننامەیەکیان لەو بارەیەوە دەرکرد، کە ئەمەی خوارەوە گرنگترین خاڵەکانیەتی:

ــ گەورەترین کتێب کە بایەخی زۆری داوە بە ئیبراهیم (علیه السلام)، قورئانی پیرۆزە و داوای کردووە لە موسڵمانان کە پەیڕەوی لێبکەن..

ــ زانایانی موسڵمان لەگەڵ هاریکاریی مرۆیی و پێکەوەژیانێکن کە لەسەر بنەمای ئازادیی و دادگەریی و ڕێزگرتن لە هەموو پێغەمبەران هەڵچنرابێت. هەروەها لەگەڵ هەر گفتوگۆیەکن کە کۆمەڵگاکان بنیات بنێت. بەڵام هەموویان دژی شێواندنی ئیسلام و شێواندنی کەسیەتی پێغەمبەران ـ علیهم السلام ـ دەوەستنەوە.

ــ بنەمای بیرۆکەی (ئاینی ئیبراهیمیی) هاوبەشێکی تێکەڵە لە ئاینەکان کە ئەمە بیرۆکەیەکی پووچە، چونکە بناغەی ئیسلام یەکتایی (تەوحید)ە و تاکخستنەوەی خوایە بە پەرستش، بەڵام ـ بە بۆچوونی ئێمە ـ شەریعەتەکانی تر هاوەڵدانان (شرك) و بتپەرستییان تێکەڵ بووە.

ـ هەوڵدان بۆ پشتیوانیکردن لە (ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهام) بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ زایۆنی، لە ڕێی برەودان بە پرۆژەکانی تێکەڵکردنی ئاینەکان و هێنانەکایەی ئاینێکی نوێ، بە هەموو شێوەیەك بابەتێکی ڕەدکراوەیە. ئوممەتی ئیسلامیی لە حەفتانکانەوە دژی (تەطبیعی سیاسی) وەستایەوە، ئێستە چۆن بە پرۆژەکانی (تەطبیعی دینی) ڕازی دەبێت؟ (أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ؟) آل عمران/٨٣.

ـ بە دڵنیایی گوێڕایەڵیی دوژمنانی دین لە تاشینی دینێکی داهێنراودا و قبوڵکردنی، دەرچوونە لە ئیسلام کە دوائاینی خوا و سەرەوەی هەموو شەریعەتە پێشووەکانی پێش خۆیەتی. خوای گەورە فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تُطِيعُوا فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ) آل عمران: ١٠٠. دەبێت ئوممەتی ئیسلامیی لەوە باش تێگەیشتبێت کە وەهم و خەیاڵەکانی ئاشتی، هەمووی لە لایەن خودی جوولەکەوە ئەدرێن بە ئاودا.

ـ زانایان وریایی دەدەن بە حکومەتی وڵاتانی ئیسلامیی کە نەچن بە دەم ئەم جۆرە بانگەشە گوماناوییانەوە، چونکە دژایەتییەکی ئاشکرایان تێدایە لەگەڵ عەقیدە و بیروباوەڕی نەتەوەکانیان و هەڵگیرسێنەری ئاگری فیتنە و ئاشووبی نێوان موسڵمانانن.

ـ واجبە لەسەر بەرپرسانی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و ڕاگەیاندن لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، کە دەستهەڵگرن لە یاریکردن بە پرۆگرامی ماددەی ئاین و لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا بیخەنە ڕوو، هەروەها پێویستە لەسەریان کە جەخت بکەنەوە لەسەر خاڵە چەسپاوەکانی عەقیدە و شەریعە و لە خەمی بیروباوەڕی لاوانی نەوەی داهاتوودا بن.

ـ ئەندامانی کۆنگرە داوا لە زانا و زانستخواز و بانگخوازان و تێکڕای بیرمەند و نووسەران دەکەن تا بە ئەرکی خۆیان هەستن بەرامبەر ئاینەکەیان و بەرەنگاری هەوڵی شێواندنی ئاین ببنەوە و ئوممەت ئاگادار بکەنەوە لەم مەترسییە کە لەم کاتەدا بەرۆکی گرتووە.

ـ کۆنگرە داوا دەکات کە دەستەی هاوبەش پێکبهێنرێت بۆ دەرکردنی بەیاننامە و نووسین لەسەر ئەم بابەتە، هەروەها کۆنگرەی ساڵانە بگیرێت بۆ داکۆکیردن لە برگە جێگیرەکان (ثوابت)ی ئیسلام و ڕەددانەوەی گومانە ورووژێنراوەکان.(١٠)

یەکیەتی جیهانی زانایانی مسوڵمان

٢٠٢١/٢/٢١ز.

> لە کۆتایی بەیاننامەکەیاندا زانایان داوایان کردووە کە هیچ باوەڕدارێك نابێت شەرعییەت بدات بەو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دەگیرێن

* بێجگە لە یەکیەتی جیهانی زانایان، چەندین دەزگا و کۆمەڵە و ڕێکخراوی تری عولەمایی لە جیهان، ئیدانەی ئەو پڕۆژەیەی بە ناو (دیانەتی ئیبراهیمی)یان کرد و بەیاننامەی جیا و هاوبەشیان بڵاو کردەوە. بۆ نموونە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا کە (١٢) ڕێکخراو واژۆیان کردووە ئەو پڕۆژە و بیرۆکەیە بە پیلانێکی گەورەی دژ بە ئیسلام دەزانن.[١١]

«بۆ هیچ موسڵمانێك ڕەوا نییە کە بچێت بە دەم ئەو بابەتەوە کە باسی بنیاتنانی مزگەوتێکە لەگەڵ کڵێسایەکی مەسیحی و کەنیسێکی جوولەکە لە یەك موجەممەعدا.»

لەو بەیاننامەیەدا ئەوە دووپات کراوەتەوە کە موحەممەدی پێغەمبەری ئیسلام پێغەمبەری خوایە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. سەرەتا خوای گەورە ئاگاداری کردووەتەوە کە پێغەمبەری هەموو مرۆڤەکانە، پاشانیش داوای لێکردووە کە خۆی ئەو جارە بە ناو مرۆڤایەتیدا بدات و پێیان ڕابگەیەنێت کە نێرراوی خوایە بۆ تەواوی مرۆڤەکان. هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە کە مەغزای ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە کە موسڵمانان بە بۆچوونە شێوازەکانی ئەوان ڕازی بن، هەروەك یەهود و نەصاراکانی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام بە موسڵمانانی ئەو کاتەیان دەگوت: ببنە یەهود و نەصارا تا ببنە ئەهلی هیدایەت. لە خاڵێکی تردا ڕوونیان کردووەتەوە کە ڕازی بوون بە بیرۆکەی دیانەتی ئیبراهیمی دەبێتە ڕەدکردنەوەی عەقیدەی (وەلاء و بەراء)، کە بەشێکە لە جیهانبینی موسڵمانان و ڕۆڵی هەیە لە پۆلێنکردن و ڕێکخستنی جۆری پەیوەندییەکاندا.

لە کۆتایی بەیاننامەکەیاندا زانایان داوایان کردووە کە هیچ باوەڕدارێك نابێت شەرعییەت بدات بەو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دەگیرێن و پێویستە بایکۆت بکرێن و بەشدارییان تێدا نەکرێت، بە تایبەتی ئەگەر زانرا مۆڵەتی قسەی جیاواز و دژ بەوان نادرێت.

* لە بەیاننامەیەکی تردا (٢٦) کۆمەڵە و ڕێکخراوە و دامەزراوەی تری زانایان، لە (٢٧)ی (جمادى الآخرة)ی (١٤٤٢ك)، بەرامبەر (٢٠٢١/٢/٩ز)ـ بە هەمانشێوە ئەو پیلانەیان مەحکوم کردووە و تەواوی موسڵمانانیان وریا کردووەتەوە کە چاوکراوە بن و ئاگایان لە پیلانەکانی نەیاران بێت.[١٢]

* هەروەها دەستەی گشتیی نێردە و فتوا لە وڵاتی سعودیە بە فتوای ژمارە: (١٩٤٠٢) لە (١٩٩٧/٦/٣١ز) فتوایەکی دەرکرد و ڕەخنەی لەوە گرت هەر ئاماژەیەك بۆ بابەتی (یەکیەتی ئاینەکان) بکرێت. ئەو فتوایە دە بڕیاری لە خۆ گرتبوو، لە بڕیاری نۆیەمدا دەڵێت: «بۆ هیچ موسڵمانێك ڕەوا نییە کە بچێت بە دەم ئەو بابەتەوە کە باسی بنیاتنانی مزگەوتێکە لەگەڵ کڵێسایەکی مەسیحی و کەنیسێکی جوولەکە لە یەك موجەممەعدا.» شایانی باسە سەرۆکی ئەو لیژنەیەی ئەم فتوایەی دەرکرد، شێخ عبدالعزیز بن باز بوو، کە ئەو کاتە موفتی عامی وڵاتی عەرەبستانی سعودی بوو.[١٣]

* هەروەها لیژنـەی هەمیشـەیی فتـوادان لـە عەرەبسـتانی سـعودی ئـەو بابەتـەی دیانەتـی ئیبراهیمیی بـە لادان و دەرچـوون لـە ئیسـلام زانـی.

* لـە سـەرێکی تـرەوە دامـەزراوەی بەناوبانگـی ئەزهـەر لـە وڵاتـی میـصر هەڵوێسـتی لـەو بابەتـە گـۆڕی، چونکـە لـە سـەرەتاوە شـێخی ئەزهـەر (أحمـد الطیـب) لـە سـاڵی (٢٠١٩ز)دا کـە پاپـا فرانسـیس پاپـای کڵێسـای کاسـۆلیکی چـووە (ئیمارات)، گەیشـت بـە شـێخی ئەزهـەر و بـە ئامادەبوونـی محەممـەد بـن زایـد پەیماننامەیـەکیان مـۆر کرد بـە نـاوی (پەیماننامـەی برایەتی ئینسـانیی) و بـەردی بناغـەی بینـای (البیـت الإبراهیمی)یـان دانـا و ئیمزایـان کـرد! بـەڵام دواتـر کاتێـك شـێخی ئەزهـەر ماهییـەت و حەقیقەتـی پرۆژەکـەی بۆ ڕوون بـووەوە هەڵوێسـتی گـۆڕی و لـە لێدوانێکیـدا وتـی: «ئـەو بانگەشـانەی بـاس لـە یەکخسـتنی ئاینـەکان

پەراوێزەکان:

١. بڕوانە پێگەی (الجزیرە نیت): www.aljazeera.net.

٢. کتێبەکە هەمان ساڵ گەرماوگەرم لە وڵاتی میصر وەرگێڕرا بۆ عەرەبی، بە ناوی (دم إبراهیم، تأملات متبصرة في أحوال الشرق الأوسط)، لە دوو تویی(٢٢٠) لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کرایەوە..

٣. بڕوانە: (دم إبراهیم، تأملات متبصرة في أحوال الشرق الأوسط)، چاپی قاهیرە، وەزارەتی ڕاگەیاندن، ئەڵقەی ژمارە: (٧٨٤) لە کتێبە وەرگێڕراوەکان، لا: ٢٠ـ ٢١.

٤. هەمان سەرچاوە، لا: ٢١.

٥. موسا کوڕی مەیمونی قورطوبي، (١١٣٥-١٢٠٤ز) پزیشك و نووسەر و فەیلەسوفێکی جوولەکەی ناودارە، لە وڵاتی ئەندەلوس مەترسیی لەسەر ژیانی دروست بوو، بەڵام ڕووی کردە وڵاتی میصر و لە شاری قاهیرە و لە دەرباری سەرکردە (صلاح الدین ئەییوبی)دا کاری پزیشکیی کردووە، چەندین بەرهەمی نووسراوی بە زمانی عەرەبی هەن. بڕوانە: سایتی (الموسوعة الحرة).

٦. سایتی الجزیرة: https://www.aljazeera.net/culture

٧. بڕوانە: الآخر في الفکر الدیني الیهودي، بوجناح بوسعد، مجلة الشهاب، العدد: ٣، ٢٠١٨م.

٨. هەمان سەرچاوە، کە لە (الموسوعة الیهودیة) دەری هێناون.

٩. أبو نعیم لە (حلیة الأولیاء)، (١٠٠/٣)، بەیهەقی لە (شعب الإیمان)، بە ژمارە: (٥١٣٧)، گێڕاویانەتەوە.

١٠. بڕوانە پێگەی ڕەسمیی یەکیەتی یەکیەتی جیهانی زانایانی مسوڵمان، بە ناوی: الاتحاد العالمي لعلماء المسلمین.

١١. ڕێکخراوە و کۆمەڵە و دامەزراوەکان بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

- رابطة علماء فلسطین، قطاع غزة.
- منتدی العلماء.
- أکادیمیة الرواد الالکترونیة.
- رابطة علماء فلسطین- لبنان.
- الهیئة الدائمة لنصرة القدس وفلسطین- لبنان
- رابطة علماء أهل السنة.
- ملتقی علماء فلسطین.
- هیئة علماء الاتحاد الإسلامي المالیزي.
- جمعیة النهضة الیمنیة.
- هیئة علماء فلسطین.
- جمعیة الاتحاد الإسلامي – لبنان.
- جامعة دارالعلوم- زاهدان- إیران

دەکەن لە یەك ئایندا، لە ژێر پەردەی ئەوەی ناویان ناوە (دیانەتی ئیبراهیمیی)، بیرۆکەیەکی پیس و ڕووخێنەری ئاینەکانە و خوازیاری ئەوەن بەو بەرنامەیە ڕیشەی ئاینەکان لە بنەوە دەربێنن. ئەو بەرنامەیە لە باشترین وەصفیدا ئەوەیە کە بڵێین: خەیاڵێکی پڕوپووچی بێ بنەمایە، کە نایەتە واقیع و وێنا ناکرێت.

١٢. ئەو ڕێکخراوەو کۆمەڵە و دامەزراوانەش بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

- رابطة علماء المسلمين.
- رابطة علماء أهل السنة.
- رابطة علماء إرتريا.
- مركز تكوين العلماء بموريتانيا.
- هيئة علماء فلسطين.
- ملتقى علماء فلسطين.
- جامعة دار العلوم بزاهدان -إيران.
- هيئة علماء المسلمين في لبنان.
- مجلس الدعاة - لبنان.
- جمعية أمجاد - لبنان.
- مركز محكمات للبحوث والدراسات- إسطنبول.
- مؤسسة بينات للتأصيل- إسطنبول.
- ملتقى دعاة فلسطين.
- دار الإفتاء الليبية.
- هيئة علماء ليبيا.
- رابطة علماء أهل السنة بالعراق.
- هيئة علماء المسلمين في العراق.
- رابطة علماء فلسطين بغزة.
- رابطة علماء فلسطين في لبنان.
- جمعية الاتحادالإسلامي للدعوة والتعليم الشرعي.
- رابطة علماء المغرب العربي.
- الاتحاد السوداني للعلماء والأئمة والدعاة (إسعاد).
- رابطة الدعاة بالكويت.
- رابطة علماء آسيا.
- رابطة العلماء السوريين.
- هيئة علماء الكورد في سورية.

١٣. بڕوانە: پێگەی»الهيئة العامة للبعوث والإفتاء«ی سعودیە.

پرۆفایل ...

عمر عبد العزيز بهاء الدين صادق (د.عمر عبد العزيز).

* لە دایکبوی ساڵی (١٩٥٨ز).
* دەرچووی زانکۆی بەغدا، کۆلێژی شەریعە، ساڵی (١٩٧٩ز).
* بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی ئەوزاعی لوبنان، (٢٠٠٩ز)
* دکتۆرا لە فیکری ئیسلامیی و توێژینەوە ئیسلامییەکان، لە هەمان زانکۆ، (٢٠١٣ز).
* ئەندامی دامەزرێنەر و بەشدار لە چەندین ڕێکخراوی ناوخۆیی و جیهانیی، لەوانە:

ڕێکخراوی (ڕابیتەی ئیسلامیی کورد) (ئەستەمبوڵ: ١٩٨٨ز). سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، (١٩٩٨). یەکیەتی جیهانیی زانایانی مسوڵمان (الاتحاد العالمی لعلماء المسلمین) لەندەن، (٢٠٠٥ز) هتد.

* پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە.
* سەرپەرشتیاری پرۆژەی (ئینسکلۆپیدیای کوردو کوردستان).
* لە ئێستادا: سەرۆکی ڕێکخراوی (زانست)ە، بۆ باس و توێژینەوە.
* ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکردنە لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و بەرپرسی ئەنجومەنی پەروەردەو ڕێکخستنە.
* سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەك بووە.
* دەیان بابەتی فکریی و ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانیی لە سایت و پێگەو پەیجی ئەلیکترۆنیی و گۆڤارو ڕۆژنامە کوردستانیی و عەرەبیی و ئیسلامییەکاندا هەیە.
* دیان کتێب وناملکەی بە کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە و دەیانی تریشی ئامادەی چاپن.
* خێزاندارەو سێ منداڵی هەیە.

لە بارەی ئاینی ئیبراهیمییەوە



د. کەریم ئەحمەد

پێشەکی:

ئاینی ئیبراهیمی چەمکێکی تاڕادەیەك نوێیە و زیاتر لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمەوە بڵاوبووەوە بەتایبەت دوای ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوان ئیمارات و قەوارەی زایۆنی بەچاودێری ئەمریکا لە ڕێکەوتی ١٣ ی ٨ ی ٢٠٢٠ کە ناوی لێنرا ڕێککەوتنی ئیبراهیمی، دواتریش کە بەحرەینیش ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل مۆرکرد ناونرا ڕێککەوتنە ئیبراهیمییەکان، لەبەر ئەوە توێژینەوەی کەمی لەسەر کراوە و ئەوەی تا ئێستا بە زمانی عەرەبی نووسراوە دوو کتێبە لەلایەن دوو توێژەری میسرییەوە، یەکێکیان بەناوی « الابراهيمية وضلالة القرن « واتە ئیبراهیمییەت و گومڕایی سەردەم ١٢٠ لاپەڕەیە لەلایەن دکتور محمد يسرى ابراهيم، لە ڕووی ئاینییەوە چارەسەری بابەتەکەی کردووە، دووەمیشیان لە ڕووی سیاسییەوە چارەسەری کردووە بەناوی « الديانة الابراهيمية وصفقة القرن « لەلایەن دکتۆرە هیبە جمال الدين، ١٤٠ لاپەڕەیە، کەناڵی الجزیرەش لە بەرنامەی «برنامج موازين» چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محمد يسري و كمال الخطيب دەکات لەسەر ئاینی ئیبراهیمی و کەناڵی یوتیوبی سید جوبێل بە ناوی «نعرف» دوو چاوپێکەوتن لە گەڵ دکتۆرە هیبە جمال الدين دەکات لەسەر هەمان بابەت. هەروەها توێژینەوەیەکی چەند لاپەڕەیی لەلایەن دکتۆر حسام الدين موسى عەففانەوە کراوە بەناوی» الديانة البراهيمية: الابعاد العقدية والسياسية وصلتها بالمشروع التطبيعي والصهيوني «. ئیتر شتێکی ترم لەو بارەیەوە نەبینیوە جگە لە هەندێك وتار لە یوتیوبدا کە لەڕووی ئاینییەوە باسی بابەتەکە دەکەن.

پێناسەی ئاینی ئیبراهیمی :

ئاینی ئیبراهیمی بریتییە لەتێکەڵکردنی هەرسێ ئاینی ئیسلام و جولەکە و مەسیحی لە ئاینێکی نوێدا بە کۆکردنەوەی شتە هاوبەشەکانی نێوانیان. ناویشی لێ نراوە ئاینی ئیبراهیمی لەبەر ئەوەی ئیبراهیم پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت کۆلکەی هاوبەشە لە نێوانیاندا و لەلایەن شوێنکەوتووانی هەرسێ ئاینەکەوە پێگەیەکی تایبەتی هەیە و بەباوکی پێغەمبەرانی هەرسێ ئاینەکە دەژمێردرێت.

ئامانج لەم ئاینە:

ئامانجی ڕواڵەتی و ڕاگەیەنراوی بانگەشەکارانی ئەم ئاینە بریتییە لە بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابینکردنی پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن لە نێوان شوێنکەوتووانی ئەو سێ ئاینە. بەڵام لە راستیدا مەبەست لێی ئەوەیە وا لەگەلانی عەرەب و موسوڵمانان بکرێت بوونی قەوارەی جولەکەی زایۆنی و هەژموونی ڕۆژهەڵاتی مەسیحی لە ناوچەکە قبوڵ بکەن و مامەڵەی ئاسایی لە گەڵ ئەو قەوارەیەدا بکەن.

هـۆکاری پەنابـردن بـۆ ئـەم سیاسـەتە نوێیـە، کـە ناویشیان نـاوە دبلۆماسـییەتی ڕۆحـی، بـەلای هەنـدێ کەسـەوە[1] هەرەسهێنانی هەوڵـە سـەربازی و سیاسـی و دبلۆماسـییەکانە لـە جێگیرکردنـی قـەوارەی زایۆنـی و بەرقەرارکردنـی ئاشـتی لـە ناوچەکـەدا بـەڵام مـن وای دەبینـم ئەمـە تەواوکـەری ئـەو هەوڵانەیـە و بەمەبەسـتی ئامادەکردنـی گەلانـی ناوچەکەیـە بـۆ قبوڵکردنـی ئـەو قەوارەیـە و مامەڵەکـردن لـە گەڵیـدا، واتـە ئەگـەر هەوڵـە سـەربازی و سیاسـی و دبلۆماسـییەکان زیاتـر ئیشـیان لەسـەر حکومەتـەکان کردبێـت ئـەوا پەنابـردن بـۆ دبلۆماسـییەتی ڕۆحـی ئیش لەسـەر گەلانـی ناوچەکـە دەکات بەتایبـەت موسـوڵمانان بـۆ ئـەوەی وایـان لێبـکات ئـەو قەوارەیـە و هەژموونـی ڕۆژئـاوای مەسـیحی لەناوچەکـەدا قبوڵ بکـەن و چیتر ترسـی ئەوەیان نەمێنێت لەناو موسـوڵمانانەوە کەسـانێك یـان حکومەتگەلێـك هەڵکـەون بانگەشـە بـۆ دەرکردنـی جولەکـە لـە فەلەسـتین و نەهێشتنی هەژموونی ڕۆژئاوا لەسـەر ناوچەکـە بکـەن.

مێژووی سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئاینی ئیبراهیمی:

هەوڵـی نزیککردنـەوەی ئاینـەکان لەیەکـتر یـان تەنانـەت یەکخستنیان تاڕادەیـەك کۆنـە، هەندێکیـان بەمەبەسـتی سیاسـی کـە زیاتـر سیاسـییەکان ئیشـی بـۆ دەکـەن بـۆ نەهێشـتنی شـەڕ و ئـاژاوە لەنێـوان شـوێنکەوتووی ئاینـە جیاجیـاکان و بەرقەرارکردنـی ئاشـی وەکـو ئـەوەی ئێسـتا ئەمریـکا و ڕۆژئـاوا دەیکـەن بـۆ قبولکردنـی قـەوارەی زایۆنـی و هەژمونـی ڕژئـاوای مەسـیحی لـە ناوچەکـە.

هەندێکیـش لـەو هەوڵانـە ئاینیـن و زیاتـر پیاوانـی ئاینـی پێـی هەڵدەسـتن بـۆ تواندنـەوەی یەکێـك لـە ئاینـەکان یـان خزاندنـی بیروبـاوەڕی یەکێك لە ئاینـەکان یـان مەزهەبـەکان بۆ نـاو ئەوی تریـان وەکـو ئـەوەی پاپاکانـی ڕۆمـا بانگەشـەی بـۆ دەکـەن بـۆ نزیککردنـەوەی ئیسـلام و مەسـیحییەت یـان ئـەوەی زانایانـی شیعە بانگەشـەی بـۆ دەکـەن بـۆ نزیککردنـەوەی سـوننە لـە شـیعە.

یەکێـك لـەو هەوڵانـە لەلایـەن جـلال الدیـن ئەکبـەر شـای مەغۆلییـەوە بـوو کە لە سـاڵی ١٥٥٦ز تـا سـاڵی ١٦٠٥ ز (٩٤٩-١٠١٤ ك) حوکمڕانـی هینـدی کـرد و هەوڵـی دروسـتکردنی ئاینێکـی دا تێکـەڵ لـە ئیسـلام و هندۆسـی و مەجوسـی و مەسـیحی و نـاوی نـا ئاینـی ئەکبـەری یـان ئاینـی ئیلاهـی بـەڵام دوای مردنـی هەڵوەشـایەوە.

کۆنتریـن هـەوڵ لەلایـەن مەسـیحییەکانەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٣١٥ز لەلایـەن قەشـەی فەرەنسیسـکانی رامـۆن لـول کـە قەشـەیەکی ئەندەلوسـی بـوو کتێبێکـی نووسـی بەعەرەبـی تێیدا باسـی یەکبوونـی ئاینەکانـی کـردووە.

لەدوای کەوتنی قوستەنتینییە ساڵی ١٤٥٣ ز دوو قەشە بەناوی نیکۆری کوزانی و یۆحەننا سیغۆنی بینشێکیان پێشکەش کرد پوختەکەی ئەوەبوو کەململانێی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت بەشەڕ کۆتایی پێناهێنرێ بەڵکو دەبێ بەگفتوگۆی نێوان نوێنەرانی ئەو دوو ئاینە بێت. لە ساڵی ١٨٨١ ز لە ئەوروپا قسە لەسەر پێکهێنانی پەیماننامەی ئیبراهیمی کرا بۆ کۆکردنەوەی بڕواداران لە ڕۆژئاوا[٢]. ساڵی ١٩٠٠ز فلادمیر سۆلۆمینۆف کۆمەڵێك بنەمای دانا بۆ گفتوگۆی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت و یەهودییەت.

ساڵی ١٩٤٩لویس ماسینیۆن ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی کە ڕاوێژکاری وەزارەتی موستەعمەراتی فەڕەنسی بوو لە جەزائیر قسەی لەسەر ئیبراهیمییەت کرد و باسی ئیبراهیم پێغەمبەری کرد وەکو کۆڵکەی هاوبەشی نێوان هەرسێ ئاینە ئاسمانییەکە و زاراوەی ئاینە ئیبراهیمییەکانی بەکار هێنا و لە ساڵی ١٩٦٢ز ڕایگەیاند کە ئاینی ئیسلامیش دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی ئیبراهیمی و شەجەرەی ئیبراهیمی.

لە دوای مەجمەعی فاتیکانی دووەم کە لەنێوان ساڵی ١٩٦٢ و ١٩٦٥ ز بەسترا کۆمەڵێك کۆنگرە بەستران بەمەبەستی نزیککردنەوەی ئاینەکان لەیەکتر.

لە ١٩٨٦/١٠/٢٧ز پاپا یۆحەننا پۆلسی دووەم ئەم بانگەشەیەی گواستەوە بۆ بواری کردەیی و بانگهێشتی شوێنکەوتووی هەرسێ ئاینەکەی کرد بۆ ئەنجامدانی نوێژی هاوبەش و دواتر ئەو ڕۆژە گێڕدرا بە جەژنی هەرسێ ئاینەکە و سرودی تایبەتی بۆ دانرا. لەو ڕۆژەوە پاپای فاتیکان وەکو سەرکردەی ڕۆحی ئاینەکان و هەڵگری پەیامی ئاشتی جیهانی دانرا.

لە نێوان ١٢ و ١٥ ی مانگی شوباتی ١٩٨٧ز کۆنگرەی ئیبراهیمی لە قورتوبە بەسترا بەناونیشانی (کۆنگرەی وتووێژی نێودەوڵەتی بۆ یەکێتی نێوان ئاینەکان)، دواتریش پەیمانگایەك لە هەمان شار بۆ یەکێتی ئاینەکان کرایەوە. بەو شێوەیە بەستنی کۆنگرە بۆ ئەو مەبەستە بەردەوام بوو و گرنگترینیان کۆنگرەی (ئیسلام و گفتوگۆی ژیاری لە نێوان ئاینەکاندا) کە ساڵی ١٩٩٧ز لە قاهیرە بەسترا.

> کۆنترین هەوڵ لەلایەن مەسیحییەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣١٥ز لەلایەن قەشەی فەرەنسیسکانی رامۆن لول کە قەشەیەکی ئەندەلوسی بوو کتێبێکی نووسی بەعەرەبی تێیدا باسی یەکبوونی ئاینەکانی کردووە

بە پێی توێژەر دکتۆرە هیبە جەمال الدین سەرەتای بیرکردنەوە لە دروستکردنی ئاینی ئیبراهیمی دەگەڕێتەوە بۆ کەسێکی میسری بەناوی سەیید نوصەیر کە بە تۆمەتی کوشتنی حاخامێکی توندڕەوی جولەکە بەناوی مائێر دێڤید کاهانا لە ئەمریکا زیندانی کرابوو، سید نوصەیر نامەیەك ڕادەستی هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەکات بەمەبەستی ئازادکردنی لە زیندان، تێیدا پڕۆژەیەکی سیاسی پێشکەش بە ئەمریکا دەکات بەناوی «یەکێتی فیدراڵی ئیبراهیمی» لە فەلەستین بۆ ئەوەی موسوڵمانان و جولەکە بە ئاشتەوایی پێکەوە بژین، بەڵام لەسەردەمی هیلاریدا هیچ وەڵامێك وەرناگرێت و چەند جار دەینێرێتەوە

بۆیان تالەدواییدا دیکچینی پێی دەڵێ نامەکەت گەیشت. بەڵام لە ڕاستیدا بیرۆکەکە پێش ئەوەی سەیید نوصەیرە و وەکو بینیمان لویس ماسینیۆن لە ساڵی ١٩٤٩ و دواتریش لە شەستەکانی سەدەی پێشوودا ئاماژەی بەم بابەتە کردووە و لە ساڵی ١٩٨٧ز کۆنگرەی ئیبراهیمی لە قورتوبە بەسترا و پەیمانگایەکیش بەو ناونیشانەوە دامەزرێنرا.

دینی ئیبراهیمی و ئەو زاراوانەی بەکار دەهێنرێن بۆ تێپەڕاندن و چەسپاندنی:

بانگەشەکەران یان بەرنامە داڕێژەرانی ئەم ئاینە پەنا دەبەن بۆ کۆمەڵێك زاراوە بۆ ئامادەکردنی خەڵکی لەڕووی عەقڵی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ قبوڵکردنی ئاینی ئیبراهیمی، لەوانە:

١. ئاینی جیهانی یەکگرتوو.
٢. ئاینە ئیبراهیمییەکان، مەبەست لێیان ئیسلام و مەسیحییەت و یەهودییەتە.
٣. ڕێڕەوی ئیبراهیمی یان گەشتی ئیبراهیمی، مەبەست لێی ئەو شوێنانە بوو کە ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێت پێیدا تێپەڕی لە کۆچەکەیدا کە بەچەند وڵاتدا تێدەپەڕێ.
٤. گەلە ڕەسەنەکان، مەبەست لەو گەلانەیە کەلەو کاتەدا نیشتەجێی ئەو شوێنانە بوون کە ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێت تێیدا تێپەڕیوە.
٥. دیبلۆماسییەتی ڕۆحی: مەبەست لێی گفتوگۆی نێوان زانایان و سەرکردە ئاینییەکانی هەرسێ ئاینەکەیە، ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامانە دەدرێتە سیاسییەکان و ئیش بۆ چەسپاندنی ئەو بنەمایانە دەکەن کە لەسەری ڕێککەوتوون.
٦. گفتوگۆی خزمەتگوزاری: ئەمیش مەبەست لێی یارمەتیدانی هەژاران و بێکارانی ئەو ناوچانەیە کە شوێنکەوتووی ئەم ئاینانەی تێدایە و بەتایبەتتر ئەو شوێنانەی دەکەونە بەر ڕێڕەوی ئیبراهیمی بۆ ئەوەی خەڵکی دەرئەنجامە ئیجابییەکانی ئەو ڕێککەوتننامانە و ئەو ئاینە تازەیە ببینن.
٧. ویلایەتە ئیبراهیمییە یەکگرتووەکان.
٨. ماڵی ئیبراهیمی، خانەوادەی ئیبراهیمی.
٩. ڕێککەوتنە ئیبراهیمییەکان: بریتییە لەو ڕێککەوتنانەی لە نێوان قەوارەی زایۆنی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ئەنجام دەدرێت.
١٠. سەنتەری ئیبراهیمی بۆ پەیوەندییە هەرێمییەکان و هتد.

> دکتۆر محمد یوسری فۆدە لە کتێبەکەیدا دەڵێت بەلای کەمەوە بیست سەنتەر دامەزرێنراوە بۆ هەستان بەو ئەرکە

قۆناغەکانی دروستکردنی ئاینی ئیبراهیمی:

١. گفتوگۆی نێوان ئاینەکان (حوار الادیان).
٢. نزیککردنەوەی ئاینە ئاسمانییەکان (تقارب الادیان).
٣. یەکێتی ئاینەکان (وحدة الادیان): واتە ئەو سێ ئاینە ئاسمانییە یەك سەرچاوەیان هەیە و بەهەرکامێکیان ئاینداری بکرێت ڕاستە.
٤. یەکخستنی ئاینەکان (توحید الادیان) کە مەبەست لێی یەکخستنیانە لە ئاینی ئیبراهیمیدا.

هەندێك لەو سەنتەرانەی بۆ ئەو مەبەستە دامەزرێنراون:

دکتۆر محمد یوسری فۆدە لە کتێبەکەیدا دەڵێت بەلای کەمەوە بیست سەنتەر دامەزرێنراوە بۆ هەستان بەو ئەرکە، لەوانە:

١. سەنتەری جیهانی بۆ دیبلۆماسییەتی ڕۆحی.
٢. پەیمانگای نەوەکانی ئیبراهیم.
٣. یەکێتی کلتوری ئیبراهیم.
٤. تۆڕی سیاسی بۆ ئاین و دیبلۆماسییەت.
٥. ڕێکخراوی بیرکردنەوەی عەقیدەیی، هتد.

کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئاینی ئیبراهیمی:

ئاینی ئیبراهیمی لەسەر چەند کۆڵەکەیەك بنیاتنراوە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ئیبراهیم پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت تەوەری کۆکەرەوەیە چونکە بەلای هەرسێ ئاینەکەوە پیرۆز و جێی ڕێزە.
٢. ئاینە ئیبراهیمییەکان لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆ دەکەن تا دەگەنە پەیماننامەیەك و لەجێی پیرۆزییە ئاینییەکان دادەنرێت و کاری پێدەکرێت.
٣. کۆکردنەوەی پیاوانی ئاینی لە گەڵ سیاسییەکان و دبلۆماسییەکان بە شێوەیەکی نا فەرمی کە پێی دەوترێت دبلۆماسییەتی ڕێڕەوی دووەم بۆ گفتوگۆکردن و دانانی پەیماننامەیەك لەسەر بنەمای هاوبەشە ئاینییەکان و پیادەکردنی لەلایەن سیاسییەکانەوە.
٤. هەڵبژاردنی سەرکردە ڕۆحی و ئاینییەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەر گرنگترینیان ئەوەیە کە پێگەی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبێت و ناوبانگی باش بێت و شوێنکەوتووی زۆری هەبێت؛ لەم ڕووەوە شێخانی تەصەوف بەگونجاوترین چین دەزانن بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە.
٥. خێزانەکانی ئاشتی: ئەمانە کۆمەڵانێکن بەو وڵاتانەدا بڵاودەبنەوە کە ململانێی ئاینی و مەزهەبی تێدایە بۆ بڵاوکردنەوەی بەهاکانی یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ژیان.
٦. توێژینەوەی زانستی بەردەوام و سەرلەنوێ خوێندنەوەی دەقەکان بۆ دەرهێنانی هاوبەشە ئاینییەکان و بڵاوکردنەوەیان لەناو خەڵکدا.
٧. دروستکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو شوێنانەی دەکەونە سەر ڕاڕەوی گەشتی ئیبراهیمی و شەڕ و ئاژاوەی ئاینی و هەژاری و بێکاری تێدا بڵاو دەبێتەوە.

هەڵبژاردنی سەرکردە ڕۆحی و ئاینییەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەر گرنگترینیان ئەوەیە کە پێگەی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبێت و ناوبانگی باش بێت و شوێنکەوتووی زۆری هەبێت؛ لەم ڕووەوە شێخانی تەصەوف بەگونجاوترین چین دەزانن بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە

ئامرازە بەکارهێنراوەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیبراهیمی:

گومانی تێدا نییە کە ئەمریکا سەرپەرشتی دروستکردنی ئاینی ئیبراهیمی دەکات و هێزی سیاسی و دبلۆماسی و ئابووری و زانستی و تەنانەت سەربازیش بەکاردێنێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پڕۆژەیە، هەندێك لەو ئامرازانەی بەکاریان دێنێت ئەمانەن:

١. سندوقی بانکی نێو دەوڵەتی لە ڕێگەی قەرز پێدان و پاشان فشار دروستکردن لەسەر وڵاتان لە ڕێی ئەو قەرزانەوە کە کەڵەکە دەبێت لەسەر ئەو وڵاتانە.

٢. ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و یارمەتی و بەدەمەوە چوونی هەژاران و لێقەوماوان و ئەو شوێنانەی کێشەی ئاینی و مەزهەبییان هەیە و ناردنی تیمی پزیشکی و فریاگوزاری و هتد.

٣. کۆنگرە هەرێمی و نێو دەوڵەتییەکان وەکو کۆنگرەی قاهیرە و داڤۆس و کۆنگرەکانی گفتوگۆی ئاینەکان لە سعودییە و قەتەر و میسر و هتد.

٤. زانکۆ جیهانییەکانی وەکو زانکۆی هارفارد و فرجینیا و هتد. شایانی باسە زانکۆی هارفارد ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لەو بوارەدا لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و مەیدانی. هەروەها ئەو زانکۆ ئەمریکییانەی کەلە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا دەکرێنەوە.

٥. ڕێکخراوەکانی ژنان لەڕێی هاندانیان بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانیان و دەرچوون لەژێر دەسەڵاتی پیاوان و هتد.

ئەمریکا سەرپەرشتی ئەم پڕۆژەیە دەکات و وڵاتە ئەوڕوپییەکان هاوکاری دەکەن، لە جیهانی عەرەبیشدا دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە تێپەڕاندنی ئەم پڕۆژەیە

٦. بایەخدان بە گەنجان و هەوڵی چاندنی ئەو بیرۆکانە لە مێشکیاندا لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکان و هتد.

٧. هاندانی گەشتە ئاینییەکان بەتایبەت لەو ناوچانەی دەکەونە سەر ڕێڕەوی گەشتی ئیبراهیم درودی خوای لەسەر.

٨. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ نموونە کەناڵی الحرە ی عەرەبی .

ئەو لایەنانەی بانگەشە بۆ ئەم ئاینە دەکەن:

وەکو وتمان وڵاتی ئەمریکا سەرپەرشتی ئەم پڕۆژەیە دەکات و وڵاتە ئەوڕوپییەکان هاوکاری دەکەن، لە جیهانی عەرەبیشدا دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە تێپەڕاندنی ئەم پڕۆژەیە و بۆ ئەو مەبەستە چەندین هەنگاوی ناوە، لەوانە دروستکردنی کۆمەڵگەی خانەوادەی ئیبراهیمی لە دورگەی سەعدیات لە ئەبو زەبی کە پێکدێت لە مزگەوتێك و کەنیسەیەکی مەسیحی و کڵێسایەکی یەهودی.

پێشتریش ئەنوەر سادات لە دوای ڕێککەوتننامەی کامپ دێڤید هەوڵێکی لەوبارەیەوە دا و قورئان و

هەموو بانگەشەیەك هەرچەندە نالۆژیکی و ناشەرعی و ناواقیعی بێت کۆمەڵێك لە بەرژەوەندی پەرستان و نەزان و ئاین فرۆشان پەیدا دەبن بەرگری لێ بکەن و بانگەشەی بۆ بکەن

تەورات و ئینجیلی لە دووتوێی بەرگێکدا چاپ کرد.

لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا عەلمانییەکان لەبەر ئەوەی ئاین بەلایانەوە گرنگ نییە و بە شیاوی ئەوەی نازانن مرۆڤ شەڕ و ناکۆکی لەسەر بکا پێشوازی لەو جۆرە پڕۆژانە دەکەن بەتایبەت چەپەکان و لیبراڵ و بێدینەکانیان.

لەناو زانایانی ئاینی ئیسلامیدا تاکو ئێستا کەسێك هەڵنەکەوتووە بە ڕاشکاوی بەرگری لێ بکات یان بانگەشەی بۆ بکات، وەسیم یوسفی لێدەرچێت و تاڕادەیەك ئەحمەد حەسسونی موفتی سوریای سەردەمی بەششار ئەسەد و ئەحمەد بن بەییە کە زانایەکی مۆریتانییە لە ئیماڕات دەژی، ئەگینا زانایەکی تری خاوەن پێگەم نەبینیوە بانگەشەی بۆ بکات بەڵکو شێخی ئەزهەر ئەحمەد تەییب بەڕاشکاوی دژی وەستاو ڕەتی کردەوە.

لەناو تەوژمی تەصەووفدا گومان دەبرێت ئەوانەی باوەڕیان بە وحدەی وجود هەیە یان ئەوانەی جولوکە و نەصارا بە ڕزگاربوو دەزانن بخزێنرێنە ناو ئەم پڕۆژەیەوە بەتایبەت نەزانەکانیان.

هەر لەناو موسوڵماناندا تاقمی قورئانییەکان کە جولەکە و گاور بەڕزگاربوو دەزانن باباوەڕیشان بە پێغەمبەری ئیسلام و قورئان نەبێ ئەگەری زۆر هەیە پشتیوانی لەم ئاینە دەسکردە بکەن.

دەرهاویشتەکانی ئاینی ئیبراهیمی:

ئەگەر ئەم پڕۆژەیە سەربگرێت کۆمەڵێ دەرهاویشتەی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە چ لە بواری ئاینی وەیا لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی: لە بواری ئاینیدا گۆڕینی ئاینی ئیسلام و نەهێشتنی پیرۆزی قورئان و بڵاوبوونەوەی فەساد و کوژانەوەی بیرۆکەی جیهاد و لێکترازاندنی زیاتری ئوممەی ئیسلامی و نەمانی چەمکی ئوممە و گۆڕینی عیبادەتەکان و هتد. لە بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشەوە باڵا دەستبوونی جولەکە لەناوچەکە و تەسلیمبوون بە ڕۆژئاوا و لە ئەنجامدا زیاتر هەڵوەشاندنەوی کۆمەڵگە و سڕانەوەی ناسنامە و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و دەیان کێشەی تر.

هەڵوێستی زاناو ڕێکخراو و لایەنە ئیسلامییەکان لە ئاینی ئیبراهیمی:

هەموو بانگەشەیەك هەرچەندە نالۆژیکی و ناشەرعی و ناواقیعی بێت کۆمەڵێك لە بەرژەوەندی پەرستان و نەزان و ئاین فرۆشان پەیدا دەبن بەرگری لێ بکەن و بانگەشەی بۆ بکەن هەروەکو چۆن کاتی خۆی لە هیندستان هەندێك لە زانایانی ئاینی پشتیوانییان لە ئەکبەر شا دەکرد و کارەکەیان دەشەرعاند بەهەمان شێوە بۆی هەیە لەوڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا کۆمەڵێك دروست بکرێن بەناوی زانایانی ئاینی یان شێخانی تەریقەت پشتیوانی لەم ئاینە بکەن. بەڵام هەوڵەکانیان سەرناگرێت چونکە بانگەشەکە جگە لەوەی ناشەرعی و ناواقعییە ئامانجە سیاسییەکانی دیارە و ئەوانەی لە پشتییەوەن ناسراون بە دژایەتیکردنیان بۆ ئیسلام.

یەکێك لە ئاستەنگەکانی ئەم ئاینە دەسکردە ئەوەیە

کە نەك هەر تەنها موسوڵمانان و زانا موعتەبەرەکانی جیهانی ئیسلامی دژی دەوەستنەوە، بەڵکو زانایانی مەسیحیش دژی دەوەستنەوە چونکە کۆلکەی هاوبەش لە نێوان ئەم سێ ئاینەدا پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلە لە پێش عیسا واتە جوولەکە نەباوەڕیان بە عیسا هەیە نە بە ئینجیل و نەبە محمد پێغەمبەر و نەبە قورئانی پیرۆز، کۆلکەی هاوبەش لەنێوان ئەو سێ ئاینەدا زیاتر لە هەندێك لە بوارەکانی ئەخلاقدایە ئەگینا لە بواری عەقیدەدا چ دەربارەی خوا و چ دەربارەی پێغەمبەران و کتێبەکانیان و چ دەربارەی ڕۆژی دوایی جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان ئەو سێ ئاینەدا و هەرگیز ناکرێت لەیەك ئایندا کۆبکرێنەوە، بۆیە هەر زوو زانایانی ئوممەی ئیسلامی بەتاك و لە ڕێگەی ڕێکخراو و دەزگاکانیانەوە دژی ئەم هەنگاوە وەستان و بە شتێکی ناشەرعی و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام لە قەڵەمیان داوە. لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەو بەیاننامانە دەدەین:

یەکەم: بەیاننامەی دەزگا و پەیوەندییە ئیسلامییەکان دەربارەی ئەوەی پێی دەوترێت ئاینی ئیبراهیمی کەلە ٢٧ی ٦ ١٤٤٢ کۆچی دەرکرا،

> هەر زوو زانایانی ئوممەی ئیسلامی بەتاك و لە ڕێگەی ڕێکخراو و دەزگاکانیانەوە دژی ئەم هەنگاوە وەستان و بە شتێکی ناشەرعی و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام لە قەڵەمیان داوە

ناوی دەزگاو پەیوەندییەکان و دەقی فەتواکەیان لە کۆتایی کتێبی الابراهیمیة وضلالة القرندا هاتووە.

دووەم: کۆنگرەی هەڵوێستی ئوممەی ئیسلامی لە ئاینی ئیبراهیمی لە ٩ی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٤٤٢ کۆچی بەرامبەر ٢١ی شوباتی ٢٠٢١ ز لە دەوحەی پایتەختی قەتەر گیرا و تێیدا ١٩ وڵات بەشدارییان کرد، دەقی بەیاننامەکە لە هەمان کتێبدا هاتووە.

سێیەم: هەڵوێستی تاکەتاکەی زانایانی ئوممەی ئیسلامی: کۆمەڵێك زانا بە جیاجیا لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە لەوانە: شێخ قەرزاوی، شێخ محمد الحسن بن ددو، شێخ عبد الحی یوسف لە سودان و الصادق عبد الرحمن الغریانی موفتی لیبیا و زانایانی سعودییە هەر لە نەوەدەکانی سەدەی پێشووەوە فەتوای ناڕەوایی نەك هەر ئەم ئاینە بەڵکو هی هەموو جۆرە نزیککردنەوەیەکیان داوە.

پەراوێزەکان:

١- دکتورة هبة جمال الدین: الابراهیمیة وصفقة القرن

٢- کەناڵی جەزیرە، برنامج موازین الابراهیمیة التوظیف السیاسي

سەرچاوەکان:

١. الإبراهيمية وضلالة القرن، تأليف محمد يسري إبراهيم، القاهرة، دار اليسر، ٢٠٢١ م.

٢. الابراهيمية وصفقة القرن، الدار المصرية اللبنانية،

پرۆفایل...

د. کریم احمد داودی
- لەدایکبووی ١٩٥٩، دوز.
- پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان.
- شارەزا لە فکری ئیسلامی و پیر و تاقمە ئیسلامییەکان.
- خاوەنی چەند کتێبێکە بەکوردی و عەرەبی و چەندین وتاری بڵاوکردۆتەوە لەگۆڤار و سایتەکاندا.
- ئەندامی دامەزرێنەری سەنتەری تیشک و سەنتەری زەهاوی و ئینستیتوتی بانگخوازان و ژیار.
- لەچەندین کۆڕ و سیمینار و کۆنگرە بەشداری کردووە لەهەرێم و لەدەرەوەی هەرێم.

باکگراوەندە مێژوویی و ئاینییەکانی پرۆژەی ئیبراهیمی و تێڕوانینیان بۆ ئایندەی جیهان

موحەممەد عەزیز لۆتەری

زۆرێک لە پاپا و قەشە و زانایانی جوولەکە و مەسیحی باوەڕیان بەو دەقە هەیە کەلە سفری تکوین ئیسحاحی دووەمدا هاتووە کە «خوا لەڕۆژی حەوتەم لە دروستکردنی جیهان بۆوە و پشووی دا»

بۆیە ئەوانیش پێیان وابووە کە ماوەی مانەوەی جیهانیش لەئادەمەوە تاکو بەرپابوونی قیامەت ٧٠٠٠سال دەبێ کەشەش هەزارسال پێش هەزارەی مەسیحی کۆتایی دەبێ و هەزارساڵیش بۆ دوای گەڕانەوەی مەسیح دەبێ کەلەسفری یۆحەننا ئاماژەی پێکراوە. جا وەک لەمەزموری چوار ئیسحاحی ٩٠ هاتووە کە ڕۆژەکانی پەروەردگار هەزار سالن .

بۆیە هەر لە دێر زەمانەوە ئەم شیکردنەوەیە کراوە: لەتلمودی بابلی، سنهدرێن ٩٧دا هاتووە ماوەی جیهان ٦ هەزار سال دەبێ کە لەو ماوەیەدا خوا مێژووی گەلەکەی دەنووسێ، کە دوو هەزاریان سەرگەردانی و بێسەروبەرەییە، واتە دوو هەزاری پێش تەورات، وە دووهەزاریش سەردەمی تەوراتە و دوو هەزاریش سەردەمی مەسیحە، دوای ئەو شەش هەزار ساڵە هەزارەی پاشای ئەلفی دێ. ئەم پێزانینەش چەندین کەسایەتی و ژێدەر ئاماژەیان پێکردووە و گوتوویانە ماوەی جیهان حەوت هەزار ساڵە.

هەرچەندە بنچینەی هاتنی قوستەنتین بۆ ناو مەسیحییەت یەکخستنی هەر دوو بەشی ئیمپراتۆری ڕۆمانی ڕۆمای لاتینی و یۆنان بوو، بەڵام ئەم خەونە بەتەواوی بەدینەهات و جیاوازییە کەنەسییەکانی مەسیحیش هۆکار بوون بۆ دابەشبوونی ماڵی مەسیحی لەنێوان قوستەنتینییەی بێزەنتی و ڕۆمای کاسۆلیک هەر لە ساڵی ١٠٥٤ز .

نەسرانییەکان سێ جۆری تەوراتیان لەبەردەستە کە هەر یەکەیان سەرژمێری لەوەی تر جیایە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- تەوراتی ئەرسدۆکسەکان:

کەنیسەی بێزەنتی ئەرسدۆکسەکان باوەڕیان بە ڕۆژژمێری دروستکردنی جیهان بەناوی (Anno Mundi)هەیە، لەو ڕۆژژمێرەدا ئادەم لەساڵی٥٥٠٩ پ.ز دروستکراوە و هاتۆتە سەر زەوی، بۆیە بەپێی ئەم ڕۆژژمێرە هەزارەی حەوتەم لەساڵی ١٤٩٢ز دەستی پێکردووە لەسەدەی پازدە . کەواتە ئەرسدۆکسەکان بەدرێژایی ساڵانی

(٦٧٠ز تاکو سالّی ١٤٥٣ز) کە خۆڕاگربوون بەرامبەر ئەو هەموو هێرشانەی دەکرانە سەر قوستەنتینییە ئەم خەونە و پێشبینییە ئاینییە وزە و ورەی پێدەدان کە ئەوان پێیان وابوو چوونەتە ناو هەزارەی حەوتەم و هاتنی یارمەتی خوایی، وە پێیان وابوو کە ئەم گەمارۆیەی ئەو سەدان ساڵە سزایەکی کاتییە بۆ گەڕانەوە و زیاتر پابەندبوونی ئەرسدۆکسیەکان بەدینەکەیان، بەڵام پێشیان وابوو کە دەبێ پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم جۆرێک لەڕووخان و ژێردەستی بەسەرجیهانی مەسیحی بێت بۆ ئەوەی کە مەسیح هات جیهانی مەسیحی پێویستیان بە مەسیح بێ . ئەم پێشگۆییەشیان لەخەونەکانی دانیال پێشگۆیی لیۆی حەکیم وەرگرتبوو.

هەزارەی شەشەم بۆ حەوتەم لای ئەرسدۆکسییەکان بە سەردەمی باڵادەستی مەلەکوتی خوا دادەنرێ و پێویستی بە بوونی دەسەڵاتی پەیڕەوانی مەسیح نەبوو، بەڵکو ئەرسۆدۆکسییەکان پێیان وابوو کە دەبێ لەکاتی هاتنی دەسەڵاتی پاشا مەلەکوتی هەزارەی حەوتەم چەوساوە و ژێردەست بن، ئەم خاڵە بوو یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی دا کەبە چل ساڵ پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم دەست بەسەر قوستەنتینییەدا بگرن.

٢- تەوراتی کاسۆلیکەکان:

ئەگەر بە گوێرەی سەرژمێری تەوراتی کاسۆلیکەکان لە ئادەم (علیە السلام)ـەوە تا ئێستا بژمێرین، ئێستا ساڵی ٢٠٢٥ز دەبێتە ساڵی ٦١٩٠ی ئادەمی. بەمەش تێدەگەین کە جیهان لە ١٨٣٥ز لە هەزارەی حەوتەمدایە، بۆیە زۆر لە نووسەر و بیرمەندەکانی ڕۆژئاوا ئاماژەیان بەوەداوە کە هەزارەی حەوتەمی مێژووی جیهان (بە پێی هەژماری ڕەمزی کە یەک ڕۆژ لای خودا وەک هەزار ساڵە) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمی زاینیدا دەستی پێکردووە. هەندێکیان ئەم کاتەیان بە نزیکەی ساڵانی ١٨٣٠-١٨٤٠ قەبڵاندووە و ڕایانگەیاندووە کە هێرشەکانی ناپلیۆن (١٧٩٨-١٨١٥) نیشانەی کۆتایی هەزارەی شەشەم و دەستپێکی چوونە ناو هەزارەی حەوتەم بووە. لەوانیش:

١- نووسەرە مەسیحییەکان وەک ئێدوارد ئیرڤین(١٧٩٢-١٨٣٤) کە قەشەیەکی سکۆتلەندی بوو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، یەکێک بوو لەو پێشەنگانەی کە پێشبینی نێوان ڕووداوەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و دەستپێکی «کۆتایی کاتەکان»ی کرد. ناوبراو لە وتارێکدا دەڵێ: «نزیک دەبینەوە لە کۆتایی شەش هەزار ساڵی مێژووی مرۆڤ و، چوونە ناو هەزارەی پشوودان، کە دەکرێت دەستپێکی ئەم ئەلفییە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بێت.»

- ویلیام میلەر(١٧٨٢-١٨٤٩)، دامەزرێنەری ڕێبازی ئەدڤێنتیست. ئەو پێی وابوو کەلە نێوان ساڵانی ١٨٤٣-١٨٤٤ز مەسیح دەگەڕێتەوە، بە پشتبەستن بە ڕوونکردنەوەی ڕەمزی کتێبی پیرۆز، پێیوابوو جیهان نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ پێش زایین

بەم ڕونکردنەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕەوتەی پلانەکان دادەنێ و ڕووداوەکان دەجوڵێنێ مەسیحییەکانن نەک جوولەکەکان

دروستبووەو، ئێمە لە قۆناغی گواستنەوەداین بۆ هەزارەی حەوتەم.

- قەشە مەکاریۆسی ئیسکەندەری (مەسیحی ئۆرسۆدۆکس(٣٠٠-٣٩١ز)): لە ڕوونکردنەوە ڕەمزییەکانی پێشبینییەکانی ڕۆیای یوحەننا، ئاماژەی بەوەدا کە سەردەمی ناپلیۆن پشێوییەکی جیهانی بوو کە ڕێگای بۆ چوونە ناو هەزارەی حەوتەم کردەوە.

- ڕابی ئیلیاهو ڤیداس(١٥١٨-١٥٩٩) لە وتارێک دەڵێ: «کاتژمێری شەشەمی ڕۆژی خودایی لە ساڵی ٥٦٠٠ (١٨٣٩ی زایینی) دەستپێدەکات، کە دەستپێکی هەزارەی حەوتەمە لە ڕووی کاتەوە.» بەڵام هەندێک ڕوونکردنەوە دەڵێن: ئەگەر هەندێک ساڵی «ئاڵۆزی» لە نێوان ئادەم و ئیبراهیم زیاد بکەین، دەکرێت هەزارەی حەوتەم لە نێوان ١٨٣٥-١٨٤٤ی زایینی دەستپێکی هەزارەی حەوتەم بووبێت. نموونە:

- ئەلێکساندەر کیت (١٧٩١-١٨٨٠) لە کتێبەکەی «نیشانەکانی کاتەکان» لە (١٨٣٢) نووسیویەتی:

_»کەوتنی ڕۆمای ئاینی و، هێرشەکانی کە شانشینە پاپاییەکانیان تێکشکاند، لەگەڵ ناپلیۆن دەستی پێکرد، کە بەشێکە لە ڕێکخستنی کۆتایی هەزارەی شەشەم«.

بەم ڕونکردنەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕەوتەی پلانەکان دادەنێ و ڕووداوەکان دەجوڵێنێ مەسیحییەکانن نەک جوولەکەکان، مەسیحییەکانیش ڕایان جیایە، کاسۆلیک و ئەرسدۆکس و قەبالیە جوولەکەکان کەپێیان وابووە لەسەدەی نۆزەدەوە لەهەزارەی حەوتەمن هەر ئەوەش فەرەنسا و ئیسپانیا و پورتوگالی کاسۆلیکی هانداوە بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان لەو کاتەوە.

بۆیە دەبینین کاسۆلیکەکان بەسێ سەد ساڵ پێش هاتنی ئەلفیەی حەوتەم بە پێی تەوڕاتەکەی کاسۆلیک، دەوڵەتە مەزهەب کاسۆلیکەکانی وەک ئیسپانیا و فەڕەنسا و پورتوگال هەوڵە ئیستعمارییەکانیان زۆر چڕکردۆتەوە وەک خۆئامادەکردنێک بۆ چوونە ناو هەزارەی حەوتەم کەلەم هەوڵانەداخۆی دەبینێتەوە.

جیهانی کاسۆلیکی کەبەدرێژایی دەیان سەدە سەرکێشی جیهانی مەسیحی بوون دوای هاتنی ئیسلام خۆیان لە ڕووبەرێکی کەم لە ئەوڕوپا خزاند. بەڵام کەوتنی ئەرسۆدۆکسەکان و قوستەنتینییە و هەرەسهێنان و ڕاستدەرنەچوونی خەونەکەی ئەوان لەبارەی هەزارەی حەوتەم گوڕوتینێکی زۆری دایە کاسۆلیکەکان کەدڵیان بە خەونەکەی خۆیان خۆش بێ و هیچ گومانێکیان لە ڕۆژژمێرە ئاینییەکەیان نەمێنێ، هەر بۆیە کاسۆلیکەکان لەو ساڵەی کە هەزارەی حەوتەمی ئەرسۆدۆکسەکان دەستی پێدەکرد ئەوان لەو ساڵەی ١٤٩٢ز دوو کیشوەری زەبەلاحیان دۆزییەوە کە ڕووبەری لەسەدا سی وشکانی پێکدێنن و چوار جار هێندەی کیشوەری ئەوڕوپان، کاسۆلیکەکان بەپێچەوانەی

ئەرسدۆکسەکان باوەڕیان بەوە نەبوو کەدەبێ هەزارەی حەوتەم بەژێردەستی مەسیحییەکان دەستپێبکات بەڵکو بەپێچەوانەوە باوەڕیان بەوە بوو دەبێ پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم دەسەڵاتیان بەسەر هەموو جیهاندا هەبێ.

هەر بۆیە لەسەدەکانی ١٥و ١٦ز پورتوگالییەکان سەرکێشی دەریاوانی جیهان بوون و هەر لە کەناراوەکانی ئەفریقیا تا بەرازیل لە ژێر کۆنترۆڵیان بوو هەر لە هیندستان تا مۆزەمبیق قافڵەی بازرگانی و هەژمونی ئەوان بوو. قافڵەکانیان هەم بازرگانی و هەم سەربازی و هەواڵگری و هەم مەزهەبی کەنیسەی کاسۆلیکی بوون .

دوای پورتوگالییەکان ئیسپانییەکانیش لەم بوارەدا چالاک بوون، کیشوەری ئەمریکا بە سەکی پاپا لەسەر ئیسپانیا و پورتوگال دابەشکرا، کەنیسە مافی کوشتوبڕ و جینۆسایدی سەدان ملیۆن لەدانیشتوانی ئەو کیشوەرەی وەک ئەرکێکی ئاینی دایە ئیسپان و پورتوگال و ئەم دەسکەوتەشی بە خەڵاتی پێش هاتنی هەزارەی حەوتەم هەژمار کرد، هەر بۆیە خوا ئەوانی هەڵبژاردووە و ئەو خەڵاتەی نەداوە بەهیچ شارستانی و گەلێکی تر و بۆ ئەوانی شاردۆتەوە. بەم شێوەیە سێ ژیار و دەوڵەت و شارستانی و ئاینی مایا و ئالانکا و ئەزتیك جینۆسایدکران، وە بەدرێژایی سەدەکانی ١٧ و١٨ز مەزهەبی کاسۆلیکی لەو زەوییە نوێیانە بڵاوکرایەوە، فەڕەنسای کاسۆلیکیش وەک هێزی سێیەم دوای پورتوگال و ئیسپانیا لەکەنەدا دەسەڵاتی گرتە دەست و فەڕەنسا هەر لە هیندستان و دەریای کاریبی تا ئەفریقیای ڕۆژئاوا تا باکووری ئەمریکا دەسەڵاتی ووشکانی و دەریایی هەبوو، لەو ماوەیەشدا سەدان ڕێکخراوی تەبشیری و مژدەدەری بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی کاسۆلیک لەناو ئەو وڵاتە داگیرکراوانە دامەزران و هەر لەداهاتی ئەو وڵاتانە پارەیەکی خەیاڵی بۆ ئەو چالاکییە مژدەدەرییە کاسۆلیکیانە لەسەر حسابی خەڵکی بەش مەینەتی ئەو وڵاتانە خەرج دەکرا.

ڕەوتی چوارەمی کاسۆلیکی ئیتاڵییەکان بوون کە زۆربەی نێردە دینییەکان لەوان بوون. ئەم دەوڵەتانە لەو ماوەیەدا زمانەکانی ئیسپانی و پورتوگالی و فەڕەنسییان بەگشت جیهانی نوێدا بڵاوکردەوە، بەرهەمی ئەوانەیە کە ئێستا پێنج سەد ملیۆنی ئەمریکای لاتین یان ئیسپانین یان پورتوگالی.

هەڵبەت باس لەوە دەکرێ کە پورتوگالییەکان لەساڵی ١٦٥٥باسی دروستکردنی وڵاتێکی جوولەکەیان لەیەکێ لە موستەعمەرەکان کردووە، دواتر کە ناپلیۆن لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهات بۆ گرتنی میسر و فەلەستین هەر لەچوارچێوەی ئەو هەوڵانە بوو کەدەیانەویست بەدەسەڵاتەوە بچنە هەزارەی حەوتەم.

بەڵام کە ساڵی١٨٣٥ز هات و هیچ نیشانەیەکی مەلەکوتی ئاسمانیی لەگەڵ خۆی بۆ کاسۆلیک نەهێنا، ئیمپراتۆرە کاسۆلیکەکان وردەوردە پووکانەوە و موستەعمەڕەکانیان وردەوردە سەربەخۆییان وەرگرت یان بوونە موستەعمەڕەی وڵاتە پرۆتستانتەکانی وەک هۆڵەندا و بەریتانیا و ئەڵمانیا.

کاتێ خەونی ئاینی کاسۆلیکەکانیش گەیشتە کۆتایی چەندین ڕەوتی عەلمانی و بێ هودەیی و عەبەسی لەجیهانی کاسۆلیکی و

موستەعمەرەکانیان دەرکەوت و هەم دەسەڵاتی سیاسی و هەم کۆمەڵگاکان بەرەو پووکانەوە ڕۆیشتن و مەیدانی سیاسەت و ستراتیژی شارستانییان بۆ پرۆتستانتەکان بەجێهێشت. پرۆتستانتەکان شۆڕشی پیشەسازیشیان زیادکرد بۆ هەڵمەتەکانیان.

٣- تەوراتی پرۆتستانتەکان

بە پێی زۆرێک لە پەیڕەوە ئینجیلییەکان:

- دروستبوونی جیهان لە ساڵی ٤٠٠٤ پێش زایین بووە (بە پێی هەژماری ئەسقەف جەیمس ئوشەر (١٥٨١ - ١٦٥٦).

- هەزارەی شەشەم لە نزیکەی ١٩٩٦ی زایینی کۆتایی دێت.

هەڵبەت کاتێ بەهۆی ئەم خەونە ئایینیە پرۆتستانتەکان جێگای کاسۆلیکیان گرتەوە لەو بوارەش بەریتانیا و پاشان هۆڵەندا و ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەسکەندەنافی سەرکێش بوون بەتایبەتی بەریتانیا کە میراتگری ئەوروپای کاسۆلیک بوو.

بەدرێژایی سەدەی نۆزدەم و بیستەم ئەڵمانییەکان لە پسمارکەوە تاهیتلەر ئەم خەونە ئایینیە بە نازیەت و ڕەگەزپەرستی تێگەیشتبوون و پێیان وابوو کە زاڵبوونیان لەجیهاندا حەتمییە و ویست و بڕیاری خوای لەسەرە، ئەوان هاتنی مەسیحی ڕزگارکەریان بە هاتنی ڕەچەڵەکی ئاری لێکدەدایەوە کەدەتوانێ هەموو ڕەچەڵەکەکانی تر لەناو بباو تەنها خۆی لەهەزارەی حەوتەم دەمێنێ، بۆیە لە ماوەی سەدە و نیوێکدا بوونە هۆی جۆرێک لە پاشەکشەی خەونەکە لای بەشێکی گرنگ لە پرۆتستانتەکان .

بەڵام ئینجیلییە پرۆتستانتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بەجۆرێکی تر خۆیان بۆ چوونە ناو هەزارەی حەوتەم ئامادەکرد، کە جیهانبینییەکی فراوانتر بوو، بازنەکەیان گەورەکرد و جوولەکە و زۆر کەمینەی تری وەک قادیانی و بەهائی و ئاینزا مەسیحییەکانی تریشیان بەکارهێنان و بگرە زۆر نەتەوە و ڕەچەڵەک و کەسایەتی ئیسلامیشیان بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان بەکارهێنان، وە شێخەکانی کەنداو و شاکانی میسر و مەغریب و شەریفەکانی حیجاز و سەرانی تورکیا و پاکستان، بۆیە توانیان تا کۆتایی بمێننەوە.

تەنانەت دوای هاتنی هەزارەی حەوتەمی پرۆتستانتیش ئەمریکا و بەریتانیا و زایۆنیزمەکانی وەک نەتەنیاهۆ و ئەریەل شارۆن لەوکاتەوە هەوڵەکانیان چڕکردەوە و شارۆن لەساڵی ٢٠٠٠ز هاتە ناو حەرەمی قودس بەڵام بە ڕاپەڕینی دووەمی ئەقسا وەڵامی درایەوە.

ئەم تێڕوانینە گرێدانی ئاینبینییە بە ڕەوتی ژیارەکانەوە، چونکە هەموو ژیارێک دەبێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێ خەونێکی هەبێ. بۆیە دەبینین هەژموونی هەریەک لە مەزهەبە کریستیانییەکان لەژیار و دەسەڵات گرێدرابوو بە تێڕوانینیان بۆ هەزارەی حەوتەم، چونکە بوونی ئەو خەونە هیوا بۆ کۆمەڵگا دروست دەکات و ئامانجێکی پیرۆزی لەپێش دادەنێ و کۆمەڵگا

ئەم تێڕوانینە گرێدانی ئاینبینییە بە ڕەوتی ژیارەکانەوە، چونکە هەموو ژیارێک دەبێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێ خەونێکی هەبێ

لەئەوروپا بەگشتی پڕۆتستانت خەریکە لەمۆزەخانە خانەنشین دەبێ، بۆیە کۆمەڵگا وەک کارگە حەزی لەزاوزێی زۆر نەماوە و ژمارەی لەدایکبووان لەپاشەکشەدایە

هەست بەتاوانەکانی شارستانی و دەسەڵات ناکات مادام ئەو ئامانجە ڕۆحییە پاکانەی بە دەروون و ویژدان دەبەخشێ، بەڵام کاتێ ئەو سەردەمە دێ و هیچ لەو ئامانجە بەدی نایە، ئەو کاتە کۆمەڵگا تووشی داڕووخان و بێهیوابوون دەبێ و دەست بەداڕووخان دەکات.

کەواتە پڕۆتستانتەکانیش کە پێیان وابوو جیهان ساڵی٤٠٠٤ پ ز دروست بووە و ساڵی١٩٩٦ کەساڵی دەستپێکی هەزارەی حەوتەمیان بوو بەڵام ئەو مەلەکوتە ئاسمانییە نەهات کەچاوەڕێی بوون، بۆیە دوور نییە بەریتانیا و ئەمریکاش لەچەند ساڵی داهاتوودا وەک کاسۆلیکەکان هەژموونیان پاشەکشە بکات.

بەڵێ پڕۆتستانتەکان کە تێڕوانینی ئینجیلی ئەسقوفی ئێرلەندا (جیمس آشر) یان بەکارهێنا کەدەڵێ ئادەم ٤٠٠٤ پ ز پەیدابوو، وە دەبوو بەو حسابە ٤٠٠٤ پ ز+ ٦٠٠٠ = ١٩٩٦ز، بەڵام لەو مێژووە هیچ ڕووی نەدا کەدەگوترا دەبێ پێش ئەو مێژووە جەنگی هەرمجدۆن و ڕفاندن «الاختطاف» (Rapture) ڕوویدا کەچی هیچ ڕووی نەدا، بەڵام پڕۆستانتەکان ئەم جارە بەبێدەنگی پێشوازیان لە بێ ئومێدییەکەیان کرد، لەگەڵ نەهاتنەدی خەونی پڕۆتستانتەکان لەوکاتەدا پڕۆتستانتەکانیش وەک ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و وڵاتە ئەسکەندەنافییەکان تووشی هەمان بێئومێدی بوون.

لەئەمریکا ڕەوتە ئیلحادییەکان و عەبەسییەکان لەهەڵکشاندان و درزی نێوان ڕاستڕەوەکان و پێشکەوتووەکان فراوانتر بووە و هەستی ئاینی لەپاشەکشەدایە، ئینجیلییەکان لەئەمریکا بەهۆی تێشکانە یەک لەدوای یەکەکانیان لە ڤێتنام و ئەفغانستان و عێراق متمانەیان بەبەهاکانیان نەماوە و پێیان وایە سەرکەوتن خەونێکی مەحاڵە.

بەریتانییەکان لەیەکێتی ئەوروپا و دراوی یەکگرتو دەرچوون چونکە باوەڕیان بە کاری کیشوەری نەماوە و جۆرێک لەدابڕان و خۆبەرکەنارکردن و کەمبوونەوەی هەژموون پەیڕەو دەکەن. کەنیسەی ئەنگلیکانی ڕۆژبەڕۆژ لەپاشەکشەدایە، ڕەوتە جەندەر و ڕەگەزخواز و دژەئاینییەکان ڕۆژبەڕۆژ لەهەڵکشاندان. و لەئەوروپا بەگشتی پڕۆتستانت خەریکە لەمۆزەخانە خانەنشین دەبێ، بۆیە کۆمەڵگا وەک کارگە حەزی لەزاوزێی زۆر نەماوە و ژمارەی لەدایکبووان لەپاشەکشەدایە و کۆمەڵگا بەرە و پیری و خاوخلیسکی دەچێ.

هەمان حاڵەتی کاسۆلیک دوای ١٨٣٥ز و ئەرسدۆکس دوای ١٤٩٢ز بە پڕۆتستانی ئەمڕۆوە دیارە . هەرچەندە کەنیسەی پڕۆتستانت وەک لای کاسۆلیک و ئەرسۆدۆکس بەبایەخ نەبوو، بەڵام کەلێنێکی گەورەشی جێهێشتووە، جا ئەگەر خەونێکی ئاینی بۆ مەسیحییەت دروست نەکرێ، هەڵکشانی ئیلحاد و

عەلمانییەت و چین و هیندستان و ڕووسیا و یابان و وڵاتە ئیسلامییەکان... دەرەنجامی پاشەکشەی پڕۆتستانتەکانە.



The Sanhedrim.

٤-ساڵژمێری تلمودی سەنهەدرێن لای جوولەکەکان:

پڕۆتستانتەکان بوونە دوو ڕەوتی دژبەیەک بۆ هێنانەدی خەونەکەیان و چوونە ناو هەزارەی حەوتەم، ئەڵمانییەکان هەرچەند زۆر کەس پێیان وایە لە ڕق بوونیان لەجوولەکە هۆلۆکۆستیان سازکرد، بەڵام لەڕاستیدا هۆلۆکۆست لەبەرژەوەندی جوولەکە بوو، چونکە ئەگەر هۆلۆکۆست نەبوایە جوولەکە نەدەبوونە خاوەن قەوارەی ئیسرائیل، چونکە کۆچکردنی جوولەکەکان لە ئەوروپا زۆر خاو بەڕێوە دەچوو، وە دروستکردنی قەوارەیەکی جوولەکە لە جوولەکە ڕۆژهەڵاتییەکان لای ئەوروپییەکان هیچ جێی متمانە و ئومێد نەبوو، بۆیە جەنگی دووەمی جیهان و دەستبەسەراگرتنی ئەوروپا لەلایەن هیتلەر و ناچارکردنی جوولەکەکانی ئەوروپا بە کۆچکردن بۆ فەلەستین هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەمریکا و بەریتانیا کە ئەو قەوارەیە بۆ ئیسرائیل لە خاکی فەلەستین دروستبکەن کە ئەوان دەیانەوێ .

بۆیە بەڵێنی بەلفۆر لەساڵی١٩١٧تاکو ١٩٤٨ ز مایەوە، تا هیتلەر جوولەکە ئەوروپییەکانی لە فەلەستین لەساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥ کۆکردەوە دواتر دەوڵەتی جوولەکە لەساڵی ١٩٤٨ ڕاگەیەنرا. لەگەڵ ڕاگەیاندنی قەوارەکە، بەشێک لەپێشگۆییە ئاینییەکانی حزقیال هاتنەدی و ئەم وەدیهاتنە و سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی ئیسرائیل بەسەر عەرەبەکاندا لەساڵانی ١٩٤٨ و١٩٥٦ و١٩٦٧ و١٩٨٢ز وایکرد کە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا بتوانن خۆبگرن لەبەردەم فراوانبوونی خێرای کۆمۆنیزم کەزۆربەی جیهانی کاسۆلیکەکان (ئەمریکای لاتین) و ئەرسدۆکسەکان (ڕووسیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات)، بەڵام نەیتوانی بەسەر پڕۆتستانتەکاندا سەرکەوێ چونکە ئەوان هێشتا خەونی ئاینییان هەبوو، وە تەنانەت دامەزراوەکانی ئەرسدۆکس و کاسۆلیکیش بووبوونە دوو دامەزراوەی پاشکۆی هەژموونی پڕۆتستانتی و هاوپەیمان لەگەڵ ئیسرائیل و خەونی پڕۆتستانتەکان.

هەرچەندە بەهاتنی ساڵی دووهەزار مەلەکوتی ئاسمانی پڕۆتستانت نەهات بەڵام بە توانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات و پەیمانی وارشۆ و لاچوونی دیواری بەرلین زۆر گەشبین بوون. وە خەونی خۆیان لەگەڵ خەونی جوولەکە تلمودییەکان لێکدا و بۆ یەکەم جار خەونێکی دەرەوەی تەورات و کتێبی پیرۆز بوو بە خەونی بەشێکی گرنگ لە مەسیحییەکان کە پڕۆتستانتە ئەمریکییەکانن.

پڕۆتستانتەکان هاتنەوەی مەسیحیان گرێدا بە بنیاتنانەوەی ئیسرائیل لەسەر گردی زایۆن

کەپێی دەڵێن گردی پەروەردگار (جبل الرب) بەتایبەتیش دوای بەهەڵە و بێبنەما دەرچوونی هەرسێ بەڵێنەکەی سێ نوسخەکانی تەوراتی مەسیحییەکان کە لەساڵانی (١٤٩٢، ١٨٣٥، ١٩٩٦ز) هیچیان نەهاتنەدی، بۆیە دەبوو جیهانی پرۆتستانت بۆ بەردەوامی ژیارەکەیان خەونێکی ئاینی دیکە بدۆزنەوە، چونکە ساڵی دوو هەزار تێپەڕی و کەچی هێشتا (جبل الرب) نەهەیکەلی لەسەر بوو، نەهەرمجدۆن ڕوویدا وەک ئەوان پێشبینیان دەکرد، بۆیە هاتن ساڵنامەیەکی جوولەکە تلمودییەکانیان کردە خەونی مانەوەی ژیارەکەیان، کە ئەمە دەقە عبرییەکەیەتی:

نص النبوءة - التلمود البابلي، سنهدرين ٩٧أ:

" תנא דבי אליהו: ששת אלפים שנה הוי העולם, שני אלפים תוהו, שני אלפים תורה, ושני אלפים ימות המשיח, ובעוונותינו הרבים יצאו מה שיצאו."

واتە: ماڵی ئیلیا گوتی: تەمەنی جیهان شەش هەزار ساڵ دەخایەنێ، دوو ساڵ بۆ بێسەرەوبەرەیی و، دوو هەزار بۆ تەورات و، دوو هەزار بۆ مەسیح، کەبەهۆی تاوانەکانمانەوە ئاوا دواکەوت «.

ڕاڤەی ئەم دەقە واکراوە کەلە دروستکردنی ئادەم لەم ساڵژمێری تلمودییە لەساڵی ٣٧٦١پ.ز دەست پێدەکات، دوو هەزار ساڵ لەئادەم بۆ ئیبراهیم فەوزا و بێ سەرەوبەرەییە (תוהו) لە (٣٧٦١ پ ز-١٧٦١پ ز)، کەواتە ئەم ساڵژمێرە سەرەتا یان کۆتایی ئیبراهیم علیە السلام بە ١٧٦١پ ز دیاری دەکات. وە دوو هەزار ساڵ بۆ تەورات کەلە سەردەمی ئیبراهیم علیە السلام تا دەرکەوتنی مەشنا کەلە ١٧٦١ پ ز-٢٣٩ ز، مەشنا کتێبێکە کەیەکێک لە زانایانی جوولەکە بەناوی یەهودا ناسی لەساڵی ٢٠٠ز تەواوی کردووە، دوای ئەو تلمود تۆمار کراوە، بەڵام تلمودی سەرزارەکی وەک گێڕدراوەتەوە لەسەردەمی موساوە علیە السلام گوتراوە یەکەم ئەنجومەنی باڵای سەنهەدرێنیش کە موسا حەفتا پیاوەکەی لە بنەماڵەکانی ئیسرائیل هەڵبژارد، ئیدی بەنوئیسرائیل لە کاتی دوورخرانەوەشیان ئەم نەریتەیان هەر پاراست و لەبابلیش ئەنجومەنی باڵا (سنهدرێن)یان هەبووە، لەدوای دامەزراندنی ئیسرائیلیش لەساڵی ٢٠٠٤زاینی لەگەورە حاخامەکانی ئیسرائیل مەجلیسی سەنهەدرێن پێکهێنرایەوە و کاری سەرەکییان چۆنێتی دروستکردنەوەی هەیکەلە ، بەڵام ئەم گوتانەی تلمود بە نەنووسراوی ماونەوە تا کەسێک بەناوی ڕەفا ڕاشی لە ساڵی٤٢٧ تلمودی تۆمار کرد و ئەم تۆمارکردنە لەساڵی ٥٥٠ز تەواو بووە، واتە تلمود بیست ساڵ پێش لەدایک بوونی پێغەمبەرمان تەواو تۆمار کراوە.

دوو هەزار ساڵەی کۆتاییش لە ٢٣٩ ز تاکو ٢٢٣٩ز بۆ مەسیح دانراوە، هەڵبەت ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر جوولەکە لەوەی مەسیحی کوڕی مەریەم علیە السلام پێغەمبەر بووە، ئەگەرچی پەیڕەوانی تلمود باوەڕیان پێنەهێناوە. کەواتە ساڵی ٢٢٣٩ و سەرەتای ٢٢٤٠ مرۆڤایەتی بەم ساڵژمێری تلمودە دەچێتە هەزارەی حەوتەم واتە دوای ٢١٥ساڵی تر لەمەودوا.

لەدوای ئەم شەش هەزار ساڵە دەقەکەی تلمود دەڵێ دوای ئەوە هەزار ساڵی ڕووخان و وێرانبوون و متبوونە و زەوی لە ژاوەژاوی مرۆڤ و

زیندەوەران نەجاتی دەبێ و پشوو دەدا و سەبت و شەممەیە، (יום שכולו שבת סנהדרין ע"ז ע"א)، کەچی ئەم هەزار ساڵە لە سفری یۆحەننای کۆتا سفری ئینجیل بنیاتنانەوە و چوونە ناو مەلەکوتی خوایە.

هەر چۆنێک بێ سەرەتای هەزارەی حەوتەم لەتلمود کۆتایی هاتنی جیهانی زیندەگیە لەسەر زەوی، بەڵام لەسفری یۆحەننای ئینجیل چوونە ناو مەلەکوتی خوایە. هەر چۆنێک بێ دوای ئەوەی دەقەکانی لای مەسیحی هەموو هەڵە دەرچوون و مەسیح علیه السلام لەهیچیان نەهاتەوە، ئێستا جیهانی مەسیحی بەگشتی بەکاسۆلیک و پڕۆتستانت و ئەرسدۆکسەوە ناچارن چاوەڕێی ئەم پێشبینییە بکەن، چونکە هاتنەوەی مەسیح بەشێکی سەرەکییە لەبیروباوەڕیان، مەسیحی بێ باوەڕبوون بەهاتنەوەی مەسیح نازانێ بەڕێگاشدا بڕوا، بۆیە بێجگە لەباوەڕبوون پێی هیچ هەڵبژاردەی تریان نییە. هەر ئەم ناچارییەش وایکردوە کە جیهانی مەسیحی زۆربەیان هاوپەیمانی ئیسرائیل بن. بەتایبەتیش کاتێ پڕۆتساتنی ئەمریکی دەبینێ کە بەهۆی نزیکی و پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ئیسرائیل ئەوانی بەباڵادەستی لەجیهانی مەسیحیدا هێشتۆتەوە، بۆیە لەسەری سوورتر دەبن.

هەر بۆیە جوولەکەکان لە ڕاجیایی و سەرلێشێوانی مەسیحییەکان قازانجیان کردووە و لەو کاتەوە بزاڤی زایۆنیزمیان بەخەرجی کاسۆلیکەکان دروستکرد و دواتر دەوڵەتیشیان بەخەرجی پڕۆتستانت دروستکرد، ئێستاش دوای بەهەڵەچوونی هەردوو ساڵنامەی کاسۆلیک و پڕۆستانتەکان، ئێستا دوای سی ساڵ لەبەهەڵە دەرچوونی هەر دوو ساڵژمێری مەسیحییەکان، هەر دوو لایەنی کاسۆلیک و پڕۆستانتیش زیاتر متمانەیان بەساڵژمێری عیبری هاتووە و هەوڵی ئەوە دەدەن بەهۆی خەونی جوولەکەکان درێژە بەهەژموونی خۆیان بدەن، چونکە جیهانی ڕۆژئاوا هەرچەندە بانگەشەی سیکۆلاریش بکەن ناتوانن بەبێ خەونی ئاینی بژین.

> جیهانی ڕۆژئاوا
> هەرچەندە
> بانگەشەی
> سیکۆلاریش
> بکەن ناتوانن
> بەبێ خەونی
> ئاینی بژین

هەر بۆیە لاهوتییە ئینجیلییە پڕۆستانتەکان بەتایبەتی لە ئەمریکا لەساڵانی ١٩٧٠ز زۆر گرنگی بەتەوراتی عیبری دەدەن و هەوڵدەدەن پەرستشەکان و جەژن و بۆنەکانیان بەپێی تەوراتی عیبری بێ، لە کتێبی هۆشداری (الإنذار) قەشەی ئەمریکی جوناثان کاهن(١٩٦٩) (زایۆنی مەسیحی) کە پێی وایە تەنانەت یازدەی سێپتەمبەریش نەفرەتێک بوو بەهۆی ساردوسڕی پشتگیری ئەمریکا لەئیسرائیل بەر ئەمریکا کەوت و دەڵێ هەر کەمتەرخەمییەک لە پشتیوانی نەکردنی ئیسرائیل نەفرەتێکی خوایی دێنێ. وە هەموو ڕووداوە لاهوتییەکانی جیهان بەپێی مێژووی ساڵنامەی عیبری ڕاڤە دەکات.

نەخشەڕێگای ئەم دوو سەد و پازدە ساڵەی کۆتایی هەزارەی شەشەمی تلمودی لە ٢٠٢٥ز-٢٢٤٠ز لەڕوانگەی تەوراتەوە چۆن دابەشکراوە ؟

دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ بنیاتنانی هەیکەلیش سەیری نەخشە و پلانە مێژووییەکەی دەوڵەتی شاول تالوت (٤٠ساڵ) و ملک داود (٤٠ساڵ) دەکات، لەمەشدا کە زیاتر چاویان لەسەر ئەوە چڕکردۆتەوە کە ئیسرائیل لەساڵی١٩٤٨کە دامەزرا تاکو١٩٨٨ وەک پاشایەتی تالوت کە لەدەقی تەورات زۆر پابەندی دینداری نەبووە و هەوڵی کوشتنی داودیشی داوە، لەم حکومەتەی ئیسرائیلیش چل ساڵی یەکەم چەپەکان و سۆشیالیزمەکان زیاتر دەسەڵاتدار بوون و زۆر باوەڕیان بە بۆچوونە ئاینییەکان نەبوو. کەچی لەچل ساڵی دووەم ١٩٨٨-٢٠٢٨ کە بەرامبەر مەملەکەتی داودییە ڕاسترەوە توندڕەوە ئاینییەکان دەرکەوتن و نموونەی زەقیشیان ئاریەل شارۆن و بنیامین نەتەنیاهۆن.

وە پێشیان وایە کە لەچلەی سێیەم ٢٠٢٨-٢٠٦٨ کەبەرامبەر چل ساڵی سلیمانە لەسەرەتای چل ساڵەکە هەیکەل دروست دەکرێ. هەر یەک لەنووسەرانی ئینجیلی هال لیندسي (١٩٢٩-٢٠٢٤) و جرانت جیفري(١٩٤٨-٢٠١٢) لە کتێبەکانیان هەوڵی گرێدانی ئێستای ئیسرائیل بە ڕابردووی ئیسرائیل دەدەن و دەڵێن ئیسرائیلی نوێش بەهەمان پێشبینییەکانی ئیسرائیلی مێژووییدا دەڕوا، هەروەها دکتۆری کاهن مارك هیتشکوك (١٩٦١-؟) دەڵێ ڕاڤەکەران هەمان ڕووداوەکانی ئیسرائیلی نوێ بە ئیسرائیلی کۆنەوە گرێدەدەن.

حاخام کاهانا (١٩٣٢-١٩٩٠) ی دامەزرێنەری یەکەم بزاڤی ڕاسترەوی جوولەکە لە کتێبی (اليهود والحركات الصهيونية الدينية)

> ئەم بابەتە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرچی ئەوان گوتیان دەتوانن بیکەن، بەڵام بۆ ئەوەیە کە مسوڵمانان بزانن کەڕۆژئاوا بەڕووکەش داوای سیکۆلاریزم و پەراوێزکردنی ئاین دەکەن بۆ چاوبەستەکی گەلان، کەچی خۆیان زۆر پەڕگیر و توندڕەون لە پەیڕەوکردنی ئاینەکەیان

دەڵێ شانشینی سێیەم دوای ئەم دوو شانشینەی تالوت و داودییە دێت، بزاڤی ئەمیندارانی هەیکەلیش دەڵێن کە کاتی بنیاتنانی هەیکەل نزیکە.

جاکە بەگوتەی ئەو حاخام و قەشانە بێ دەبێ لەساڵی ٢٠٣٢ دەست بەدروستکردنی هەیکەل بکرێ، وە چونکە بنیاتنانی هەیکەلی سلیمان عليه السلام لەساڵی ٩٦٦پ ز هەتاکو ٩٥٩ز کێشاوە، کەواتە کە ئەم جارەش وابێ لە ساڵی ٢٠٣٢ز دەست پێدەکا و تاکو لە ٢٠٤١ز تەواو دەبێت. وە هەیکەلی سلیمان دوای دروستکردنی ٣٧٣ساڵ ماوەتەوە و لەساڵی ٥٨٦ لەلایەن نەبوخوزنەسری بابلی تێک و پێک دراوە.

دیارە کە هەزارەی حەوتەم لەتلمود ناوی هەزارەی (خراب) و تێکدانە، بۆیە ئەو تێکدانە کە هەموو شتێک دەگرێتەوە ئەو هەیکەلەش دەگرێتەوە کە دروست دەکرێ. چونکە بینا و

مەلەکوتی شاری مەحبوبە لە قودس دروست دەکرێ کە لەکۆتا سفری ئینجیل لەسفری یۆحەننا باسکراوە.

تەنانەت ئەم چیرۆکانە لەناو سیاسیەکانەوە گوازراونەتەوە ناو ڕۆماننووسەکانیش و ڕۆمانی ئەندێشەیی، ئەوەتا ڕۆماننووسی ئاینی تیموثي لاهاي (١٩٢٦-٢٠١٦) لە ڕۆمانی (المعبد والحجر ساڵی ٢٠٠٠) و دەیان کاری هونەری تر سیناریۆی ڕۆژی دوایی لەڕوانگەی کتێبی پیرۆز باسدەکات.

ڕەوتی نووسینی ڕۆمانی ئاینی و درامای لاهوتی لەسەدەی ١٩دا ٧٠٪ ئەوروپای کاسۆلیکی و ٣٠٪ ئەمریکا بەرهەمی دێنا، بەڵام لە سەدەی ٢٠و٢١ ٩٠٪ی وێژە و هونەری لاهوتی هی ئەمریکایە و لەسەر هەرمجدۆن و بنیاتی هەیکەل و پێشگۆییەکانی حزقیال سەدان بابەتی تر ڕۆمان و فیلم پێشکەش کراون.

ئەگەر ڕێژەی سەدی وەرگرین بۆ ئەدەب و فیلم و دراما دەبینین کەلە سەدەی بیست ٧٪ بوو، بەڵام لەسەدەی ٢١دا بۆتە ١٢٪ وە فیلمەکانیش لە ٥٪ لەسەدەی بیست هەڵکشاوە بۆ ١٠٪ لەسەدەی بیست و یەکدا، وە بۆ خەڵاتەکانی نۆبڵ و هۆلیۆد و ئۆسکار و کان لەسەدەی بیست ٠.٥٪ی خەڵاتەکان بۆ بەرهەمە ئاینییەکان بوو، وە لەسەدەی ٢١ ئەم ڕێژەیە هەڵکشاوە بۆ ٧٪.

بێگومان ئەم بابەتە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرچی ئەوان گوتیان دەتوانن بیکەن، بەڵام بۆ ئەوەیە کە مسوڵمانان بزانن کەڕۆژئاوا بەڕووکەش داوای سیکۆلاریزم و پەراوێزکردنی ئاین دەکەن بۆ چاوبەستەکی گەلان، کەچی خۆیان زۆر پەڕگیر و توندڕەون لە پەیڕەوکردنی ئاینەکەیان.

سەرچاوە و ژێدەرەکان:

١- قديس ئيرينيئوس لە کتێبی (ضد الهرطقات).

٢- ئینجیل برنابا.

٣- لاکتانتیوس لە کتێبی (المؤسسات الإلهية).

٤- كتاب المقدس، العهد القديم - الإصدار الثاني ١٩٩٥، الطبعة الثلاثون. جمعية الكتاب المقدس في لبنان، سفر تكوين والخروج.

٥- الاستعمار الأوروبي في العالم - ألبرت سوريل.

٦- الكنيسة والاستعمار - جورج هربرت.

٧- الاستعمار والتحرير - فرانز فانون.

٨- التلمود البابلي - سنهدرين ٩٧ أ. الترجمة والشرح عبر موقع Sefaria: Sanhedrin 97a Sefaria.org التفسير الكلاسيكي لراشي (Rashi) وابن عزرا .

پرۆفایل ...

محمد عزيز علي

- لە دایک بووی ١٩٧٤لە گوندی لۆتەر.
- ساڵی١٩٩٧-١٩٩٨ لە کۆلێژی شەریعەیزانکۆیدهۆکدەرچووە.
- لە ساڵی١٩٩٣ ـەوە لە زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە بابەتی وەرگێڕدراو و شیعر و چیرۆک و بابەتی تری بڵاوکردۆتەوە.
- بەڕێوەبەری نووسینە لە بەشی کوردی گۆڤاری ئاینده، ئێستا لە شاری ڕانیە نیشتەجێیە.

ئامانجی پڕۆژەی ئیبراهیمی لە نێوان پتەوکردنی پێکەوەژیان و هەوڵی هەژموونگەرایی خۆرئاوادا

پ. د. ئازاد عبدالقادر
موحەممەد/ سلێمانی

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
درود و سەلام لەسەر نێرراوی خودا موحەممەد

سەرەتایەك

بە گوێرەی (ویكیبیدیا - الموسوعة الحرة) أديان ابراهيمية هەیە واتە ئاینە ئیبراهیمییەكان نەك ئاینی ئیبراهیمی، وە بەوەش پێناسە دەكرێت كە لە نیشتمانی عەرەبیدا بەو ئاینە ئاسمانییانە یان شەریعەتە ئاسمانییانە ئەوترێ كە سەرچاوەیان گرتووە لە كەسایەتی تەوراتیی (ئیبراهیم). وە جیاوازی هەیە لە لایەن هەڵگرانی ئەو ئاینانەوە دەربارەی ئەوەی كامە دادەنرێت بە ئاینی ئیبراهیمی. بە شێوەیەكی گشتی ئەم زاراوەیە ئاماژە دەكات بۆ ئاینی جوولەكە و گاور و ئیسلام، بەڵام ئەكادیمیستەكان هەندێ جار تایفەكانی بەهائی و مەندائی و سابیئەش وەك ئاینە ئیبراهیمییەكان پۆلێن دەكەن. جوولەكە و گاور و ئیسلام لە ناو ئاینە ئیبراهیمییەكاندا زۆر ترین شوێنكەوتوویان هەیە و لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ٥٤٪ ی دانیشتوانی زەوی كە دەكاتە ٣ ملیار و ٦٠٠ ملیۆن كەس سەر بەو ئاینەن و لەو ڕێژەش ئاینی مەسیحی ٣٣٪ و ئیسلام ٢١٪ و جوولەكە سفر و لە دەیا دوو لەسەد پێك دێنن.

بێگومان بەربەست هەیە لە بەكار هێنانی زاراوەی (ئاینە ئیبراهیمییەكان). یوسف زەیدان لە (اللاهوت العربی) وا دائەنێت كە ناونانی ئەو ئاینانە بە ئاینی ئاسمانی وەسفێكی نادروستە. وە ئەگەر بمانەوێت ئەو سێ ئاینە لەوانی دیكە جودا بكەینەوە ڕاستتر وایە وەسفیان بكەین بە ئاینی پەیامیی یان پەیامبەریی، چونكە لە لایەن پەیامبەرانی خوداوە بۆ خەڵكی هاتووە بە پەیامێكی ئاسمانی و خەڵكی بۆ لای ئەو بانگ ئەكەن. ئەوجا یوسف زەیدان باسی ئەوە ئەكات كە لە ڕاستیدا ئەو سێ ئاینە تەنها یەك ئاین بووە، بەڵام بە چەند دەركەوتن (تجليات) ی جیاواز لەگەڵ تێپەڕبوونی كات لە دوای ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێ) و لە ئەنجامدا ئەو سێ دەركەوتە (ئاین)ـەی لێ مایەوە، بەڵام هەریەكەیان بە سیفەتی باوەڕیی (اعتقادی) جیاواز لەوی دیكە. بەڵام ئایا كامیان بە كرداری شوێن ئیبراهیم كەوتووە و كامیان بەس بە وتەی بێ كردار؟ خوێنەر ئەگەر سادەترین هەڵسەنگاندن بكات، ئەزانێت.

هەموو پێغەمبەرەکان (سەلامی خوایان لێبێ) ئاینیان یەکە، ئەویش ئیسلامە. پێچەوانەی ئەویش بت پەرستی و دونیا و هەوا پەرستییە و قبوڵ کراو نییە

تێڕوانینی مسوڵمان بۆ ئیبراهیم (د.خ) و پەیامەکەی:

قورئان سەرچاوەی سەرەکی بیروباوەڕی ئیسلامییە و سوننەتی پێغەمبەریشمان (د.خ) ڕوونکردنەوەی قورئانە و بەکرداری کردنیەتی لە ژیاندا. ئێمە لە قورئانەوە زانیاریمان دەربارەی پێغەمبەران پێ گەیوە و هەر لەویشەوە بیروباوەڕ و ژیانی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێ) ئەزانین و فێر بووین کە چۆن تێکۆشانی کردووە دژی بت پەرستی و هەموو هەوڵی بۆ چەسپاندنی یەکتاپەرستی بووە. واتە هەوڵی بۆ تەسلیمبوون بووە بۆ فەرمانی پەروەردگارەکەی. چی لەوە باشترە شوێنکەوتەی ئاینی ئیبراهیم بیت کە ئیسلامە، چونکە ئیبراهیم تەسلیمی خوای گەورە بوو و خەلیلی خوا بوو، بت پەرست و دونیا پەرست نەبوو. قورئان دەفەرموێ: (ومن یرغب عن ملة ابراهیم الا من سفه نفسه) (سورەتی بەقەرە: ١٣٠). دەبینیت ئەو کەسە بە مێشك پووچ دائەنێت کە پشت لە میللەتی ئیبراهیم ئەکات. سەیری بکە قورئان چۆن باسی ئەکات (اذ قال له ربه اسلم، قال اسلمت لرب العالمین) (سورەتی بەقەرە: ١٣١)، نەك هەر خۆی ئەبێت تەسلیمی خوای گەورە بێت و ئاینی ئیسلام بێت، بەڵکو وەسیەتی بەوە کردووە بۆ کوڕەکانی، نەك هەر ئەو بەڵکو یەعقوبیش (سەلامی خوایان لێبێ) وەسیەتی بەوە کردووە بۆ کوڕەکانی (فلا تموتن الا وانتم مسلمون) (سورەتی بەقەرە: ١٣٢)، بەڵام ئایا بانگەشەکەرانی ئاینی ئیبراهیمی ئەتوانن وەك ئەو بن، لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران بن؟ بت پەرست و دنیا پەرست نەبن؟

کەوابێ هەموو پێغەمبەرەکان (سەلامی خوایان لێبێ) ئاینیان یەکە، ئەویش ئیسلامە. پێچەوانەی ئەویش بت پەرستی و دونیا و هەوا پەرستییە و قبوڵ کراو نییە. سەیری قورئان بکە: (ومن یبتغ غیر الاسلام دینا فلن یقبل منه وهو في الاخرة من الخاسرین) (ئالی عیمران: ٨٥)، (ئەوەی جگە لە ئیسلام ئاینی دیکە هەڵبژێرێت و بیکاتە بەرنامەی خۆی ئەوە هەرگیز لێی وەرناگیرێ و لە ڕۆژی دواییدا لە زیان لێکەوتووانە).

کەسێکی مسوڵمان شارەزاییەکی سادەی هەبێ لە ئاینەکە و چاوبەستی لێنەکرابێت ئەزانێت کەسی مسوڵمان بە هیچ جۆرێك ئایدیا و بیر و بۆچوونی لەگەڵ ئەوەی جوولەکە و گاوردا یەك ناگرێتەوە و ناکرێت ئاینێکی هاوبەش وەك ئەوەی ئێستا کە پێی ئەڵێن ئاینی ئیبراهیمی کۆیان بکاتەوە

پەیوەندی نێوان مسوڵمان و جوولەکە و گاور:

پەیوەندی نێوان ئیسلام و ئەهلی کیتاب (جوولەکە و گاور) زۆر ڕوون و ئاشکرایە، هەر مسوڵمانێك کەمێك شارەزایی هەبێ لەوە ئاگادارە. مسوڵمان ئەگەر تەنها قورئان بخوێنێتەوە و لێی تێبگات ئەوە کافییە بۆی و پێوستی بە قوڵبوونەوە لە بابەتەکە نابێت. مەبەستم ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی کەسێکی مسوڵمان شارەزاییەکی سادەی هەبێ لە ئاینەکە و چاوبەستی لێنەکرابێت ئەزانێت کەسی مسوڵمان بە هیچ جۆرێك ئایدیا و بیر و بۆچوونی لەگەڵ ئەوەی جوولەکە و گاوردا یەك ناگرێتەوە و ناکرێت ئاینێکی هاوبەش وەك ئەوەی ئێستا کە پێی ئەڵێن ئاینی ئیبراهیمی کۆیان بکاتەوە. وە ناکرێ وەك برا لەژێر سەقفی خانوویەکدا ژیان ببەنە سەر. مسوڵمان ڕۆژانە بە لایەنی کەمەوە حەڤدە جار لە نوێژدا سورەتی فاتیحە ئەخوێنێت و ئەڵێت: (اهدنا الصراط المستقیم، صراط الذین انعمت علیهم، غیر المغضوب علیهم ولا الضالین) (سورەتی فاتیحە:٥-٧)، (پەروەردگارا، ڕێنموونیمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست، ڕێگای ئەوانەی نیعمەتت پێ بەخشیون، ئەوانە نا کە غەزەبت لێ گرتوون و سەرلێشێواوەکانیش نا). زانایانی تەفسیر هاوڕان لەسەر ئەوەی کە غەزەب لێگیراوان جوولەکەن و سەرلێشێواوانیش گاورەکانن.

جوولەکە خاوەنی مێژوویەکی زۆر درێژن لە دژایەتی پێغەمبەرانی خودا و چەندینیان لێ شەهید کردوون کە کۆتایان زەکەریا بووە و هەوڵی شەهید کردنی عیسا و پێغەمبەری خۆشمانیان داوە (سەلامی خوایان لێبێ)، بەڵام خوای گەورە پاراستوونی. یەکەم خیانەتی کرداریشیان لە مسوڵمانان لە بازاڕی بەنو قەینوقاع لە مەدینە ڕوویدا کاتێ یەکێ لە جوولەکەکان سوکایەتی کرد بە ئافرەتێکی مسوڵمان و لەسەر ئەوەش پیاوێکی مسوڵمان بە جواب هات و جوولەکەکەی کوشت و جوولەکەکەش کۆبوونەوە مسوڵمانەکەیان شەهید کرد. ئەم کارە ئاژاوەگێڕییە بووە هۆی دەرکردنی خێڵی بەنو قەینوقاع لە مەدینە. سەیر لەوەدایە بەنو نەزیر و بەنو قورەیزە دەرسیان لەوە وەرنەگرت و بە دەردی ئەوان چوون. بۆ؟ چونکە شەڕانگێزی و ئاژاوەچێتی لە قوڵایی ناخیاندا ڕەگی داکوتاوە.

گاورەکان کە بە خۆیان دەڵێن (مەسیحی) لە دوای چەندین سەدە لە ئیلحادی یۆنانی و ڕۆمانی هاتن ئاینی گاوری یان هەڵبژارد دوای موتوربەکردنی بە بتپەرستی ڕۆمانی لە سەردەمی پاشا قوستەنتین

گاورەکان کە بە خۆیان دەڵێن (مەسیحی) لە دوای چەندین سەدە لە ئیلحادی یۆنانی و ڕۆمانی هاتن ئاینی گاوری یان هەڵبژارد دوای موتوربەکردنی بە بتپەرستی ڕۆمانی لە سەردەمی پاشا قوستەنتین. ڕەنگە یەکەم مومارەسەی قێزەونیان لەگەڵ مسوڵمانان ئەوە بوو بێ کە عەبدوڵڵای کوڕی حوزافەی سەهمی بە دیل گیراو برایە بەردەم پاشا و داوای بە گاور بوونی لێکرد و بۆ ترساندنیشی یەکێ لە دیلە مسوڵمانەکانی خستە ناو مەنجەڵێکی گەورەی پڕ لە ڕۆنی قرچاو لە ژێر ئاگردا!

> ئه‌و هێرشه ناڕه‌وایه به‌رده‌وامه‌ی سه‌ر غه‌ززه‌ش هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌یه كه گه‌لی غه‌ززه ئه‌و سیسته‌مه دیكتاتۆرییه‌ی ئه‌وان دایاناوه قبوڵیان نییه، ئه‌نجامه‌كه‌شی ئه‌وه‌یه ئه‌بێ به‌و جۆره سزا بدرێن

له دوای مه‌غۆله‌كان، هیچ كه‌سێك نییه له مێژوودا به قه‌ده‌ر جووله‌كه و گاور زیانی به مسوڵمانان گه‌یاندبێ. بۆ وێنه له جه‌نگی خاچپه‌رستان، له ئه‌نده‌لوس، له باكووری ئه‌فریقا و له سه‌رده‌می نوێشدا پارچه پارچه‌كردنی وڵاتانی ئیسلامیی له دوای هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی خیلافه‌تی ئیسلامیی له سودان و سۆماڵ و بۆسنه و هێرسك و عێراق و حه‌تتا شه‌هید كردنی سه‌رۆكی چیچان (جه‌وهه‌ر دۆدایف) به یارمه‌تی ڕاسته‌وخۆی موخابه‌راتی ئه‌مریكا ئه‌نجام درا. له هه‌مووی خراپتر داچه‌قاندنی خه‌نجه‌رێكی ژه‌هراوی به سنگی وڵاتانی ئیسلامیی دوای دروستكردنی ده‌وڵه‌تی زایۆنی له فه‌له‌ستین. وه هه‌ر ئه‌وانن سه‌رچاوه‌ی هه‌موو ده‌ستدرێژییه‌ك بۆ سه‌ر مسوڵمانان له جیهاندا، بۆ وێنه له ئه‌فریقا و فلیپین و میانمار و هیندستان و چه‌ندین شوێنی دیكه و هه‌رچی ئه‌نجام بدرێت به فیتی ئه‌وانه. له ئێستاشدا قێزه‌ونترین ده‌ستدرێژی و قه‌تڵ و عامی به به‌رنامه‌ی مسوڵمانانی غه‌ززه‌یان ده‌ست پێكردوه به ئاشكرا و به به‌رچاوی هه‌موو جیهانه‌وه و باكیان به كه‌س نییه! كارێكی دیكه‌ی نه‌شیاویان دروستكردنی دیكتاتۆره‌كانه (كه به پێناسی باری شارستانی مسوڵمانن) بۆ چه‌وساندنه‌وه‌ی میلله‌ته‌كانیان كه به ئاشكرا ده‌بینرێت له زۆرێك له وڵاتانی ئیسلامیی. ئه‌و هێرشه ناڕه‌وایه به‌رده‌وامه‌ی سه‌ر غه‌ززه‌ش هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌یه كه گه‌لی غه‌ززه ئه‌و سیسته‌مه دیكتاتۆرییه‌ی ئه‌وان دایاناوه قبوڵیان نییه، ئه‌نجامه‌كه‌شی ئه‌وه‌یه ئه‌بێ به‌و جۆره سزا بدرێن.

ده‌ی ئایا سه‌مه‌ره نییه ئه‌و مسوڵمانه ئاینێكی كۆكتێلی هه‌بێ و جووله‌كه و گاور برای بن و ئه‌و ئاینه كۆیان بكاته‌وه؟! من لێره‌دا مه‌به‌ستم مسوڵمانێكی ساده‌ی خاوێنه كه شانازی به ئاینه‌كه‌یه‌وه بكات و په‌رستشه‌كان ئه‌نجام بدات و چاوی له ڕه‌حم و لێبوردنی خوای گه‌وره بێت. مه‌به‌ستم له كه‌سێكی سه‌رلێشێواو نییه كه ته‌نها به كارتی نیشتمانی مسوڵمان بێت و فڕی به‌سه‌ر ئیسلامه‌وه نه‌بێ. ئه‌وانه دایمه گوێ له مشتی گاور و جووله‌كه‌ن و زۆر قه‌ڵسن به ئیسلام و مسوڵمانان و ئه‌گه‌ر ئاینی ئیبراهیمیش هه‌ڵبژێرن بارن به‌سه‌ر ئه‌و ئاینه‌وه و ناشیرینی ئه‌كه‌ن!

عه‌قڵیه‌تی گاور و جووله‌كه (خۆرئاوا):

خۆرئاوای ئێستا درێژكراوه‌ی شارستانێتی بتپه‌رستی ڕۆمانییه ئه‌گه‌ر ڕاست بێ بوترێ بتپه‌رستی، چونكه خواكانی ڕۆمان ته‌نها ڕووكه‌ش بوون و له ڕاستیدا ڕۆمانییه‌كان خودپه‌رست بوون و هه‌موو هه‌وڵیان بۆ خۆشگوزه‌رانی و ڕابواردن بوو هه‌ریه‌كه‌یان پاشایه‌ك بوو بۆ خۆی. په‌رستش بۆ پاره و سامان و زاڵ بون بوو. دوای نزیكه‌ی سێ سه‌د ساڵ له هاتنی مه‌سیح قبوڵكردنی ئاینی گاوری بوو به ناچاری و زه‌رووره‌تێكی ئه‌و كاته كه قوسته‌نتین پاشا

و سانت هێلینای دایکی پێی هەستان. بەڵام چ مەسیحییەتێك؟ پاك و خاوێنی نەما و تێکەڵ کرا لە گەڵ بتپەرستی ڕۆمانی. پاشاکانی ڕۆمانی و پیاوانی کەنیسە بە یەکەوە کاریان دەکرد، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات چەوسانەوەی خەڵکی بە ناوی کەنیسەوە زیادی کرد. ڕەنگە جەنگی خاچپەرستان کە نزیکەی دووسەد ساڵ بەردەوام بوو بۆ بەنجکردنی زیاتری کۆمەڵگای ئەوڕوپی بووبێ بۆ گوێڕایەڵی بەردەوامیان بۆ کەنیسە. بەڕاستی کەنیسە و گاوریی ڕێگر بوون لەبەرەو پێشچونی کۆمەڵگای ئەوڕوپی و ڕۆشنبیرانیان هەستیان بەوە ئەکرد. بەڵام ڕقی کۆمەڵگا لە کەنیسە و پاشا دوای سەردەمی ڕێنیسانس بە زەقی دەرکەوت و گەیشتە لوتکە لە شۆڕشی فەڕەنسی و بە تەواوی دەسەڵاتی کەنیسە و گاوری نەما و خەڵکی ئازاد بوون و گەڕانەوە سەر سەردەمی هەوا پەرستی ڕۆمانی. ئێستا لە خۆرئاوا مەسیحییەت بەس بە ڕووکەش ماوە. لە مەدەنیەتی ئێستای ئەوڕوپا نکوڵی لە بوونی خودا ناکات، بەڵام هیچ بوارێکی لەم سیستەمە فیکرییەی ئێستا پێنەدراوە و سوودی لێ نابینێ!

ئەبینیت ئایدیای کەسی ئەوڕوپی بۆ پیرۆزترین زات لە ئیسلامدا کە (الله) یە چۆنە؟ خۆرئاوای ئێستا درێژکراوەی یۆنان و ڕۆمانە و ئەم دووانەش ڕژد بوون لەسەر ئەوەی ڕەچەڵەکیان بەرز و پیرۆزترە لە هی خەڵکی دیکە. بۆ وێنە ئەڵێن جیاوازی ڕەچەڵەکی ئێمە و کەسی ئەفریقی زیاترە لە جیاوازی ئەو ئەفریقی یەو ڕاقی ترین جۆری مەیمون! عەقڵیەتێکی ئاوەها لە ئەوڕوپا بوونی هەیە و حوکم ئەکات. ئەو گرنگی نەدانە بە خودا و بە پیرۆزییەکانی ئاین و خودپەرستییە

> ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە ئەڵێت ئیسلام لە خۆرئاواوە دێتەوە بۆ لای ئێمە و ئیتر ئەبێ ئێمە لە ئەوڕوپاوە فێری ئیسلام ببین!

لە سیستەمە عەلمانییەکانی دروستکراوی خۆرئاوا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت لەهەر شوێنێکی ئەم دونیایە حوکم بکەن بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەو جۆرەش بێ ئەو ئازادییەی کە هەیە و ئەو بوارەی ئەدرێت بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەوڕوپا کاتییە و هەر کاتێ دەرکیان بە مەترسی کرد چەوساندنەوەی مسوڵمانان دەست پێ دەکات. بە ڕای من ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە ئەڵێت ئیسلام لە خۆرئاواوە دێتەوە بۆ لای ئێمە و ئیتر ئەبێ ئێمە لە ئەوڕوپاوە فێری ئیسلام ببین! ئەوەی لەسەرەوە باسکرا گەواهییەکی ڕوونە کە تا چەندێ خۆرئاوا دوورە لە ئاین و تەعالیمەکانی پێ قبوڵ ناکرێت.

دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا نوێنەری گەلەکانیانن و کەی هێرشی سەربازی بکەنە سەر هەر وڵاتێك ئەوا کۆمەڵگاکەیان جەنگاوەری پێویست پێشکەش بە حاکمەکانیان ئەکەن. واتە گەلی خۆرئاوا لە سیاسەتی دەسەڵات ڕازییە و ئەمان نوێنەری ئەوانن. لە بیرمان نەچێ زۆربەی کات لە پەرلەمانەکەیاندا کە گەل هەڵیبژاردوون بڕیار لە هێرش و پەلاماری وڵاتان ئەدرێت. لێرەدا کە وشەی خۆرئاوا بەکاردەهێنرێت مەبەستمان لە گەل و دەسەڵاتە. لە ڕاستیدا ئەگەر بە پێوەری (الناس على دين ملوكهم) (خەڵکی

لەسەر ئاین و بیر و باوەڕی سەرکردەکانیانن) کار بکەین ئەمانگەیەنێتە ئەوەی کە سەرکردەی وڵاتە زلهێزەکان نوێنەری هەموو ئەوڕوپا و ئەمریکان و ئەوانیشن بانگەشە بۆ ئاینی ئیبراهیمی ئەکەن.

بیرمەندی مسوڵمان موحەممەد ئەسەد کە پێشتر جوولەکە بووە و مسوڵمان بووە زۆر چاك لە عەقڵییەتی تاکی ئەوڕوپی و خۆرئاوا تێگەیشتووە. وە ئەبێ بزانین کە ئەمریکا درێژ کراوەی ئەوڕوپایە (ڕەنگە بە قەڵبترین شێوەکەی). تێگەیشتنی ئێمە لە بەرامبەر تێگەیشتنی ئەودا بۆ خۆرئاواییەکان تەواو سادەیە، چونکە ئەو ساڵانێکی دوور و درێژ لە ناویاندا ژیاوە و کاری لەگەڵ کردوون. هەروەها (محمد قطب) لە پەڕاوەکەیدا بە وردی باسی ئەوەی کردووە کە خۆرئاوا لە چ نەفامی (جاهلية) یەکدا ژیان ئەباتە سەر. بە وردی باس لە نەفامییان دەکات لە لایەنەکانی (تێڕوانین)، (ئاکار)، (ڕامیاری)، (ئابوری)، (کۆمەڵایەتی)، (ڕەوشت)، (پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز)، (هونەر) و هەموو شت!

شارەزایانی زانستی لاهوت بە وردی باسی بیر و باوەڕ و تایفەکان و بەرەو پێشچونی گاور و جوولەکەیان لەگەڵ ڕۆژگاردا کردووە. دەبینین کەوا لە مێژووی دوور و درێژدا جوولەکە خەریکی ئاژاوە نانەوە و پیلانگێڕی بوون و چێژیان لە نوشوستی ئومەمییەکان (غەیری یەهود) وەرگرتووە بۆ ئەوەی زاڵ بن. بەڵام ئەوە سەری نەگرتووە بۆیان، بۆیە پەرتەوازە بوون لەسەر زەویدا و بە یارمەتی زلهێزانی خۆرئاوا (کە بانگەشەی دینی ئیبراهیمی ئەکەن) وڵاتێکیان لە فەلەستینی داگیرکراو بۆ دروستکردن و کۆیان کردنەوە. ئەو جیاوازییە مەزهەبییەی جوولەکە و گاور و ڕێکنەکەوتنە لەسەر یەك وتە چەند ڕێ خۆشکەر بوون بۆ بەیەکدا هەڵپڕژان و ڕوودانی چەندەها جەنگی خوێناوی بە تایبەتی لە نێوان تایفەکانی گاوردا بە هەزاران قۆناغ دوور لە سوننەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێ). ئەمە هەر لەناو خۆیاندا، ئیتر ئەوە باسی سیفەتی خۆ بە گەورە زانین و داگیرکاری و بە کۆیلەکردنی خەڵکی غەیری خۆیان هەر مەکە.

هەرچی جوولەکەیە، ئاینەکەیان نەبووەتە ئاینێکی جیهانی و داخرانی تەواوی پێوە دیارە، ئێستا لە جیهاندا ژمارەیان لە نێوان چواردە ملیۆن و نیو بۆ حەڤدە ملیۆن و چوارسەد هەزارە، کەچی ئێستا بەو ژمارە کەمەوە بە بۆنەی هوشیاری زاناکانیان و سەرکردە سیاسییەکانیان ئەوا بۆ زیاتر لە سەدەیەکە کۆنترۆڵی جیهانیان کردووە و زۆربەی هەرەزۆری جموجووڵە سیاسی و ئابووری و میدیایی و هەتا ئەخلاقییەکانی سەر ئەم هەسارەیە بە دڵی ئەوان بە ڕێوە دەچێت. بە نیسبەت گاورەکانەوە ئەو مومارەسە هەڵەیەی قەشەکانی گاور لەگەڵ خەڵکی و خۆبە خودا زانینەیان کۆمەڵگای گاوری گەیاندە شۆڕشی فەرەنسی و شیعاری ئەو شۆڕشەش ئەوە بوو کە کۆتا پاشا بخنکێنن بە ڕیخۆڵەی کۆتا قەشە، دیارە هەتا قەشەکە نەکوژن ڕیخۆڵەکەی دەرنایەت! بەڵام هەتا ئێستاش شانازی بە مەسیحی بوونی خۆیان ئەکەن (چونکە کۆیان ئەکاتەوە و ئامرازێکی بەهێزە بەرەو ڕووی ئیسلامیان بکاتەوە). ئەوەبوو جۆرج بۆش خۆی پێ نەگیرا و وتی ئێمە لە جەنگێکی نوێی خاچپەرستیداین دژی ئیسلام!

ئێستا سەرزەوی تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵکراوە لە لایەن سیاسییەکانی جوولەکە و گاور و با بەدڵی ئەوانە بۆ گێڕانی کەشتییەکەیان. وە باسی ئاینی ئیبراهیمی و پێکەوە ژیان لە کاتێکدایە مسوڵمانان هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە حوکمکردن تەنانەت حوکمی وڵاتی خۆشیان جگە لە چەند شوێنێکی کەم نەبێت پێناکرێت، ئەویش لە دوای ئەوەی بە ڕێکاری سەربازی زلهێزەکان (بە ڕابەرایەتی ئەمریکا) چاریان نەکرا وەك لە ئەفغانستان و لەوێش مسوڵمانان لە ژێر گەمارۆیەکی گشت لایەنەی ئەو زلهێزانە (سیاسییەکانی گاور و جوولەکە یان ئەوڕوپا و ئەمریکا) ژیان بەسەر ئەبەن و نیوە دابڕانێك دابڕاون لەم جیهانە.

ئێستا هەموو هەوڵێکی خۆرئاوا بۆ ئەوەیە کە ئیسلامیش وەك مەسیحی دابڕاو لە ژینی لێبێ، سەرەتا بە هێنانی عەلمانیەت بۆ وڵاتانی ئیسلامیی کە ئەتاتورك دەستی پێکرد و بڵاویان کردەوە بە وڵاتانی ئیسلامیدا و دواییش بە موتوربەکردنی بەوەی پێی ئەڵێن ئاینی ئیبراهیمی.

ئاینی ئیبراهیمی لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا:

زۆر ئەستەمە ئەو هەموو ناکۆکییەی هەیە لە ئاینێکدا کۆبکرێتەوە. د. ئاماد کازم دەڵێت: ئاینی ئیبراهیمی نییە، لە ڕاستیدا گریمانە (فرضية) ی ئیبراهیمییە و لێوان لێوە لە دژیەکەکان (متناقضات). ئەسڵەن ئیسلام لە جۆری دژیەکەکانیش هاوڕا نییە لەگەڵ گاور و جوولەکە. لە ئیسلامدا دژایەتی ژیری (عقل) و تێکست (نقل) نییە، بە پێچەوانەی گاور

ئێستا هەموو هەوڵێکی خۆرئاوا بۆ ئەوەیە کە ئیسلامیش وەك مەسیحی دابڕاو لە ژینی لێبێ

و جوولەکە. بۆ وێنە ئێمە بە عیسا ئەڵێین پێغەمبەری خودایە، کەچی گاور ئەڵێن کوڕی خوایە و لەولاوە جوولەکە ئەڵێن درۆزنێکی خراپە (كذاب أشر)!

بە پێچەوانەی ئیسلام دژیەکی عەقڵی لەلای گاور و جوولەکە زۆرە. بۆ وێنە ئینجیلی بەردەستی گاورەکان باوەڕی هەیە بە دژیەکی عەقڵی و ئەڵێن (الله) یەکە، بەڵام لە سێ شێوە (أقانيم) ی جیاوازدا. وە تیایدا هاتووە کە ڕەگەزی ئەوڕوپی باشترین و ڕاقی ترین ڕەگەزە. وە لە ئینجیلدا قەتڵ و عامی ئەو ئوممەتانەی ئەکەونە ژێر دەستیان بواری پێدراوە. تیایدا هاتووە: (ئەتوانی جەنگاوەر و پیاو و ئافرەت و منداڵ و هەتتا مانگا و مەڕ و گوێدرێژ بکوژیت کە بکەوێتە بەردەستت!)، بە پێچەوانەی ئیسلام کە نەهی کردووە لە کوشتنی پیر و بەساڵاچوو و ئافرەت و منداڵ.

ئەوەی لای جوولەکەیە هێشتا خراپترە و قەڵبترین جۆری دژیەکی عەقڵییە. لە تەوڕاتدا هاتووە: (یەعقوب زۆرانبازی لەگەڵ خوادا کرد و دای بە زەویدا! وە نازناوی (ئیسرائیل) ی بە زۆر لە خودا سەند و خودا بە ناچاری پێی بەخشی!). زۆری پێناچێ خودای دۆڕاو پیرۆز ئەبێت و تەوڕات ئەڵێت: (لەبەر ئەوەی لەشی یەعقوب بەر لەشی خودا کەوت ئەوا یەعقوب پیرۆز بوو و ئێوەش وەك بەنی

ئیسرائیل پیرۆز بوون و خوای گەورە هەموو خەڵکی دیکەی موسەخەر کردووە بۆتان!). ئەم جۆرە گاڵتەجارییانە دیارە دوای تەحریفکردنی تەورات و ئینجیل هاتووە و نووسراوەتەوە بە هەوا و زەوقی نووسەرەکانیان. ئایا شتی وا لە قورئاندا بە دی دەکرێت؟ نەخێر، چونکە قورئان کەلامی خودایە و گۆڕانکاری تێدا نەکراوە و ناکرێت.

ئامانجی پرۆژەی ئیبراهیمی لە نێوان پتەوکردنی پێکەوەژیان و هەوڵی هەژموونگەرایی خۆرئاوادا:

لە باسی پێکەوە ژیان لە ژێر سایەی ئاینی ئیبراهیمیدا گرنگترین بابەت عەقیدە و بیر و باوەڕە. پێغەمبەرمان (د.خ) سیانزە ساڵ لە مەککە بانگەوازی بۆ یەکتاپەرستی کرد و دژی بتپەرستی بوو. دەی مسوڵمان شوێنکەوتەی پێغەمبەرە (د.خ) و داوا لە گاور و جوولەکە ئەکات یەکتا پەرست بن و هاوەڵ بۆ خوا دانەنێن. دەی ئایا جوولەکە واز لەوە دێنن کە ئەڵێن عوزەیر کوڕی خوایە؟ وە حیبرەکانیان بە خوا دانەنێن؟ وە گاور واز لەوە دێنن کە ئەڵێن عیسا کوڕی خوایە و راهیبەکانیان بە خوا دانەنێن و واز لە سالوسی پیرۆز دێنن؟ نەخێر، هەرگیز! ئیتر ئەمە چۆن ئاینێکە کە هەر سێکیان ببن بە برا و وەك یەك بیر بکەنەوە و پەرستش بکەن؟ بە ڕاستی لێرەدا ڕوون و ئاشکرایە کە ستەم لە ئیسلام ئەکرێ و مسوڵمانیش ئەگەر ئەمە قبوڵ بکاتك كە پێی ئەڵێن دینی ئیبراهیمی ئەوا ستەمی زۆر لە خۆی ئەکات. لێرەدا مسوڵمان وەك کەسێکی شیك وایە جلی جوانی سپی لەبەر کردبێ بۆ موناسەبەیەکی گرنگ (وەك شەکراو خواردنەوە) بەڵام تەکلیفی لێ بکرێ ئەبێ بۆ ماوەی سێ سەعات کار بکات لە کارگەیەکی خەڵوز دوایی یەکسەر لەوێوە بڕوات بۆ ئاهەنگەکە!!! ئەمە ئەگەر خوێندنەوە بکرێ بۆ هەر سێ ئاینەکە و پەیام و بەرنامە و مێژوویان هەڵسەنگێنرێ ئەنجامەکە بەو جۆرە ئەبێ کە باسمان کرد. بەڵام لە لایەنی کردارییەوە ئەگەر بەزۆری ئیستیعماری و لە ڕێی حاکمە دانراوەکان لە لایەن گاور و جوولەکەوە بسەپێنرێ و سەرمایە و میدیای زەبەلاحی بۆ بخرێتەکار ئەوا مەسەلەکە ئەگۆڕێت و مسوڵمان لە جەنگێکی بەردەوامدایە بۆ بەرگری لە ئاینەکەی.

پێغەمبەرمان (د.خ) کە کۆچی کرد بۆ مەدینە دەستوری مەدینەی دانا و بەوەش دەوڵەتێکی مەدەنی دروستکرد کە هەموو تاکێك مافی پارێزراو بوو بە تایبەتی جوولەکەکان. وە ئەوان ئەگەر خەریکی ئاژاوە و پیلانگێڕی نەبوونایە لە مەدینەدا ئەمانەوە. بەڵام سروشتی شەڕانگێزی و ئاژاوەچێتی وای لێکردن نەك لە مەدینە بەڵکو لە نیوە دوورگەی عەرەبیش دەربکرێن. بە پێچەوانەوە لە کوێدا جوولەکە و گاور دەسەڵاتدار بووبن مسوڵمانان چەوسێنراونەتەوە و قەتڵ و عام کراون. هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو دوو ئاینە بە شێوەی ئەو ئاینەی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێ) نەماون و هەڵگرانی ڕوویان لە دونیاگەرایی کردووە و چیتر لە خەمی پاشەڕۆژ و ڕازیکردنی خوای گەورە نەماون. خەڵکی خۆرئاوا چیتر لە خەمی ئایندا

> ئایا ئەگەر هەموو سەرزەوی ببێتە ئایندار بە ئاینی ئیبراهیمی کێشەی هەژاری نامێنی و شەڕ و شۆڕ لە سەرزەوی بار ئەکات و دونیا ئەبێتە ماستی مەیوو؟؟ نەخێر، هەرگیز!

نین، چ ئیبراهیمی بێت یان نا، ئەوان هەموو هەوڵیان بۆ خۆشگوزەرانی و دونیا گەراییە. ئەمە لە لایەك، لە لایەنی دیکەوە شتێکی بەڵگەنەویستە ئەو زلهێزانەی بانگەشەی ئاینی ئیبراهیمی ئەکەن خاوەنی سەرمایەی بێشومارن و کۆنترۆڵی ئابووری و سیاسەتی جیهانیان کردووە، تا ئەم ساتە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دێنن. ئایا ئەوەی ئاینی ئیبراهیمی قبوڵ بکات ئەبێت بە برایان و داهاتی لەگەڵدا بەش ئەکەن و هاوبەشی خەمی ئەبن؟ ئایا ئەگەر هەموو سەرزەوی ببێتە ئایندار بە ئاینی ئیبراهیمی کێشەی هەژاری نامێنی و شەڕ و شۆڕ لە سەرزەوی بار ئەکات و دونیا ئەبێتە ماستی مەیوو؟؟ نەخێر، هەرگیز! چونکە بانگەشەکەرانی ئەو ئاینە و داینەمۆکانی هەر زوو لە هەموو ئینسانیەتێك شۆراونەتەوە و تا ئەم ساتە سەرزەوییان پڕ کردووە لە زوڵم و ستەم و نادادی.

ئەو جا با بزانین ئامانجی پرۆژەی ئیبراهیمی کە زلهێزان بانگەشەی بۆ ئەکەن پتەوکردنی پێکەوەژیانە؟ ئەو پێکەوە ژیانەی باس دەکرێت ئەبێت تەواو فیعلی بێت و وتەیەکی ڕووکەش نەبێت. توێژەرێك لە دووەمین کۆڕبەندی ئاستانەدا باسی کرد و وتی: لە کۆی سێسەد کۆنگرە لەسەر پێکەوەژیان بەستراوە هیچیان بۆ پێکەوەژیانی فیعلی نەبووە و مەبەست لێی نزیك کردنەوەی ئیسلام بووە لە خۆرئاوا بەمەبەستی تەنازول پێکردنی!

بۆ ڕوونکردنەوەی حاڵەتی ئاینی بەناو ئیبراهیمی با سەرنجێك لەم چیرۆکە بدەین:

(پاشایەکی زۆر بە دەسەڵات و دادپەروەر هەبوو. جارێکیان سێ کارمەندی خۆی نارد بۆ جێگەیەك و کارێکی پێ ڕاسپاردن بۆ ماوەیەك جێ بە جێی بکەن و بۆ ئەو مەبەستەش سەروەت و سامانی خستە بەردەستیان تا دڵسۆزی ئەوانی بۆ دەرکەوێ و بزانێت کامیان گوێڕایەڵە و کار بە فەرمانەکانی ئەکات. پێشی ڕاگەیاندن کەوا ئەگەر ڕەزامەندی پاشا بەدەست بێنن پاداشی گەورەیان بۆ دانراوە و سەرپێچی کاریان سزا ئەدرێت. ئەم سێ کەسە تەواو جیاواز بوون لەیەك. بەڵام ئەو هەموو خوو خدەیە سەیر و سەمەرەیەی لە مرۆڤەکاندا هەیە وای لە دوان لەو سێ کەسە کرد نزیك بن لەیەك و کاری هاوبەشیان هەبێ. کەسی یەکەمیان خووی وابوو کە پاشا تەنها ئەوی لا پەسەندە و خۆشی ئەوێ و زاڵی کردووە بەسەر ئەوانی دیکەدا ئەبێ لە خزمەتیدا بن. ئەم کەسە تا ڕادەیەکی زۆر داخراو بوو کەمتر تێکەڵی هەبوو بەڵام خاوەنی فرو فێڵ و مەکری عەجایەب بوو. ئەمە یەکەمیان، با بڕۆینە لای دووەمیان و بزانین چ باسە؟ دووەمیان ڕەگەزپەرستێکی سەیر بوو،

ڕەچەڵەکی خۆی زۆر پێ ماقوڵ بوو خەڵکی بە کۆیلە حساب ئەکرد، دەستی نەئەپاراست لە کوشتن و هیچ گرنگی بە خەشم و تووڕەیی پاشای دادپەروەر نەئەدا و سەیرتر لەوە هەندێ لەو قەتڵ و عامەی ئەیکرد بەلای خۆیەوە بۆ نزیک بوونەوە بوو لە پاشا! بەڵام کەسی سێیەمیان تەواو پێچەوانە بوو لە دوانەکەی دیکە. هەموو هەوڵ و تەقەلای لەو سەفەرەدا بۆ ڕەزامەندی پاشای دادپەروەر بوو. تەواو خۆی ئەپاراست لەهەموو ئەو وتە و کردارانەی بیگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە پاشاکەی لێ بڕەنجی و سزای بدا. زۆر تالیبی ئەوە بوو لەسەر ئەو ڕاستە ڕێیەی پادشا بۆی کێشاون و ڕوونی کردووەتەوە بۆیان دامەزراوبێت تا ڕەزامەندی ئەو بە دەست بێنێ. ئەم کەسە زۆر ئاگاداری دوو هاوڕێکانی بوو کە خەریکی چین و چۆن بیر ئەکەنەوە. بەلایەوە وا بوو ئەوەی ئەوان ئەنجامی ئەدەن هەڵەیە و ئەنجامی ترسناکی ئەبێت و پاشا لێیان ئەڕەنجێت. زۆر جار ئاگاداری ئەکردنەوە لە کارەکانیان و ئامۆژگاری ئەکردن بەڵام بێ سوود بوو. دوو کەسی یەکەم کە خاڵی هاوبەشیان زۆر بوو تەواو جیاواز سەیری کەسی سێیەمیان ئەکرد. بە گاڵتە پێ کردن و چاو سوورکردنەوە و هەتا بگاتە لێدان و دزی لێکردن کاتیان بەسەر ئەبرد. کورتییەکەی، ئەم دووانە وەك کۆیلە سەیری کەسە باشەکەیان ئەکرد و قسوورییان نەئەکرد لە ئازاردانی، بەڵام ئەو کەسە هەر سەبری ئەگرت و ماندوو نەئەبوو لە ئامۆژگارییان، چونکە مەبەستی ئەو ڕەزامەندی پاشا بوو... دوژمنایەتییان

> گریمانەی ئیبراهیمی کە پێی دەڵێن ئاینی ئیبراهیمی هەر بە منداڵی لە لانکەکەیدا مردووە و ئەگەر ئا ئێستاش مابێت ئەوە زۆری بە ژیانەوە نەماوە

بەردەوام بوو تا کار گەیشتە ئەوەی پلان دانێن بۆ ئەوەی تەفکیر و بیرکردنەوەی ئەم کەسە بەرامبەر پادشا بگۆڕن بەوەی کار بکەن لەسەر کۆبوونەوەیان لەسەر نەخشە ڕێگایەك بیانکا بە برا و هەموو شتێکیان هاوبەش بێت. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو هەوڵ و تەقەلایان خستەگەڕ. بەو جۆرە کەسی دەست پاکی دڵسۆز لە نێوان گوێڕایەڵی پادشای دادپەروەر و فێڵ و تەڵەکە و فشاری زۆری دوو کەسە سەرلێشێواوە بەرژەوەندی پەرستەکە ژیانی بە ناڕەحەتی بەسەر ئەبرد...

خوێنەری هێژا، ئەوجا بزانە کەسی یەکەم هەڵگرانی ئاینی جوولەکەن و کەسی دووەم گاورەکانن بەڵام کەسی سێیەم کەسی مسوڵمانە و هەڵگری ئاینی ئیسلامە. ئەم چیرۆکەی باسمان کرد بۆ ڕوونکردنەوەی سەرەتای بابەتەکەیە و شێوەی ئەم چیرۆکانە لە پەیامەکانی نوور دا بەدی دەکرێت بە تایبەتی لە پەیامی (وتەکان - سۆزلەر) ی دانراوی سەعیدی نورسی.

پوختەی باس:

لەوەی ڕابورد خوێنەری هێژا دەرك بەوە دەكات كە گریمانەی ئیبراهیمی كە پێی دەڵێن ئاینی ئیبراهیمی هەر بە منداڵی لە لانكەكەیدا مردووە و ئەگەر تا ئێستاش مابێت ئەوە زۆری بە ژیانەوە نەماوە. ئەسپ تاودانێكی دیكەی خۆرئاوایە لەو گۆڕەپانی جەنگەدا كە سەربازی جیهادی ئیسلامی تیا بەدی ناكرێت و لە پرۆژەیەكی ئیستیعماری بە زۆر سەپێنراو چی دیكە نییە. هەروەك چۆن پاشا كۆنەكان بە زۆری شمشێر و ڕمەكانیان ئاینەكەیان بڵاو ئەكردەوە و زۆریان لە خەڵكی ئەكرد بە وەرگرتنی ئەو ئاینە. ئەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان ئیسلام لە لایەك و گاور و جوولەكە لە لایەكی دیكە لە هەموو لایەنەكانی بیرو باوەڕ و ئاكار و مێژوودا هەیە وا ئەكات ئەستەمە لەگەڵیان لە ماڵێكدا كۆ ببنەوە و یەك ئاینیان هەبێت. بە ڕوونی دیارە كە تەسلیم بوونە بە هەوا و هەوەسی گاور و جوولەكە و پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرمان و مێژووەكەمانە. ئاینێكی بێگەردی وەك ئیسلام كە ڕۆڵی چالاكی لە كۆمەڵگای مسوڵمان هەیە و مسوڵمانان چالاكانە پەرستشەكانیان لە نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەكاتدان و خێر و حەسەنات و بە دەم یەكەوە چوون و پەیوەندی پتەوی خێزانی لە ڕێی ئیسلامەوە بە جێ دێنن. ئەگەر ئاینێكی وا ببرێتە ئاستی ئاینی شێواوی پڕ لە خورافیات و دابڕاو لە كۆمەڵگا و لەرزۆكی بەس بەڕووكەش ماوی خاوەن مێژوویەكی پڕ لە جەور و ستەمی وەك گاور و جوولەكە، بەڕاستی هەڵەیەكی مەزنە و غەدرێكی گەورەیە لە مسوڵمانان و ئەبێ بەرپەرچی بدەنەوە.

سەرچاوەكان:

١- قورئانی پیرۆز

٢- ویكیبیدیا – الموسوعة الحرة.

٣- الاسلام علي مفترق الطرق- محمد اسد. ترجمة د. عمر فروخ. الطبعة السادسة، دار العلم للملايين، ١٩٦٥.

٤- جاهلية القرن العشرين- محمد قطب - مطابع الشروق.

٥- ژیانی پێغەمبەری مەزن - عبد العزیز پارەزانی - نەشری احسان، چاپی یەكەم، ٢٠٠٤.

٦- الديانة الابراهيمية من منظور الكتب السماوية، رؤية تحليلية نقدية- د. أماد كاظم - دووەمین كۆربەندی ئاستانە - فریوی چەمكبازان یان جەنگی پاوانخوازی.

پرۆفایل...

دكتۆر ئازاد عبدالقادر محمد

- ساڵی ١٩٩٤ ئەندازیاری شارستانی لە زانكۆی بەغدا تەواو كردووە.
- ساڵی ٢٠٠٤ بڕوانامەی دكتۆرای لە زانكۆی تەكنۆلۆجی - بەغدا بە دەستهێناوە.
- پرۆفیسۆرە لە زانكۆی سلێمانی - كۆلیجی ئەندازیاری.
- سەرپەرشتیاری هەژدە خوێندكاری خوێندنی باڵای كردووە.
- زیاتر لە نەوەد و پێنج توێژینەوەی بڵاو كراوەی هەیە لە گۆڤارە ئەندازیارییە ناوخۆیی و جیهانییەكاندا لە بواری ئەندازیاری بیناكاری و مەوادی بینا.

دکتۆرعومەر حەسەن
عومەر گرتکی

هەڵوێستی ناوەندە ئیسلامیی وفیقهییەکانی جیهانی ئیسلامیی سەبارەت بە پرۆژەی ئیبراهیمی

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:(إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُوا لَكُمْ عَدُوًّا مُبِينًا)) النساء: ١٠١. بەڕاستی کافران دوژمنانی ئاشکرای ئێوەن، دیارە ئەم دوژمنداریيەش چەندان شێوە و شێوزای جۆراوجۆری هەیە، لە کۆن و نوێدا دوژمنانی ئیسلام و پەیامەکەی بۆ ئەم مەبەستە هەموو ڕێگایەکیان گرتۆتەبەر، بەڕاگەیاندن و بەدەمی خۆیان و بەئاشکرا دژایەتی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بە ئاینی ئیسلام، وەک قورئانی پیرۆز بەیانی کردووە (قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ) آل عمران: ١١٨، واتە "ناحەزانی ئیسلام بەئاشکرا ڕق و کینە لە دەم و دوویاندا دیارە، ئەوەی لە سینەیاندا شاردوویانەتەوە زۆر گەورەترە لەوەی کە دەریدەخەن»، وە هەندێک جاریش بە بە چەک کوشتن و کوشتاری مسوڵمانان ئەکەن بۆ ئەوەی لە ئاینی خۆیان پاشگەزیان بکەنەوە، خوای پەروەردگار دفەرموێت: (وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا)]البقرة: ٢١٧[، واتە: "بەردەوام دژتان دەجەنگن هەتا واتان لێبکەن لە دین و ئاینتان پاشگەز بنەوە، ئەگەر بۆیان بکرێت"؛ بەڵام لەم هەوڵانە هەمووی ترسناکتر و کاریگەرتر بریتییە لە پاشگەزکردنەوە و هەڵگەڕاندنەوەی مسوڵمانان لە ئاینیان.

بۆیە کاتێک ورد دەبینەوە لە سیرەی پێغەمبەری ئازیزمان (درودی خوای لەسەر بێت)، دەبینین یەکێک لەو هەوڵ و هۆکارانەی کە مونافیقەکان لە فێڵ و پیلانگێڕییەکانیاندا لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان لەشاری مەدینە کردیان، دروستکردنی مزگەوتی زیرارِ (مسجد الضرار) بوو بۆ ئەوەی بتوانن لە ژێر پەردەی عیبادەت و ئارەزووی چاکەیاندا کۆببنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا نیازیان وابوو لەو مزگەوتەدا بێباوەڕی و دووبەرەکی بنێنەوە و، پلان لەدژی مسوڵمانان دابنێن و، لەئیسلام دووریان بخەنەوە، بەڵام دواتر مسوڵمانان بە فەرمانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) مزگەوتەکەیان ڕووخاند، وەک قورئانی پیرۆز بۆمان تۆماری کردووە کە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِنْ قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَى وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ) البقرة: ١٠٧، واتە "ئەو (دووڕووانەی) کە مزگەوتێکیان دروستکرد

لەبەر زەرەردان و بڵاوکردنەوەی بێ باوەڕی و دووبەرەکی بەرپاکردن لەنێوان ئیمانداران و بۆ چاوەڕوانکردنی هاتنی ئەو کەسانەی کە پێشتر دووژمنایەتی و جەنگیان دژی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکرد و بێگومان سوێند دەخۆن کە: ئێمە تەنها مەبەستمان چاکە بووە، (لە کاتێکدا) خوایش شایەتی دەدات کە بەڕاستی ئەوانە درۆزنن".

بۆیە دەبینین هەر لە سەردەمی ریسالەتدا مونافیقەکان ویستوویانە لەڕێگەی گۆڕین و لێدان لە پیرۆزییەکانی مسوڵمانان و گاڵتەکردن بە بنەما نەگۆڕەکانی عەقیدە و شەریعەت ئاینیان بگۆڕن، کە بەڕاستی ئەمەش ترسناکترین شتە کە ڕووبەڕووی مسوڵمانان دەبێتەوە.

بێگومان ئەوەی ئێستاش لەم سەردەمەی ئێمەدا لە گشت جیهاندا بە نوێژی نیوەڕۆ بانگەشی ئاشکرای بۆ دەکرێت وڵاتە زلهێزەکانی جیهان پاڵپشتی لێدەکەن و بەهەموو شێوە و شێوازێک خەڵک و میللەتانی مسوڵمانی بۆ بانگ دەکرێت کە بریتییە لە پڕۆژە یا خود ئاینی ئیبراهیمی نوێ، کە درێژکراوەی هەمان فکرەی مزگەوتی زیراڕ و کەعبەکەی ئەبرەهە و بانگەوازە درۆینەکەی موسەیلەمەی درۆزن و هاوبیر و هاوئاوازەکانیانە کە لە ئێستادا سەریان هەڵداوە و پەیدابوون، بەڵام لە بەرگ و ڕەنگی نوێی سەردەمدا.

بۆیە بوونی هەڵوێستی شەرعی لە هەمبەر ئەو ڕوداو و پێشهاتانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا سەریان هەڵداوە و دەرکەوتوون لەو ژینگەیەی کە دەوری مرۆڤی مسوڵمانی داوە زۆر گرنگ و پێویستە، بەڵکو بەشێکە لە

> ئوممەتی ئیسلام بە یەک دەنگ و ڕەنگ و یەکڕیزی ڕابووەستن بەرامبەر ئەو ئاینە نوێیە پوچەڵ و دەستکردە و ئەم پڕۆژە شەیتانییە پاوانخوازییە

بەجێگەیاندنی ئەرکێکی شەرعی و پەرستشێکە دەبێتە مایەی نزیک بوونەوە لە خوای گەورە، بێگومان ئەمەشیان پێویستە بەرمەبنای یاسا و ڕێسای شەرعی تۆکمە بێت لە حوکمدان و، بە پەیڕەوکردنی فەرمانەکانی شەرع و ڕەچاوکردنی ئەحکامە گشتییەکان و مەقاسیدی شەریعە بێت، وەهەروەها بە تێڕامان لە بەرژەوەندییەکان و زیانەکان و دەرنجامەکانی ئەم هەڵوێستە شەرعییەی کە پێویستە دەربڕدرێت و نیشانبدرێت، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا هەڵوێستە شەرعییەکە ببێتە وەڵامدەرەوەی واقیع و، گشت ئەحکامەکانی واقیعەکە ڕوونبکاتەوە.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش زانایانی مسوڵمان هەڵساون بە بەجێگەیاندنی ئەرکی سەر شانیان لەم هەمبەر ئەم پێشهاتە خەتەرناکەدا و، ئامۆژگاری ئوممەتی ئیسلامیان کردووە بە خەڵکی ئاسایی و فەرمانڕەواکانەوە، بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەو کەسانەی کە فریویان خواردووە لە زانا و بانگخوازان و تێوەگلاون لەم فیتنە کوێرانەیەدا.

بۆ سەلماندنی نادروستی و پوچەڵکردنەوەی بانگەوازی پڕۆژەی ئیبراهیمی، ناوەندە ئیسلامیی و فیقهییەکانی جیهانی ئیسلامیی چەندین فەتوا و بەیاننامەیان دەرکردووە و، کۆنگرەیان بەستووە،

چەندەها بابەتیان نووسیوە بۆ ئەوەی گشت ئوممەتی ئیسلام بە یەک دەنگ و ڕەنگ و یەکڕیزی ڕابووەستن بەرامبەر ئەو ئاینە نوێیە پوچەڵ و دەستکردە و ئەم پڕۆژە شەیتانییە پاوانخوازییە.

بۆیە پێویستە وەک ئەرکێکی شەرعی لێردە بەشێک لەم فەتوا و بەیاننامانە بخەینە ڕوو کە لە ناوەندە ئیسلامیی و فیقهییەکانی جیهانی ئیسلامیی دەرچوون، بۆ ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعی سەبارەت پڕۆژەی یا خود ئاینی نوێی بەناو ئیبڕاهیمی.

یەکەم: هەڵوێستی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پڕۆژەی بەناو ئاینی ئیبڕاهیمی:

لە ڕاستیدا ئەوەی جێگای سەرنج و پرسیارە تا ئێستا ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە بەیاننامەیەک و فەتوایەکی بە فەرمی دەربارەی پڕۆژەی بەناو ئاینی ئیبراهیمی دەرنەکردووە کە گوزارشت لە کۆدەنگی ئەنجومەنەکە بکات لەسەر ئەم پرسە هەستیار و ترسناکە !؟

بەڵام سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی خۆی لەسەر نزای نیشتمانیی - پڕۆژەی بەناو ئاینی ئیبراهیمی لە کوردستان بڵاو کردۆتەوە و ڕایدەگەیەنێت: بە مەرجێك دروستە، نزاکاران ئەهلی تەوحید و یەکتاپەرستی بن.

لە ڕوونکردنەوەیەکەدا کە لەلایەن پڕۆفیسۆر دکتۆر شێخ حەسەن موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا بڵاو کراوەتەوە دەڵێ: نزای نیشتیمانی ئەگەر مەبەست پڕۆژەی بەناو ئاینی ئیبراهیمی

> نزای نیشتیمانی ئەگەر مەبەست پڕۆژەی بەناو ئاینی ئیبراهیمی بێت کە غەرب برەوی پێدەدات، ئەوا نەك حەرامە، بەڵکو کوفرە و موجیبی غەزەبی پەروەردگارە

بێت کە غەرب برەوی پێدەدات، ئەوا نەك حەرامە، بەڵکو کوفرە و موجیبی غەزەبی پەروەردگارە، چونکە ئاینی حەق لای خودا تەنها ئیسلامە.

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا ئاماژە بەوەش دەکات، ئەگەر «تەنها نزاکردنێك بێت پێکەوە، ئەوا ڕەنگە مەجالێکی تێدا بێت، چونکە تۆ لە ڕووی شەرعەوە ناتوانێت بە کەس بڵێیت نزا مەکە، ئەمەش بە مەرجێك نزاکاران تێکڕایان لە ئەهلی تەوحید و یەکتاپەرستی بن!».

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە ڕووی شەرعەوە دروست نییە لە خاکی ئیسلامدا برەو بە ئەهلی شیرك و عەقیدەی موشریکان و کافران بدرێت، یان مۆڵگە و پەناگە و پەرستگە و مەعبەدیان بۆ دروست بکرێت»، دووپاتیش دەکاتەوە، کە وێناکردنی هەر بیروباوەڕێك وەك بیروباوەڕی ئیسلام، یان ئیسلام و غەیری ئیسلام وەك یەك وێنا بکرێن ئەوا دیسان کوفرە و پێچەوانەی عەقیدەی ئیسلامە بە کۆی ڕای زانایانی ئیسلام.

لە کۆتایی ڕوونکردنەوەکەیدا پڕۆفیسۆر دکتۆر شێخ حەسەن موفتی ڕایگەیاندووە کە: نەتیجەی هەر تەنازولێك بۆ گاور و جولەکە سەرگەردانی و خەجاڵەتی دونیا و قیامەتی بەدوادا دێت.

دووەم: بەیاننامەی ئەمینداریەتی دەستەی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی ئەزهەری شەریف لەسەر «ئاینی ئیبراهیمی»، کە لە (٢٧ شەعبانی ١٤٤٤ك) بەرامبەر (١٨ مارس ٢٠٢٣م) دەرچووە:

- ئەزهـەری شـەریف بـە تونـدی بانگەوازەکانی یەکخستنی سێ ئاینەکـە ڕەتدەکاتـەوە، جەختیش لـەوە دەکاتـەوە کـە ڕەتکردنەوەکـە ناکۆکـی نییـە لەگـەڵ هاوکاریکـردن لەسـەر هاوبەشـییەکانی نێـوان ئاینـەکان، بۆیـە ئەوانـەی بانگەشـە بـۆ ئـەم ڕێبـازە دەکـەن، پێویسـتە بـەدوای ڕێگەیەکـی تـردا بگەڕێـن بـۆ گەیشـتن بـە بەرژەوەندییەکانیـان و جێبەجێکردنـی ئەجێنداکانیـان.

لـەم سۆنگەیەوە ئەمینداریەتـی گشـتی دەسـتەی لێکۆڵینـەوەی ئیسـلامی لـە ئەزهـەری شـەریف بەیاننامەیەکـی بڵاوکـردەوە کـە تیایـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە، بـە ئامـاژەدان بـەو بانگەوازانـەی کـە دەکرێـت سـەبارەت بـە پێکهێنانـی قەوارەیەکـی عەقیدەیـی کـە سـێ ئاینـی ئیلاهـی لـە نـاو یـەک ئاینـدا کۆدەکاتـەوە لـە ژێـر نـاوی (ئاینـی ئیبراهیمـی) و، بنیاتنانـی مزگـەوت و کڵێسـا و پەرسـتگا و کۆکردنەویـان لەنـاو یـەک ماڵـدا، بـۆ ئەوەی کـە گوایە ئـەم کارەیـان دەروازەیەکـی خێرایە بـۆ بـۆ هاوکاریکردنـی مرۆڤایەتـی و نەهێشـتنی هۆکارەکانی ناکۆکـی و دووبەرەکـی و ناکۆکـی لـە جیهانـدا و بـە لەبەرچاوگرتنی ئـەو مەترسییەی ئـەم بانگەوازانـە بـۆ هەرسـێ ئایـن و جیهـان بـەدوای خۆیدا دەهێنێـت، دەسـتەی توێژینـەوەی ئیسـلامی دەیەوێـت ئەمانـەی خـوارەوە بـۆ جیهـان ڕوون بکاتـەوە:

> ئەزهـەری شـەریف بـە تونـدی بانگەوازەکانـی یەکخسـتنی سـێ ئاینەکـە ڕەتدەکاتـەوە، جەختیـش لـەوە دەکاتـەوە کـە ڕەتکردنەوەکـە ناکۆکـی نییـە لەگـەڵ هاوکاریکـردن لەسـەر هاوبەشـییەکانی نێـوان ئاینـەکان

یەکـەم: جیـاوازی نێـوان مرۆڤـەکان لـە بیروبـاوەڕ و ئاراسـتەکانیاندا سـوننەتێکی کەونییـە کـە خـودا مرۆڤـی لەسـەر دروسـتکردووە. خـودای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (١١٨) إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ [هـود: ١١٨- ١١٩]، وە ئەگـەر خـوای گـەورە بیویسـتایە مرۆڤەکانـی هاوشـێوەی یەکـتری بـە یـەک زمـان، یـان لەسـەر یـەک عەقیـدە دروسـت کردبـان، بـەم شـێوەیە دروسـتی دەکـردن، بـەڵام ئـەو ویستوویەتی ئـەو جیاوازییـە ببێتـە بنەمـای ئازادییـان بـۆ هەڵبژاردنـی عەقیدەکەیـان. خـودای گـەورە فەرموویەتـی: ﴿فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ [الكهف: ٢٩].

لـە ڕاگەیەندراوەکەدا ئامـاژە بەوەشـکراوە، ئازادی بـاوەڕ ڕێگـری نـاکات لـە پەیوەنـدی مرۆڤایەتـی لەگـەڵ پەیڕەوانـی ئاینەکانـی تـر و هـاوکاری لەگەڵیـان لـە سـەر کاری چاکـە و خێرخوازیـدا، نـەوەک لـە سـەر گوناهـو شـەڕانگێزیدا، چونکـە

ئەوان ئەهلی کیتابی ئاسمانین و، مامەڵەکردن لەگەڵیان لەسەر بنەمای دادپەروەری و ڕێزگرتنی یەکتر ئەوەیە کە ئیسلام داوای دەکات. دروست نییە ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی ئەوانی تر لەگەڵ باوەڕبوون بەوان تێکەڵ بکرێت، چونکە ئەو جۆرە سەرلێشێواوییە دەبێتە هۆی گەندەڵی ئاینەکان و پێشێلکردنی بەنرخترین بەهایە کە خودای مەزن گەرەنتی کردووە بۆ مرۆڤ، کە ئازادی باوەڕ و، تەکامولی ئینسانییە لە نێوان مرۆڤەکاندا، هەر بۆیە خودای پاک و بێگەرد فەرموویەتی: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ [البقرة: ٢٥٦]، هەروەها فەرموویەتی: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾ [المائدة: ٤٨].

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە، ئەو بانگەوازەی کە ئەمڕۆ گوێی خەڵکی کەڕکردووە و بێزاری کردوون، لەگەڵ ئەوەی دەوترێت دەربارەی یەکگرتوویی ئاینەکان یان ئەوەی پێی دەوترێت (ئاینی ئیبراهیمی)، پێشتر وروژێنراوە، ئەزهەري شەریفیش ئەو بابەتەی یەکلایی کردووەتەوە و مەترسییەکەی ڕوونکردووەتەوە، هەروەها لەگەڵ بنەماکانی هیچ کام لە ئاینە ئاسمانییەکان یان لەگەڵ فڕوعەکانیشی ناگونجێت، نە لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکان و، فیترەتیان کە بەرمەبنەمای جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و ئازادی عەقیدەیە، وە هەروەها پێچەوانەی ڕاستییەکانە کە لە قورئانی پیرۆز و سوننەی نەبەوی شەریف و، ئەوەی کە کۆدەنگی زانایانی ئاینی هەموو ئاین و مەزهەبێک لەسەری کۆکن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە ئەزهەری شەریف بە یەکجاری و بەتەواوی ئەو جۆرە بانگەشانە ڕەتدەکاتەوە و، ئەم ڕەتکردنەوەیەش ناکۆک نییە لەگەڵ هاوکاری نێوان ئاینەکان بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتی بۆ خەڵکی و کەمکردنەوەی ئازار و خەمەکانیان. ئەوانەی بانگەشە بۆ ڕێبازێکی لەو شێوەیە دەکەن، پێویستە بە دوای ڕێگەیەکی دیکەدا بگەڕێن بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان و جێبەجێکردنی ئەجێنداکانیان، دوور لە پیرۆزی ئاینە ئاسمانییەکان و ئازادی هەڵبژاردن کە پەیوەستە بەوانەوە. پێویستە دین بۆ خودا جێبهێڵن و با بۆخۆیان بە ئامانجەکانیانەوە بڕۆن بۆ هەر شوێنێک کە بیانەوێت، چونکە خوای گەورە دینەکەی نەناردوّتە خوار کە ببێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان، یان ئامرازێک بێت بۆ لادانە ڕەفتاری و ڕەوشتییەکان.

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوە داوە کە ئەزهەری شەریف دووپاتی دەکاتەوە کە کرانەوە بە ڕووی دام ودەزگا ئاینییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی میسر، کرانەوەیەکە کە ئامانج لێی گەڕانە بە دوای بەها مرۆییە هاوبەشەکاندا لە نێوان ئاینە ئاسمانییەکان و پابەند بوونە پێیان، بەمەبەستی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە قەیرانە هاوچەرخەکانی و ناکۆکییە ڕکابەرییەکانی بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی نادادپەروەریی و خیانەتکاران و زوڵمی زلهێزەکان و چاوچنۆکییەکانی دەسەڵاتەکان و کوتەکی بەهێزەکان کە زاڵن بەسەر لاوازەکاندا ببێتەوە، بەجۆرێک کە ململانێ ئایدیۆلۆژییەکان و ناکۆکی ئاینی ڕێگری نەکەن لە گەیشتن بە ئامانجە مرۆییە بەرزەکان.

سێیەم: بەیاننامەی ئۆرگان و کۆمەڵە ئیسلامییەکان سەبارەت بە بەناو (ئاینی ئیبڕاهیمی)، لە ڕۆژی سێ شەمەی (٢٧ جەمادی دووەم ١٤٤٢ک) - (٩ شوبات ٢٠٢١ز) دەرچووە:

الحمدلله وحده، وصلى الله وسلم على خاتم النبيين، وإمام المرسلين، وعلى آله وأصحابه أجمعين، أما بعد:

دەستەواژەی «ئاینی ئیبراهیمی» لەم دواییانەدا زۆرجار لەلایەن بەشێک لە سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا و لە میدیاکانەوە باسی لێوە کراوە. ئەوان بەنیازن ئیسلام ئاینی ڕاستەقینەی خودا لەگەڵ جوولەکە و مەسیحییەت تێکەڵ بکەن و بانگەشەی ئەوە بکەن کە هەموویان ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت).

مەبەست لە پێشخستنی ئەم بیدعە سەرزەنشتکراوە، دروستکردنی بنەمایەکە بۆ ئاساییکردنەوەی ئاینیی کە پشتگیری لە ئاساییکردنەوەی سیاسی بکات. بناغەیەکی فیکری و سیاسییە کە پشتیوانی لە قبوڵکردنی بوونی قەوارەیەکی زایۆنیستی لە فەلەستین و دانپێدانانیان بەو شوێنە پیرۆزە دەستبەسەرداگیراوانەی کە لە دەستیاندایە بکات، تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێککەوتننامەکانی ئاساییکردنەوە کە حکومەتەکانی ئیمارات و بەحرەین و سودان لەگەڵ قەوارە زایۆنیستییەکەدا واژۆیان کردووە بە «ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام» ناوزەد کردووە!

بۆیە ئەو دەستەواژەیە بووەتە زاراوەیەکی باو لە وتارەکانی سەرۆکەکانی ئەمریکادا کاتێک باس لە بەناو مامەڵەی سەدە "صفقة القرن" دەکەن.

بەم شێوەیە بابەتەکە قورس دەبێت و دۆخەکە جددی دەبێت و فیتنە دەگاتە ناوەڕۆکی ئاینەکە! موسڵمانان وەسوەسەیان بۆ دروست دەبێت کە واز لە ئاینی ڕاستەقینەی خۆیان بهێنن بۆ درۆیەکی ئاشکرا و شاخدار.

لەبەرامبەر ئەو ئاینیەی بەناو ئیبراهیم کە برەوی پێدەدرێت و بەرەوپێش دەچێت، بۆ فریودانی موسڵمانان بەکاردێت، دەستە زانستییەکان ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەیان بڵاوکردەوە:

یەکەم: موسڵمانانی هەموو سەردەم و نەوەیەک، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بە کۆی دەنگ کۆک بوون لەسەر ئەوەی دوای ناردنی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم، خودای مەزن هیچ دینێکی تر قبوڵ ناکات جگە لە ئیسلام، کە بۆ باشترینی مرۆڤ دایبەزاندووە. خودای گەورە دەفەرموێت: (وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ) [آل عمران: ٨٥].

پێغەمبەرمان درود و سەلامی خوای لەسەر بێت، فەرموویەتی: «وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الأُمَّةِ يَهُودِيٌّ، وَلا نَصْرَانِيٌّ، ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ، إِلاَّ كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ». [أخرجه مسلم من حديث أبي هريرة]، سوێند بەو کەسەی کە ڕۆحی محمد لە دەستیدایە، هەر کەسێک لەم ئوممەتە، جا جوولەکە بێت یان گاور، هەواڵی پێغەمبەرایەتی منی بیستبێت و دواتر بمرێت،

> شیاوترین و شایستەترین کەس کە دۆستی ئیبراهیم و موسا و عیسا و هەموو پێغەمبەرەکانی ترن، ئەو مسوڵمانانەن کە بە ورد و درشتی و بەڕاستی باوەڕیان پێیان هێناوە

بەبێ ئەوەی باوەڕی بەو پەیامە هێنابێت کە منی بۆ نێردراوم، ئەوە بێگومان لە هاوەڵانی ئاگردا دەبێت.

ئەو پرەنسیپە نەگۆڕە لە ئاینی خودای مەزن - لەگەڵ کۆمەڵێک بنەمای نەگۆڕی تری دیار کە زەروور و پێویستن لە ئایندا - ئەمڕۆ تووشی ڕەشەبایەکی بەهێز دەبن، کە لەلایەن هێزەکانی خراپەکاری و شەڕانگێزییەوە ئازاد دەکرێت، لەوانە جوولەکە زایۆنیستەکان، ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانیان، لە ڕێگەی داهێنانی ئەم ئاینە نوێیە کە دەیانەوێت بیسەپێنن.

گوێڕایەڵی جولەکەکان و دۆستەکانیان لە بابەتی ئاینی ئیبڕاهیمی کافردا، دەرچوون و هەڵگەڕانەوەیە لە ئاینی ئیسلام کە کۆتا ئاینی ڕاستەقینەی خودایە کە هەموو شەریعەتەکانی پێش خۆی هەڵوەشاندۆتەوە، ئەمە گەورەترین فیتنەیە لە ئایندا!

دووەم: دۆستی خودا، ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت)، پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ناو ئەم ئوممەتەدا، بەو پێیەی ئەو ئەو پێشڕەو و پێشەنگەیە کە فەرمانکراوە شوێنکەوتەی بین: (قُل صَدَقَ ٱللَّهُ فَٱتَّبِعُواْ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗا) [آل عمران: ٩٥]، (ثُمَّ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ أَنِ ٱتَّبِعۡ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗا) [النحل: ١٢٣]، وە شیاوترین و شایستەترین کەس کە دۆستی ئیبراهیم و موسا و عیسا و هەموو پێغەمبەرەکانی ترن، ئەو مسوڵمانانەن کە بە ورد و درشتی و بەڕاستی باوەڕیان پێیان هێناوە، خودا دەفەرموێت: (إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ بِإِبۡرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۗ) [آل عمران: ٦٨]. خۆ دانە پاڵ ئیبراهیم، (سەلامی خوای لەسەر بێت)، بە ئیدیعاکردن نییە، بەڵکو بە پەیڕەوکردن و شوێنکەوتنە.

سێیەم: لەوەتەی ناردنی پێغەمبەرمان (درود و سەلامی خوای لەسەر بێت)، دوژمنایەتی جولەکەکان و هەموو موشریکەکانی تر کەم نەبووەتەوە و کەمی نەکردووە و کەم نابێتەوە! خودای گەورە فەرموویەتی: (لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ) [المائدة: ٨٢] هەروەها فەرموویەتی: (وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡۗ) [البقرة: ١٢٠].

چوارەم: نەتەوەی ئیسلامیی ڕووبەڕووی پیلانێکی جیهانی و هەوڵێکی تاوانکاریی بۆ گۆڕینی ئاینەکەی و ڕفاندنی ئیسلامەکەی و شێواندنی بیروباوەڕەکەی و گۆڕینی بنەما نەگۆڕە یاسایی و فیکرییەکانی بۆتەوە، وە بیدعەی ئاینی ئیبراهیمی تەنها ئەڵقەیەکە لەم قسە بێمانایانەدا.

ئەوەی ئەرکی مسوڵمانانە بە گشتی و زانایان بە تایبەتی، ئەوەیە کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدەن بۆ ئاشکراکردنی ڕێگای تاوانباران و ئاشکراکردنی پیلانی فێڵبازانی زایۆنیست و خاچپەرستەکان. خودا دەفەرموێت: (وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ)

[الأنعام: ٥٥].

پێنجەم: ئەمڕۆ زایۆنیستەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بەدواداچوون بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهانی عەرەبی - دوای دەرچوونیان لە جیهانی ڕۆژئاوا - لە ڕێگەی چەندین میحوەرەوە: لەوانە: بیروباوەڕەکانیان ببێتە مایەی قبوڵکردن لای مسوڵمانان لەڕێگەی ئەوەی پێی دەوترێت ئاینی ئیبراهیمی، وە دانانی پلانێکی گەشتیاری کە بە چەند وڵاتێکدا تێدەپەڕێت، بە گومانی ئەوەی کە ئەوە ڕێڕەوی ئیبراهیمە، (سەلامی خوای لەسەر بێت)، وە لەوانە: گەڕانەوەی ئەو جولەکانەی کە فەلەستینیان داگیر کردبوو بۆ ئەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتبوون لە جیهانی عەرەبیدا، بۆ ئەوەی ببنەوە هاوڵاتی، یا خود ببن بە تابووری پێنجەم بۆ جولەکە داگیرکەرەکان لەو وڵاتانەدا!

شەشەم: بنەمای دڵسۆزی و پەیوەندی برایەتی، بریتییە لە ئیمان و ئیسلام. خودای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ) [الحجرات: ١٠]. وە پێغەمبەرمان (درود و سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: «المسلمونَ تتكافأُ دماؤهُم ويسعى بذمَّتِهم أدناهُم ويردُّ عليهم أقصاهُم وهم يدٌ على من سواهم» [أخرجه أبو داود والنسائي وأحمد بنحوه من حديث علي بن أبي طالب]. وە ئەوانەی ئوممەتەکەیان فریو دەدەن بە خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەوانەی کە بانگەشە بۆ برایەتی ئینسانی دەکەن وەک بەدیلێک بۆ برایەتی ئیمان و ئیسلام، یان ساویلکە و گەمژەکراون، یا گومڕان و گومڕاکەرن، وە لە بانگەوازە بەکرێگیراوەکەیاندا لەسەر هیچ شتێک نین!

حەوتەم: زانایان بە حاکم و هەموو مسوڵمانان ڕایدەگەیەنن کە چوونە ناو ئەم ئاینە و بانگەشە بۆ کردنی و شوێنکەوتن و پەیڕەوکردنی ڕێگا جۆراوجۆرەکانی، لادان و هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلام و بێباوەڕبوونە بە هەموو پێغەمبەران و خیانەتکردنە لە ئەمانەت و پاراستنی ئەم ئاینە. خودای گەورە دەفەرموێت: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ) [الأنفال: ٢٧].

وەهەروەها پێویستە لەسەر زانایان لە هەموو وڵات و ناوچەیەکدا هەڵبستن بەو ئەرکەی کە پێیان ڕاسپێردراوە بۆ پاراستنی عەقیدە و بیروباوەڕی مسوڵمانان و شەریعەتەکەیان و، پاراستنی بنەما نەگۆڕەکانیان و، ئینکاریکردنی ئەم بیدعە کوفرییە؛ خودا دەفەرموێت: (وَإِذۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكۡتُمُونَهُۥ فَنَبَذُوهُ وَرَآءَ ظُهُورِهِمۡ وَٱشۡتَرَوۡاْ بِهِۦ ثَمَنٗا قَلِيلٗاۖ فَبِئۡسَ مَا يَشۡتَرُونَ) [آل عمران: ١٨٧].

بانگەوازی ئێمەش بۆ هەموو ئەهلی ئیسلام، ئەوەیە کە زۆر وریا و بە ئاگابن لە بەرامبەر پیلانگێڕ و ئەو پیلانانەی کە لە دژیان دادەڕێژرێن. بانگەوازی ئێمە بۆ ئەهلی ئیمان ئەوەیە کە دەست بە ئیسلام و بە پەتی نەپچڕاوەوە بگرن، وە منداڵەکانتان حاڵی بکەن لە حەقیقەت و ڕاستی و، فێریان بکەن کە دەست بە پەتی بەهێزی خوداوە بگرن.

ئەو دەستە زانستییانەی کە واژۆیان لەسەر ئەو بەیاننامەیە کردووە:

١- کۆمەڵەی زانایانی مسوڵمان.
٢- کۆمەڵەی زانایانی سوننە.
٣- کۆمەڵەی زانایانی ئێریتریا.

٤- سەنتەری پێگەیاندنی زانایان لە مۆریتانیا.
٥- دەستەی زانایانی فەلەستین.
٦- کۆڕبەندی زانایانی فەلەستین.
٧- زانکۆی دار العلوم، زاهیدان، ئێران.
٨- کۆمەڵەی زانایانی مسوڵمان لە لوبنان.
٩- ئەنجومەنی بانگخوازان، لوبنان.
١٠- کۆمەڵەی ئەمجەد، لوبنان.
١١- سەنتەری موحکەمات بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ئەستەنبوڵ.
١٢- دامەزراوەی بەیینات بۆ ڕەسەنایەتی، ئەستەنبوڵ.
١٣- کۆڕبەندی بانگخوازانی فەلەستین.
١٤- خانەی فەتوای لیبیا.
١٥- کۆمەڵەی زانایانی لیبیا.
١٦- کۆمەڵەی زانایانی سونە لە عێراق.
١٧- کۆمەڵەی زانایانی مسوڵمان لە عێراق.
١٨- کۆمەڵەی زانایانی فەڵەستین لە غەززە.
١٩- کۆمەڵەی زانایانی فەلەستین لە لوبنان.
٢٠- کۆمەڵەی یەکگرتووی ئیسلامیی بۆ پەروەردەی دەوا و شەریعەت.
٢١- کۆمەڵەی زانایانی مەغریب.
٢٢- یەکێتی زانایان و ئیمام و بانگخوازانی سودان (ISAD).
٢٣- کۆمەڵەی بانگخوازانی کوێت.
٢٤- کۆمەڵەی زانایانی ئاسیا.
٢٥- کۆمەڵەی زانایانی سوریا.
٢٦- کۆمەڵەی زانایانی کورد لە سوریا.

چوارەم: «بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی هەڵوێستی ئوممەتی ئیسلامیی سەبارەت بە ئاینی ئیبراهیمی» لە ڕۆژی یەکشەممە ١٤٤٢/٧/٩ك - ٢٠٢١/٢/٢١م دەرچووە:

الحمد لله وحده، وصلى الله وسلم وبارك على من لا نبي بعده، وبعد:

بە فەزڵ و نیعمەتی خودا و، بە سازدانی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان و کۆمەڵەی زانایانی مسوڵمان و کۆمکاری مەغریبی عەرەبی، یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەسەر هەڵوێستی ئوممەتی ئیسلامیی لەسەر ئاینی ئیبراهیمی بەڕێوەچوو، کە تێیدا نۆزدە وڵات بەشداریان کرد، ڕۆژی یەکشەممە، نۆی ڕەجەب، هەزار و چوار سەد و چل و دوو دوای کۆچ، کە بەرامبەرە لەگەڵ بیست و یەکەمی مانگی شوبات، دوو هەزار و بیست و یەکی زاینی، زانایانی ئوممەت و کۆمەڵە زانستییە بەشداربووەکان دوای پێشکەشکردنی چەندین وتار لەسەر ئەم ئاینە داهێنراوە و پلانە داڕێژراوەکانی پەیوەست بەوەوە، ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەیان بڵاوکردەوە:

یەکەم: قورئانی پیرۆز گەورەترین کتێبە کە فرە شادە بە ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت)، قورئان سورەتێکی تێدایە کە بە ناوی ئەوەوە ناونراوە، هەندێ لە سورەتەکانیش بە ناوی خێزانەکەی و هەندێک لە منداڵەکانیەوە ناونراون. مسوڵمانان فەرمانیان پێکراوە کە شوێن ڕێنمایی ئەو و ڕێنمایی هەموو پێغەمبەران بکەون (درود و سەلامی خوایان لەسەر بێت). خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ ۗ قُل لَّا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا ۖ إِنْ هُوَ

إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْعَالَمِينَ﴾ [الأنعام: ٩٠].

بۆیە نزیکترین کەس لە ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەهلی ئیسلام و ئیمانن، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُوا ۗ وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ٦٨].

دووەم: زانایانی مسوڵمان لەگەڵ هاوکاری و پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتین کە لەسەر بنەمای ئازادی و دادپەروەری دامەزراون، هەروەها خۆیان لە بێڕێزیکردن بە ئاینەکان یان پێغەمبەران بەدوور دەگرن؛ هەروەها پشتگیری لە گفتوگۆی مرۆیی دەکەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگاکان؛ بەڵام بە یەکگرتوویی لە دژی شێواندنی ئیسلام و لەکەدارکردنی پێغەمبەران (درود و سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەوەستنەوە، کە ئەمەشیان ئاینی مسوڵمانانە. خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا ۚ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [الأنعام: ١٦١].

سێیەم: بناغەی ئاینی ئیبراهیمی لەسەر بنەمای هاوبەشی نێوان باوەڕی ئیسلامی و باوەڕەکانی تر دامەزراوە، ئەمەش چەمکێکی درۆیە، بەو پێیەی ئیسلام لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی و تاک و تەنیایی خودا و بە تەنها بەندایەتیکردنی خودای گەورە دامەزراوە، لەم نێوەندەدا شەریعەتە شێواوەکان بە شیرک دزەیان کردووە و تێکەڵ بە بتپەرستی بوون، یەکتاپەرستی و شیرک دوو شتی زۆر ناکۆک و پێچەوانەن هەرگیز ناتوانن پێکەوە بن، بانگەشەی ئەوەی کە ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) پەیڕەوی لە ئاینێک کردووە کە ئیسلام و جولەکە و مەسیحییەتی تێکەڵ

> زانایانی مسوڵمان لەگەڵ هاوکاری و پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتین کە لەسەر بنەمای ئازادی و دادپەروەری دامەزراون

کردووە، ئیدیعایەکی پوچەڵە و باوەڕێکی وێرانە، خودای گەورە دەفەرموێت: (مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) [آل عمران: ٦٧].

چوارەم: هەوڵدان بۆ پشتیوانیکردن لە «رێککەوتنەکانی ئیبراهیم» بۆ ئاساییکردنەوە و ژێردەستەکردنە بە هۆی بەبازاڕکردنی ئاینێکی نوێ کە پشتیوانی ئاساییکردنەوەی سیاسی بکات، لە بنەڕەت و لە جەوهەردا قبوڵکراو نییە؛ ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئوممەتی مسوڵمانان لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئاساییکردنەوەی سیاسی قبوڵ نەکردووە و لەوەش زیاتر لەمڕۆدا پڕۆژەی ئاساییکردنەوەی ئاینی و شێواندنی بیروباوەڕەکان قبوڵ ناکات، خودای گەورە دەفەرموێت: (أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ) [آل عمران: ٨٣].

پێنجەم: گوێڕایەڵی دوژمنانی ئیمان و باوەڕ لە بابەتی ئاینێکی داهێنراو و داتاشراو و، قبوڵکردنی و بانگەوازکردن بۆی، دەرچوونە لە ئاینی ئیسلام، کە کۆتا ئاینە کە هەموو شەریعەتەکانی پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە و، هەر خەڵکانێک کە خەریکی ئەم کوفرە دیارە بن سەرناکەون و سەرفراز نابن! خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تُطِيعُوا فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم

بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ﴾ [آل عمران: ١٠٠]. وە پەروەردگارمان دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تُطِيعُوا الَّذِينَ كَفَرُوا يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰ أَعْقَابِكُمْ فَتَنقَلِبُوا خَاسِرِينَ﴾ [آل عمران: ١٤٩].

شەشەم: میللەت دەبێت درک بەوە بکات کە وەهمەکانی ئاشتی لەلایەن جولەکەکان خۆیانەوە دەرەوێنرێنەوە، سەرۆک وەزیرانیان لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٠، لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی «مەسیحییەکان یەکگرتوون لە پێناو ئیسرائیل» ڕایگەیاند کە ڕێککەوتنی «مامەڵەی سەدە» ئەو شتەی کە ناوی لێنرابوو «وەهمەکانی چارەسەری دوو دەوڵەت»ی تێکیداوە، وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریکاش لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠ لە کۆنگرێس وتی: «باشترین چارسەر بۆ ململانێکان پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و، ئاوێتە بوونی دوو لایەنەکەیە لەناو یەکتری دوای کۆتاییهێنان بە هۆکارەکانی ناکۆکییەکە»! بێگومان لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە عەقیدەی ئیسلامییە، خوای دلۆڤان فەرموویەتی: (وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ) [البقرة: ١٠٩].

حەوتەم: زانایانی حکومەتە ئیسلامییەکان هۆشداری دەدەن لە وەڵامدانەوەی ئەو بانگەوازە شەڕانگێزانەیە، چونکە ئەمە دوژمنکارییەکی ئاشکرایە بۆ سەر بیروباوەڕی گەلەکانیان و، لێدانە لەو متمانەیەی کە خەڵک بە حکومەتەکانیان داوە و، هەڵگیرسێنەری ئاگری ناتەبایی و ململانێی نێوان مسوڵمانانە، کە ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ لاوازکردنی ئوممەتی ئیسلامیی و زاڵکردنی دوژمنەکانی بەسەریدا، وەک پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَىٰ إِلَى الْإِسْلَامِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٧) يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (٨) هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ (٩)﴾ [الصف: ٧ - ٩].

هەشتەم: پێویستە لەسەر بەرپرسانی وەزارەتەکانی خوێندن و ڕاگەیاندن لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، وازبێنن لە شێواندن ودەستکاریکردنی مەنهەجەکانی فێربوونی ئیسلام، وە لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە بیگەیێنن و، جەخت لەسەر بنەما نەگۆڕەکانی عەقیدە و شەریعەت بکەنەوە و، لاوان لە لادان و گومانە فیکری و ئایدۆلۆژییەکان بپارێزن، گەنجان ئەمانەتن لە دەست و لەگەردنی ئێوەدا و، لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەتان لێدەکرێت لەسەریان، خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [الأنفال: ٢٧].

نۆیەم: بەشداربووانی کۆنفرانس داوا لە زانایان و زانستخوازان و بانگخوازان و سەرجەم بیرمەندان و نووسەرانی مسوڵمان دەکەن، کە ئەرکی خۆیان بەرامبەر بە ئاینەکەیان جێبەجێ بکەن و، ڕووبەڕووی فیتنەی گۆڕینی ئاین ببنەوە و، ئوممەت لەم مەترسییە نزیکە هۆشیار بکەنەوە، پێویستە بابەت و کتێب بنووسن، کۆڕ و سیمینار ببەستن، وانە و وتار دەربارەی شەرحی عەقیدەی یەکتاپەرستی و هەڵوەشێنەرەوەکانی ڕوونبکەنەوە، و هۆشداری بدەن لە فیتنەی ئەم بیدعە گومڕاکەرە، کە لێردا هیچ پاساوێکی ناچاری

و لێکدانەوەیەک نییە بۆ قبوڵکردنی ئەم پوچەڵ و درۆیە؛ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ﴾ [البقرة: ١٩١]. وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ [الكهف: ٢٩].

دەیەم: زانایانی بەشداربوو لەم کۆنفرانسەدا داوای پێکهێنانی دەستەیەکی هاوبەش لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە زانستییەکان دەکەن لە سەرانسەری وڵاتدا، ئەم دەستەیە ئەرکی دەرکردنی لێدوان و پەیام سەبارەت بە گومان و باوەڕە نامۆکان بە نەتەوەی ئیسلامی و پاراستنی نەگۆڕ و بنەما یەکلاکەرەوەکانی ئیسلام لە ئەستۆ دەگرێت. ئەم دەستەیە ساڵانە کۆنفرانسێکی تۆکمە ساز دەکات کە لە مانگی ڕەجەب لە هەر ساڵێکی کۆچیدا بەڕێوە دەچێت.

پێنجەم: هەڵوێستی ڕەسمی خانەی فەتوای وڵاتی لیبیا سەبارەت بە ئاینی ئیبراهیمی لە ١٥ /ذو الحجة /١٤٤٢ك ٢٠٢١/٧/٢٥ز:

ئەم پرسیارەی خوارەوە ئاراستەی خانەی فەتوای لیبیا کراوە:

ڕاستی و دروستی ئاینی ئیبراهیمی چییە؟ حوکمەکەی چییە؟ ئەرکمان چییە بەرامبەری؟

وەڵام:

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله وصحبه ومن والاه، أما بعد:

ئەوەی لە سەردەمی ئێمەدا بەناو ئاینی ئیبراهیمی ناویان ناوە، پڕۆژەیەکە لەلایەن فەرمانڕەواکانی ئیماڕاتەوە پەسەندکراوە، لەڕێگەی دروستکردنی ئەو شوێنەی کە ناویان ناوە ماڵی ئیبراهیمی (البيت الإبراهيمي)، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئیسلام و جولەکە و مەسیحییەت کۆدەکاتەوە. ئەوەی دەریانخستووە لەم ڕووەوە شێواندنی بانگ و تێکەڵکردنیەتی بە سرووتی جوولەکەکان و، دروستکردنی نوێژێک کە تێکەڵەیەکە لە بەشێک لە نوێژی مسوڵمان و هەندێکیشی لە طقوسی جوولەکەکانە و، جگە لەمەش شێواندنی دیکەی ئاینی موسڵمانانیان نیشانداوە کە ئیماڕات ئەم کارەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە و هەڵساوە بە ئەنجامدانی. ئەوان وا گومان دەبەن کە تێکەڵکردنی ئاینی مسوڵمانان لەگەڵ طقوس و عیبادەتی موشریکەکان لە ئاینی ئیبراهیمەوەیە کە بەرەو بەهەشتیان دەبات و، بانگەشەش بۆ ئەمە دەکەن بە ناوی لێبوردەیی ئاینییەوە، بەڵام ئەمە شتێک نییە جگە لە ملکەچبوون بۆ ئەو کەسانەی کە ئەوانیان کردوونەتە وەکیلی خۆیان بۆ لەناوبردنی ئاینیان لە لایەن دوژمنانی ئیسلام. ئەوەی ئەوان دەیکەن درۆیەکی شاخدار و بەدرۆخستەوەیەکی ڕوونە بۆ قورئان. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلاَ نَصْرَانِيًّا وَلَكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [آل عمران:٦٧]، قورئان ئەهلی کیتابی بە کافر ناوبردووە، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلاَ الْمُشْرِكِينَ أَنْ يُنَزَّلَ عَلَيْكُمْ مِنْ خَيْرٍ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ [البقرة:١٠٥].

پێغەمبەرمان (درود و سەلامی خوای لەسەر بێت)، دەفەرموێت: (والذي نفسُ محمّدٍ بيده، لا يسمعُ بي أحدٌ من هذه الأمّة، لا يهوديٌّ، ولا نصرانيٌّ، ثُمَّ يموتُ ولم يُؤمِنْ بالذي أُرْسِلْتُ بِهِ، إلَّا كانَ مِن أصحابِ النَّارِ) [صحيح

> پێویستە لەسەر زانایان مەترسی ئەم بیرۆکانە و تێکگیرانیان لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی ئاین بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە

مسلم:١٥٣]، (سوێند بەو زاتەی کە ڕۆحی محمد لە دەستیدایە، هەر کەسێک لەم ئوممەتە پەیامی منی بیستبێت و زانیبێت، لە جولەکە و لە مەسیحی، دواتر بمرێت و باوەڕی بە من و پەیامی ئیسلام نەهێنابێت کە من پێی نێردراوم، ئەوە بێگومان جێگای ئاگری دۆزەخە). کەواتە باوەڕبوونی بە (محمد) لە دۆزەخ ڕزگاری دەکات، مانای وایە دەبێت دەستبەرداری ئاینە درۆینەکەی ببێت، چونکە ئاینی ئیسلام هەموو ئاینێکی پێش خۆی هەڵوەشاندووەتەوە.

مسوڵمانان پێویستە لەسەریان هەر یەکەیان بە پێی توانا و شیانی خۆی نکوڵی لەم خراپەیە بکات، وە پێویستە لەسەر زانایان مەترسی ئەم بیرۆکانە و تێکگیرانیان لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی ئاین بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە، وە پێویستە لەسەر بەرپرسان و ئەوانەی خودا دەسەڵاتی پێداون بەسەر مسوڵمانانەوە، دەبێت دەسەڵات و هێزی خۆیان بەکاربهێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو لایەنانەی کە پشتگیری لەم بانگەوازانە دەکەن و، لەسەر مسوڵمانان بە گشتی پێویستە گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی ئەو بیرۆکانە بکەن لە ڕێگەی هەموو جۆرە میدیایەکی بەردەست، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بایکۆتی هەموو ئەوانەش بکەن کە لە ڕووی دارایی و سیاسییەوە پشتیوانی دەکەن، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ ئیمارات - کە چ کارێک دەکات لە شێواندنی ئاین و کوشتنی مسوڵمانان بە وەکالەتی دوژمنانیان، وەک لە یەمەن و لیبیا و شوێنەکانی دیکەدا دەبینرێت - هاوکاریکردنە لە گوناهو دەستدرێژیدا، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا

سەرچاوەکان:

١. بورهان محەمەد ئەمین، «تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان».
٢. عزت السيد احمد، الديانة الإبراهيمية ديانة وهمية لأغراض شيطانية.
٣. هبة جمال الدين، الديانة الإبراهيمية وصفقة القرن.
٤. هبة جمال الدين، الدبلوماسية الروحية والمشترك الإبراهيمي المخطط الاستعماري للقرن الجديد.
٥. محمد يسري إبراهيم، الإبراهيمية ضلالة القرن.
٦. پێگەی فەرمی: "الاتحاد العالمي لعلماء المسلمين» [https://iums.me/16112]، بەرواری سەردانیکردن: **18/7/2025**م.
٧. پێگەی فەرمی: «دار الإفتاء الليبية»، [https://ifta.ly/%D9%85%D8%A7-%]، بەرواری سەردانیکردن: **18/7/2025**م.
٨. پێگەی فەرمی: لرابطة علماء أهل السنة، [https://www.rabtasunna.com/7795]، بەرواری سەردانیکردن: **16/7/2025**م.
٩. پێگەی فەرمی: [https://www.peyam.net/Details/55960]، مێژووی سەرادنیکردنی سایت 16/7/2025.

تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ [المائدة: ٢]، والله أعلم، وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

لە کۆتاییدا ئێمەی تاک بەتاکی ئوممەتی ئیسلام ئیمان و باوەڕمان وایە کەوا تەنها ئاینێک کە ڕاست و دروست بێت و دەستکاری نەکرابێت و نەگۆڕابێت و نەشێوێندارێت تەنها ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، ئەمەشیان بەفەزڵ و نیعمەتی پایەمە پیرۆزکەیەتی کە قورئانی پیرۆزە کە لەلایەن خوای بەرز و بەتوانا پارێزراوە، بۆیە تەنها ئاین لای خوای گەورە ئیسلامە، پەروەردگارمان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَنْ يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ * فَإِنْ حَاجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُلْ لِلَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُوا فَقَدِ اهْتَدَوْا وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ [آل عمران: ١٩، ٢٠]؛ وە جگە لە ئیسلام خوای گەورە بە هیچ ئاینێکی تر لێمان ڕازی نابێت و لە قیامەتیش زەرەرمەند و مایە پوچ دەبین، ئەمە بڕیاری الله تعالی یە: (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) [آل عمران: ٨٥]؛ بۆیە هەرکەس و لایەنەک بیر لە تێکەڵکردن یان کۆکردنەوەی یا لێکنزیککردنەوەی ئیسلام لەگەڵ یەهودییەت و مەسیحییەت بکاتەوە، وەک ئەو کەسە وایە کە خۆی ماندوو و شەکەت دەکات بە هەوڵی تێکەڵکردنی دوو دژ بەیەک، لەنێوان حەقیقەت و درۆ و، لە نێوان کوفر و ئیماندا و، نموونەکەی تەنها وەک ئەوەیە کە شاعیر وتوویەتی:

أَيُّهَا الْمُنْكِحُ الثُّرَيَّا سُهَيْلًا
عَمْرَكَ اللَّهَ كَيْفَ يَلْتَقِيَانِ
هِيَ شَامِيَّةٌ إِذَا مَا اسْتَقَلَّتْ
وَسُهَيْلٌ إِذَا اسْتَقَلَّ يَمَانِ

پرۆفایل...

دکتۆرعومەر حەسەن عومەر گرتکی

- بەکالۆریۆس لە خوێندنی ئیسلامی لە زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٣.
- ماستەر لە بەشی (الفقه وأصول الفقه) لە زانکۆی ئیسلامی نێودەوڵەتی مالیزیا، لە ساڵی ٢٠١٣.
- دکتۆرا لە بەشی (الفقه وأصول الفقه) لە زانکۆی ئیسلامی نێودەوڵەتی مالیزیا، لە ساڵی ٢٠٢١.
- بەشداری لە دەیان سمینار و وۆرک شۆپ و کۆنفرانسی زانستی لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی مالیزیا و تورکیا و سعودیەدا کردووە.
- خاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستی و پەرتووکێکە بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی «قانون مناهضة العنف الأسري في إقليم كوردستان العراق: دراسة تحليلية في ضوء مقاصد الشريعة" کە لە ساڵی ٢٠٢٥ چاپکراوە.

پڕۆژەی ئیبراهیمی و هەڵوێستی ناوەندە ئیسلامیی و فیقهییەکان لەبارەیەوە

دادوەر بورهان ئەحمەد مەحمود

پێشەکی:

بابەتی ئاین و قسەکردن لەو بابەتە کە پەیوەست و پەیوەندیدارە بەهەستیارترین شتێك لەژیانی مرۆڤدا، ئاگایی و شارەزایی و پسپۆری باشی دەوێ، ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمێك زیاتر دوژمنانی ئیسلام جەنگی فیکری لە ڕێگای بەئامانجگرتنی نەگۆڕەکانی ئیسلام و دروستکردنی گومان بۆ شوێن کەوتووانی و خەرجکردنی ملیۆنان دۆلار بۆ ئەو مەبەستە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن لە وەزارەتەکانی پەروەردە و داماڵینی لە قورئان و فەرموودە و مێژوو و توراسی ئیسلامی بەرپا دەکەن، بە ئامانجی پەروەردەکردنی نەوەیەك کە دابڕاو بێت لە ئاین و ڕمووزەکانی، بۆیە تەنها دڵسۆزی و خوێندنەوەی دوو سێ کتێب وناملیکە بەس نییە بۆ یەکێك بیەوێت ڕووبەڕووی ئەو جەنگە ترسناکە فیکرییە ببێتەوە، بە تایبەت هەندێك جار لەلایەن خەڵکێك کە لەسەر ئیسلامی مەحسووبن لە زانا و بانگخواز و بیریار و هتد بێ موراعاتی هیچ جۆرە زەوابیتێك و شارەزایی لە زانستە ئیسلامییەکان ڕاڤە بۆ ئایەت و فەرموودەکان دەکەن و فیکری نامۆ لە ژێر ناوی حەداسە و مۆدێرنە بڵاو دەکەنەوە، لە نموونەی ئەوانە (محمد شەحرور و محمد ئەرەگۆن و عەدنان ئیبراهیم و هتد).

ئەوانە بە خۆیان بزانن یان نا، جگە لە چەندین ناوەند و ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی و بزووتنەوە تەبشیرییەکان و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کار لە سەر بە دێوەزمەکردنی ئیسلام و ناشیرینکردنی دەکەن، تەنانەت ئەو بزاڤ و کۆمەڵانەشیان کە هەڵگری فیکری میانەڕەون وەکو (برایانی مسوڵمان) کە تەبەنی شێوازی دیموکراسی دەکەن لە مومارەسەیاندا، بەتۆمەتی تیرۆر کودەتایان لەسەردەکرێ و سەرکردەکانیان دەگیرێن و زیندانی دەکرێن و لەسێدارە دەدرێن لەلایەن ئەو دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییە دیکتاتۆریانەی خۆیان لە ناوچەکە دروستیان کردوون، چونکە ڕۆژاوا و ئیسرائیل بزاوت و ئەحزابی سوننی بەگەورەترین لەمپەر لەڕێگای پرۆژەی ئاساییکردنەوە (تطبیع) و ڕێککەوتننامەی (ابراهام) لە گەڵ ئیسرائیل لە قەڵەم دەدەن، ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە زەمینەی بۆ خۆشدەکرێ بە ناوی پرۆژەی ئیبراهیمی کە مەبەستیان هەرسێ ئاینی ئیسلام و یەهودیەت و مەسیحیەتە کە گوایا ئەو سێ ئاینە لە بنچینەدا

دەگەڕێنەوە سەر ئاینی پێغەمبەر ئیبراهیم (درودی خوای لەسەر) و خاڵی هاوبەش سەبارەت بە هەندێك چەمك و بەها لە نێوانیاندا هەیە، وە هەرسێ ئاینەکە باوەڕیان بە ئیبراهیم هەیە و بە هێمای یەکتاپەرستی دەزانن، ئیماڕاتیش یەکەمین دەوڵەت بوو کە ماڵی خانەوادەی ئیبراهیمی لە ساڵی (٢٠٢٣) لە شاری ئەبو زەبی دامەزراند و باڵەخانەیەکی گەورە کە مزگەوتێك و کڵێسا و پەرستاگایەك لە خۆدەگرێ کردەوە، خەڵکێکی زۆریان بۆ بانگهێشت کردبوو، وە لەلایەن هەندێك بە ناو بانگخوازەوە وەکو (عدنان ابراهیم) جێگای دەسخۆشی بوو و بەکارێکی پەسەند و عەبقەری ناوی برد، بەڵام لەلایەن خەڵکێکی زۆری زانایان و بیریار و بانگخوازانەوە هەروەها ناوەندە ئیسلامییەکانەوە هێرشی کرایە سەر، لە پێش هەموویانەوە شێخی ئەزهەر کە مزگەوتەکەی بەناو ئەوەوە ناونرابوو، وە دواتر ناوەند و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا هەڵویستی خۆیان سەبارەت بەم پڕۆژەیە دەربڕی کە مەرامی سیاسی شاراوەی لە پشتەوە هەیە و تەنها ڕێککەوتن و بەڵێننامەیەکی سادە نییە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئاینەکان کە پێشتر بانگەشەی بۆ کرابوو لەلایەن ئیماڕاتەوە، وە بۆچی ئاینی تریان تێنەخستووە لە کاتێکدا سەدان و هەزاران ئاینی تری نا ئاسمانی هەیە لە پاڵ ئاینی ئاسمانیدا؟ لەم نووسینەماندا هەوڵ دەدین بە گوێرەی توانا و لەچەند خاڵێکدا پێناسەی ئاینی هەق کە ئاینی هەموو پێغەمبەرانە (درودی خوایان لەسەر) بە بەڵگەی قورئان و فەرموودە بسەلمێنین، هەروەها وەڵامی بەناو بانگخواز (عدنان ابراهیم) و خەڵکی تر بدەینەوە و بەڵگەکانیان پووچەڵ بکەینەوە، لە کۆتاییشدا حەقیقەتی ئەم پڕۆژەیە لە ڕێی هەڵویستی ناوەندە ئیسلامیی و فیقهییەکانی جیهانی ئیسلامیی تیشکی بخەینە سەر:

جۆرەکانی ئاین و ئاینی هەق کامەیە:

ئاین دوو جۆری سەرەکی هەیە:

١- ئاینی (وضعی) مرۆیی یان نائاسمانی: کە بەرهەمی هزری مرۆڤە و لەلایەن پەروەردگارەوە دانەبەزیوە و لەم جۆرە ئاینە پێغەمبەر یان پێغەمبەران نییە، چونکە ئەرکی پێغەمبەران وەرگرتنی (وحی) سروشە لە پەروەردگارەوە و، لەم جۆرە ئاینە سرووش نییە، بۆیە پێغەمبەرانیش جێگایان نییە، لە نموونەی ئەم جۆرە، ئاینی (بوزی و مەجووسی و کۆنفۆشیۆسی)، ئەم جۆرە ئاینانە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام دەگەڕێنەوە و لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام ئاینی مرۆیی نەهاتۆتە کایەوە و کۆتایی هاتووە.

> ئاینی ئیبراهیم (درودی خوای لەسەر) و سەرجەم پێغەمبەرانی تر (ئیسلام) بووە و ئاینێکی تریان نەبووە

٢- ئاینی ئیلاهیی یان ئاسمانیی: واتە سەرچاوەکەی بۆ پەروەردگار دەگەڕێتەوە، کە پێغەمبەران تەنها ڕۆڵی گەیاندنی بە خەڵکی دەبینن، بێ ئەوەی مافی زیاد و کەمکردنیان هەبێت، خوای گەورە ئەفەرمێت: [وَمَا نُرۡسِلُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ] الانعام ٤٨) وە ڕوو لە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) ئەکات وپێی ئەفەرمێت: [وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا

مُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا]، (الاسراء:١٠٥). تەنانەت شێوازی گەیاندنەکەشی خودای گەورە بۆیان دیاری دەکات، خوای گەورە ئەفەرمێت: [ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ]، (النحل:١٢٥).

لەمەوە بۆمان ڕوون بوویەوە کە ئاینی ئاسمانیی لەلایەن خوای گەورەوە دابەزیوە، چ لە ڕووی سەرچاوە، هەروەها لە شێوازی گەیاندنی و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن پێیەوە، هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕوون بوویەوە کە ئاینی وەزعی ڕێبازێکی مرۆییە و لەلایەن هەندێک مرۆڤەوە بانگەشەی بۆ کراوە، هەندێکی تر ملکەچی بوون و، دواتر وەکو ئاینی لێهاتووە.

> ئاینێک نییە بەناوی ئاینی ئیبراهیمی و بانگەشە بۆ جۆرە ئاینێکی ئاوا بیدعەیەکە لە ئاین و هیچ بنەمایەکی نییە و ئەمە تەنها بەرهەمی چەند مرۆڤێکە

ئاینی ئیبراهیمیی کام جۆرە لە ئاین ؟

ئایا ئاینێک هەیە لە کۆنەوە ناوی ئیبراهیمیی بێت؟ گەر بگەڕێینەوە بۆ قورئانی پیرۆز بۆمان دەردەکەوێت ئاینی ئیبراهیم (درودی خوای لەسەر) و سەرجەم پێغەمبەرانی تر (ئیسلام) بووە و ئاینێکی تریان نەبووە، خوای گەورە ئەفەرمێت: [مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ]، (ال عمران: ٦٧)، هەروەها ئەفەرمێت: [وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ]، (البقرة: ١٣٢)، وە چەندەها ئایەت و بەڵگەی تر هەن لە قورئان کە ئاینی هەموو پێغەمبەران تەنها (ئیسلام) بووە و جگە لە ئیسلام ئاینی تریان نەبووە، وە ئێمە تەنها یەك بەڵگەیان دەهێنینەوە چونکە بابەتەکەمان بەشی ناکات، خوای گەورە ئەفەرمێت: [وَإِذۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيۡتُكُم مِّن كِتَٰبٖ وَحِكۡمَةٖ ثُمَّ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مُّصَدِّقٞ لِّمَا مَعَكُمۡ لَتُؤۡمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥۚ قَالَ ءَأَقۡرَرۡتُمۡ وَأَخَذۡتُمۡ عَلَىٰ ذَٰلِكُمۡ إِصۡرِيۖ قَالُوٓاْ أَقۡرَرۡنَاۚ قَالَ فَٱشۡهَدُواْ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ]، (ال عمران:٨١)، ئەم ئایەتە ڕوونە کە هەموو پێغەمبەران بەڵێنیان لەلایەن خودای گەورەوە لێ وەرگیراوە کاتێك پێغەمبەری ئیسلام (محمد) (درودی خوای لەسەر) ڕەوانە کرا پێویستە هەموو باوەڕی پێ بهێنن و سەری بخەن. وە هەر لەسورەتی ئالی عیمران ئایەتی (٨٥) خودای گەورە بەڕوونی باسی ئەوە دەکات هەر کەسێك جگە لەئیسلام لە سەر ئاینی تر بێت، قبوڵکراو نییە و لە دواڕۆژدا لە خەسارۆمەندان دەبێ، خوای گەورە ئەفەرمێت: [وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ].

لەمەی باسمان کرد بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئاینێك نییە بەناوی ئاینی ئیبراهیمی و بانگەشە بۆ جۆرە ئاینێکی ئاوا بیدعەیەکە لە ئاین و هیچ بنەمایەکی نییە و ئەمە تەنها بەرهەمی چەند مرۆڤێکە و مەبەستی شاراوە و سیاسی لە پشتەوە هەیە و لە جۆری ئاینی مرۆییە و،

هیچ بنچینەیەکی ئاسمانی نییە، وە کۆکردنەوەی سێ ئاین بەناوی هەندێك خاڵی هاوبەش کەلەنێوانیاندا هەیە بە بیانووی ئەوەی هەرسێ ئاینەکە دەگەڕێنەوە سەر ئیبراهیم بنەمایەکی پووچە، چونکە خاڵی هاوبەش لە نێوان هەموو ئاینەکان هەیە لە فروع و جوزئیاتدا ئەوە گومانی تێدا نییە، بەڵام کاتێك ئاینێك وەکو مەسیحیەت یان یەهودیەت یان هەر ئاینێکی تری مرۆیی باوەڕی بە ڕوکنێکی بیروباوەڕی ئیسلام نەبێ، وەکو پێغەمبەرایەتی (محمد) (درودی خوای لە سەر) یان هەر پایەیەکی تری ئیسلام، لە ڕووی عەقیدەوە گەر ئیقامە حوجەی لەسەر کرابێ و ئاگاداری پەیامی ئیسلام بێ ئەوە بەبێ باوەڕ دادەنرێ، ئەگەرچی بۆ ئەحکامی دونیا ئاساییە تەعایوش و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

ئاینی هەق تەنها ئیسلامە:

لەوەی ڕابورد بۆمان ڕوون بوویەوە ئاینی ئاسمانیی سەرچاوەکەی بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە و هەموو پێغەمبەران یەك ئاینیان هێناوە کە ئاینی یەکتاپەرستی و تەوحیدە، ئەگەرچیش شەریعەتەکانیان جیاواز بێ، چونکە عەقیدە پایەی تیۆری ئاینە، بەڵام شەریعەت تایبەتە بە حوکمە کردارییەکانەوە و بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن، وەك خوای گەورە لەو بارەیەوە ئەفەرمێت: [.. لِكُلٍّ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا...]، (المائدة: ٤٨)، بەڵام ئاینی (وضعی) لە ژمارە نایە، چونکە بەرهەمی هزری مرۆڤەکانە و مرۆڤێك بۆ مرۆڤێکی تر جیاواز بیر دەکاتەوە، هەر بۆیە خوای گەورە نەبوونی جیاوازی لە قورئاندا کە سەرچاوەی ئاینی ئیسلامە دەکاتە بەڵگە کە ئەگەر لەلایەن مرۆڤەوە بهاتایە جیاوازی زۆری تێدا دەبوو [وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا]، (النساء: ٨٢). هەر بۆیە ئاینی هەق یەکە و دژبوون و جیاوازی تێدا نییە، چونکە لەلایەن خودای باڵادەستەوە هاتووە و تەنها یەك ئاینی هەق هەیە، ئەویش (ئیسلامە)، خوای گەورە لە چەندین ئایەت جەخت لەسەر ئەم حەقیقەتە دەکاتەوە و ئەفەرمێت: [إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ]، (ال عمران: ١٩). هەروەها ئەفەرمێت: [وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا]، (المائدە: ٣). وە ئیبراهیم علیە السلام کە ئاینەکە بەناوی ئەو ناونراوە لەسەر زاری خۆی وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئاینەکەی ئیسلام بووە نەك ئاینی تر، هەروەها ئاینی پێغەمبەر یەعقوب کە بەئیسرائیلیش ناوی لە قورئاندا هاتووە ئیسلام بووە: [أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ حَضَرَ يَعۡقُوبَ ٱلۡمَوۡتُ إِذۡ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعۡبُدُونَ مِنۢ بَعۡدِيۖ قَالُواْ نَعۡبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗا وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ]، (البقرة: ١٣٣). هەروەها موسا علیە السلام بانگەشەی بۆ لای ئاینی ئیسلام کردووە وەك لە قورئاندا باسی دەکات و ئەفەرمێت: [وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ]، (یونس:٨٤). عیسا پێغەمبەریش (علیە السلام) کە نەسڕانییەکان خۆیانی دەدەنە پاڵ، جگە لەئیسلام خۆی و یارانی (حەوارێکان) ئاینی تریان نەبووە، وەك قورئان بۆمانی باس دەکات و ئەفەرمێت: [فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنۡهُمُ ٱلۡكُفۡرَ قَالَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ]، (ال عمران: ٥٢). وە ئەوەش کۆتا پێغەمبەرە (محمد)

(درودی خوای لەسەر) خوا گەورە داوای لێ ئەکات بڵێت:[قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿١٦٣﴾]، (الأنعام).

بۆیە وەك دەردەكەوێت بەبەڵگەی ئایەتەكانی قورئان هیچ كام لە پێغەمبەرانی خوا (درودی خوایان لەسەر) یەهودی یان نەسرانی نەبوون، بەڵكو مسوڵمان بوون و داوایان لێ كراوە لەسەر ئەو ئاینە بن و بانگی خەڵكی بۆ لا بكەن، وە ئێمەش داوامان لێكراوە باوەڕمان بە هەموویان هەبێ و جیاوازی لەنێوانیاندا نەكەین [لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ]، (البقرة: ٢٨٥). هەروەها ئاینی خواش كە ئاینی هەقە و تەنها ئاینە خودای گەورە پێی ڕازییە و هەر كەس جگە لەئیسلام ئاینی تری هەبێ لای خوا قبوڵكراو نییە و لە دواڕۆژدا لە خەسارۆمەندانە: [ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ]، (المائدة: ٣). وە داواش لە هەموو ئەهلی كیتاب كراوە باوەڕ بە ئاینی ئیسلام كە ئاینی هەموو پێغەمبەران و پێغەمبەری خاتەمە بهێنن وەك لە قورئاندا ئەفەرمێت: [يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ عَلَىٰ فَتۡرَةٖ مِّنَ ٱلرُّسُلِ أَن تَقُولُواْ مَا جَآءَنَا مِنۢ بَشِيرٖ وَلَا نَذِيرٖۖ فَقَدۡ جَآءَكُم بَشِيرٞ وَنَذِيرٞۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ]، (المائدة: ١٩).

وەڵامی گومانەكانی (عەدنان ئیبراهیم):

یەكێك لەوانەی بە شێوازێكی سەرسەختانە بەرگری لە ئیماڕات دەكات، وە ئەو ماڵەی بە ناوی (العائلة الابراهيمية) كە دروستی كردووە بە شتێكی باش و ناوازە و عەبقریەتی ناو دەبات و هێرش دەكاتە سەر ئەوانەی دژی وەستاونەتەوە، بەبیانووی ئەوەی هەر خودی ئەوانە پێشتر وتوویانە ئاین یەكە و شەریعەتەكان جیاوازن، ئێستا بۆچی دژایەتی ئیماڕات دەكەن كاتێك ئەو ئاینەی بەرهەمهێناوە و تەكفیری دەكەن، خۆ ئەو هەر ماڵێكی دروستكردووە و لە سێ شوێنی جیاواز لە نێو ماڵەكەدا مزگەوتی دروستكردووە بۆ مسوڵمانان و پەرستگایەك بۆ جووەكان و كەنیسەیەك بۆ گاورەكان، وە ئەم ئاینە بە قسەی ئەو جیهان و ئوممەتی ئیسلامیی لە ئاشووب و فیتنە و دووبەرەكی دەپارێزێت، وە دەڵێ ئەوانەی دژایەتی دەكەن ڕقیان لە ئیماڕاتە و بەهۆكاری سیاسی دژایەتی دەكەن.

داواش لە هەموو ئەهلی كیتاب كراوە باوەڕ بە ئاینی ئیسلام كە ئاینی هەموو پێغەمبەران و پێغەمبەری خاتەمە بهێنن

بێگومان ئێمە پێشتر بە درێژی باسی ئاینی هەقمان كرد كە ئاینی هەق یەكە و ئیبراهیم و سەرجەم پێغەمبەران هەر لە ئادەمەوە تاوەكو خاتەم لەسەر ئاینی ئیسلام بوون، وە بەڵگەمان لە قورئان هێنایەوە و بە پێویستی نازانین دووبارەی بكەینەوە، بەڵام بەكورتی لێرەدا وەڵامی (عەدنان ئیبراهیم) بە دوو خاڵ دەدەینەوە:

> وادیارە (عەدنان ئیبراهیم) دەیەوێت تەلبیس بکات و هەق و ناهەق تیکەڵ بکات و عەوام و هەندێك خەڵکی پێ فریو بدات کە گوایا وشە هاوبەشەکە لێبوردەیی و برایەتی و ڕەتکردنەوەی توندوتیژییە

١- سەبارەت بەوەی ئاین بەشە عەقیدەکەی یەکە و شەریعەتەکان جیاوازن، ئەوە ڕاستە، بەڵام ئایا یەهودیەتی ئەمڕۆ لەسەر تەوحید ماون، یان وەکو لە قورئاندا هاتووە چەندین سیفات و کرداری نابەجێ دەدەنە پاڵ پەروەردگار، وەکو ئەوەی پەروەردگاریان بە چرووك ناوبردووە: [وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌۚ]، (المائدة: ٦٤). یان دەیانوت: [وَقَالَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَىٰ نَحْنُ أَبْنَاءُ اللَّهِ وَأَحِبَّاؤُهُ]، (المائدة:١٨)، ئێمە کوڕی خواین و دۆست وخۆشەویستی ئەوین. هەروەها مەسیحیەتیش هەندێکیان مەسیح بە خودا دەزانن و خودای گەورە بە بێ باوەڕ ناویان دەبات: [لَقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ]، (المائدة: ٧٢). هەندێکی تریان وتوویانە بەشێکە لە سێ خوا کە بە بیروباوەڕی (ثالوث) لە قورئاندا ناوی براوە و خودای گەورە بە بێ باوەر وەسفی ئەوانیشی کردووە: [لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ]، (المائدة: ٧٣). وە ئەوەی لەسەر یەکتاپەرستی و تەوحید ماوەتەوە تەنها شوێنکەوتووانی ئاینی ئیسلامن، وە لە قورئاندا داواکراوە لە خاوەنی کتێبەکان وەرن لە سەر شتێکی هاوبەش کۆببینەوە ئەو شتە هاوبەشەش ئەوەیە تەنها خودایەکی تاك و تەنها بپەرستین و هاوەڵی بۆ پەیدا نەکەین، بەڵام ئەوان بەوە ڕازی نەبوون و ئێستاش بەو کەلیمە هاوبەشە ڕازی نابن: [قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ]، (ال عمران: ٦٤).

بەڵام وادیارە (عەدنان ئیبراهیم) دەیەوێت تەلبیس بکات و هەق و ناهەق تیکەڵ بکات و عەوام و هەندێك خەڵکی پێ فریو بدات کە گوایا وشە هاوبەشەکە لێبوردەیی و برایەتی و ڕەتکردنەوەی توندوتیژییە، کە ئەمانە شتی لاوەکین و لە جەوهەر و ناوەڕۆکدا یەهودیەت و نەسرانیەت دوو ئاینی جیاوازن و هیچ جۆرە پەیوەندی وئینتیسابێکیان بۆ ئیبراهیم نییەو و ناکرێ بە ناوی ئیبراهیم کە نازانرێ بۆ ناوی بەکار هێنراوە کە خودی خۆی بەرییە لە یەهودیەت و نەسرانیەت و پێش ئەوان بووە و لەسەر ئاینی یەکتاپەرستی و دوور لە شیرك بووە و مسوڵمان بووە، بۆ ناوی بەکار دەهێنرێ ئەگەر بابەتەکە تەنها تەلبیس و فریودان نییە؟

٢- یەکخستنی ئاین وەك وتمان بیدعەیەکە ئەسڵی نییە و ناکرێ دوو یان سێ ئاین یەکخەی لە کاتێکدا لە جەوهەر و کرۆکدا جیاواز بن، وە ئەمە دەستێوەردانە لە تایبەتمەندی ئاینەکان و ئازادی بیروباوەڕ، وە هیچ کەس ئەو مافەی نییە و هەموو ئاینێك یان ڕێچکە و مەزهەبێك خسوسیاتی خۆی هەیە، ڕاستە هەموو ئاینەکان تەنانەت وەزعییەکانیش، خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە وەکو لێبوردەیی و ڕاستگۆیی و

دەستپاکی و هتد، بەڵام ناکرێ ئاینێك وەکو سەردەمی (قورەیش) کە ئەوانیش خۆیان بە شوێنکەوتووی ئیبراهیم دەزانی و حەجیان دەکرد و خزمەتی حاجیانیان دەکرد، بەڵام لەولاشەوە موشریك بوون و باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نەبوو، تەنها لەبەر ئەوەی حەج دەکەن یان خزمەتی حاجیان دەکەن لە گەڵ ئیسلام تێکەڵی کەی وە کاتێك ئەو بێ باوەڕانە عەرزێکی وایان کردووە، قورئان بەم شێوەیە وەڵامیانی داوەتەوە: قُل يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ﴿٦﴾]، (الكافرون).

هەڵوێستی شێخی ئەزهەر سەبارەت بە ئاینی ئیبراهیمی:

شێخی ئەزهەر سەبارەت بە ئاینی ئیبراهیمی ڕاو بۆچوونی جیاواز بوو لە مەجمەعی توێژینەوەی ئیسلامیی لە ئەزهەر کە ماڵی خانەوادەی ئیبراهیمی بە ئاسایی لە قەڵەمدا و گوایا شتێك نییە پێچەوانەی ئیسلام بێ، بەڵکو ئەو ئەم ئاینەی بە هۆکارێك زانی بۆ موسادەرەی ئازادی ئاینی و بە خەوێکی تێکەڵ و پێکەڵی لە قەڵەم دا، وە بانگەواز بۆ لای برایەتی و تێکەڵکردنی سێ ئاین بە دوو شتی جیاواز ناوبرد و ڕێز گرتن و برایەتی مانای تێکەڵکردن ناگەیەنێت.

> ئەم سێ ڕێکخراوە لە دەسپێکی بەیاننامەکەیاندا هاتووە: ئاینی ئیبراهیمی نوێ کە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی دانی پێداناوە (بتپەرستییەکی تێکەڵ بووە) و گوێڕایەڵی دوژمنانی ئوممەت و ئاین لەکاری ئاینێکی داهێنراودا و پەسەندکردنی و بانگەواز بۆ لای دەرچوون و ڕیدەتە لەئیسلام

هەڵوێستی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەربارەی ئاینی ئیبراهیمی:

دوای ئەوەی لە (ڕۆژانی ٢٢- ٤/٢٥/ ٢٠٢٥) لە شاری هەولێر مەراسیمێك بە بەشداری سەرجەم پێکهاتە ئاینییەکان و کەسایەتی و میوانێکی زۆری ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم بە ناونیشانی (ڕۆژی نزای نیشتمانی) بەڕێوەچوو کە گوایا بۆ قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردنی ئاینی بووە، بەڵام لەلایەن هەندێك کەس و لایەنەوە شرۆڤەی جیاوازای بۆکرا کە بۆچوونیان وابوو ئەمەی لەهەرێم ئەنجامدراوە بەشێکە لە پڕۆژەی ئاینی ئیبراهیمی کە چەند ساڵێکە بانگەشەی بۆ دەکرێ و بۆ برەودان بووە بەو پڕۆژەیە، وە داوکرا لە یەکێتی زانایان هەڵوێستی خۆی لەو بارەیەوە بەڕوونی ڕابگەیەنێت، ئەوەبوو سەرۆکی یەکێتییەکە ڕوونی کردەوە کە بانگەشە بۆ ئاینی ئیبراهیمی

هیــچ بنەمایەکــی دروســتی نییــە و و پێچەوانــەی هەمــوو داب و دەســتوورێکە، چونکــە کــەس ناتوانێــت ئاینێکــی نــوێ دابهێنێــت، بەڵکــو دوایــن ئایــن ئیســلامە. وە ئــەوەی ڕەتکــردەوە لــە نێــوان مەراســیمەکە هیــچ جــۆرە بانگەشــەیەك بــۆ ئاینــی ئیبراهیمــی کرابێــت. وە ئــەم نزایانــە جۆرێکــە لــە داب و نەریــت لــە زۆر شــوێن ئەنجــام دەدرێــت و پەیوەنــدی نییــە بــە ئاینــی ئیبراهیمییــەوە.

هەڵویســتی یەکێتــی جیهانــی زانایانــی مســوڵمان و ڕابیتــەی زانایانــی مســوڵمان و ڕابیتــەی مەغریبــی عەرەبــی دەربــاری ئاینــی ئیبراهیمــی:

ئەم ســێ ڕێکخراوە لــە دەســپێکی بەیاننامەکەیاندا هاتــووە: ئاینــی ئیبراهیمــی نــوێ کــە دەوڵەتــی ئیماراتــی عەرەبــی دانــی پێدانــاوە (بتپەرســتییەکی تێکــەڵ بــووە) و گوێڕایەڵــی دوژمنانــی ئوممــەت و ئایــن لــەکاری ئاینێکــی داهێــنراودا و پەســەندکردنی و بانگــەواز بــۆ لای دەرچــوون و ڕیدەتــە لەئیســلام، هەروەهــا لەبەیاننامــەکــەدا کــە لــە دە خــاڵ پکهاتــووە و پوختــی دەکەینــەوە هاتــووە:

یەکــەم: لەقورئانــدا ســوڕەتێك بەنــاوی (ئیبراهیم) و ســوڕەتی تریــش بەنــاوی نەوەکانــی هەیــە، مســـوڵمانانیش فرمانیــان پێکــراوە شــوێنکەوتووی هەمــوو پێغەمبەرانــی تــر بــن، خــوای گــەورە دەفەرمێــت: [أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ]، (الأنعام: ٩٠). وە پێغەمبــری ئیســلام و پەیڕەوانــی ئاینــی ئیســلام لــە پێشــتر و هەقدارتــرن بــە (ئیبراهیــم) درودی خــوای لەســەر.

دووەم: گومانی تێدا نییە زانایانی مسوڵمان کۆکن سەبارەت بە پێکەوەژیان و مرۆڤدۆستی کە لەسەر ئازادی و دادپەروەری و بێ ڕێزینەکردن بە پێغەمبەران و ئاینەکان بونیاد نرابێت، هاوکات لە گەڵ دیالۆگن

زانایان هۆشداری دەدەن بە حکومەتە ئیسلامییەکان لە چوون بە دەم ئەم بانگەوازەوە

بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگاکان، بەڵام لە هەمان کاتدا یەك دەنگن بەرانبەر بەوانەی هەوڵی گۆڕینی ئیسلام و شێواندنی دەدەن و هەوڵی ناشیرینکردنی پێغەمبەران (دروی خوایان لەسەر) دەدەن.

سێیەم: ئاینی ئیبراهیمی لەسەر بیرۆکەی خاڵی هاوبەشی نێوان ئاینی ئیسلام و دوو ئاینەکەی تر بونیاد نراوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە بنەمایەکی پووچە، چونکە بناغەی ئاینی ئیسلام یەکتاپەرستییە و دوو ئاینەکەی تر گۆڕدراون و لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی کە یەکەم جار لەسەری بوون نەماونەتەوە و بوونەتە هاوەڵ پەرستی، ئەوەش کە دەوترێ ئیبراهیم کۆکەرەوەی ئەو سێ ئاینەیە گوتەیەکی ناڕەوایە چونکە ئەو تەنها مسوڵمان بووەو یەهودی و نەسرانی نەبووە.

چــوارەم: هەوڵدان بــۆ پشــتگیری (ڕێککەوتنامەی ابراهــام) بــۆ ئاســاییکردنەوەی پرۆســەی چۆکــدادان و (تطبیــع) لــە ڕێــگای ڕەواجــدان بــە ئاینێکــی نــوێ کــە پشــتگیری لــە ئاســاییکردنەوەی سیاســی بــکات لــە حەفتاکانــەوە ڕەتکراوەتــەوە.

پێنجــەم: ئاشــکرایە گوێڕایەڵــی دوژمنانــی ئوممــەت و ئایــن لــە کاری ئاینێکــی داهێــنراودا دەرچوونــە لــە ئاینــی ئیســلام، خــوای گــەورە ئەفەرمێت: [يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ]، (ال عمــران: ١٤٩).

شەشـەم: خـودی جوولەكـە باوەڕیـان بـە ئاشـتی نییـە و لـە لێدوانـی سـەرۆك وەزیرانیـان لـە كونگـرەی لـە پێنـاو ئیسـڕائیلدا بیرۆكـەی دوو دەوڵەتـی ئیسـڕائیل و فەلەسـتین لـە پـاڵ یەكـدا بـە خـەون و خەیـاڵ ناوبـرد، كەواتـە باسـی ئاشـتی تەنهـا بـۆ فریودانـی مسـوڵمانانە.

حەوتەم: زانایان هۆشداری دەدەن بە حكومەتە ئیسلامییەكان لە چوون بە دەم ئەم بانگەوازەوە، چونكە متمانەی گەلانیان كە پێیان بەخشیون لەبار دەبات.

هەشتەم: بەرپرسانی وەزارەتـی فێركـردن و ڕاگەیاندن لە جیهانی عەرەبی و ئیسـلامی دەسـتكاری بێمانـای گاڵتەجاری پرۆگرامەكانی خوێنـدن نەكەن لـە گۆڕینـی نەگۆڕەكانـی شـەریعەت و گەنجان ئەمانەتـن لـە گەردنـی ئەوانـدا.

نۆیـەم: داوا لـە زانایـان و زانسـتخوازان و بیرمەنـدان دەكـەن بـە ئەركـی سەرشـانی خۆیـان هەسـتن لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی فیتنـە و بیدعـەی گۆڕینـی ئاینەكەیـان.

دەیـەم: بەسـتنی كۆنگرەیەكـی سـاڵانە بـۆ وەڵامدانـەوە و بەرپەرچدانـەوەی گومانـەكان.

لـە كۆتاییـدا دەخـوازم وە لـە خـودای گـەورە داواكارم هـاوكار و یارمەتیدەرمـان بێـت بتوانیـن لـە ئاسـت ئـەو ئەمانەتـە بیـن كەپێمان سـپێردراوە سـەبارەت بـە ئەركـی بەرگـری لـە ئاینەكـەی، وە توانیبێتـمان بەشـێكی كـەم لـەو ئەركەمـان جێبەجـێ كردبـێ، وە خەیاڵـی دوژمنـان خـاوە و ئاینـی خـوا و نـوور و هیدایەتـی ئـەم دینـە بـە فـووی دوژمنانـی ناكوژێتــەوە.

سەرچاوەكان:

١- قورئانی پیرۆز.

٢- دراسـات في الديـن والتديـن، د. محمـود محمـد مزروعـة.

٣- المدخـل لدراسـة القانـون، عبـد الباقـي البكـري و زهـير البشـير.

٤- الانترنت .

پرۆفایل ...

برهان احمد محمود

- پیشە: دادوەر، ئەندامی داواكاری گشتی.
- لەدایكبووی ١٩٦٨ خانەقین.
- بۆ ماوەی ١٥ ساڵ پارێزەر بووە لە دادگای كەلار.
- چەندین نووسین و توێژینەوەی هەیە بە زمانی كوردی و عەرەبی لە بواری یاسایی و فیقهی هتد...، وەكو:
١- چەند وانەیەك لە ژیانی پارێزەرێك.
٢- پوختەیەك لە زانستی ئوسوڵی فیقهـ.
٣- مدى سلطة القاضي في تفسير النصوص القانونية.
٤- الخلع فقها وقضاءا.
٥- تعدد الزوجات .
- دەیـان سـیمیناری جۆراوجـۆری لـە بـواری یاسـایی و فیكـری و دەعـوەی پێشـكەش كـردووە.
- چەندیـن سـاڵ بەرنامـەی یاسـایی و پەروەدەیـی هەبـووە لـە ڕادیـۆ و تیڤـی گەرمیان.
- لەكاتـی ئێسـتادا دادوەر / ئەندامـی داواكاری گشـتییە لـە دادگای ڕزگاری / كـەلار.

پارێزەر: تەحسینی شێخ جەواد

کێشە و بەربەستە جوگرافی و جیۆلۆجییەکان لە پێش پڕۆژەی ئیبراهیمیدا

سەرەتا لە ڕووی جیۆلۆجی و جوگرافییەوە پێشبینی دەکرێت پڕۆژەی ئیبراهیمی مەبەستی بێت تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی باکووری ئەفریقا بگرێتەوە نەوەک لە ڕووی نەخشە گۆڕین، بەڵکو لە ڕووی سیاسییەوە، تەنانەت لە ڕووی گۆڕینی تێڕوانینی خەڵک لە ڕابردوودا بە مەبەستی قبوولکردنی پڕۆژەکە، بەڵام ئەوەی لای من گرنگە لێرەدا باسی کەین بەربەستەکانی پڕۆژەکەیە.

لە ڕووی جوگرافیا و جیۆلۆجییەوە لێرەدا سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە پڕۆژەکە بە دڵنیایی گرنگی بە هەردوو بوارەکە داوە و کێشە و بەربەستەکانی لە نەخشە ڕێگایەکدا بە وردی باس کراوە، بەڵام لە ڕاگەیەندراوەکاندا نەخراوەتە ڕوو، بۆ بیرهێنانەوە لای هەمووان ڕوونە جوگرافیا زانستێکە خوێندنەوە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە دەکات، هەروەها باسی دابەشبوونی مرۆیی و سەرچاوە گشتییەکان دەکات، بەڵام جیۆلۆجیا گرنگی دەدات بە پێکهاتە و ناواخنی زەوی وەک نەوت و کانزاکان کە ئەمە بەشێکی گرنگی پڕۆژەی ئیبراهیمییە کە چۆن بتوانن سوود لەو ناوچانە وەربگرن کە دەکەوێتە نێو پڕۆژەکە بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە، ئێستا دێین بە شێوەیەکی گشتی تێکەڵکێشێک لە نێوان ئەو دوو زانستە دروست دەکەین و بە خاڵ بابەتەکە ڕوون دەکەینەوە.

١- جۆراوجۆری جیۆلۆجی و جۆگرافی:

ناوچەکە بە گشتی بەو شێوازەیە کە پڕۆژەکە مەبەستیەتی لە ڕۆژهەڵاتەوە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە دەست پێدەکات تاوەکو زنجیرە چیاکانی ئەتڵەس لە ڕۆژئاوا هەروەها ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات و نیل دەبنە ژێرخانی ئاوی بەزەوییە کشتوکاڵییەکانیشانەوە. لەباکوورەوە لە دەریای سپی ناوەڕاست درێژ دەێتەوە بۆ زەریای ئەتڵەسی.

هەروەها کەنداوی عەرەبی و دەریای عەرەبی و دەریای سوور شادەماری دەریایی پڕۆژەکەن لەبەر بوونی ڕێڕەوی دەریایی جیهانی کە نۆکەندی سوێس تەواوکەریەتی، لەئایندەشدا نۆکەندی غەزە یا هەر ناوێکی تری لێ بنێن دەبێتە ڕێڕەوێکی تری پێشکەوتووتر لەنۆکەندی سوێس کە بۆ چەند مەبەستێک دروست دەکرێت لەڕووی پێشخستنی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتیی، لەبەر ئەوەی نۆکەندی سوێس وەک پێویست گەورە و فراوان نییە، هەروەها دەبێتە بەدیلێکی باشتر.

٢- گرفتە سیاسی و سنوورییەکانی پڕۆژەکە:

لە ڕۆژهەڵاتەوە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە دەست پێدەکات تاوەکو زنجیرە چیاکانی ئەتڵەس لە ڕۆژئاوا هەروەها ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات و نیل دەبنە ژێرخانی ئاوی بەزەوییە کشتوکاڵییەکانیشانەوە

ناوچەکە چەند گرفتێکی سیاسی و سنووری درێژ مەودای هەیە کە پێکدێت لە کێشمە کێشی درێژ خایەنی عەرەبی و ئیسرائیلی، هەروەها ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتانی کەنداو و کێشە ناوخۆییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها کێشەکانی پێکهاتەکانی عێراق و، کێشەکانی کوردی ڕۆژئاوا و دیمەشق، کێشەکانی درووز و عەلەوییەکان و خێڵە بەدەوییەکان کە لەو ماوەی ڕابردوودا بوونە گرفتی جددی و قوربانی زۆری لێکەوتەوە و تا ئێستاش ئاسۆیەکی ڕوون نییە بۆ چارەسەری، هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی لیبیا کە بەردەوام وەکو بۆمبێکی ئامادە سەیردەکرێت کە لە هەر چرکە ساتێکدا بتەقێتەوە، هەروەها بوونی کێشەی حوسییەکانی یەمەن و تێڕوانینیان بۆ پڕۆژەکە، لە لایەکی تریش کێشەی مەزهەبی و ناکۆکییەکانیان لەگەڵ وڵاتی سعودیە و کەنداو بە گشتی.. هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کردن لە داهاتوودا گرفتن بۆ پێکهێنانی (پڕۆژەی ئیبراهیمی یەکگرتوو یا بە واتایەکی تر ناوی بنێین هاوکاری ناوچەیی لە ژێر سێبەری پڕۆژەکە).

٣- گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان: ئەو وڵاتانەی ئامانجدارن بۆ پڕۆژەکە لە بنەڕەتدا خاوەن ئابووری جیاوازن، کە تیایاندا وڵاتانی ئابووری بەهێز و گەشەسەندوو و خاوەن نەوت و سامانی ژێر زەوی باش هەن، لە بەرامبەردا وڵاتانی ژێرخانی ئابووری وێران هەن، بۆیە سەخت دەبێت ببنە تەواوکەری ئابووری بۆیەکتر، لە لایەکی ترەوە دەبێتە گرفتی کۆمەڵایەتی لە نێوان دەستەی دەسەڵاتداران و کۆمەڵگاکانیان بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە بە بەهاری عەرەبیدا تێپەڕین، تەنانەت خەڵکانی ئەو وڵاتانە دەڕواننە ئەو پڕۆژەیە وەک ئیستیعماری تازە و داسەپێنراو سەیری دەکەن.

٤- گرفتە ژینگەییەکان و سەرچاوە سروشتییەکان: لەبەر گۆڕانی کەشوهەوا بە گشتی ناوچەکە بە تەواوی گرفتی وشکەساڵی و کەم ئاوی و کەمی زەوی داچێنراوی پێوە دیارە، لە کۆی گشتیشدا کەمی بەرهەمی کشتوکاڵی لێ دەکەوێتەوە لە دانەوێڵە و سەوزە و میوەدا ئەمساڵ ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی و هەروەها لە تەواوی سوریا و ئەردەن هەستپێکرا، هەروەها کێشەی ڕووباری نیل لەنێوان میسر و ئەسیوپیا دەبنە گرفتێکی تر.

٥- لە ڕووی دیدگای سیاسییەوە: بە گشتی چەند وڵاتێکی ناوچەکە بە ئاشکرا لە پشت پڕۆژەکەن وەکو ئیمارات، بەڵام تاکو ئێستا کە ڕوونە جەزائیر و ئێران لە دژی پڕۆژەکەن، بۆیە لە نزیک مەودادا کۆدەنگیی ناوچەکە بۆ پڕۆژەکە لە نێوان موستەحیل و پێکنەهاتندا دەبێت.

پڕۆژەکە زۆر گرنگی بەلایەنی ئابووری دەدات کە نەوت و سامانی سروشتی ژێر زەوی لەکانزاکان خاڵی گرنگن، لەگەڵ ڕێڕەوی داود، بۆیە لەداهاتوودا کۆمەڵێک ڕووداو دەبینین کە

مەبەستی سەرەکییان کۆنترۆڵکردنی نەوت و غاز و کانزاکانە، بەتایبەت کانزا پێویستە سەرەکییەکان بۆ ژێرخانی ئابووری پرۆژەکە.

٦- پرۆژەی بەنداوی نەهزە یەکێکە لە پرۆژەکانی ڕانەگەیەنراوی پرۆژەی ئیبراهیمی بە مەبەستی دروستکردنی فشار لەسەر میسر، ڕاستە بە شێوەی ڕاگەیانراو وڵاتی ئیمارات وەک بێلایەن خۆی دەردەخات، بەڵام سەرچاوە میسرییەکان بە تایبەت چەند ئەندام پەرلەمانێک لە ساڵی ٢٠٢١ باسیان لە تێوەگلانی ئیمارات کردووە لەو پرۆژەیەدا، پرۆژەکە تەواو ئابووری و گەشتیارییە بۆ وڵاتی ئەسیوپیا، بەڵام سیاسی و کارتی فشارە لە دژی وڵاتی میسر لەبەر ئەوەی دەتوانرا پرۆژەکە بەو ئەندازە گەورەیە ئاوی گل نەدابایەوە کە توانای ٧٤ ملیار مەتر ئاوی هەیە، وە دەتوانێت ٥٢٥٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێت، دیارە بە پێی لێکۆڵینەوەک لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا لە نێوان پێنج تا دەگاتە بیست و پێنج ملیار مەتر ساڵانە ڕووباری نیل ئاو لەدەست دەدات کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر ڕێژەی ئاو و کشتوکاڵ لە هەریەک لە میسر و سودان، هەروەها لە نێوان ٢٥٪ بۆ ٣٠٪ بەرهەمهێنانی کارەبا لە بەنداوی ئەلعالی میسری کەمدەکات، دیارە لە داهاتوودا کێشەی ئەو بەنداوە بە تەواوی لەسەر میسر دەردەکەوێت لە ڕووی جیۆسیاسییەوە، هەروەها دەبێتە خاڵێکی بە هێزی ناکۆکی لە نێوان ٣ وڵاتی ئەسیوپیا و میسر و سودان کە هەر ٣ وڵاتەکە لە نەخشەی پرۆژەی ئیبراهیمیدان.

خاڵێکی تر کە گومان دەکرێت ئیمارات لە پشت پرۆژەکە بێت، ئیمارات پێشنیاری کردووە

> لە نزیک مەودادا کۆدەنگیی ناوچەکە بۆ پرۆژەکە لە نێوان موستەحیل و پێکنەهاتندا دەبێت

پرۆژەی وەبەرهێنان بە بڕی ٢٠ ملیار دۆلار لە هەر ٣ وڵاتی میسر و سوودان و ئەسیوپیا ئەنجام بدات لە پێناو ئارامیی ناوچەکە و نەمانی ئەو ئاڵۆزییەی کە لە ئەنجامی تەواوبوونی بەنداوەکە دروست دەبێت.

٧- خاڵێکی تری ڕاگەیانراوی نێوان ئیمارات و ئیسرائیل هاوکاری نێوان «ADNOC ئەدنۆکو نوسینگەی ئیسرائیلی بۆ وزەیە».

لە ساڵی ٢٠٢١ ئاژانسی ئەمریکی AP دەڵێت ڕێککەوتنێکی نهێنی هەیە لە نێوان ئیمارات و ئیسرائیل بۆ دروستکردنی هێڵێکی نەوتی لە نێوان بەندەری ئیلاتی ئیسرائیلی بۆ دەریای سوور.

٨- ڕۆڵی وڵاتی سعودیە لە ڕووی جیۆلۆجی و جوگرافی لە پرۆژەی ئیبراهیمی زۆر گەورە و کاریگەرە کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا کۆی بکەینەوە:

أ- شوێنی ناوەندی سعودیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە خاڵی بەیەکگەیاندنی جوگرافی لە نێوان وڵاتانی کەنداو بۆ سوریا و باکووری ئەفریقایە.

ب- هەڵکەوتەی وڵاتی سعودیە کە دەکەوێتە

> پرۆژەی ئیبراهیمی تەنها لە چوارچێوەی ئاساییکرانەوەی سیاسی لەنێوان ئیسرائیل و وڵاتانی پرۆژەکە ناوەستێت

ڕێــڕەوی داود ڕێڕەوێکــی گــەورەی ئــاوی و وشــکانییە کــە لــە هینــدەوە دەســت پــێ دەکات بــۆ وڵاتانــی کەنــداو و ئیســرائیــل بــەرەو وڵاتانــی ئەوڕوپــا کــە ڕاســتەوخۆ بــە وڵاتــی ســعودیەدا تێپــەڕ دەبێــت

ڕۆژهەڵاتــی دەریــای ســوور و هەروەهــا ڕۆژهەڵاتــی کەنــداوی عەرەبــی، کــە ڕاســتەوخۆ کاریگــەری دەبێــت بــۆ پرۆژەکانــی گواســتنەوەی وزە و بازرگانی بــۆ وڵاتــی ئیســرائیــل، بــۆ نموونــە پێشــنیاری پرۆژەیــەک هەیــە هێڵــی ئاســنین لــە نێــوان ئیسرائیل و ئــەردەن و ســعودیە و ئیــمارات ئەنجــام بدرێــت.

ج- ســعودیە خــاوەن ســامانی گەورەیــە لــە کانــزای ژێــر زەوی و ســەر زەوی لەوانــە بــەردی دەگمــەن و نــەوت و ســامانی ڕانەگەیەنــراو لــە کانــزای گرانبەهــا، هەروەهــا زەوی فراوانــی هەیــە بــۆ بەرهەمهێنانــی وزەی خــۆر.

د- دەزگای ڕووپێــوی جیۆلۆجــی ســعودیە خاوەن خیبرەی زۆرن لــە ڕووپێــوی پێکهاتــەی جیۆلۆجــی زەوی کــە دەتوانرێــت پشــتی پــێ ببەســترێت بــە مەبەســتی دۆزینــەوەی زیاتــری ســامانی کانزایــی و (وزەی گــەرمــی زەوی)، هەروەهــا دیاریکردنــی ســامانی ئــاوی ژێــر زەوی.

هــ- پــرۆژەی ئیبراهیمــی تەنهــا لــە چوارچێــوەی ئاســاییکرانەوەی سیاســی لەنێــوان ئیسرائیــل و وڵاتانــی پرۆژەکــە ناوەســتێت، بەڵکــو زۆر بــواری تر دەگرێتــەوە، لەوانــە پرۆژەی بەســتنەوەی ئــاو و کارەبا لــە نێــوان ئیسرائیــل و وڵاتانــی کەنــداودا، هەروەهــا پرۆژەکانــی ئاسایشــی خۆراک کە پشــت دەبەســتێت بــە لێکۆڵینــەوەی جیۆلۆجــی بــۆ ئــاوی ژێــر زەوی و دیاریکردنــی زەوییــە کشــتوکاڵییەکان، کــە ئەمــەش ڕاســتەوخۆ پشــت دەبەســتێت بە زانستی جیۆلۆجی.

ڕێــڕەوی داود ڕێڕەوێکــی گــەورەی ئــاوی و وشــکانییە کــە لــە هینــدەوە دەســت پــێ دەکات بــۆ وڵاتانــی کەنــداو و ئیسرائیــل بــەرەو وڵاتانــی ئەوڕوپــا کــە ڕاســتەوخۆ بــە وڵاتــی ســعودیەدا تێپــەڕ دەبێــت.

سەرچاوەکان:
- ماڵپەڕی اخبار العرب، لینکی بابەت:
Arab News | Worldwide News, Latest Breaking News & Updates https://share.google/GX57XcZ013vOSdHRT.
- ماڵپــەڕی معهــد دول الخليــج العربيــة، لینکــی بابــەت:
As Gulf states reconcile fossil-fuel dependency with a transition to low-carbon energy systems, success will depend on their ability to integrate technology, carve out strategic market positions, and… |Arab Gulf States Institute https://share.google/c5EWt82hb29521CmF.

پرۆفایل...

پارێزەر تەحسینی شێخ جەواد
- بەکالۆریۆس لەیاسا، زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی.
- چاودێری سیاسی، شارەزای یاسای نێودەوڵەتی.
- ئارەزوومەنــدی بــواری زانســتی گەردووناســی زیاتــر لەبیســت ســاڵ.

بابەتی
گشتی

بایەخی ئاین بۆ بەمرۆڤکردنی مرۆڤ:

ئایا مرۆڤایەتی ئاینی دروستکردووە یان ئاین مرۆڤی دروستکردووە و لە بە ئاژەڵبوون پاراستوویەتی؟

ئا: بەشی توێژینەوەی سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە

مـرۆڤ چـۆن لـە ئاژەڵێکـی لێـڕەوارەوە بـوو بـە بوونەوەرێکـی بـاوەڕدار؟ چـۆن ئایـن بەهـا و پیـرۆزی وهـۆش و نووسـین و حەوانـەوەی ڕۆحـی و عەقڵـی و دەروونـی دایـە مـرۆڤ؟ وە چـۆن مـرۆڤ بـێ ئایـن هـەر چەنـد زانـاش بـێ هەمیشـە لەتـرس و دڵەڕاوکێـدا دەژیـت؟ تـرس لـە مـردن و لـە بۆشـایی، لـە پێشـکەوتن و دۆزینـەوە زانسـتییەکان. ئایـا جیـاوازی ئـەو مرۆڤـەی ئەشـکەوت کەلـە هـەور و بـا دەترسـا چییـە لەگـەڵ ئـەو زانـا فیزیاییـەی لـە بوونـەوەری ئاسـمانی و بەریەککەوتنـی ئەسـتێرە و کلکـدار و کارەسـاتی سروشـتی دەترسـێ و سـاڵانە بەترلیۆنـان دۆلار بـۆ بەرگرتـن لـەو ئەگـەرە وەهمییانـە خـەرج دەکـرێ؟ بـەڵام بـاوەڕدار هەمـوو شـتێک بـە چـاوی ڕۆح و پاکییـەوە دەبینێـت: مەینەتـی و ناخۆشـییەکان بەخـەڵات دەزانـێ. مـرۆڤ بوونەوەرێکـی ئاڵـۆزە، ئاوەدانکەرەوەیـە کـە ئەرکێکـی گـەورەی لەئەسـتۆیە. ئـەم تێڕوانینـە بەدرێژایـی هـەزاران سـاڵ گـەل و ئاینـەکان هەموویـان خۆیـان پـاڵ داوەتـە لای پیرۆزتریـن خواوەنـدەکان و هەرگیـز پێیـان وانەبـووە کـە مرۆڤایەتـی نیمچەخـوا لەسـەرەتاوە لـە مێروولـە و ڤایـرۆس و خشـۆکەکانەوە پـەرەی سـەندووە. بـەڵام هەندێـک لەوانـەی کـە پێیـان وایـە کـە مـرۆڤ سـەرەتا گیانەوەرێـک بـووە و دواتـر بـازی داوە و ماشـێنی سروشـت بەدەسـتی چەپـی ڕێکـەوت ئـەو مرۆڤـە نیمچـە دەستەوەسـتانەی هەڵبـژارد بەسـەر ئـەو هەمـوو گیانـەوەر و ئاژەڵانـە کـە زۆربەیـان لەمـرۆڤ بەتواناتـرن.

ئەو تایبەتمەندیانەی هەموو ئاینەکان تیایدا هاوبەشن:

یەکـەم: هەموو ئاینـە دێرینەکانی میسر و عێراق و هیند و ئەمریکییە ڕەسـەنەکان دەڵێن ئەم بوونەوەرە لە یەک سـەرچاوەوە دەرچووە کەئەوسـەرچاوەی کەئەم بوونـەوەرەی لێـوە دەرچووە دروسـتکراو (مخلـوق) نییـە، بەڵکـو ئەزەلـی و هەمیشـەییە، لەدەقەکانـی هەڕەمـی تیتـی لـە سـاڵی ٢٣٠٠ پ ز هاتـووە» لەسـەرەتادا تەنیـا زەریای ئەزەلی (نـون) هەبوو... لەو زەریـا ئەزەلییـە ڕەع بێ دایک و بـاوک لەدایک بوو. لە داسـتانی ئینوما ئیلیـش» (٢٠٠٠ پ ز) دەڵێ: «کاتێ لەبەرزیدا کـە هێشـتا ئاسـمان ناویشـی نەبـوو، وە

له نزمیشدا زەوییەک بوون وباسی نەبوو تەنها ئابسوی ئاوی یەکەم هەبوو، تیاماتی (بۆشایی) خێزانی هەبوو تێکەڵاوبوون و بوونەیەک، دواتر خواکان لەم بوونەوەرە لەدایک بوون... لەو ئەزەلییە خواکان ئینلیل و ئان و ئانکی و ئاتوم هاتن، ئەمانە هەم خواوەند و هەم دیاردەش بوون، دواتر هەر لەو ئاوە ئەزەلییە مەردئۆتۆ (مەردۆخ لای بابلییەکان) زەوی و ئاسمان و چیا و دارودرەخت و مرۆڤی لێ دروستکرد، لێرەش توخمە ئەزەلییەکە پەرژاوە، بۆیە لەم کارە گوترا بوونەوەریش هەمیشەییە. لە ئاینی هندۆسی لە تەرنیمەی (الماندالا ١٠، ١٥٠٠ پ ز)دەڵێ « لەسەرەتادا نەبوونەوەر هەبوو نە نەبوونی عەدەم، بەڵام تاقانەی ڕۆحی هەرەمەزن هەبوو، ئەو هەناسەی دەدا بەبێ ئەوەی هەوایەک هەبێ.. لە شارستانی مایا لە کتێبی بوبول فوە» کە لەساڵی ١٥٥٠ز ئیسپانییەکان دۆزیانەوە دەڵێ: هەر یەک لە ئاسمان و زەوی هەردووکیان لەتاریکیدا بوون، هێشتا نە دەریای مەنگ نەئاسمانی فراوان هەبوو، تەنها بەدیهێنەری دروستکەر بوونی هەبوو. مێژوونووس میرسیا ئیلیادە پێی وایە کە بوونی تاقانەیەکی ئەزەلی ڕەسەن وەک بەندەرێکە کە کەشتی بیروهۆشی مرۆڤ بێ بوونی ئەو بەندەرە تێک دەشکێ، بۆیە دەبێ سەرچاوەی بوونەوەر بوونێکی دروستنەکراو و ئەزەلی بێت. ئەفسانەکان هەمیشە لەسەرەتای پەیدابوونی گەردوون دەدوێن لەو کاتەی کەهێشتا فرەیی خواوەندەکان بوونی نەبوو، بەڵام دواتر فرەیی بەهۆی زۆربوونی زمانەکان و بەدرێژی سەردەم و زۆری شوێنەکان لەدایک بوون، جا ئەم فرەخوایانە چ وەرگێڕدراو و تەرجومەی یەک خوا بن، بۆ ئەو هەموو زمانە زۆرانە لەو هەموو سەردەمانە و کیشوەرانە، یا بەهۆی ئەوە بێ کە لەو جیهانە یەکەمە ئەزەلییە چەند بوونەوەرێکی فرە دروستکران، چونکە هەڵسوڕاندنی گەردوون بێ بوونی ئەم فرەییە ئاوەدان نەدەبووەوە. جیاوازی ئاینە ئیبراهیمییەکان و ئاینەکانی تر ئەوەیە کە لای ئەوان خوا بوونەوەر لەنەبوونەوە دروست دەکات، بەڵام لەئاینەکانی تردا بوونەوەرە ئەزەلییەکە لەبەشێک لەخۆی بوونەوەر پێک دێنێ. هەڵبەت لەئاینە ئیبراهیمییەکانیش خوای ئەزەلی بۆ دروستکردنی بوونەوەر بە وشەکانی دروست دەکا و فریشتەکان و مرۆڤیش بە فو هەناسە و ڕۆحی خوا زیندوو دەبن و کەواتە لای وانیش بەشێک لەئەزەلییەت کە ئەمر و کەلام و فەرموودەی خوایە تێکەڵی بوونەوەر دەبێ هەر بۆیە ئەم ئاوێتەی ڕۆح و لاشە و لاهوت و ناسوتە لای ئاینە یەکتاپەرستییەکانیش کێشەی گەورەی دروستکردووە، وەک لەمەسیحیدا مەسیح بۆیە پەرستراوە چونکە ڕۆح و وشەیە، وە لەئیسلامدا کێشەی ئایە قورئان و پەیامی پێغەمبەران و ئەو زمانەی پێی هاتوون مەخلوقە یان ئەزەلییە؟

خودا خودێکی تەنهایە و چەندین ئیسمی هەیە کە ئەو ئیسمانە ئەزەلین لای هەندێک و لای موعتەزیلەکان تەنیا زاتی خودا ئەزەلییە و ئەو ئیسمانە دروستکراون، بەمەش دەڵێن توحید الله.

یەکێک لە بنەما هەستیار و مەترسییەکان بابەتی هەمیشە بوون و ئەزەلییەتی ماددە و بوونەوەرە، کە مولحیدەکان ئەم جیهانبینییە بەبناغەی تێڕوانینی خۆیان دەزانن. چونکە ئەم بنەمایە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ هەر ئاینێک، مادام بوونەوەر بێ سەرەتا بێ کەواتە خوا دروستی نەکردووە، ئەی کەواتە مرۆڤ چ پێویستی بەخوایە؟ بیرمەندانی گریک بەشێک لە ماددەیان

بەئەزەلی زانیوە. ئەپیکوور: بڕوای وابوو گەردوون هەمیشە هەبووە، ئەرەستو دەیگوت (هیولی) واتە مادده هەمیشەییە. بەڵام ئەفلاتون پێی وابوو جیهانی باڵا جیهانێکی سەربەخۆیە و میتافیزیکەو چەندان وێنەی نموونەیی بێ سنووره و بوونی هەیە، وە ئەم جیهانەی مرۆڤایەتی تێیدا دەژین تەنیا سێبەر و ڕەنگدانەوەیەکی وێنە بێ سنوورەکانی ئەو جیهانە باڵایەن. وە هیچ جۆرێک لەو جیهانە باڵایە نەهاتۆتە ئەم جیهانەوە، وەک چۆن هیچ بەشێکی لاشە و ئەندامەکانی پەیکەرتاش تێکەڵی پەیکەرەکەی نابن بەهەمان شێوە هیچ بەشێکی جیهانی باڵاش تێکەڵی ئەم پەیکەرە سێبەرییەی ئەم جیهانە ماددییە نەبووە.

ئەوانەی باوەڕیان بە ماددەیەکی ئەزەلی بوو، بەباوەڕدار و بێباوەڕەوە زۆر پێویستیان بەخوا نەبوو بۆ هەڵسوڕانی بوونەوەر چونکە هەریەکێک لەوان لەگەڵ خوا بەشێک لە ماددەی بەئەزەلی دەزانی و پێشی وابوو کەجیهان لەو بەشە مادده ئەزەلییە دروستبووە. لەکۆتاییدا بەهۆی ئەم کێبەرێیەی ئەم بەشە ئەزەلییانە سۆفستایی و بێهودەیی و پووچگەرایی دروست بوو، ئەم دۆخەش سەری کێشا بۆ کەوتنی یۆنان، وە کاتێ ڕۆمانیش تووشی هەمان دەرد بوون بەهۆی ئاینی مەسیح هەڵسانەوە. هەر بەهەمان شێوە لەکاتی دەسگرتن بەبەڕێ وشوێنە باڵاکانی زەردەشتی هەخامەنشینەکان توانیان لەهیندستان تا میسر بخەنە ژێر دەستیانەوە، بەڵام کاتێ مانی و مەزدەک هاتن و ڕوویان لە ئیلحاد کرد شارستانی ئێران ڕوخا ،وە هۆی ڕووخانی شارستانی عەباسی بڵاوبوونەوەی حەشاشی و باتنی و قەرامیتەکان بوو وە داڕووخانی فەڕەنسیەکان و عوسمانییەکانیش

ئەلێکساندەر ڤیلێنکین دەڵێ «زاناکان چیتر ناتوانن لە دوای گەردوونێکی بێسەرەتاوە خۆیان بشارنەوە، هیچ چارەیەکیان نەماوە دەبێ دان بەبوونی سەرەتایەک بۆگەردون دابنێن

بێهودەیی داروینییەکان بوو. دوای شۆڕشی فەڕەنسا زانست جێگەی ئاینی گرتەوە، نیوتن باوەڕی هەبوو، بەڵام پێی وابوو خودا تەنیا دروستکەرە، نەک بەڕێوەبەر، ئەو لە فەیلەسوفە ربوبییەکان بوو کە بەناوی ئیمانەوە ئیلحادیان هێنا. هەڵبەت لەناو فەلسەفەی ئیسلامیشدا ئەبوحامیدی غەزالی بۆیە خەمی هەرە گەورەی بەربەرەکانی بیرۆکەی ئەزەلیەتی جیهانە، چونکە ئەگەر گەردوونت بەئەزەلی زانی کارێک بۆ خوا نامێنێتەوە و بوون و نەبوونی وەک یەکە، لەو کاتە کە خوا نەشبێ ئەو بەشە ئەزەلییەی باوەڕت پێیە بوونەوەرێک هەرپێک دێنێ. لە ساڵانی ١٩٢٠وە، زاناکان بەڵگەی زانستییان دۆزییەوە، سەلماندیان کە بیردۆزی ئەزەلییەتی گەردوون و مادده و تەنانەت بۆشایی و وزە و کاتیش ئەفسانەیە و هەموو شتەکان لەنەبوونەوە هاتوونەبوون، ستێفن هۆکینگ دەڵێت: «زۆر کەس خۆشیان لەوە نایە کە گەردوون سەرەتای هەبێت، چونکە ئەمە واتای بوونی هۆکارێکی میتافیزیک دەگەیەنێت بۆ دروست بوون. سۆڤیەتییەکان کە سەربازگەی ئیلحاد بوون دانیان پێدا نەنا و پێیان وابوو تیۆری تەقینەوە گەورەکە «چیرۆکی منداڵانە»

و ڕیسی ئیلحاد دەکاتەوە خوری.

ئەلێکساندەر ڤیلێنکین دەڵێ «زاناکان چیتر ناتوانن لە دوای گەردوونێکی بێسەرەتاوە خۆیان بشارنەوە، هیچ چارەیەکیان نەماوە دەبێ دان بەبوونی سەرەتایەک بۆگەردون دابنێن. مولحیدەکان هیچ کێشەیەکیان نەبوو بەباوەڕهێنان بە زانستی بوونی گەردوونی ئەزەلی، بەڵام کاتێ زانست پێی گوتن گەردوون و بوونەوەر ناکرێ ئەزەلی بێ ، ئەوان مێنگەمینگیان پێکەوت، نایانەوێ دان بە زانستی بوونی خوایەکی ئەزەلی دابنێن. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ یەکتاپەرستی بەو واتایەی کە تەنها یەک بوونی ئەزەلی لەجیهاندا هەیە و ئەم جیهانە بەو فرەییەی لەهەموو بوارەکان لەووەوە سەرچاوەی گرتووە کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات. بەڵام جیاوازی لە پێناسەی ئەو تاقانە ئەزەلییە ئەوە فۆلکلۆر و ڕۆشنبیری و ژینگە و جیاوازی زمانی میللەتان بەدرێژایی هەزاران ساڵ دروستی کردووە. بەڵام لێرەبیرۆکەی وحدة الوجود - لەبیرۆکە لەمێژینەکانە لە مێژووی بیروباوەڕدا بەچەندان شێوە ئەم هاوکێشەی شێوەندوە ، لای بەرهەمییەکان کاتێک دەگوترێ بوونی ڕەها تەنیا براهمایە و لەخودی گەردوونی ڕەنگی داوەتەوە، ئەم بیرۆکەیە لە هندۆسییەوە چۆتە ناو « تاوی و جینی و نێرفانای بوزی یۆنانی و لوغوسی ڕەواقییەکان و قەبالای جوولەکە و تیۆری فەیزی ئەفلۆتینی ئەسکەندەرانی و یەکێتی بوونی ئیبن عەرەبی و حەلاج و ئیبن سەبعین و نیقولاس کوزاني و سپێۆنزا و هیگل و شیلینگ ...ئەم بۆچوونە تاکە بیرۆکەیە کە بە یەکسانی لەهەموو ئەفسانە و ئاین و مەزهەب و فەلسەفە و ڕەوتە ڕۆشنبیری و زانستییەکانیش هەیە و، دواقۆناغی ئەم بیرۆکەیە وەک تیۆری «الکل المتصل، هەمووی پەیوەست بەیەکەوە « لە فیزیای کوانتەم دا ڕەنگی داوەتەوە. کەواتە ئەم بیرۆکەیە پێدەچێت زۆر لەبەرهەمی و هیندۆسی کۆنتر بێ، بەڵام بەرهەمییەکان کردیانە ڕۆشنبیری و بوزا کردیە تیۆرێکی هەستەوەری و تەسەوفی ئیسلامی کردیانە بەشێک لە ئاین و سپینزا و هیگل کردیانە پرۆسەیەکی عەقڵی و فکر و فیزیای کوانتەمیش دەیەوێ بیکاتە تیۆرێکی زانستی. ئەم ڕەوتە پێیان وایە خودا و گە ردوون یەکێکن .

دووەم: فریشتەکان،ڕوحانیە ئاسمانییەکان لای هەندێکیش کردوویانەتە فرە خواوەندی، فرەخاوەنی پەیدا بووە کەسەری کێشاوە بۆ ئەوەی هەندێ ئەمە بە بنچینەی ئاین بزانن و بڵێن سەرەتا مرۆڤایەتی چەند خوایەکی پەرستووە کە ئەمە لەڕاستی بەدوورە.

لەهەموو سەردەمەکان لە هەر شارستانییەک خواوەندێک گەورە و ئەوانی تر بەردەستی بوون، بۆ نموونە لە میسر:

١- لە سەردەمی پێش بنەماڵەکان (٥٥٠٠-٣١٠٠ پ ز.) خواوەندی گەورە لە میسر (ست)، بووە، هاوماناشیان کردووە بە بەعل، کەواتە ست ئێستا لە میسر بەو وەستا دەگوترێ و سەید و سەرۆک دەگەیەنێ، کەئێستاش سەید یەکێکە لەناوەکانی خوا. دەکرێ ناوی تری بچوکتر کەلەو هەزاران ساڵە هەبوون هەموو لەژێر دەستی ئەو سەید و سەروەرە بوون دەکرێت بە فریشتەیان بچوێنین کە هەر یەکەیان دیاردەیەکی پێ سپێراوە، یان ناوی تری خوا بن کە ئاشکرایە خوایەک ناوی نییە.

لە سەردەمی دەوڵەتی دێرین لە ٣٠٠٠-٢٠٠٠ پ ز ڕەع ناوی خوای بوونەوەران بوو ئەمیش

بەواتای خۆر و درەوشانەوە واتا کراوە، بەڵام ڕێگر نییە کە هەر بەڕاعی و چاودێر و شوان لێک بدرێتەوە، چونکە کاتێ چاوی خۆری شوان بزر دەبێ گورگی تاریکی هێرش دێنێ. وە پیشەی ڕاعی و سەرپەرشتیار هەر هەمان هاومانای سەید و سەروەرە و لە ئێستاشدا ناوەکانی رقیب و حافظ و حفیظ و صاحب و ملك و شهید و بصیر کە لە ناوەکانی خوان، هەموویان واتای رعایەت و چاودێری و سەرپەرشتی دەگەیەنن.

٢-لەسەردەمی ٢٠٠٠-١٠٠٠ پ ز ناوی ئاموون و پاشان ئاموون ڕەع بۆ خوا بەکار هات کە واتای شاراوەی نهێنی زانی درەوشاوە دەگەیەنێ، بەڵام هەر ئەم شاراوەیە ئەمن و ئاسایش و چاودێری و ئاگاداری بۆ بوون دەستەبەر دەکا، ئەمینی ڕاعی لەو دوو هەزار ساڵە پەرستراوە کە هەر یەک لە ئیبراهیم و دواتر یوسف و یەعقوب لەمیسر بوون، ئەمەش دەری دەخا ئەم شێوە خوا پەرستییە لای ئەوانیش ڕەتکراوە نەبووە. دەبینین کاتێ گریکەکان و ئەسکەندەر دێتە میسر لە ٣٠٠ پ ز ناوی ئیزیس کە بەواتای خاتوون و سەیدە و خانم و شاژنی دایک و شاژنی خاوەن تەخت هاتووە ، ئەم ئێزیسە هەر لەگەشەسەندن دابوو لەمیسر چووە یۆنان و ڕۆمان و بووە ئەفرۆدیت و پاریس و ئەسینا و تا دواجار لە مەسیحییەتدا بووە مریەمی پاکیزە ،عێراقیش بەهەمان شێوە ئان کەئاسمان و دەفری گەردوونە ئینلیل، لوئلوئو درەوشاوە و مرواری ئاسمان و بۆشاییە، خوای هەرە گەورەیە لەهەزاران ساڵی سۆمەرییەکان. پاشان لەسەردەمی ئەکەد و بابل مەردۆک یان ئۆتۆ، عەتا و هەتاو هاتوو و بەخشش و عطاء لەخۆرەوە جێی دەگرێتەوە، کە دیسان هەریەک لەناوەکانی بەخشەر معطي و وهاب لەناوەکانی خوان.

بەم شێکردنەوەیە دەردەکەوێ کە زۆرجاران بەهۆی خراپ تێگەیشتن و شیکردنەوە بۆ واتا و ناوەکان لێکدانەوەی هەڵەکراوە و هەر لەبەر ئەوەی شەپۆلی بێباوەڕی دەیەوێ ئەوە بکاتە بەڵگەنەویست و حاشاهەڵنەگر کە مرۆڤ بە گومڕایی و بێباوەڕی هەزاران ساڵ ژیاوە و پاشان وردەوردە ئاینی تاقانە پەرستی داهێناوە. کە لەڕاستیدا ئەمە خواستی شەپۆلی ئیلحادی ئەوروپایە کەدەیەوێ لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەی بکاتە تاکە ڕاستی زانستی و هەر ڕاوبۆچوونێکی پێچەوانەی ئەوەش بە ئەفسانە و خەیاڵ و درۆ لەقەڵەم بدات. لەم شیکارانە بۆمان دەرکەوت کەزۆرجار فرەیی ناوەکان بۆ خوا لەو سەردەمە درێژە دێرینانە هەموو جار واتای شیرک و هاوبەشیدانان ناگەیەنێ، بەڵکو زۆر جار ئاماژەن بۆفرەناوی خوا کە لەهەموو ئاینەکان هەیە، یان ئاماژەن بۆ ناوی فریشتە و بوونەوەرە ڕۆحانییەکان کە ئەوانیش لەهەموو ئاینەکان هەیە. یان زۆربوونی زمانەکان لەو سەردەمە درێژانەدا پێویست دەکا ناوەکان وەر بگێڕدرێن بۆهەموو زمانەکان ئەمە لەئێستاشدا هەیە ئەوەتا ئێمەش الله مان گۆڕیوە بۆ خوا و رب مان گۆڕیوە بۆ پەروەردگار و...هتد. وە دەبینین کە الله و اللهم لە ئیلۆهیم ی عبری و ئیلۆهیم لە ئینلیلی سۆمەری وەرگیراوە.

٣- باوەڕبوون بەو ناوەندگیرانەی دەبنە پردی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وخوا کە

لەئاینەکان پێغەمبەران و شارەزایان وحەواری و زاناکان بەو نێوەندگیرانە دانراون، لەهەموو ئاینەکانی سەرزەویش کاهین وعەراف و لێکدەرەوە و ساحیر و حاخام و شارەزاکان و شامانەکان هەر لەکۆنەوە ئەم کارەیان کردووە .

بەهۆی باوەڕبوون بەم بنەمایە زۆر جار زیادەڕەوی کراوە و زۆربەی ئاینەکان ئەو ناوەندگیرانەیان لەپیرۆزیدا گەیاندۆتە ڕادەی پەرستن و کردوویانە سێبەری خوا و بیروبۆچوونی حلول و ئاوێتەبوونی خوا بەو پیرۆزانە هاتۆتە ئاراوە و کاهینەکان بوونەتە خاوەنی سەروماڵی میللەتەکانیان و خەڵکیان کردۆتە کۆیلەی خۆیان.

٤- پایەی چوارەم باوەڕبوون بەپەیام و تێکستە پیرۆزەکان، گشت ئاینەکان هەموو پیرۆزییەکانیان دەدەنە پاڵ ئاسمان، کەواتە ناتوانرێ بەهەندێ ئاین بگوترێ ئاسمانی و بەهەندێکی تر زەمینی. ئەوەتا هەموو ئاینەکان یاسا و تێکست و پەیام و شەریعەتەکانیان لەئاسمانەوە بۆ هاتووە و هەموویان داهێنراوی خواوەندی ئاسمانن.

کات و شوێن و پاشایەتی و فەرمانڕەوایی و مرۆڤیش لەئاسمانەوە دابەزیون. ناونانی هەندێک ئاین بەئاینی ئاسمانی و هەندێک بەئاینی زەمینیش بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسەکانی سەدەی حەڤدە و هەژدەیە و لەوەوپێش ئەم دابەشکردنە نەبوو.

٥- پایەی پێنجەم باوەڕبوون بەزیندووبوونەوە و ژیانی دوای مردن. لە میسر و عێراق و شام و هیند و چین و یۆنان و ئەمریکا زۆربەی ئاین و ئەفسانەکان باوەڕیان بە ژیانی هەتاهەتایی هەیە، جا هەندێکیان ناوی دەنێن مرۆڤ لەئەسڵدا بەشێک بووە لەخوا و لە کۆتاییشدا دەبێتەوە بەبەشێک لەخوا، ئەمە وەک نێرفانای بوزی و جانی و ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان، لە میسریش ئەم هەموو هەوڵانەی بۆ مۆمیاکردنی مردووان دراون هەر لەبەر ئەم باوەڕبوونە بووە. وە هەندێک جار دڵی مردووەکەیان پێواوە، چونکە کێشێکی تایبەتی هەبووە بۆ ئەوانەی شایانی ژیانی نەبڕاوەن.

٦- ڕوکنی شەشەم کە باوەڕبوونە بە بڕیار و ئەندازەگیری و چارەنووسی خێر و شەڕ و هەوڵدان بۆگرتنەبەری خێر و دوورکەوتنەوە لەشەڕ ئەم پایە هەم ئیسلام و هەم لەهەموو ئاینەکان هەموو ئەو پەرستش و قوربانی و نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و خۆڕازاندنەوانە بەرەوشت کە ئاینەکان بەپەسندیان زانیوە لەخۆ دەگرێ، چونکە هەمووی بۆ دوورکەوتنەوە لەقەدەری شەڕ و چوونە ناو قەدەری خێرە .

سەرەتایەکی هاوشێوە بەچەند گێڕانەوەیەکی جیاواز:

پێناسەکراوەکان هەمووهەریەک پێکهاتەن لای هەمووان بەڵام بەهۆی جیاوازی تێڕوانین و پێناسەکانەوە چەندین جیهانبینی جیاواز دامەزراون، کە دەتوانین لەم چەند شێوازە پوخت بکەینەوە:

١- زانستی سروشتی و مرۆییەکان. بەڵام ئەم بازنەیە هەموو زانست لەخۆی ناگرێ، چونکە ڕووپێو و پێوەر و ئەزموونەکانی لەدەروخولی مادده و جیهانی بەرهەستن و جیهانی ڕۆح و میتافیزیک نەک هەر زانست نییە، بەڵکو هەر بوونیشی نییە.

٢- جیهانبینی فەلسەفە: بەو ڕەوتە دەگوترێ کە نەپشت بەزانستی ئەزموونگەرایی بەرهەست

دەبەستێت نە بە وەحی و نیگای ڕۆحی و ئیلاهی، بەڵکو جیهانبینی فەلسەفی چەند دەرەنجامێکی هەڵێنجراوی عەقڵی و هزری و ئاوەز و ئەندێشەیی و خەیاڵی و وێناکردن و ئیلهامی و ئەفسانەئامێز و داهێنانێکی کاهینانەی جۆرێک لەئەزموونی ڕۆحی یان بانگەشەی زانستی لەدونیا و حاڵەتی فەنا و عیرفان و تەسەوف و کەشف و کەرامەتیکی خودی. خەیاڵ تاکە ڕێگایەکی گشتییە مرۆڤەکان هەموو دەتوانن خەیاڵ و ئەندێشە و دۆخی سۆفیایەتی و بیرکردنەوە و وێناکردن بکەن و هەموویان خەون و خۆزگە و ئیلهام و جۆرێک لە کەرامات و جادوویان هەبێت. بۆیە ئەم ڕێگایە وەک چوارچێوەیەکی گشتی هەزاران ئاینزا ی لەخۆگرتووە کە تا ئەمڕۆش هەر لەزۆر بووندان، بەڵام لێرەشدا فەلسەفەی ماتڕیالیزم فەلسەفەی ڕاستەقینە لە فەلسەفەی جیهانی بەردەست کورتهەڵدێنێ و پێی وایە هەر بنەمایەکی فەلسەفی پەلی هاویشتبێت بۆ جیهانی میتافیزیکیا ئەوە خەیاڵ و ئەفسانەیە.

زاراوەی غەنوسیزم (الغنوصية) وشەیەکی گریکییە کەواتای ناسین و زانین دەگەیەنێت و، مەبەستی لە زانین و ناسینی کەشف و پەردە لەسەرلاچوونی ڕۆشنبوونەوەیە کە خاوەنەکەی بەبێ بوونی هیچ بەڵگە و بیرکردنەوە و بوونی پێشەکی و دەرەنجامێکی هەوڵدان بۆ فێربوون هەموو ڕاستییەکان بزانێ بۆیە ئەم جیهانبینییە فەلسەفەیەکە پێی وایە ئاین پێویست بەبوونی ناکات، فەلسەفە بەسە بۆوەڵامدانەوەی پرسیارە نەمرەکانی مرۆڤایەتیی، ناونرانی ڕێبازی فەلسەفە بە ڕێبازێکی باتنی ناوەرەوونی و هەناوی چونکە فەلسەفە وا لە مرۆڤ دەکات بچێتەوە ناو ئەشکەوتەکەی خۆی و هەموو وەڵامە ئاڵۆزەکان بۆ خۆی دابڕێژێ و بیرکردنەوەی قوڵ و چوونەوە ناوخۆ بەتاکە ڕێگای گەیشتن بزانێ. ڕەوتی باتنی لەناو ئاینە ئیبراهیمییەکانیش ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە وە باوەڕیان وایە کە کۆمەڵێک لەزاناکانیان بەهۆی کەرامات و گەیشتن بەڕۆشنی دەروونی ئیشراق هەر ئەوان نهێنییەکان دەزانن و ئەوان لە وەحی و پێغەمبەران تێگەیشتووترن.

ئەبوحامیدی غەزالی (٥٠٥ک مردووە) دەڵێ: "باتنییەکان پێیان وایە کەهەموو ئاشکرایەکی قورئان نهێنییەکی هەیە، ئاشکراکە توێکڵە و نهێنییەکە کاکڵە، ئەو ڕووکەشە ئاشکرایەی ئیسلام باسی کردووە بۆ کەسە گەمژەکانە، بەڵام کاکڵە نهێنییەکان و ئاماژە شاراوەکان تەنیا کەسانی هۆشمەند و زیرەک پەی پێ دەبەن و کاکڵەکە مەبەستەکەیە، ئەو کاکڵەش بەهۆی ڕۆشنبوونەوەی دەروون (ئیشراق)ـەوە مرۆڤ دەیگاتێ بەخۆ زەحمەتدان و خۆدوارنین لە ئارەزووە ماددییەکان، وە کاتێ مرۆڤ بەو پلەیە گەیشت ڕاستی ڕەها بەسەر هۆشدا زاڵ دەبێ، وە ئەم پایەش پێویستی بە وەحی نییە، بەڵکو بەڕەبەنایەتی و خۆ ئازاردان دەبێ. ئەوان دەڵێن دەقەکان پێویستیان بە پەردە لە سەر هەڵماڵین هەیە نەک کار پێکردن و پێغەمبەر و یاوەرانی کە ئەو ڕووهەڵماڵینەیان نەکردووە، یان کردوویانە، بەڵام لەبەر خەڵکی ساویلکە ئاشکرایان نەکردووە تا خەڵکی بەنەزانی بمێننەوە و ئاپۆرای هەرەزۆری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کەخەریکی پاراستن و پەیڕەوکردن لەتوێکڵەکانی ئەو دەقانەن لەهەموو ئاینەکانی ئیبراهیمی (جوولەکە و سابیئی و مەسیحی و ئیسلام و پەیڕەوە تەقلیدییەکانی هیندۆسی و بوزی و...)، ئەوانە کۆمەڵگایەکی توێکڵی مردوون و هەر بەڕووکەش زیندوون. زۆرێک لەو باتنییانە باوەڕیان وایە کە بوونەوەر چەند ڕۆحێکی تێدایە کە ئەوڕۆحانە بە ژیانێک و دوو ژیان کۆڵ نادەن و مردنەکان وەک دەروازەیەکن بۆ گوازرانەوەی ڕۆح لە لاشەیەکەوە بۆ

لاشەیەکی تر، وە ئەم جیهانە هەر هەبووە و هەرواش دەبێ و زیندووبوونەوە کە ئاینەکان باسی دەکەن بریتییە لە گوازرانەوەی ڕۆحەکان بۆ ئەو لاشەیە و بوونەوەرە جیاوازانە ئەو ڕۆحانە کە ئەو هەموو لاشانە دەکەن وەک سزایەک بۆیان، چونکە لەژیاندا هیوا و ئاواتیان هەبوو، بەڵام ئەو ڕۆحانەی هیوا و ئاواتیان نامێنێ بەیەکجاری ئاوێتەی هیچ لاشەیەک نابن، ڕۆحەکان تا لەلاشەکان دابن واتە تەوبەیان لێ وەرنەگیراوە، وە کاتێ نەچوونە هیچ لاشەیەکەوە ئەوە گەیشتوونە نێرفانا و دەربازیان بووە. نێرفانا واتە کوژانەوە و دامرکانەوە و نەمانی هەموو هەست و هۆش و ئارەزووەکان و گەیشتن بە هەناسەنەدان.

لەو دۆخەدا پێویست نامێنێ ئەو ڕۆحە جارێکی تر تەناسوخی لاشەیەکی تر بێ، چونکە خواست و ئارەزووەکانی نەماون، وە لەگەڵ بەدیهێنەری بوونەوەر یەک دەگرێ، کە لەسەرەتاوە ڕۆح بەشێک بوو لەو بەدیهێنەرە. بۆیە خەڵکی هیندستان لاشەکان دەسووتێنن تاڕۆح بگەڕێتەوە جیهانی باڵا، وە پێیان وایە کە ئاگر تاکە توخمێکە کەدیاردەیەکی خوداییە.

پێناسەی ئاین لەچەند ڕەهەندێکەوە:

دین سستەمێکی ڕێکخراوە لە: بیروباوەڕ و کردار و جیهانبینی کە لە شێوەی چیرۆکی هێمایی تاکەکان و کۆمەڵگاکان وابەستەی خوا دەکات و هەواڵی سەرەتا و ئێستا و کۆتایی چارەنووسیش بەپەیڕەوانی دەڵێ.

دین بۆهەموو ڕەوشت و نەریت و کەلتوور و پەرستشێک چەند چیرۆکێکی هێمایی هەیە کە تیایاندا سەرەتا و ئێستا و پێش ژیان و ژیان و دوای مردنیش وابەستەی یەکتر دەکات .

پێناسەی ئاین بەگۆڕانی تێڕوانینەکان و تێپەڕینی قۆناغە مێژووییەکان و جیاوازی ژینگە و ڕۆشنبیرییەکان دەگۆڕێ ، بۆیە دەبێ بۆ سەردەمێک و ژینگەیەک چەندین پێناسەی جیاواز بۆ ئاین بخوێنینەوە.

- تێڕوانینی شارستانیەتەکانی پێش مێژوو بۆ ئاین: دیاردەی ئاینداری لەو کاتەدا بریتی بووە لە کۆمەڵێک تێڕوانین و هەڵسوکەوتی وابەستە بە دیاردەکانی سەروو سروشتەوە، ئەو دەرەنجامەش لە چەندین بەڵگەی چۆنێتی ڕێ و شوێنی ناشتنی مردووەکان و و هونەری هێماییدا خۆی دەنوێنێ.
- ئاین لە لای ئاینە ئیبراهیمییەکان: جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوە کە ئاین بریتییە لە بڕوابوون بەوەی ئەو بوونەوەرە تەنیا بەدیهێنەرێکی هەیە کە دروستی کردووە .
- شوێنەوارناسەکان: ئاین بریتییە لە چەند سیستەم و هەڵسوکەوتێک کە وابەستەیە بەچەند هێما و پەرستشێک، ئەم سیستەم و پەرستشانەش لەدەرەنجامی وردبوونەوە و توێژینەوە لە پاشماوە ماددییەکانی کۆمەڵگا کۆنەکان دادەڕێژرێت.
- لای فەیلەسوفەکان: کانت دەڵێ پێناسەی ئاین بریتییە لەوەی مرۆڤ دان بنێ بە هەموو ئەرکەکانی وەک فرمانێکی خوایی.

نینیان سمارت (١٩٢٧-٢٠٠١ز) دەڵێ: هەموو ئاینەکان بەحەوت ڕەهەند جیادەکرێنەوە و هەر ڕێبازێک ئەو حەوت ڕەهەندەی تێدا بن ئەوە بە یەکێک لە ئاینەکان دادەنرێ، ئەو ڕەهەندانەش بریتین لە ڕەهەندەکانی: (کرداری و دروشم و پەرستشەکان. ئەزموونی و سۆزداری. چیرۆکی موعجیزە ئامێز و نائاسایی. بیروباوەڕ و فەلسەفە. ڕەوشتی و ئاکاری و یاسادانان. کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی. ڕێکخستنی دارایی و ماڵی).

ئاین بایەخێکی زۆری هەبوو لەژیانی گەلانی دێریندا، زمانی ئاخاوتنی نێوان مرۆڤ و سروشت بوو، بنەما ئاینییەکان چوارچێوەی گشتی ئاکارەکانی مرۆڤەکانیان دیاریدەکرد، خو ونەریتەکانیان دادەڕشت، هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و هزرییەکانی کۆمەڵگا لەو چوارچێوەیەدا دیاری دەکران، هەر جوڵەیەک مرۆڤی کۆن کردبێتی ئاین کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەربووە.

ماکس موللر (١٨٢٣-١٩٠٠) دەڵێ: «ئاین هێزێکە لەهێزە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکی دەروونی مرۆڤایەتییە، هەتا مرۆڤ لەم بوارەدا قوڵتر بێتەوە باشتر دەرک بە نهێنییەکان دەکات و باشتر دەروونی بۆ تێگەیشتن لە جیهانی شاراوە ئامادە دەبێ، وە خواستی پەرستش خواستێکی زگماکە و لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا ئەویش وەک دیاردە سەری هەڵداوە».

بنیامین کوستان(١٧٦٧ - ١٨٣٠) دەڵێ: «ئاین یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کەزاڵە بەسەر مرۆڤایەتیدا و، هەستەوەری ئاینی بەردەوامە کەلەقوڵایی سروشتماندا ڕسکێنراوە و لێمان جیانابێتەوە، مەحاڵە وێنای چۆنێتی مرۆڤایەتی و مرۆڤبوونی داڕنراو لە هزری ئاینی بکەین، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئایندارە..

هنری بیریگسۆن ١٨٥٩-١٩٤١ دەڵێ: «.. دۆخەکەتان پێ چۆنە کە هەموو دیاردەێکی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی هەمووی فاکتەری ئاینی لە پشتە، ئێمە هەر لێکدانەوەێک بۆ ئاین بکەین و بڵێین دیاردەێکی کۆمەڵایەتییە، یان کۆمەڵگا دروستی کردووە، بەڵام ناتوانین لەو ڕاستییە ڕابکەین کە هەمیشە ئاین پێکهێنەری ئەرکی کۆمەڵایەتی بوون بووە و، ئەم ئەرکەش زۆر ئاڵۆزە و بە جیاوازی شوێن و کات ئەویش بەچەندین چەشن خۆی نمایش دەکات، لەو کۆمەڵگایانەی هاوشێوەی کۆمەڵگەی ئێستای ئەوڕوپا ئاین پاڵپشتی داخوازییەکانی کۆمەڵگایە، لەوەیە ئاین لەو سنوورە ناوەستێ، بەڵام بەلای کەمەوە ئێستا ئەو ئەرکەی بەتەواوی جێبەجێکردووە، لە هەموو زمانەکاندا وشەی بڕوابوون و ئیمان زۆر کۆنترە لە وشەی کوفر و بێباوەڕی، بگرە لەهەندێ زماندا وشەی کوفر بوونی نییە و دواتر زمانەوانەکان وشەیەکیان بۆ داتاشیوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەئەسڵ و ڕەسەنایەتی بڕوایە و بێبڕوایی لاڕێبوونە لەو ئەسڵە. سەیری ئەو سزایە بکەن کە کۆمەڵگا دەیسەپێنێ کەزۆر جار بەسەر بێتاواندا دەسەپێ، وە زۆر جار تاوانبار ڕزگاری دەبێ، وە کەم وا هەیە کە چاکەکاران لەناو کۆمەڵگادا هیچ پاداشتێکیان بدرێتەوە، چاوەکانی کۆمەڵگا زۆر لەبینیندا بەهێز نین و، تەرازووی دادی کۆمەڵایەتی زۆر هاوسەنگ نییە، ئالێرەدا ئاین دێ و چاوە کزەکانی کۆمەڵگا بۆ سزای تاوانبار و هاوسەنگکردنی تەرازووەکە ڕاست دەکاتەوە و ئەرکی خۆی بەجوانی بەجێدەگەیەنێ، بەدرێژایی مێژوو چەندین کۆمەڵگەی بێ زانست و هونەر و فەلسەفە هەبوون، بەلام هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤ بێ ئاین نەبووە.

بوونی ئەو هەموو تێکستە لەو هەموو بوارانەدا ئەوە دەگەیەنێت کە ئاین لەژیانی کۆمەڵگای کۆن زۆر قوڵ و کاریگەر بووە. لەگەڵ بوونی ئەم هەموو کەرەستە خاوەش لەبارەی ئاینی مرۆڤی کۆن، ئێمە تەنیا ئەو گۆشەیەمان دەست دەکەوێ کە گۆشەنیگای کاهین و پیاوانی ئاینییە بۆ ئاین، بەڵام تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ئاین نازانین، وە لەڕێی شوێنەوارەوە نازانین ئەو ئاینە چۆن دروست بووە لەسەرەتادا، بەیەکداچوونی زاراوە و ئاین و تێڕوانین و ڕاڤەی

گەل و نەتەوە و ژیارە دێرینەکان بۆ ئاین و دیاردە و ڕووداوە ئاینییەکان ئاستەنگێکی دیکەیە کە کاری توێژەر بەزەحمەت دەکا و زۆر بەزەحمەت ئەو هەموو بنچینە ئاینییە لێکجیادەکرێتەوە.

- زانایانی مرۆڤناسی دەڵێن ئاین دیاردەیێکی مرۆڤییە و لەو کاتەوەی مرۆڤ هەیە ئاینیش هەیە و هەرگیز مرۆڤی بێ ئاین نەبووە.

- کۆمەڵناسەکان ئاین بەدیاردەیێکی کۆمەڵایەتی دەزانن و دەڵێن لەوەتی مرۆڤ کۆمەڵگای دروست کردووە ئاینیش هەبووە.

- زانایانی زمانەوانی و ڕێزمان بەهۆی چۆنێتی داتاشرانی ناوی پەرستراو و خواکان دەیانەوێ چۆنێتی سەرەتا و دروستبوونی ئاین بزانن و ئاین بە ئاخاوتن و زمانەوە دەبەستنەوە و دەڵێن لەوەتی قسە و ناولێنان هەیە ئاینیش هەیە. دیارە ئەم سێ ڕوانگەیە تێڕوانینی جیاوازی هێناوەتە کایەوە. وە کەبۆ کۆمەڵناس و مێژووناسان دەرکەوتووە کەهەر خودی ئاینەکانیش بەتێپەڕینی چەند نەوە و لەچەند قۆناغێکدا نەشونمایان کردووە، جا بۆ ئەوەی بزانرێ ئاین لەسەرەتادا چۆن دروست بووە، دەبێ لەخودی ئاینەکە قوڵ ببینەوە تا هەر یەکە لەپێکهاتەکانی ئاینەکان بگەڕێنینەوە بۆ بنچینەی یەکەمی خۆیان.

- مروڤناسەکان دەڵێن ئاینی یەکەم پەرستنی ڕۆح بووە، مرۆڤە یەکەمەکان پێیان وابووە هەموو بوونەوەرێک لە زیندوو و ڕووەک و بێ گیان ڕۆحی هەیە، بۆیە مرۆڤ سەرەتا ڕۆحی مردووەکانی پەرست، پاشان دیاردەکانی سروشت چونکە پێی وابوو ڕۆحی ڕابردووان چۆتە ناو ئەو دیاردانە، دواتر پەیکەری بۆ ئەو دیاردانە تاشی و بتپەرستی دەرکەوت، دواتر لەبەر نادیاری ڕۆح وازی لە شتە دیارەکان هێنا و خواوەندی شاراوەی پەرست.

مەزهەبی ڕۆح پەرستی پێی وایە مادام ڕۆح بنچینەی ژیانە بۆیە بناغەی بوونە، دەگوترێ کە دامەزرێنەری ئەم ئاڕاستەیە زانای ئینگلیزی ئیدوارد تایلور(١٨٢٥-١٨٨٢) کە وەک پەرچەکرداری بیردۆزەی داروین ئەم ڕەوتەی دامەزراند. هەرچەندە ئاڕاستە و دیاردە و پەرستن و هاوارکردن لەڕۆحی باپیران زۆر لەتایلۆر کۆنترە، بەڵام کۆمەڵناسەکان کە ئاین بەدیاردێکی کۆمەڵایەتی دەزانن و دەڵێن لەوەتی مرۆڤ کۆمەڵگای دروست کردووە، ئاینیش هەبووە، ئەوان ئاڕاستەی تەوتەم پەرستییان دانا و دۆرکایم و ئۆگەست کۆنت ئەم ئاڕاستەیەیان گرتەبەر.

زانایانی زمانەوانی بە سروشت پەرستەکان ناسران، ئەمانە لەڕێگەی دیاردە سروشتییەکان ویستیان بگەنە دیاریکردنی ئاکاری خواوەندەکان، چونکە دەنگ و جووڵە پێش گیانەوەران لەسروشت وەرگیراوە و گیانەوەران چەند دەنگێکیان لەسروشت وەرگرتووە و مرۆڤیش ئەو دەنگ و جووڵانەی بە لاساییکردنەوەی سروشت و بوونەوەران لای خۆی کۆکردوونەتەوە. هەربۆیە پێیان وایە کە مرۆڤ کاتێ لە دەنگی هەور و بینینی بروسکە و زەمینلەرزە ترساوە لەبەر ئەوە قوربانی بۆ ئەو دیاردانە کردووە و لێیان پاڕاوەتەوە. تایبەتمەندی هاوبەشی ئەم سێ ڕەوتە جیاوازە لەوەدایە کە ئاینیش وەک ژیار و شارستانیەت و بژێوی و دۆخی کۆمەڵایەتی تیۆری پەرەسەندنی بەسەردا دەچەسپێ، ئاینداری مرۆڤی سەرەتا وەک تێڕوانینەکانی ساویلکانە و سادە بووە و ووردە ووردە بەرەو کامڵ بوون چووە، بۆیە هەرچەندە هەندێک لەو ڕەوتانە لەڕووکەشدا دژی بیردۆزی داروینیزم بوو بن، بەڵام لە ناواخندا هەمان ئەو بیردۆزەیان لەسەر بواری دینداری چەسپاندووە. ئەو بیرمەندانە پێیان وابووە کە ئاینداری دیاردەیەکە دەرەنجام و دەرهاویشتە و

دەق و تێکستە ئاینییەکان دەڵێن پێش بەدیهێنانی مرۆڤ لەناو فریشتە و جنەکان ئایینداری و پەرستش و ئاخاوتن و نووسینیش هەبووە

سەرخانی ئەو برە ڕۆشنبیرییە بووە لە کۆمەڵگای ئەو قۆناغە، بۆیە پێیان وانەبووە کە ئاین پێش کۆمەڵگاکەی کەوتبێ، بەڵام زۆر جار ئەو یاسا و ڕێسا و جیهانبینی و پێشبینی و دانایی‌ەی ئاین لەسەردەمە سەرەتاکان بە مرۆڤایەتی داوە کەزۆر لەو چوارچێوە ڕۆشنبیری و ئاستە زانستییە گەورەتر و فراوانتر بووە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێدا بووە. بەنموونە زمانەکان مشت و مڕێکی زۆریان لەسەرە کە چۆن مرۆڤ لە قۆناغی ئەشکەوتنشینی چەندان زمانی داهێناوە کەتەنانەت لەم سەردەمە پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیادا تازە ئەو گرامەر و ڕێزمان و ڕێسایانەی ئەو زمانانە دەرک پێدەکات و تا ئێستاش کۆمەڵگا هەرە پێشکەوتووەکان هەر خەریکی جەنگی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی و دەمارگیری ئەو زمان و نەتەوە و دەستەواژانەن کە باپیرە ئەشکەوتنشینەکانیان بۆیان هێناون و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن تەنیا دەتوانێ ببێتە دەفرێکی پارێزەری زمان و داهێنانی ئەشکەوتنشینەکان، بەڵام خۆی کەسێکی نەزۆکە و ناتوانێ زمان و نەتەوە بەرهەم بێنێ. هەڵبەت زۆرینەی زانایانی ئیسلام پێیان وایە کەزمانەکانیش وەک ئاینەکان بەوەحی هاتوون و دیاردەێکی مرۆڤ کرد نین و خوداکردن. بەڵام مرۆڤ وەک چۆن توانیویەتی لەپەراوێزی ئاینە ڕاستەکان ئاینی لارو ناتەواو دروست بکات، هەروەش توانیویەتی دەستکاری لە ڕەوتی شێوەزمان و وشەکانیشدا بکات.

کاریگەری مرۆڤ لە دروستکردن و داهێنانی زمان و ئاین وەک کاریگەری و دروستکردنی مرۆڤە لە شاخەکان و دەریا و زەریاکان، ئاشکرایە دەریا و زەریا و شاخ پێش بوونی مرۆڤ هەبوون بەڵام مرۆڤیش کە پەیدا بوون هەندێک تەپۆلکە و دەریاچە و بەنداو و زێ و ڕووباریان دامەزراندوون، ئایا دەبێ باوەڕ بەکەسێک بکەین مادام مرۆڤ توانیان دەریاچە و تەپۆلکە دروست بکەن کەواتە هەموو زنجیرە شاخ و زەریا و دەریاکان هەر مرۆڤ دروستی کردوون؟ بێگومان هەموو زانستەکان ئەو بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن دەریا و شاخ بەملیاران ساڵ لە مرۆڤ کۆنترن. کەواتە بوونی چەند دەسکاری و مەزهەبی ئاینی و زمانەوانیش نابێتە بەڵگە کە هەموو ئاینەکان و زمانەکان و نەتەوەکان هەموویان دەسکردی مرۆڤن، چونکە دەق و تێکستە ئاینییەکان دەڵێن پێش بەدیهێنانی مرۆڤ لەناو فریشتە و جنەکان ئایینداری و پەرستش و ئاخاوتن و نووسینیش هەبووە. ئەوەتا پەروەردگار بە قورئانی فەرمووە ڕۆح، بەجبریلی فەرمووە ڕۆحی قودس، چونکە زمانی زیندوو و کارا ڕۆحی کۆمەڵگایە، جا تا ئەو ڕۆحە بەرفراوانتر بێ ئەو کۆمەڵگا و نەتەوەیەش چالاکتر و بەجووڵەترن.

تەها باقر پێی وایە وێنەی ئاژەڵەکانی سەر دیواری ئەشکەوتەکان بە پاڵنەری سیحر و جادوو وێنا کراون، گوایە وێنەکێشانی ئەو ئاژەڵانە ڕاوکردنیان ئاسان دەکات و، پێی وایە سەرەتای ئاینی مرۆڤ جادوو بووە، جادووەکەش بۆ سەرکەوتن بووە بەسەر دیاردەکانی سروشت دا. چونکە کاتێ بۆ مرۆڤ دەرکەوتایە کە سیحر توانای بەزاندنی دیاردە سروشتییەکانی هەیە ئەو کاتە لەجیاتی دیاردە سروشتییەکان سیحری دەپەرست. ئەم بۆچوونەی باقر لەدوو ڕووەوە لاوازە.

لەو ڕووەوە کە جادوو تەلیسمەکان زۆر لەزانستە

مرۆڤایەتی و سروشتییەکان ئاڵۆزترن، ئەی چۆن ئەو مرۆڤە ساویلکە و دەستەوستانە کە نەیدەزانی دوو کۆ دوو دەکاتە چوار کەچی لەو هاوکێشە سیحرییانە کارامە بوو؟ لەڕاستیدا ئەوەی ئاینەکان گوتوویانە کەسیحر دیاردەیێکی مرۆڤکرد نییە و مرۆڤ لە دێو و عیفریتەکانەوە فێری سیحر بووە، زۆر ڕاستە. بەڵام ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دوای ئەوەی مرۆڤ گەیشتە ئەوەی کە بەسیحر و جادوو سروشت ڕام ناکرێ، بۆیە لەئەشکەوتی سیحر دەرکەوت و ڕووی لە پەرستگای سروشت کرد و سەرەتا بە سەردەمی بەردین و پاشان سەردەمی مس و ئاسنی دەست پێکرد و کاتێ دەرکی بەوە کرد کە گوێڕایەڵی سروشت دەرگای خۆشگوزەرانی لێدەکاتەوە هەوڵی دا کەئەو هێز و دیاردە سروشتییانە لەخۆی ڕازی بکات. ئەم بۆچوونەش دەتوانرێ تانەی ئەوەی لێ بدرێ کە مرۆڤ لەوەتی لەسەر زەوی هەیە چالاکترین کارەکتەری شڵقێنەری ڕووکاری مەنگ و هێمنی سروشتە و هەمیشە خەریکی گۆڕینی سروشتە بۆ بەرژەوەندی خۆی، ئەو گۆڕانکارییە گەورانەش کە مرۆڤ توانیویەتی لە چەند هەزار ساڵێک لەسروشت دا بیانکات بوونەوەری زۆر زەبەلاحتر و بەهێزتر لەمرۆڤ بەسەدان ملیۆن ساڵ لەگەڵ سروشت پێیان نەکراوە، ئیدی نازانین سروشتپەرستی مرۆڤ لە کوێدا ڕەنگی داوەتەوە؟ هەر لەم چوارچێوەیەشدا دەڵێن مرۆڤ بەپیتی زەوی و خواوەندی دایکی واتە زەوی پەرستووە و هەندێ بووکەڵەی لەسەر شێوەی ئافرەت کەلە چەرموو و حەسونە کۆنترین گوندەکانی سەردەمی بەردین دۆزراونەوە کە دەیانگێڕنەوە بۆساڵی ٦٧٥٠ پ ز کراونەتە بەڵگەی ئەو جۆرە پەرستشە. دۆزینەوەی بووکە شوشەی ژنێکی قەڵەوی مەمک گەورە کە دەگوترێ هێمایە بۆ پەرستنی خۆر، چونکە خۆر کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەگەشەکردنی کشتوکاڵ و دوای پەرستنی زەوی ئەویش پەرستراوی دووەم بووە، هەندێ پەیکەری تریش لەسەر شێوەی ئەندامی نێرینە دۆزراونەتەوە کە دەکرێ بگوترێ وەک هێمای بەپیتی پەرستراون. ئەم بۆچوونەش دیسان زۆر شیکارێکی لاوازە، چونکە مرۆڤ لەوەتی تەکنەلۆژیا هاتووە دەرکی بەوەکردووە کەخۆر سوودی بۆ کشتوکاڵ هەیەو پەرستنی گەلان بۆ خۆر کەئەوەی تەنیا یەک پاڵنەری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کەچاخی سەهۆڵ بەندان درێژەی کێشابێ و شەختە و بەند گەمارۆی مرۆڤی دابێ، بێگومان تاکە فریادڕەسیش بۆ مرۆڤ لەدژی شەختە و بەند تیشکی خۆرە.

بۆ وێنەکێشانی ژن و مێینەش هیچ پێویست ناکات پاڵنەری ئاینی و ڕۆحی هەبێ، بەڵکو وێنەکێشانی ژن و ئەندامە هەستیارەکانی ژن و پیاو هەرلە ئەشکەوتەوە تا ئەمڕۆ پاڵنەری ئارەزووی جنسی لە پشتە لەهەردوو ڕەگەزدا، سەیر ئەوەیە کە بۆ شێواندن و زەوتکردنی دانانی ئاین لە خوایەکی میتافیزیکی ئەودیو سروشت ئەو وێنە و پەیکەرە مێینە دەکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی کەبنچینەی ئاین مرۆڤکردە و لەخواوە نییە و بگرە خوا و بوونەوەرێکی میتافیزیک لای وان هەر بوونی نییە، کەچی بەهۆی دووڕوویی مرۆڤی مۆدێرن لە بانگەشەی ئەکادیمی بوون لەفرۆید قبوڵ دەکەن کە لەسەر ئەفسانەیەک کەلەگەڵ ژیانی سەردەمی ئۆدیب یش نایەتەوە گریمانە و تیۆرێک گەڵاڵە بکات بۆ سەرهەڵدانی ئاینەکانی مرۆڤایەتی، لەگەڵ ئەوەی کە هاوسەرگیری لەگەڵ دایک و خوشک لەمیسر کارێکی ئاسایی بوو، وە بەکۆیلە کردن و یەکتر نەناسینەوەش کارێکی ئاسایی بوو، وە یەکترکوشتنی برا و باوک و خوشک و دایک

> بۆ ئەو گریمانەیە لە فرۆید وەرگیرا کە ئاین بەهۆی سەرکوتکردنی جنسی و هەست بەتاوانکردنی مرۆڤ دروست بووە، بەڵام ئەو بووکە شووشەیەی حەسونە و چەرمۆ هەستی جنسی لەپشت نەبوو بەڵکو کرایە بەڵگە کە یەکەمجار مرۆڤ مێینەی پەرستووە و مرۆڤایەتی دایک و مێ سالاری بووە؟

لەنێوان خواکانیشدا هەبوو، مرۆڤیش لەوانەوە ڕەچاوی کرد، بەڵام بۆ ئەو گریمانەیە لە فرۆید وەرگیرا کە ئاین بەهۆی سەرکوتکردنی جنسی و هەست بەتاوانکردنی مرۆڤ دروست بووە، بەڵام ئەو بووکە شووشەیەی حەسونە و چەرمۆ هەستی جنسی لەپشت نەبوو بەڵکو کرایە بەڵگە کە یەکەمجار مرۆڤ مێینەی پەرستووە و مرۆڤایەتی دایک و مێ سالاری بووە؟ تالیس (٦٣٦ - ٥٤٦ پ ز) پێشەنگی ئەو فەیلەسوفانەیە کە هەوڵی داوە شرۆڤەی ڕووداوە سروشتییەکان بکات بێ باسکردنی هۆکارە میتافیزیکەکان، بۆ دیاردە سروشتییەکان. تالیس پێی وایە هەموو شتێك لەسروشتدا لە ماددەیەکی بنچینەیی پێکدێت و پێی وابوو کە بنچینەی هەموو شتێک ئاوە. هەر چەندە ئەم بۆچوونە لای سوکرات (٤٧٠ ٢٩٩ پ ز) و قوتابییەکانی بەو شێوەیە دژایەتییان لەگەڵ جیهانی میتافیزیک نەبوو، بگرە سوکرات دەڵێ ئەوەی دەیزانێ بە وەحی و نیگا لای خوا بۆی هاتووە کە

هاونیشتمانیانی وڵاتەکەی ئامۆژگاری بکات لە سەر چاکسازی .

هەر لە ڕۆژئاوا ژمارەیەك لە فەیلەسوف و زاناكان هەڵوێستی نکوڵیکردنیان لە بەهای ڕاستێتیی نەریتە ئاینییەکان گرت و هەڵوێستێکی نەیارانەیان بەرامبەر نەریتە ئاینییەکان وەرگرت. بەنموونە ئۆگەست کۆنت(١٧٩٨-١٨٥٨ز) وەسفی ئاین وەکو شتێك لە رابردوو دەکات، کە پێویست ناکات ئێستا هەبێت و فردریک نیتچە (١٨٤٤-١٩٠٠ز) کتێبێکی بە ناوی مردنی خودا داناوە، کە لە ئەنجامدا واتای مردنی نەریتە ئاینییەکان دەگەیەنێت. لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا بزاڤە ئەوروپییەکانی ڕۆشنگەری پێیان وابوو عەقڵی مرۆڤ تاکە هۆکارە بۆ زانینی ڕاستییەکان بەڕەهایی. کۆنت میتۆدی پێکەوەبەستنی بیرکردنەوەی لۆژیکی و ئەزموونی بەتاکە ڕێگای باوەڕپێکراو بۆ لێکدانەوەی ژیان و گەردوون دەزانێت و پێی وایە ڕێگای سروش و وەحی ریگایەکی ئەزموونی و سەلمێنراو نییە و شایەنی ئەوە نییە ببێتە سەرچاوەی مەعریفە، هەر بۆیە کۆنت پیشنیاری دانانی ئاینێکی مرۆڤکرد دەکات تاکو جێی ئەو ئاینانە بگرێتەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن لەڕێی وەحی بە مرۆڤ گەیشتوون. وە قوتابیە دڵسۆزەکەی داروین و کۆنت جۆلیان هکسلی (١٨٨٧-١٩٧٥ز) کتێبێکی نووسی بەناوی ئاین بەبێ وەحی و سروش و دەڵێ ئەو ئاینەی کە لەگەڵ سروشت و هۆشی مرۆڤ دێتەوە دەبێ ئاینێک بێ دوور بێ لە وەحی خوایی، چونکە دەبێ ئاینی مرۆڤ ئاینێکی واقعی بێت. دوای کۆنت و داروین، ڕەوتی دیالێکی ماتریالیزم و ماددیگەراییش لەو ڕێبازانە بوو کە کاڵای دژایەتی لەگەڵ میتافیزیکیا هەڵپێچا و کارل مارکس

(١٨١٨-١٨٨٣) ئاینی بە تریاکی گەلان لەقەڵەم دا. ماکس فیبەر (١٨٦٢-١٩٢٠ز) دەڵێ: سیکۆلاریزم ئامانجی ئەوەیە کە بەهۆی بێئومێدکردنی سروشت و پیسکردنی سیاسەت و هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیپی بەهاکانەوە مرۆڤایەتی لە بیروباوەڕە ئاینییەکان ڕزگار بکات. بەڵام لەدوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و بەهۆی ئەو هەموو نەهامەتیانەی کە میتۆدی عەقڵانی دوور لەوەحی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنا و بیردۆزی تەقینەوەی گەورەش جێی بە هەتاهەتایی مادده و شوێن و کات لەقکرد و تەنیا میتافیزیک بەهەتاهەتایی مایەوە، بۆیە جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ ڕۆحانییەت لای فەیلەسوفەکان گەڵاڵە بوو. هەرچەندە زانست لەهەموو بوارەکانی گەردووناسی و فیزیا و جوگرافیا و بایۆلۆژی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی پێزانینێکی زۆری لەبارەی چۆنێتی بەدیهاتنی مادده و وزە و شوێن و کات و بۆشایی و ئەستێرە و هەسارە و تۆخمەکان تاکو چۆنێتی پەیدابوونی ژیان و زیندەگی و لەوانەش پەیدابوونی مرۆڤ کەڵەکە کردووە، بەڵام ئەم پێزانینانە لەباتی هەڵبژاردن و بەرچاوی مرۆڤ ڕۆشنتر بکات زۆر ئاڵۆزتری کردووە. کاتێ زانست پێی وایە ژیان لەسادەیی بەرەو ئاڵۆزی پەرەی سەندووە، کەچی تێڕوانینی لاهوتی پێش ئاینەکان و هی ئاینەکانیش دەڵێن مرۆڤ بەتایبەتی خوا دروستی کردووە و لەئاسمانەوە بەتایبەتی هاتۆتە سەر زەوی و هۆش و بیر و پێکهاتەی مرۆڤ زادەی پەرەسەندنی ئەم زەوییە نییە، بگرە داستانە سۆمەری و ئەکەدییەکان دەڵێن مرۆڤ خوایەکی بۆ کراوەتە قوربانی، ئەنکی و کوڕەکەی مەرد ئۆتۆ (مەردۆخ) خوایەکی یاخییان بەناوی کنگۆ سەربڕیوە و گیان و لاشەی مرۆڤیان لێ دروست کردووە. کەواتە مرۆڤ بەشێکی خواوەندی تیایە و هەڵگری خێر و شەڕە. کە بەپێی بۆچوونی ئەمڕۆ باوەڕ بەو بۆچوونە بێنین دەبێ بڵێین بەدیهێنەری بوونەوەر وەک ترشەڵۆکێکی بۆماوە و (دی ئێن ئەیDNA) خانەیەکی تایبەتی مرۆڤی لەگەڵ شەپۆلێک یان نەیزەکێک لەبۆشاییەوە هاویشتۆتە سەر زەوی و مرۆڤ سەربەخۆ لەم ساتەوە پەیدا بووە.

ئاین لای کۆمەڵناس و دەروونناسەکان:

زانایانی بواری کۆمەڵایەتی هەرچی کۆمەڵایەتی و کاریگەر بێ بەکاری دێنن، ئەوان جیاوازی لەنێوان ڕۆح و وەحی و سیحر و جادوو و پێغەمبەرایەتی و کەهانەت و پێشگۆیی جادووگەران ناکەن و هەموو ئەو بابەتانە وەک بابەتێکی پاراسایکۆلۆژی پۆلێن دەکەن و پیاوانی ئاینی لەهەموو ئاینەکان لەکاهینی بابلی ومۆغی مەجوسی و شامانی بوزی و قەشەی جوولەکەو مەسیحی و مەلای مسوڵمان و فاڵچی و جادووگەرەکانیش هەموویان لەسەر ئەو سەکۆیە کۆدەکەنەوە. ئەنترۆپۆلۆژییەکان بۆ پێناسەی ئاین دەڵێن: ئاین «سیستمیکە بۆ هێما و بیروباوەڕەکان و شێوازەکانی ڕەفتار کە بەهۆیانەوە مرۆڤ کۆنترۆڵی ئەو شتانە دەکەن کە لەپشت کۆنترۆڵی ئەوانەوەیە. وە کۆمەڵناسی ئاینیی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە دروشمەکان و بونیادی کۆمەڵایەتی و باکگراوەندە مێژووییەکان و ڕۆڵی نەریتە ئاینییەکان لەکۆمەڵگەدا.

بەڵام دەبێ نکوڵی لەبوونی میتافیزیکی خوداوەندەکان بکات. جۆن هیك پێشنیاز دەکات کە خوداوەندەکان کەمرۆڤەکان دەیانپەرستن، بوونگەلێکی خەیاڵین بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە، لەلایەن کۆمەڵگەوە هەڵبەستراون. جیمس جورج فریزەر (١٨٥٤ ١٩٤١) پێی وایە سیحر و ئاین و ئەفسانە و دروشمە ئاینییەکان لە بنچینەدا بۆ

لەدوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و بەهۆی ئەو هەموو نەهامەتیانەی کە میتۆدی عەقلانی دوور لەوەحی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنا و بیردۆزی تەقینەوەی گەورەش جێی بە هەتاهەتایی مادده و شوێن و کات لەقکرد و تەنیا میتافیزیک بەهەتاهەتایی مایەوە، بۆیە جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ ڕۆحانییەت لای فەیلەسوفەکان گەلاڵە بوو

سەردەمی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ دەگەڕێنەوە لە چاخی پێش مێژوو، باوەڕیشی وایە گەشەکردنی عەقڵی مرۆڤایەتی بەسێ قوناغی سیحری سەرەتایی و ئاین و زانست تێپەڕیوە.

دیارە زۆربەی کۆمەڵناسەکانی سەدەی نۆزدە کاریگەری بیری شامانیە بوزییەکانیان لەسەر بووە کە پێیان وابوو هۆکاری سەرەکی کاریگەری ڕۆحی شەیتانی و ئاوێتەبوونی ڕۆحی بەد بە مرۆڤ بەهۆی لاوازی و متمانە لەدەستدانی ناو ناخی مرۆڤە کە بەو هۆیەوە هاوسەنگی مرۆڤ تێکدەچێ، هەرچەندە دەوروبەر متمانەیان بەو کەسە بێ ئەو کەسە لەناخدا ڕووخاوە، بۆیە کاری سەرەکی شامانییەکان گێڕانەوەی متمانەیە بۆ ئەو ناخە و، کاتێ متمانەی بۆ گەڕایەوە جێگایەک بۆ ڕۆحە بەدەکە نامێنێ، بەڵام دەروونناس و کۆمەڵناسانی سەدەی ١٨و١٩ پێیان وابوو کەبەهۆی ئەوەی مرۆڤ باوەڕی بەهۆش و ئەزموونی خۆی لاواز بوو، بۆیە ڕێیدا ئەفسانە و ڕۆحی میتافیزیک بێنە ناخی و هێلانە بکەن، بەڵام کاتێ هاوسەنگی بۆ عەقڵ و ئەزموون گەڕایەوە ئیدی دەبێ ڕۆح و وەحی و جیهانی میتافیزیک بار بکەن. زۆربەی کۆمەڵناس و دەروونناسانی سەدەی نۆزدە کۆکن لە سەر ئەوە کە نەریتە ئاینییەکانی مرۆڤ لەڕێگای پەرەسەندنی بیری مرۆڤایەتی سەرەتا بە بێباوەڕی دەستی پێکردووە، پاشان بۆتە بتپەرستی و سروشتپەرستنی و تەوتەم پەرستی و دواتر شامانیزم و ئەوجار یەکخواناسی، بۆیە کۆمەڵناسەکان هیچ پیرۆزییەک و باڵاییەک بۆ خواوەند و هێما ئاینییەکان دانانێن، ئەگەر ڕێزیشیان بگرن لەبەر ڕێزی کۆمەڵگای نەخۆش و نەفام و لاڕێ بووە کە بەدوای خەیاڵ کەوتووە و خەڵەتاوە.

ڕێبازي سروشتیخوازە بێباوەڕەکان عەقلانیەتی مرۆڤ بەسەر سروشتدا زاڵ دەکات و وا مامەڵە لەگەڵ ئاینەکاندا دەکات کەسەرجەم دیاردەکان بەهوی هۆکار و یاسا سروشتییەکانەوە دەتواندرێت ڕوونبکرێتەوە و پێیان وایە سروشی خودایی توانای پێدانی ڕاستیی ڕەسەنی نییە، چونکە پێویستی بە بەڵگەی ئەزموونگەراییە بۆ ئەوەی بوونی هێزە نائاساییەکانی سەرووی سروشت و بنچینەکانی میتافیزیك بۆ ژیان بسەلمێنێت، بۆیە دروستێتیی سروشی خودایی ناتواندرێت متمانەی پێ بکرێ. زۆربەی مێژوونووس و شوێنەوارناسان پێیان وایە هەر وێکچوونێک لەنێوان دەقە دۆزراوە شوێنەوارییەکانی گەلانی دێرین لە وڵاتی دوو ڕووبار و میسر و شام و ئێران و هیند و یەمەن و چین و یۆنان ....هتد و ئاینەکانی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام دەکەنە بەڵگەی ئەوە کە ئەو ئاینانە لە

ئەفسانە و کەلەپووری ئەو گەلانە وەرگیراون و پاڵدراونەتە لای خوای تاقانە، بەنموونەش ئەم وێکچوونانەی کە هەن وەک:

- دروستکردنی گەردوون لە دەریالوش و ئاو کە هەم لای سۆمەری و میسری و ئەکەدی و هیندییەکان و هەم لە ئاینی جوولەکە و سابیئە و ئیسلامیش هەیە.
- بوونی فریشتە و بوونەوەری باڵدار .
- بوونی بەشێک لە ڕۆحی خوایی لەمرۆڤ لای نووسراوە کۆنەکانی سۆمەر و میسر و ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقیا هەیە و لەناو ئاینەکانیش فریشتە و نشماساکان باوەڕبوون پێیان پێویستە.
- دیاردەی وەحی و پیرۆزی نووسین و یاسا و و کاهین و مۆغ و شامان و قەشە و مەلاکان و ڕێزلێگرتنیان و پاراستنیان لای سۆمەری و ئەکەدی و میسر و هیند و یۆنان هەبووە و لەدینەکانیش هەیە.
- باسی دروستکردنی ئادەم لەقوڕ و ژنی زیندوو لەپەراسوو لەناو نووسراوەکانی سۆمەری و بابلی هەیە، وە لە میسر و نووسراوەکانی یۆنان و هیندیش ئاماژەی پێکراوە و ئاینەکانیش وادەڵێن.
- وێکچوون لەچیرۆکی تۆفان و پیاوی تەمەندرێژ و کەشتی و چیرۆکی منداڵی ساوای ناو سندوقی بەرووبارادراو و زۆر چیرۆکی هێمایی دیکە کە هەم لەتێکستە کۆنەکان و ئاینەکانیش هەیە.
- بوونی ژیانی دوای مردن و زیندووبوونەوە و بەرزەخ و بەهەشت و جەهەننەم هەم لەتێکستەکانی میسر و سۆمەر و هیند و ئێران و ئەمریکا و یۆنان ئاماژەی پێکراوە و و هەم لە ئاینەکان . جا زۆرینەی ئارکۆلۆژیا و شوێنەوارناسە سیکۆلارەکان ئەو وێکچوونە دەکەنە بەڵگەی ئەوە کە ئاینەکان لە ئەفسانە و کەلەپووری ئەو گەلانە وەرگیراون و خوایەکی میتافیزیک و ناردنی وەحی و پێغەمبەرایەتی بوونیان نییە.

بەڵام کەمێکیش لە شوێنەوارناسان ئەم بۆچوونەیان بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە کە چەندین ئاینی تری وەک ئاینی جوولەکە و ئیسلام و زەردەشتی پێش تۆفان و لەسەدە کۆنەکانی پێش مێژووش هەبوون و ئەم گەل و ژیارانەی سۆمەر و میسر و هیند ئەم بۆچوون و تێکست و باوەڕانەیان لەو ئاینە لەناوچووانە وەرگرتووە.

سیکۆلار و ماتریالیزمەکان دەڵێن خوا میتافیزیکیەکە یەکێک بێ یان فرە بن، لە ئاین و پرەنسیپەکانی بۆ مرۆڤایەتی دەردەکەوێ کە ئەو کەسێکی دەستەوەستانە، چونکە ئەو خۆی ڕۆحێکی دوور لەماددەیە بۆیە ناتوانێ لەجیهانی ماددەی جەنجاڵ و خاوەن ویست و هەست و نەست و هۆش و هزر و یاخی و سەرکەش و ئارەزوودار جیهانێکی ئایدیا بخوڵقێنێ، ئەوەتا لەگەڵ جنەکان و فریشتەکان و ئادەمییەکان سەرکەوتوو نەبووە و بۆیە هەمووی سزاداون لە بەهەشتی ئایدیالیزم دەریکردوون و لەزەویش کەپەیامی بۆ ناردوون، پەیڕەوی پەیامەکانی هەمیشە کەمینە و تەمەنکورت بوون، بۆیە پەنای بردۆتە بەر هەڕەشە و گوڕەشە و جینۆسایدکردن بە لافاو و دەرد و بەڵا. وە هەموو دینەکان و پێغەمبەران و چاکسازە ڕۆحانییەکان داوای وازهێنان لە خۆشییەکانی دنیا دەکەن و دەیکەنە مەرج بۆ چوونە ناو نەرفەنا و فیردەوس و

بەهەشت و ژیانی هەمیشەیی. بەڵام ئەم وەڵامە زۆر ڕاست نییە و ئاینەکان ڕاستە گرنگییان بە بنەمای ڕەوشت و بەهاکان داوە، بەڵام بەوشێوەیەش نییە کەسیکۆلارەکان دەڵێن، بەڵکو هۆی مانەوەی درێژترین ژیار و وڵات و شارستانییەتەکان دەستگرتنیان بووە بە بەها باڵاکانی ئاینەکان و ئەو پاشا و گەلانەی بوونە خوێندکاری پێغەمبەران و چاکسازە ڕۆحانییەکان زۆربەیان دامەزرێنەری وڵات و ژیار و شارستانین و هەر کاتێ ئەو پاشا و دەسەڵاتدارانە دەستیان لە بەها باڵاکانی ئاین بەرداوە دووچاری ڕووخان و هەرەسهێنان بوون و بوونە ژێردەستەی ئەو میللەت و فەرمانڕەوایانەی کە برێک باشتر دەستیان بە بەها باڵاکانی ئاینەوە گرتووە و مێژووش پڕە لەو نموونانە.

ژێدەر و سەرچاوەکان:

(١) أفلاطون. جمهورية أفلاطون، ترجمة حنا خباز ٢٠١٧ ، مؤسسة هنداوي.

(٢) مشير باسيل عون. هل نجحت نظرية عالم المثل في فلسفة أفلاطون؟ اندبيندنت العربية، الأربعاء ٢٨ يوليو ٢٠٢١ .

(٣) جمال الدين الافغاني، الرد على الدهريين، ترجمة محمد حامد، مؤسسة إبداع، ٢٠١٦.

(٤) موقع الجزيرة، الإلحاد.. موقف علمي أم مشكلة نفسية؟ إبراهيم السيد. تأريخ النشر ٤/٢٧ /٢٠١٧.

(٥) ابوحامد الغزالي، تهافت الفلاسفة، دار المعارف، ط٦، القاهرة، د.ت.

(٦) سيريل ألدريد، «الأسطورة المصرية»، (ترجمة د. أحمد صليحة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٣).

(٧) د. عبد الغفار مكاوي، وحدة الوجود: دراسة مقارنة في فلسفة الأديان..دار التنوير، (القاهرة)، ط٢ (٢٠١٠).

(٨) عمر فروخ، وحدة الوجود في الفكر الإنساني، العلم للملايين، ط٣ .

(٩) ألدوس هكسلي، فكرة الوحدة في الأديان، ترجمة: د. فؤاد زكريا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، (القاهرة)، ط٣ (٢٠١٨).

(١٠) سليم حسن، «موسوعة مصر القديمة»، (طبعة الهيئة العامة للكتاب، ٢٠٠٠).

(١١) جان بوتيرو، «الدين البابلي (ترجمة: د. محمد وحيد خياطة، دار المدى، ٢٠٠٥).

(١٢) أحمد أمين سليم، دراسات في حضارة الشرق الأدنى القديم- العراق، إيران- دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ١٩٩٦.

(١٣) جان بوتيرو، «بلاد الرافدين»، (دار الجمل، ٢٠٠٢).

(١٤) طه باقر،تأريخ الأديان وفلسفتها، دار ومكتبة الحياة، بيروت،١٩٦٣ .

(١٥) هنري فرانكفورت، «فنون الشرق الأدنى القديم»، (ترجمة: د. عفيف بهنسي، دار طلاس، ١٩٩٣).

(١٦) بول باهن، قاموس علم الآثار، دار فايدون: ٢٠٠٢ ط١ الأولى ترجمة: عمر جسام ، دار أبن الأثير.

(١٧) ليونهارت جوبل، معجم اللاهوت الكتابي ترجمة: الدكتور بولس الفغالي، المكتبة البولسية:١٩٩٠ ط٢

(١٨) إيان شو، معجم علم الآثار، دار بلاكويل، ١٩٩٩ط١.

(١٩) إيمانويل كانط، الدين في حدود العقل وحده»، ترجمة. الدكتور عبد الغفار مكاوي، دار التنوير: ٢٠٠٦ط:١ .

(٢٠) داميان كيون، البوذية ترصفية مختار الهنداوي، ط١، مصر، ٢٠١٦.

(٢١) فاضل عبد الواحد علي وآخرون، جوانب من حضارة العراق، العراق في التأريخ، دار الحرية، بغداد، ١٩٨٣ .

(٢٢) هنري برغسون، منبعا الأخلاق والدين، ترجمة: سامي الدروبي، عبد الله عبد الدائم، الهيئة المصرية للتألف والنشر، ١٩٧١م.

(٢٣) رشيد عبد الوهاب الناضوري، حضارة وادي الرافدين- ميزوبوتاميا- دار الثقافة، دمشق، ٢٠٠٤ .

(٢٤) جفري بارندر، المعتقدات الدينية لدى الشعوب، ترجمة: إمام عبد الفتاح إمام، عالم المعرفة، العدد ١٧٣، الكويت، ١٩٩٣.

(٢٥) د. مانع بن حماد الجهني وآخرون، الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب والأحزاب المعاصرة، الندوة العالمية للطباعة والنشر والتوزيع، ط ٥، ٢٠٠٣م.

وڵاتی ئاران لەسەردەمی میرنشینی شەدادییەکاندا لە نێوان ساڵانی ٣٤٠ - ٥٩٥ک

ئامادەکردنی: بەختیار عەبدوڵڵا حەمەدئەمین

پێشەکی: تایبەتمەندییە جوگرافییەکان:

عەبدوڕڕحمان زەبیحی لە فەرهەنگی زمانی کوردی سەبارەت بە ناوی ئاڕان دەڵێت: ناوێکی کوردییە و بە واتای زەوییەکی سادە و نا فراوان و لەوەڕگا دێت.

لە ئەنجامی ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو جەنگانەی لە نێوان ئاڕان و گەلانی بیانی ڕوویانداوە کە پەیوەندی بە تۆبۆگرافیا و سروشتی ناوچەکەوە هەیە و بۆتە بەربەست و پارێزەر بۆی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، سروشت کە لە خاک و چیاکان و دەشت و دۆڵەکان پێکهاتووە، ڕۆڵێکی مێژوویيان گێڕاوە نەک هەر لە ناوچەکە بەڵکو لە تەواوی جیهان لەگەڵ توانای مرۆڤ یەکانگیر دەبن و هێزی پێدەبەخشن.

یەکەم: تایبەتمەندییە سروشتییەکان:

١- بنەڕەتی ناوەکە: لە سەرچاوە یۆنانی و ڕۆمانییە کۆنەکاندا بەوڵاتی ئاڕان گوتراوە (ئەلبانیی)، کە بە ئەرمینی واتە (گەل)، یۆنانییەکانی دواتر پێیان گوتووە (ئەریانا)، بەڵام لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە (الران) یان (آران) هاتووە.

٢- شوێن و سنووری ئاڕان: وڵاتگەڕە عەرەب و مسوڵمانەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی (٤)ی زاینی و دواتر سنوورەکەیان بە ڕوونی دیاریکردووە: لە ڕۆژهەڵاتەوە دەریای قەزوین، لە باشوور و باشووری خۆرهەڵات ئازەربایجان، لە باکوورەوە زنجیرە چیای قبق قەوقاز، لە خۆرئاوا ئەرمینیا و بە شێک لە وڵاتی گورج.

گرنگترین شارەکانی لە ڕووی سیاسی و مرۆیی و ئابووریی: (بەرزەعە، شمکور، گەنجە، باب الابواب، البیلقان، شماخی، شابران، ورثان، باکو).

> لە ڕۆژهەڵاتەوە دەریای قەزوین، لە باشوور و باشووری خۆرهەڵات ئازەربایجان، لە باکوورەوە زنجیرە چیای قبق قەوقاز، لە خۆرئاوا ئەرمینیا و بە شێک لە وڵاتی گورج

٣- زۆربەی ڕووی زەویەکەی شاخاوی و لوتکە چیای بەرزە وەکو زنجیرە چیاکانی: (قەوقاز، ئارارات)، لەگەڵ ئەوەشدا دەشتی پان و بەرینی هەن.

٤- ڕووبار و دەریاچەکان: ڕووبارەکانی: (ئاراس، الکر یان کۆرە یان کور، قردقاس)، سەبارەت بە دەریاچە یەک دەریاچەی هەیە بە ناوی (دەریاچەی شمکور).

٥- کەش و هەوا: وڵاتی ئاڕان زستانی سارد و هاوینی مامناوەند، باشوورەکەشی زستانی مامناوەند و هاوینی گەرمە.

دووەم: تایبەتمەندییە مرۆییەکان:

وڵاتی ئاڕان بە هۆی ئەو دابەشکارییەی هێزە دەرەکییەکان بۆیان کردووە هەمیشە سنوورەکەی لە گۆڕاندا بووە و بە درێژایی چەندین سەدە سنوورێکی جێگیری نەبووە.

گرنگترین شارەکانی:

سەبارەت بە شارەکانی وڵاتی ئاڕان پێکهاتووە لە کۆمەڵێک شار وەکو بلاذری ئاماژەی پێکردووە: (بیلقان، بەرزەعە، شمکور، شابیران، مسقط، باب الابواب، وشکی، برذیج، شروان) لەگەڵ چەند شارێکی دیکەش کە مێژوونووس و گەڕیدەکان هێناویانن.

١- شاری بەرزەعە:

ئەم شارە بە چەندین ناوی جیاواز هاتووە، بەڵام سەرچاوە عەرەبییە ئیسلامییەکان بە (برذعة) هێناویانە، ئەم شارە پێش فتوحاتی ئیسلامی هەبووە و مسوڵمانان لە ساڵی (٢٩ک/٦٤٩ز) فەتحیان کردووە، دواتر بۆتە یەکێک لە سغورەکانی ئیسلام و مسوڵمانان هەستان بە بنیاتنانەوە و قایمکردنی لەلایەن والی (محمد بن مروان) لە سەردەمی خەلیفە (عبدالملک بن مروان).

شاعیر نیزامی گەنجەوی دەڵێ لە زستاناندا ئەم شارە کەش و هەوای مامناوەندە، لە سەدەی (١٠)ی زاینی بارەگای والییە عەرەبەکان بووە، دار الامارە و مزگەوتی جامیع و بیت المالی لێبووە، لەو شارەدا ئوتێل و خان و حەمامی زۆری تێدا بووە، بازاڕی هەبووە، باخ و بێستانی زۆر بووە.

ئیبن حوقل لە ساڵی(٣٣٢ک/٩٤٣ز) سەردانی کردووە و دەڵێ شارێکی زۆر جوان بووە و ڕووسەکان لەو ساڵەدا وێرانیان کردووە.

٢- شاری جنزە (گەنجە):

ئەم شارە پێش فتوحاتی ئیسلامی هەبووە، قەزوینی دەڵێت: لەسەر دەستی مسوڵمانە فاتیحەکان لە ساڵی (٣٩ک/٦٥٩ز) بنیاتنراوە، ناوەکەی ناوێکی کوردییە و بە واتای نویێ دێت.

ئەم شارە لە ساڵی (٣٦٠ک/٩٧٠ز) ناوەندی دەسەڵاتی میرنشینی شەدادی بووە، شارێکی سغوری بووە بەڕووی گورج و ڕووس و خەزەر، شارێکی قایمکراو بووە و خەڵکەکەی شارەزای بەکارهێنانی چەک بوون و زۆر ئازا و بە جەرگ و خۆڕاگر بوون.

٣- شاری بیلقان:

ئەم شارە پێش فتوحاتی ئیسلامی هەبووە، لە ساڵی (٢٩ک/٦٤٩ز) فەتحکراوە، مسوڵمانە فاتیحەکان زۆر گرنگییان بەم شارە داوە لە ساڵی (٦١٨ک/١٢٢١ز) لەسەر دەستی تەتەرەکان وێران بووە، لەگەڵ کۆمەڵێک شاری گرنگی دیکە.

پێکهاتەی دانیشتوانی وڵاتی ئاڕان:

دانیشتوانی وڵاتی ئاڕان پێکهاتووە لە:

- کورد: کە ئەوانیش لە تیرەی بەنو شەداد کە تیرەیەکن لە هۆزی ڕەوادی، ڕەوادی تیرەیەکن لە هۆزی هەزبانی و لە بادینان لە باکووری

> کورد لەو ناوچەیە بوون بە بەهێزترین جەنگاوەر بۆ بەرگریکردن لە ئاینی ئیسلام

موسڵەوە لە دوای ساڵی (٢٩٣ک/٩٠٥ز) بە هۆی گەمارۆی ئەبو هیجای حەمدانی کۆچیانکردووە.

- ئەرمەن: ئەرمەنەکان لە دێرین زەمانەوە لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون.

- فارس: چەندین سەدە پێش فتوحات لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون، دوای سەرکەوتنی پاشای ساسانی (قوباد کوڕی فەیروز) بەسەر ڕۆمەکاندا دەستیان بەسەر ئاڕان دا گرتووە و چەندین شاریان تێدا دروستکردووە، مسوڵمانان لە ساڵی (٣١ک/٦٥١ز) فەتحیان کردووە.

- عەرەب: لە دوای فەتحی ئیسلامی تێیدا نیشتەجێ بوون، لەم هۆزانە پێکهاتبوو: لە یەمانی و قەیسی و بەنو شەیبان و مضری.

- تورک: پێش فتوحات لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون، لەسەردەمی ئیسلامی دا بە لێشاو کۆچیان بۆ کرد، تورک لەم هۆزانە پێکهاتبوو: خەزەر، غوز (سەلجووقی).

لایەنی سیاسی:

لێکۆڵینەوە لەلایەنی سیاسی ناوچەیەکی وەکو ئاڕان کە بەهۆی ئەو بارودۆخە ناوخۆیی و دەرەکیانەی دەوریان داوە، ڕووبەڕووی ڕووداوگەلی زۆر و گۆڕانکاری جیاواز بۆتەوە پێویستی بە بەدواداچوون و شیکردنەوەی ئەو دەقە مێژووییانە هەیە کە پەیوەستن بەو ناوچەیە و دەوروبەری.

یەکەم: بارودۆخی سیاسی پێش دەرکەوتنی میرنشینی شەدادی:

فەتحکردنی ناوچەی ئاڕان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٣١ک/٦٥١ز)، زۆرینەی خەڵکەکەی مسوڵمان بوون، تەنیا کەمێکیان نەبێت کە جزیەیان داوە، لە ڕووی کارگێڕییەوە ناوچەکە دەبێت بە بەشێک لە دەسەڵاتی ئیسلامیی.

کورد لەو ناوچەیە بوون بە بەهێزترین جەنگاوەر بۆ بەرگریکردن لە ئاینی ئیسلام، ئاران هەرێمێک بووە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە دەسەڵاتی (مەرزەبان کوڕی محمد کوڕی موسافیر) بووە لە ساڵی (٣٣٠ک/٩٤١ز)، هەوڵیداوە دەست بەسەر هەرێمی دیکەش دا بگرێت لە خۆرهەڵاتی ئیسلامیی، بەو هۆیەوە لە شەڕی بەردەوام دا بووە لەگەڵ ڕەوادییەکان و دەیلەمەکان، کاتێک دەسەڵات دەگرێتە دەست بە سوپایەکی گەورەوە هێرش دەکاتە سەر شاری ڕەی، بەڵام کاتێک (ركن الدولة) ی بوەیهی بەم هەنگاوە دەزانێت بە سوپا ڕووبەڕووی دەبێتەوە و شەڕ لە نێوانیان دا ڕوو دەدات، لە ئەنجام دا مەرزەبان لەگەڵ زۆربەی هێزەکەی لەلایەن (ركن الدولة) وە لە ساڵی (٣٣٧ک/٩٤٨ز)، دەستگیر دەکرێت و لە (قەڵای سمیرم) زیندانی دەکرێت.

سەرهەڵدانی میرنشینی شەدادی:

هۆکاری ڕاستەوخۆی سەرهەڵدانی میرنشینەکە دەستگیرکردن و زیندانیکردنی (مەرزەبان کوڕی محمد کوڕی موسافیر) بوو، چونکە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی لەڕووی سیاسی و کارگێڕییەوە تووشی پشێوی و پاشاگەردانی بووبوون، ئەم بارودۆخەش هەلێک بوو بۆ

ئـەوەی دەســەڵات و قەڵەمـڕەوی بسـەپێنێت و دەسـت بەسـەر زەوییەکانیـدا بگرێـت، (محمـد کـوڕی شـەدادی کـوردی) یەکێـک بـوو لەوانـەی توانی لـە ساڵی(٣٤٠ک/٩٥١ز)ی دەست بەسـەر شـاری دبیـل (دویـن)دا بگرێـت.

هـۆکاری ناڕاسـتەوخۆش بریتـی بـوو لـە لاوازبـوونی دەسـەڵاتی خیلافـەتی عەبباسی بەهۆی هاتنـی دەسـەڵاتی بوەیهییـەکان بـە شـێوەیەک خەلیفـە بووبـوو بـە بووکەڵـە بـە دەسـتیانەوە ئەمـە لەلایـەک، لەلایەکـی دیکـەوە ململانێـی بوەیهییـەکان لەسـەر دەسـەڵات لەنێـو خۆیانـدا، سـەرەڕای ئـەوەش (محمـدی کـوڕی شـەدادی کـوردی) بۆخـۆی خـاوەنی دەسـەڵاتێکی سیاسی بـوو لـە ناوچەکـەدا بـە هـۆی ئـەوەی سـەرۆکی هۆزێکـی بەهێـز و خـاوەن پێگـە بـوو لـە هەمـان کاتـدا ژمـارەی ئەندامـانی هۆزەکـەی زۆربـوون، هەروەهـا بێزاریـی مسـوڵمانان لـە دەسـەڵات و سـتەمی بوەیهییـەکان لـە خۆرهـەڵاتی ئیسـلامیی.

دەسەڵاتی (محمد کوڕی شەدادی کوردی) تاوەکو ساڵی (٣٤٣ک/٩٥٤ز) دەخایەنێت جارێکی دیکە مەرزەبان دێتەوە و شەدادیەکان بە هۆزەوە ڕوو لە بسفرجان دەکەن و ساڵێک دواتر (محمد کوڕی شەدادی کوردی) کۆچی دوایی دەکات.

مێژوونووسان ڕاجیاییان هەیە دەربارەی ساڵی دروستبوونی میرنشینەکە و ناوەندی دەسەڵاتەکەی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، منجم باشی پێی وایە ناوەندی دەسەڵاتی لە شاری دوین تێپەڕ ناکات بۆیە بە (دەوڵەتە شار) ناوی دێنێت نەوەکو میرنشین.

کسرویش پێیوایـە شـاری گەنجـە ناوەنـدی دەسـەڵاتی میرنشـینەکە بـووە، لـە هەمـان کات دا ئامـاژە بـەوەش دەکات کـە میرنشـینی وڵاتی ئـاڕان

> دوای ئـەوەی (محمـدی کـوڕی شـەدادی کـوردی) لـە غەریبـی سـەری نایـەوە، هۆزەکـەی پەرتـەوازە بـوو لـە نێـوان ئـاڕان و هەرێمـەکانی دیکـەی وڵاتـی ئیسـلامییدا

بەشـێک لەئەرمینیـا و ئازەربایجانیـش دەگرێتـەوە.

دوای ئـەوەی (محمدی کوڕی شـەدادی کوردی) لـە غەریبـی سـەری نایـەوە، هۆزەکـەی پەرتـەوازە بـوو لـە نێـوان ئـاڕان و هەرێمـەکانی دیکـەی وڵاتـی ئیسـلامیدا، لەوماوەیـەدا بـە هۆی ئـەوەی فضلون لە دیاربەکـر لای حەمدانییـەکان دەمێنێتـەوە، هەروەهـا مرزەبـان لـە دیرەزوور لە شـام دەمینێتـەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێـت کـە شـەدادییەکان پەیوەندییـان لەگـەڵ دەوڵەتـانی ئیسـلامی لـە هەرێمـی جەزیـرەی فـوڕاتی باش بـووە.

مـاوەی نێـوان سـاڵانی (٣٤٤-٣٦٠ک) بـۆ مـاوەی (١٦) سـاڵ مێـژووی میرنشـینەکە بـە نادیـاری ماوەتـەوە بەهـۆی ئـەوەی دەیلەمییـەکان دەسـتیان بەسـەر ناوچەکـەدا گرتـووە.

سێ براکە (لشکری و فضلون و مرزبان) توانیان پەیوەندی بە فەرمانڕەوای گەنجەوە (علی التازی) جێگری (ابراهیم کوڕی مرزبان) بکەن و ئەویش بەڵێنی لایەنگریی پێدان، بەهۆی ئەوەی خەڵک لە دەسەڵاتی دەیلەمییەکان ناڕازی بوون و پێیان وابوو شەدادییەکان دەتوانن ڕزگاریان بکەن لە دەستیان، بەمجۆرە لە ساڵی (٣٦٠ک/٩٧٠ز) دەسەڵاتی شەدادییەکان گەڕایەوە بۆ ئاڕان و میر لەشکری بوو بە دووەم میری میرنشینەکە و بەشێک لە توێژەران

وەکو (فارتان) مێژوونووسی ئەرمینی، لەشکری بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی میرنشینەکە دەزانن.

لەشکری بۆ ماوەی (٨) ساڵ فەرمانڕەوا دەبێت، دوای ئەو پێویست بوو فضلون بێت بەمیر چونکە برا گەورە بوو، بەڵام فضلون نابێت بە میر بەڵکو مرزبانی برا بچووکی لەبەر ئەوەی جێگای ڕەزامەندیی دایکی و بەشێک لە کەسانی دەربار و دارودەستەی دیوانی میرایەتی بنەماڵەکەی دەبێت دەکرێت بەمیر، بۆیە فضلون لە هەل و دەرفەتێک دەگەڕا بۆ لە ناوبردنی براکەی و وەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، دواجار دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێت و لە کاتی ڕاودا دەیکوژێت، لە ساڵی (٣٧٥ک/٩٨٥ز)وە فضلون دەسەڵات دەگرێتە دەست و بۆ ماوەی (٤٧) ساڵ بەردەوام دەبێت لە میرایەتی، واتە تا ساڵی (٤٢٢ک/١٠٣٠ز)، فضلون گرنگی بە لایەنی ئاوەکاری و ئابووری داوە و پردی لەسەر ڕووباری ئاراس دروستکردووە لە نزیک شاری گەنجە بۆ ڕێگا خۆشکردن بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی ئازەربایجان، ئەو پردە ئاماژەیە بۆ بووژانەوەی بازرگانی، هەروەها فضلون توانی ئەرمینیا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و جزیەی ساڵانەی بە بڕی (٣٠٠٠٠٠) درهەم بەسەردا سەپاندن، لە ماوەی دەسەڵاتیدا پارێزەری سنووری ئیسلامیی بوو بۆ ماوەی (٤٧) ساڵ، لە ساڵی (٤٢٢ک/١٠٣٠ز) فضلون کۆچی دوایی کرد.

مەسعود نامدار پێیوایە دەسەڵاتی شەدادی تا ساڵی (٤٦٨ک/ ١٠٧٥ز) دەخایەنێت و بە زاڵبوونی ئەلب ئەرسلانی سەلجوقی بەسەر میرنشینەکەدا دەسەڵاتی کۆتایی دێت، بەڵام هەواڵی میرنشینەکە درێژەی هەیە و تاوەکو ساڵی (٥٩٥ک/١١٩٨ز) بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا لەسەر دەستی تەتەر کۆتایی بە میرنشینی شەدادی دێت.

هۆکارەکانی ڕووخانی میرنشینی شەدادی:

- هۆکاری ڕاستەوخۆ: دەرکەوتنی هێزی داگیرکەری گەورە بوو کە شەدادییەکان و دەوڵەتی عەباسیش نەیانتوانی بەری پێبگرن.

- هۆکاری ناڕاستەوخۆ:

*شەڕی بەردەوام لەگەڵ هێزە دەرەکییەکانی وەکو ئەرمەن و گورج و ڕۆم و ڕووس.

*هەندێک میر دژی بەرژەوەندیی میرنشینەکە بوون، هەروەها مەحمودی کوڕی شاوری دووەم وازی لە کاروباری میرنشینەکەی هێنا و بوو بە مەسیحی و وەکو ڕاهیب چووە کەنیسەوە.

*حوکمی پشتاو پشت، کە شەڕ و ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە وەکو کوشتنی مرزبان لەلایەن فضلونی یەکەم.

پەیوەندییەکانی میرنشینی شەدادی:

أ- پەیوندیی لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان:

(١) پەیوندیی لەگەڵ دەیلەمییە بوەیهییەکان:

لە ساڵانی (٣٤٠-٣٤٢ک/٩٥٣ز) چەندینجار هێرشیانکردە سەر میرنشینی شەدادی بەڵام نەیانتوانی بەسەریدا سەرکەون، دواجار بەسەر میرنشینەکەدا سەرکەوتن و بۆ ماوەی (١٦) ساڵ دەستیان بەسەردا گرت.

(٢) پەیوەندیی لەگەڵ میرنشینی دۆستەکی کوردی:

پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو میرنشینەدا نەبووە جگە لەوەی فارقی باسی هاوسەرگیری نێوان فضلونەی کچی میر

فضلونی سێیەم و میری شەدادی نەبێت لە ساڵی (٤١٠ك/١٠١٩ز).

(٣) پەیوەندیی لەگەڵ میرنشینی ڕەوادیی کوردی:

پەیوەندییان هەبووە لە سەردەمی فضلون شەدادی و مملانی کوڕی وەهسۆزانی ڕەوادی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گورج و ڕۆم و ئەرمەن، دژایەتی یەکدیشیان کردووە وەکو شاعیر قطرانی تەوریزی دەڵێ: وەهسۆزان سەلجوقییەکانی هانداوە دەست بەسەر ئاراندا بگرن.

(٤) پەیوەندیی لەگەڵ غوز السلاجقة:

هاتنی سەلجوقییەکان کاریگەری گەورەی لەسەر گۆڕینی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی هەبووە. لەسەرەتادا پەیوەندییان باشبووە، بەڵام دوای ئەوەی توانیان دۆستایەتی فەرمانڕەوایانی شەدادی بەدەست بهێنن دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاند، کەواتە بەپێی بارودۆخی سیاسی هەندێکجار پەیوەندییان باشبووە هەندێکجار پەیوەندییان خراپ بووە، دوای مردنی سوڵتان سەنجەر، سەلجوقییەکان بیریان لە دابەشکردنی میرنشینی شەدادی کردۆتەوە بەو هۆیەوە شەڕ لە نێوانیان دا ڕوویداوە.

(٥) پەیوەندیی لەگەڵ ئەتابەکییەی ئیلدگزیە (٥٣١-٦٢٢ك/١١٣٦-١٢٢٥ز):

کە یەکێک بووە لە ئەتابەکییەکانی شوێنگرەوەی سەلجووقییەکان لە ئازەربایجان، پشت و پەنا بووە بۆ میرنشینی شەدادی دژی گورج و ئەرمەن و ڕۆم.

(٦) پەیوەندیی لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی:

پەیوەندیی نێوانیان باشبووە، شەدادییەکان پارێزەری سنووری دەوڵەتی ئیسلامیی بوون و وەکو موجاهیدی ئیسلام سەیریان کردوون.

ب- پەیوەندی شەدادییەکان لەگەڵ هێزە نائیسلامییەکان:

- پەیوەندیی لەگەڵ (ئەرمەن): ئەرمەن و شەدادییەکان بەردەوام لە ململانێدا بوون تاوەکو شاور کوڕی فضلونی یەکەم کچی پاشای ئەرمەنی دەخوازێت، ئەمەش سیاسەتی ناوبراو دەردەخات، دەتوانین هۆکارەکانی ململانێی نێوانیان بەچەند خاڵێک بخەینەڕوو:

١- شەدادییەکان بەرگریان لە ئیسلام کردووە.

٢- شەدادییەکان ویستوویانە دروشمەکانی ئیسلام جێبەجێ بکەن بەسەر نا مسوڵمانان‌دا، یان مسوڵمان بن یان جزیە بدەن.

٣- گورجەکان هانی ئەرمەنەکانیان دەدا بۆ دژایەتی شەدادییەکان.

٤- فڕەنجەکان هانی ئەرمەنەکانیان دەدا هێرش بکەنە سەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی.

٥- هۆکاری ئابووری هاندەر بوو ئەرمەن هێرش بکاتە سەر شەدادییەکان لەبەر ئەوەی ئاران لە هەموو ڕووەکانەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بوو.

- پەیوەندیی لەگەڵ (ڕووس): بەهۆی دەوڵەمەندییەوە ڕووسەکان چاوی تەماحیان بڕیوەتە ئاران و هێرشیان کردۆتە سەری و لەگەڵ گورج و ئەرمەنەکان هاوکاری کردووە بۆ دوژمنایەتی شەدادییەکان، هەروەها هۆزەکانی لانیە و خەزەر و گورج و ڕۆم ململانێیان هەبووە و شەڕ و داگیرکاری لە نێوانیاندا هەبووە.

لایەنی شارستانی میرنشینی شەدادی:

یەکەم: ڕێکخستنە کارگێڕیی و سەربازییەکان:

أ- ڕێکخستنە کارگێڕییەکان: وڵاتی ئاران پێش دروستبوونی میرنشینی شەدادیش، ڕێکخستنی کارگێڕیی باوی ئیسلامیی هەبوو، دوای دروستبوونی میرنشینی شەدادی لە ساڵی (٣٤٠ک/٩٥١ز) لەسەر هەمان شێواز بەردەوام بوو.

لە ئاران ژمارەیەک پێگە و پۆست و دامەزراوەی کارگێڕیی هەبوون بەپێی زنجیرەی هەرەمی کە پێکهاتبوون لە:

(١) ئەمیر: واتە میر دەسەڵاتی ڕەها و فراوانی هەبوو، سەرپەرشتی کاروباری سەربازی و سیاسی و کارگێڕیی... هتد دەکرد، خاوەنی بڕیاری شەڕ و ئاشتی بوو، سەرکردەی سوپای میرنشین بوو، ڕێکەوتنەکانی ئەنجام دەدان، سیاسەتی ئاراستە دەکرد، دەستەیەک لە فەرمانبەران لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا هاوکاری بوون، سیستەمی حوکم پشتاو پشت بوو، بۆ نموونە لەشکری شوێنی میر محمدی شەدادی باوکی گرتەوە.

(٢) جێگر: جێگر بە هەموو جێگری دەسەڵاتەکان دەگوترا، جێگر ئەرکی جۆراوجۆری بەڕێوە دەبرد، وەکو فەرماندەیی سوپا، پاراستنی وڵات کاتێک مەترسی ڕووی تێدەکرد، وەکو چۆن لە ساڵی (٤٣٠ک/١٠٣٨ز) کاتێک ڕۆمەکان شاری دبیلیان گەمارۆدا (بها عبدالله کوڕی ابی ئەسوار) شەڕی لەگەڵ کردن و بەسەریاندا سەرکەوت و گەمارۆکەی شکاند.

(٣) وەزیر: واتە وتەبێژی پاشا لە کاروباری شانشینەکەی، هاوکاری میر دەکات لە ڕاییکردنی کاروباری میرنشینەکەی، لە میرنشینی شەدادی یەکەم ئاماژەی بوونی وەزارەت لەسەردەمی میر فضلونی یەکەم دایە، لەو کاتەدا میرنشینی شەدادی فراوان بووبوو و میر بە تەنیا بە کاروبارەکان ڕانەدەگەیشت.

(٤) الحاجب: واتە پەردەدار ئەم پۆستە لە ئاران لە سەردەمی شەدادییەکان سەریهەڵدا، وەکو سکرتێری ئێستا دەکات کە کەس بەبێ مۆڵەتی حاجب نەیدەتوانی میر ببینێ.

(٥) القاضي: قەزا لە دامەزراوە گرنگەکان بوو لە ژیانی کۆمەڵگەدا، لەبەر ئەوەی کاریدەکرد بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دادپەروەری، قەزا بەرزترین پلەی ئاینی و شەرعی بوو، ئەوەی کاری قەزاوەتی بەڕێوە دەبرد پێیدەگوترا قازی، پێویست بوو قازی کۆمەڵێک مەرجی تێدا بێت: عەقڵی تەواو بێت، لەش و لار و ئەندامەکانی ساغ و سەلیم بن، زانستی شەرعی و ئوسوڵ بزانێت، یەکێک لەو قازییانەی لە ئاران بە ناوبانگ بووە ناوی (ابو حفص عمر کوڕی عثمانی گەنجی) بوو لە شاری گەنجە قازی بوو، لە ساڵی (٥٥٠ک/١١٥٥ز)کۆچی دوایی کردووە.

(٦) دزدار القلعة: یەکێکە لە پۆستە ناسراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، وشەکە عەجەمییە، پارێزەری قەڵایە، هەروەها پێیگوتراوە جێگری قەڵا، خاوەنی قەڵا، ئەم پۆستە لە م. شەدادی دەکەوێتە کۆتاییەکانی میرنشینەکە.

(٧) دیوانەکان: دیوان لە پێویستییە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی سیاسییە بۆ ئەنجامدانی کاروباری کارگێڕی و دارایی و سیاسی.

دیوانەکان دابەش دەبن بۆ:
دیوانــی خــەڕاج، دیوانــی انشــاء و مکتبــات، دیوانــی ســوپا.
هەرچەنــدە ســەرچاوەکان باســی بوونــی دیــوان ناکەن لە میرنشینی شــەدادی، بەڵام بەپێــی لێکدانەوە ناکرێــت میرنشــینێک ماوەیەکــی دوور و درێــژ حوکمی کردبێت و دیوانی نەبێت، وەکو دیوانــی بیت المال، دیوانی سوپا، لــە کاتێکدا میرنشینی ڕەوادی لــە ئازەربایجان دیوانی هەبــووە، دەگونجێت میرنشینی شــەدادیش دیوانــی هەبووبێت.

(ب) سیســتەمی ســەربازی: میرنشــینی شــەدادی جموجووڵ و چالاکــی ســەربازی هەبــووە، ســوپای شــەدادییەکان لە سێ دەستەی ســەربازی پێکهاتووە:
دەســتەی یەکــەم: (الطلیعــة) بــوون کــە پێشــەنگ بــوون و لــە ســوارەکان پێکهاتبــوو.
دەســتەی دووەم: دەوەســتان تاوەکــو دەســتەی پێشــەنگ لەگــەڵ دوژمــن دەکەوتنــە شــەڕ.
دەســتەی ســێیەم: هێــزی تایبــەت بــوو کــە ڕاهێنانــی ســەربازی پێکرابــوو، پشــتی ســوپای دەپاراســت لــە هێرشــی لــە نــاکاو.

دووەم: چالاکی ئابووری:

(١) کشتوکاڵ: وڵاتی ئاڕان بە کشتوکاڵ بەناوبانگە، لەبەر ئەوەی سەرجەم بنەماکانی کشتوکاڵی تێدابوون، وەکو ژینگەی گونجاو، خاکی بەپیت و سەرچاوەی ئاو، بارانی زۆر، کشتوکاڵی زستانە، گوندی زۆری هەبوون وەکو گەڕیدەکان باسی دەکەن ٤٠٠ گوندی کشتوکاڵی هەبووە.
بەرهەمــە کشــتوکاڵییەکانی بریتــی بــوون لــە (لۆکــە، زەعفــەران، ئاوریشــم، دانەوێڵــە، دارســتانی زۆر، داری دلــب ی زۆربــوو، میــوە، هەنجیــر، شــا بــەڕوو، ڕوقــاڵ، بونــدوق، تــوو).
(٢) ســامانی ئاژەڵــی: بەروبوومــی ئاژەڵــی زۆر بــووە، لــەوەڕگای سروشــتی، بــزن و مــەڕی هەبــووە، خــوری مــەڕ و مــووی بــزن لــە لــە دروســتکردنی جــل و بەرگــدا بــەکار هاتــووە، ئەســپ و ئێســتری بــاری هەبــووە.
(٣) ســامانی کانزایــی و پیشەســازیی: وڵاتــی ئاڕان چەندیــن جــۆری کانــزای میتاڵــی و نامیتاڵــی هەبــوون کــە لــە ڕووی ئابووری و پیشەســازیی ڕۆڵی گرنگیــان هەبــووە، کانــزا میتاڵییــەکان وەکــو: مس و ئاســن و ڕەســاس، زێــڕ و زیــو، کانــزا نامیتاڵییــەکان وەکــو: گۆگــرد، نەوتــی ســپی و ڕەش، ئەســتەخەری دەڵێــت: شــەو و ڕۆژ نەوتــی لێهەڵدەقوڵــێ.
ئــاڕان لــە ڕووی پیشەســازییەوە پێشــکەوتوو بــووە و هەمەڕەنــگ و بەناوبانــگ بــووە بەهــۆی بوونــی مــاددەی خــاو و پێشبڕکێی فەرمانڕەواکان و برەوســەندنی شارســتانی وەکــو پیشەســازی تــکک کــە لــە ئاوریشــم دروســت دەکرێــت، پۆشــاکی لۆکــە، فــەڕش، پیشەســازی چــەک، قەڵغــان، خــوودەی ســەر بــۆ شــەڕ، شمشــێر، ڕم، خەنجــەر، کــەل وپەلــی ماڵــەوە، پیشەســازی چــەرم و چەندیــن پیشەســازی دیکــە.
(٤) بازرگانــی: وڵاتــی ئــاڕان پێگەیەکــی جوگرافــی ئابــووری تایبەتــی هەبــوو، وڵاتانــی خۆرهەڵاتــی بەخۆرئاوای قەوقــاز گرێــدەدا، ڕێگای کاروانــە بازرگانییــەکان بــوو، ئەمــەش هــۆکار بــوو بــۆ بووژانــەوەی بازرگانــی.
شــاری بــاب (الابــواب) گرنگییەکــەی لــەڕووی بازرگانییــەوە لــە شــاری بەرزەعــە کەمــتر نەبــوو، وەکــو بەنــدەری تــەواوی ئاڕان وابــوو، لەوێــوە کاڵا

وڵاتی ئاڕان پێگەیەکی جوگرافی ئابووری تایبەتی هەبوو، وڵاتانی خۆرهەڵاتی بەخۆرئاوای قەوقاز گرێدەدا، ڕێگای کاروانە بازرگانییەکان بوو، ئەمەش هۆکار بوو بۆ بووژانەوەی بازرگانی

بازرگانییەکان دەچوون بۆ هیند و سند.

ڕێگا بازرگانییەکان:

(أ) ڕێگای بازرگانی جەزیرە بۆ ئازەربایجان و ئەرمینیا و ئاڕان، لەوێوە بۆ عێراق و شام و جەزیرە.

(ب) ڕێگای بازرگانی ئاڕان بۆ بیزەنتە.

(ج) ڕێگای ئاویی ناوخۆ و دەرەکی هەبوو، ناوخۆ بۆ گواستنەوەی شمەک لە نێوان شارەکان، ڕێگای دەرەکی: دەریای قەزوین بەرەو جورجان و تەبەرستان و وڵاتی دەیلەم.

(٥) دراو: دراو گرنگییەکی زۆر و گەورەی هەیە لە ژیانی هەر وڵاتێکدا، لەوڵاتی ئاڕان دراوی زێڕ و زیو بەکار دەهات، سکەیان لێداوە و ناوی میر فضلونی لەسەر هەڵکۆڵراوە.

(٦) کێشانە و پێوانە: بەهۆی ئەوەی بازرگان و پیشەساز هەبوون، هەروەها بازاڕی جۆراو جۆر هەبوون، کێشانە و پێوانەی دیاریکراویان هەبووە، کە بریتی بوون لە مەکوک و قەفیز و کارە.

سێیەم: چالاکی بیناسازیی:

لە ڕووی بیناسازییەوە ڕوویەکی شارستانی هەبوو، میرەکان گرنگییان بە دروستکردنی مزگەوت، دروستکردنی پرد، قەڵا بۆ پارێزگاریی وڵات، دروستکردنی قوتابخانە، داوە.

(أ) بیناسازیی سەربازیی:

(١) دیوار و بورجەکان: شارە ئیسلامییەکان شوورایان هەبوو بۆ پارێزگاری لێکردنیان لە هێرشی دوژمن، بە تایبەت شارە سنوورییەکان، هەروەها ئاڕان بۆخۆی ثغوری ئیسلام بوو ڕووبەڕووی هێرشی گورج و ڕۆم و ئەرمەن دەبۆوە، بورجیش بە مەبەستی چاودێری لەسەر شوورای شارەکان دروست دەکرا.

(٢) قەڵا: گرنگترین پێکهاتەی سەربازی بوو لە شارە کۆنەکان، کۆگای چەک بوو پارێزگاری لە دانیشتوانی ناوی دەکرد، خاوەنی قەڵا پێی دەگوترا دزدار، لە شارەکانی ئاڕان قەڵا هەبوون وەکو قەڵای (قبلە، هیرک، لشکر ئاباد).

(ب) باڵەخانە خزمەتگوزارییەکان:

(١) پرد و قەنتەرەکان: لە ئاڕان پرد و قەنتەرەی زۆر هەیە لەسەر هەردوو ڕووباری ئاراس و کر، لە شاری نەخچەوان قەنتەرە هەیە کوڕی نیزام الملک ی وەزیری مەلیک شای سەلجووقی دروستی کردووە، هەروەها قەنتەرەی شاری گەنجە میر فەزلونی یەکەم دروستی کردووە.

(٢) خوێندنگاکان: میرانی شەدادی گرنگییان بە زانست و زانیاری داوە و زانایانیان لە خۆیان نزیک کردۆتەوە، بەشێکی پەیوەندی بە پێشبڕکێی میرنشینەکانەوە هەبووە.

(٣) هەروەهــا لــە ئــاڕان حەمــام و بــازاڕ و خــان و نانــەوای زۆری لێبــوون، ئەمــەش گەڕیــدە مســوڵمانەکان ئاماژەیــان پێکــردووە.

(٤) بینــای عیبــادەت و بەندایــەتی: وەکــو مزگەوتــەکان شــوێنی بەندایەتــی و لــە هەمانکاتــدا شــوێنی خوێنــدن و فێربــوون بــوون، ڕەبــط و خانەقــای لێبــوون، لــە ئــاڕان کەنیســە و دێریــش هەبــوون ئەمــەش هێــمای لێبوردەیــی و ئازادیــی ئاینــی دەگەیەنێــت.

چوارەم: چالاکی زانستی و ڕۆشنبیری لە وڵاتی ئاڕان:

وەکــو ئاماژەمــان پێکــرد جگــە لــە شــوێنی پەرســتش و بەندایەتــی مزگەوتــەکان شــوێنی خوێنــدن و فێربــوون بــوون، هەروەهــا ڕەبــط و خانەقــاکان شــوێنی زوهــد و خەڵــوەت بــوون لــە هەمــان کاتــدا ئەوانــەی لــەوێ بــوون گوێیــان لەوانــەکان گرتــووە کــە گوتراونەتــەوە، لەگــەڵ خوێندنــی قورئــان و فەرمــوودە و کتێــب نووســین لــەو شــوێنانەدا ئەنجــام دراوە، هەروەهــا لــە ئــاڕان هاوشــێوەی ناوچــە و هەرێمەکانــی مســوڵمانان لەگــەڵ بەرەوپێشــچوونی زانســتە عەقڵییــەکان خوێندنــگای تایبەتیــان بــۆ کراوەتــەوە.

گۆڕەپانی زانستیی:

(١) زانستە گێڕدراوەکان - العلوم النقلية:

وەکــو زانســتی قورئــان و فەرمــوودە و ناســیخ و مەنســوخ و ئەســباب نــزول، لــە ئــاڕان زانــای زۆر هەبــوون لــە بــوارە جیــاوازەکان لەوانــە (ابراهيــم محمــد الگنجــی، احمــد هــارون بەرزەعــی).

(٢) زانستە عەقڵییەکان:

لــە ئــاڕان گرنگــی بــە زانســتە عەقڵییــەکان دراوە وەکــو (پزیشــکی و مێــژوو و فەلســەفە و گەردوونناســی و ئەستێرەناسیی).

گرنگترین سەرچاوە و ژێدەرەکان:

١- الإمــارة الشداديــة الكرديــة في بــلاد ئــاران مــن ٣٤٠ الى ٥٩٥هــ/٩٥١ الى١١٩٨م نووسینی: اسماعيل شكر رسول، مؤسسة موكريان للطباعة، ط١، سنة٢٠٠١م.

٢- عبدالرحمن زەبیحی / فەرهەنگی زمانی کوردی.

٣- شـمس الديـن أبـو عبـد الله محمـد بـن أحمـد بـن أبي بكـر المقدسي /"أحسـن التقاسـيم في معرفـة الأقاليـم"

٤- ابن حوقل / صورة الارض.

پرۆفایل...

هداية حمدامين، ناسراوە بە (بەختيار عبدالله).

- لەدایکبــووی ســاڵی (١٩٧٥)، دەرچــووی ســاڵی (٢٠١١-٢٠١٢) لــە زانکــۆی ڕاپەڕیــن، کۆلیــژی زانســتە مرۆڤایەتییــەکان بەشــی (مێــژوو).

- ئێســتا کارمەنــدە لــە دیوانــی پەرلەمانــی کوردســتان/ نووســینگەی ڕاپەڕیــن.

- لەچەنديــن گۆڤــار و ڕۆژنامــەی وەک (ئاوێنــە، کۆمــەڵ، وەرچەرخان، گۆڤــاری بڕیــار) نووســینی بڵاوکردۆتــەوە و لەســاڵی ٢٠٠٠ـــەوە دەنووســێت.

- ئێســتا قوتابــی ماســتەرە لەبەشــی مێــژوو لەزانکــۆی ڕاپەڕیــن.

نەبەز ئیسماعیل عەبدوڵڵا

کاریگەری و ڕۆڵی

موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان

(٦٠٨ - ٦٨٠ ز)

لەفەرمانڕەوایی و دامەزراندنی کەشتیگەلی ئیسلامیدا

پێشەکی: ڕەوشی سوپا لەسەرەتای دەوڵەتی ئیسلامیدا:

چۆنێتی یارمەتی لۆجستی بابەتێکە کە لەوەتی دەوڵەت و سوپا دامەزراون، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم بابەتەیان چارەسەر کردووە.

شێوازەکانی دابینکرانی خۆراک لە سەرەتای ئیسلامەتی تا سەردەمی ئومەوییەکان چەند شێوازێکی هەبووە لەوانە:

١- سەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موجاهیدی سەرباز بێ هیچ تێشوویەک یان تێشوویەکی کەم لە ماڵ دەردەچوو، هەیان بوو بە مشتە خورمایەک سێ ڕۆژ دەژیا، بەڵام ئەوەی کەمێکی هەبوو لەگەڵ میوانان بەخشندە بوو.

٢ - لە کۆتا ساڵەکانی سەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تا کۆتایی سەردەمی ڕاشیدین، دۆخی موجاهیدان گۆڕا و دەوڵەتی ئیسلامی زۆر لە جاران بە تواناتر بوو، بەڵام دەوڵەتیش زۆر فراوان بوو.

٣- دەستخستنی خۆراک لەو وڵاتانەی سەرباز لەوێیە، وەک خەرجییەک بەرامبەر بەرگری سەرباز لێیان ئەو خەڵکە خۆراکی دەدانێ.

٤- سەرباز دەیتوانی بەشێک لەکاتەکەی بە چاندن و چنین و کارێکی کشتوکاڵی خەریک بێ کە خۆراکی خۆی پێ دابین بکات.

٥- لە خۆراکێك کە دوژمن جێی هێشتووە خۆی بژیەنێ.

٦- پیتاک و خۆراکێک کە دەوڵەت بۆ سەربازگەکانی دەنارد.

٧- قبوڵکردنی دیاری و خێر و میوانداری لە لایەن سەربازەوە.

٨- سەرباز دوای ئەرکی سەربازی لەو بەهرە و زانستانە خەڵکی فێر بکا بەرامبەر نانەزگی.

ڕەچاوکردنی سیستەمی نوێ بۆ دابینکردنی بژێوی لەوانە:

١- بنیاتنانی پێگەی پشتگیر بۆ سوپاکان: ئەمەش دوو جۆرە:

أ- پێگەی پشتگیری بەردەوام لە شارە گەورەکان، شاری سوپا وەک شاری واست کە حەجاج دروستی کرد.

ب- پێگەی پشتگیری مام ناوەندی و کاتی یەکەی گەنجینەی خۆراک لەناو سەربازگەی دوور مەسلەمەی عبدالملک ئەم شێوازەی داهێنا.

٢ - یەکە نیمچە سەربازییەکان بۆ ئامادەکردنی خۆراک، قوتەیبەی باهلی دایهێنا وەک تەکیە هەم بۆ پەرستش و هەم بۆ خۆراک پێیان دەگوت ڕەبات ...

٣- پیتاک کۆکردنەوە لە نێوان خۆیان بۆ خەرجی هەمووان.

٤- یەکەی خۆ ژیاندن، لیوا و فەوجەکان ئاژەڵ و زەوی و باخی خۆیان هەیە بۆ دابینکردنی خۆراک [١].

دەریاوانی ئیسلامی لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان (٦٠٨ - ٦٨٠ ز) دا:

یەکەم فەرمانڕەوایی سۆفیانیەکان لەدەوڵەتی ئومەویدا:

هەرچەندە موعاویە خوا لێی ڕازی بێت لەو یاوەرانە نییە کە زوو مسوڵمان بووبێ، بەڵام یەکەم پاشایە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا کە گوازەرەوەی دەسەڵاتی ئیسلامیی بوو بەرەو پاشایەتی، وە موعاویە پایتەختی لە حیجاز و عێراقەوە گواستەوە بۆ شام کە پێش ئیسلام جێی دەسەڵاتی ڕۆمەکان بوو، هەر موعاویە دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامیی بەرفراوانە کە بە دەوڵەتی ئومەوی ناسراوە و لە ساڵی ٤١ ک بەهاتنی موعاویە دەستی پێکرد و لە ماوەی هەشتا ساڵدا تاکو ١٣٢ ک ئەو دەوڵەتە هەر لە سنووری چین تاکو وڵاتی ئەندەلوس لەسێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوڕوپا دەسەڵاتی هەبوو.

لەبەر ئەوەی موعاویە دەسەڵاتی لە سەر دەریای ناوەڕاست بوو، بیری لە کەشتیگەلێکی ئیسلامیی بەهێز دەکردەوە تاکو بتوانێ لە دەریای ناوەڕاست سەروەرییەتی دەوڵەتی ئیسلامیی بسەلمێنێت.

گرنگی ستراتیژیی دەریا لای عەرەب:

زەحمەتی و لەمپەرێکی زۆر لەبەردەم مسوڵمانەکان هەبوو کە ببوو بەهۆی ئەوەی پاراستن و پەلهاویشتن لە شام هەر لە ڕۆژانی عومەرەوە تا ڕۆژانی موعاویە زۆر زەحمەت بێ، فەتحکردنی هەندێ قەڵا و شار چەندان ساڵی ویستووە، چەندان جار دەستا و دەستی کردووە، لە پێناوی پارێزگاری لە فەلەستین و کەنارەکانی شام مسوڵمانان پەلیان هاویشت بۆ ئەفریقیا و میسر.

چەندین سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە عومەر لە ڕۆژانی خەلافەتەکەی بە هەموو شێوەیەک سوپای دەوڵەتی ئیسلامیی قەدەغە کردووە کە کەشتیگەل ساز بکەن و جەنگی دەریایی بکەن، موعاویە و عەمری کوڕی عاس کە وا چەندان جار داوای مۆڵەتیان لە عومەر کردووە کە کەشتیگەلی جەنگی پێکبێنن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بێزەنتییەکان، بەڵام عومەر ئەو داوایەی ڕەتدەکردەوە [٢].

دوای هاتنی عوسمانیش بۆ حوکمڕانی دووبارە موعاویە ئەو داوایەی کردۆتەوە، عوسمان لە دواجاردا بە دوو مەرج ڕێی بە موعاویە داوە کە کەشتیگەل بنیات بنێ، مەرجی یەکەم ئەوەیە کە

دەبێ لەکاتی چوونە ناو کەشتیگەل خێزانەی لەگەڵ بێت، مەرجی دووەمیش ئەوەیە کە نابێ سەرباز و کەسی کارامە هەڵبژێرێ و بە زۆری فرمانیان پێ بکا بچنە دەریاوە، بەڵکو دەبێ سەربازەکان بە هەڵبژاردنی خۆیان خزمەتی سەربازی لە دەریادا هەڵبژێرن [٣].

موعاویە و جەنگی دەریای ناوەڕاست:

بەهۆی دەریاوانی ئیسلامییەوە بازنەی فەتحی ئیسلامیی زۆر فراوان بوو و، زۆر دوورگەی گرنگ دەستیان بە سەردا گیرا، کۆتایی بە سەروەری دەریایی بێزەنتییەکان لە دەریادا هات و، زۆر وڵاتی تر لە ئەوروپا، وەک ئیسپانیا و باشووری فەرەنسا فەتح کران، مسوڵمانان گەیشتنە بەردەم دیوارەکانی قوستەنتینییە و زۆر جار هەوڵیان دا فەتحی بکەن.

- خاوەن و دەست پێشخەری ئەم دەسکەوتە مەزنە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانە، کە هەر لەو کاتەی والی شام بوو هەوڵی پێکهێنانی کەشتیگەلی دەدا بۆ دانانی سنوورێک بۆ بێزەنتییەکان و پاراستنی کەنارەکانی شام و فراوانکردنی بازنەی فەتح، بۆیە موعاویە دوای مۆڵەت وەرگرتن لە خەلیفە عوسمان بە یارمەتی قیبتییەکانی میسر کەشتیگەلێکی دروست کرد [٤].

- سەرچاوە عەرەبی و سەرچاوە بێزەنتی و ڕۆمانییەکانیش دان بەوەدا دەنێن کە موعاویە یەکەم بنیاتنەری کەشتیگەلی دەوڵەتی ئیسلامییە، ئەم سەرچاوانە باسی چەند هۆکارێک دەکەن کە بوونە پاڵنەر و هاوکاری موعاویە لەو کارەدا لەوانەش:

١- موعاویە بۆ ماوەی نزیکی چل ساڵ لە شام وەک سەرکردە ماوەتەوە و ئەم

> بە هۆی دەریاوانی ئیسلامییەوە بازنەی فەتحی ئیسلامیی زۆر فراوان بوو و، زۆر دوورگەی گرنگ دەستیان بە سەردا گیرا

مانەوەیەش ئەزموون و شارەزایی زۆری لەبارەی کەشتی و پاپۆڕی ڕۆمەکانی لەلا کۆکردۆتەوە، سەرچاوەکان باسی ١٧٠٠ کەشتی دەکەن کە لە سەردەمی عوسمان دا موعاویە خستوونەتییە دەریاوە.

٢- سەرچاوە ڕۆمییەکان باس لەوە دەکەن چونکە باپیرانی موعاویە دۆستی بێزەنتییەکان و سەرقافڵەی بازرگانی بوون، ئەم میراتەش وای کرد کە لێکتێگەیشتن و کرانەوەیان لەگەڵ موعاویە و کرانەوەی موعاویە لەگەڵیان زیاتر بێ و ئەم پەیوەندییە هاوکار بێ بۆ بنیاتنانی ئەو کەشتیگەلە.

٣- مردنی ئەو سەرکردە لێهاتووانەی کە لە موعاویە لە پێشتر بوون بە سەرکردایەتی وەک خالید و ئەبو عوبەیدە و یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان و چەندانی تر ڕێی بۆ موعاویە خۆشکرد کە بۆ بیست ساڵ والی شام و بیست ساڵیش خەلیفە بێ و خۆزگەکانی بێنێتە دی و سامانی لەبەردەست بێ و کەس نەبێ بێزاری بکات لە ڕووکردنە تەکتیکی جەنگی دەریا.

٤- جیاکەرەوەی تاکتیکی سوپای ئیسلامیی هەر لەسەردەمی جەنگی بەدر و بەدرێژایی

> سەرچاوەکان باسی ١٧٠٠ کەشتی دەکەن کە لە سەردەمی عوسمان دا موعاویە خستوونەتییە دەریاوە

سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشید خێرا بڵاو بۆوە و تەشەنەی سەند لە جەنگی وشکانیدا، دیارە سستبوونی ئەم تەکتیکە و چڕبوونەوەی دەسەڵاتی موعاویە لە شام وایکرد کە بیر لە جێگرەوەی تاکتیکی وشکانی بکاتەوە.

موعاویە و هێرشە دەریاییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دا:

مێژوونووسان ئاماژەی ساڵی ٢٨ی کۆچی دەکەن کە تیایدا موعاویە هێرشی یەکەمی کردۆتە سەر قوبرس و هێرشی دووەمیش لە ساڵی ٣٣ کۆچی بووبێ، ئەم هێرشەی یەکەم لای مێژوونووسە مسوڵمانەکان بە ١٠٠ کەشتی تا ٢٥٠ کەشتی بووە، بەڵام سەرچاوە مەسیحییەکان ئاماژە بە ١٧٠٠ کەشتی دەکەن، موعاویە لەم هێرشەدا سەرکەوتوو بوو و جزیەکی ساڵانەی بە بڕی ٧٢٠٠ دینار لەسەر خەڵکی قوبروس سەپاند.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەر لە ژیانی موعاویەدا کە خەلیفە بووە لەساڵانی ٤٩ ک و ٥٢ ک و٥٤ ک هێرشی کەشتیگەلی ئیسلامیی بۆ سەر دوورگەی ڕودس و ئەڕواد و کریت ڕوویداوە [٦].

جەنگ و ئۆپراسیۆنە دەریاییەکانی مسوڵمانان و بێزەنتییەکان لە سەردەمی خیلافەتی موعاویە دا:

مەبەستەکانی بنیاتنانی کەشتیگەل لەلایەن موعاویەوە:

١- پاراستنی کەناراوە ئیسلامییەکان لە میسر و شام لە بێزەنتییەکان.
٢- بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو دوورگانەی لە ناو دەریای ناوەڕاست دان.
٣- کۆنترۆڵکردنی جوڵانەوەی دەریاوانی لە دەریای ناوەڕاست کە هەرسێ کیشوەری جیهانی کۆن ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا بە یەکەوە گرێ دەدات.
٤- هێرشکردنە سەر بێزەنتییەکان.
٥- بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە ئەوروپادا.
٦- بۆ فەتحکردنی قوستەنتینیە کە مایەی هەڕەشە بوو بۆ سەر مسوڵمانان.

گرنگترین دەسکەوتەکانی کەشتیگەلی ئیسلامیی:

١- فەتحکردنی دوورگەی قوبروس لە ساڵی ٢٨ ک.
٢- دووبارە فەتحکردنەوەی قوبروس لە ساڵی ٣٣ ک و جێنشینکردنی١٢هەزار سەرباز تیایدا کە چەندین قەڵا و مزگەوتیان لە سەربازگەکان دروستکرد.
٣- فەتحکردنی دوورگەی ئەڕواد لە ساڵی ٥٤ک.
٤- فەتحکردنی دوورگەی ڕودس لە ساڵی ٣٥ ک کە پێگەی سوپا و کەشتیگەلی بێزەنتییەکان بوو، بۆیە موعاویە هێزێکی زۆری لێ نیشتەجێ کرد و قەڵا و شورای زۆری لێ دروستکردن [٨].

داستانی زات السواری و دەرەنجامەکانی:

هەندێک توێژینەوە لە کاتی باسکردنی ئەم جەنگەدا، ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆکاری ئەو جەنگە ئەوە بوو کە دیلە بێزەنتییەکان بە هۆی وەستایەکی ڕۆمی ئازاد بوون، کە گوایە کەشتی بۆ موعاویە دروستکردووە، دیلە ڕۆمەکانی لە زیندان بەرداوە و کەشتیگەلەکیان سوتاندووە و هەڵاتوون، ئەم سوتاندنە بۆتە پاڵنەری بنیاتنانی کەشتیگەلێکی نوێ و هێنانی بەلەموانەکانی بەسرە و کەنارەکانی دەریای عومان بۆ لوبنان و سوریا و لەئەنجامدا ئەو جەنگە ڕوویداوە [٩].

جەنگەکە لەوەوە دەستی پێکرد کە لە ساڵی ٣٤ ک کەشتیگەلێکی بەهێزی بێزەنتییەکان ویستیان لە هێرشێکدا ئەسکەندەرییە بگرن، بەڵام موعاویە بە کەشتیگەلێکی بەهێز لەگەڵ هێزەکانی میسر بە سەرکردایەتی عبداللەی کوڕی سەرح لە جەنگی زات السواری کەشتیگەلی بێزەنتییان تێکشکاند.

گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەو جەنگە:

١- زاڵبوونی مسوڵمانان و سەروەرییان بەسەر دەریای ناوەڕاست دا.

٢- بێزەنتییەکان هەژمون و هەیبەتیان زۆر کەم بۆوە لە جیهان دا.

٣- کەشتیگەلی بێزەنتی گورزێکی گورچکبڕی بەرکەوت.

٤- لە پاش ئەو سەرکەوتنە کەناراوەکانی شام و میسر لە دەستدرێژی بێزەنتییەکان پارێزراو بوون.

٥- مەترسییەکە لە کەنارەکانی شام و میسر گوازرایەوە بۆ کەنارەکانی قوستەنتینیە و مسوڵمانان متمانەیان بە هێزی خۆیان زیادی کرد و هەوڵی فەتحی قوستەنتینیەیان دەدا.

هێرشەکانی زستان و هاوین:

ژمارەی هێرشە زستانییەکان ١٣ هێرش و هێرشە هاوینییەکان ٤ هێرش بوون، موعاویە خۆی بە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو شەڕانەی دەکرد.

لە گرنگترین ئەو هێرشانە ئەمانە بوون:

١- هێرشی ساڵی ٤٣ ک بە سەرۆکایەتی بیسر کوڕی ئەرتەئا کە لە نزیک قوستەنتینیە بەسەر بێزەنتییەکاندا سەرکەوت.

٢- هێرشی زستانەی ساڵی ٤٤ک و ٤٦ ک بەسەرۆکایەتی موعاویەی کوڕی عبدالرحمن کوڕی خالیدی کوڕی وەلید کە توانی هەندێک لە شارە کەنارییەکانی ئاسیای بچوک بگرێ و پێگەیەکی سەربازی لێ دانێ و هێرش بکاتە سەر عەمورییە.

٣- لە هێرشی ساڵی ٤٧ ک بەسەرکردایەتی موعاویەی کوڕی خەدیج هێرشی کردە سەر دوورگەی سەقلییە [١٠].

٤- هەر لە زستانی ساڵی ٤٧ ک مالیکی کوڕی هەیبەرەوئەبوعبدالرحمانی قەیین.

٥- لە زستانی ٤٨ ک عبدالرحمن کوڕی خالید وعوقبەی کوڕی عامر لە دەریای ناوەڕاست و مالیکی کوڕی هەیبەرە لە وشکانی هێرشیان کرد و لەهاوینی هەمان ساڵیش عبداللەی کوڕی قەیسی فەزاری هێرشی کرد.

٦- لـە هاوینـی٤٩ یەکـەم هێرش کرایـە سـەر قوسـتەنتینیە لـە وشکانی و هێرشـی یەزیـدی کـوڕی شـەجەرەی ڕەهـاوی لـە دەریـاوە [١١].

ئامانجی موعاویە لەم هێرشانە چەند خاڵێک بوو لەوانە:

- هەمـوو ڕێگاکانـی دەوروبـەری شـاری قوسـتەنتینیە شـارەزابێ و دۆخـی بەرگـری دوژمـن بزانـێ.
- وەک مەشقێک بێ بۆ کەشتیگەلی مسوڵمان تـا ئەزمـوون لەشـەڕی دەریـا پەیـدا بکـەن.
- پێزانیـن و هەواڵـی تـەواو کـۆ بکەنـەوە لـە پێنـاو دانانـی باشـترین پـلان بـۆ فەتحی قوسـتەنتینیە.
- فێری شـێوازەکانی شـەڕی دوژمـن بـن و هێزی بێزەنتییـەکان لـە وڵاتـی خۆیـان کـورت هەڵێنن.

ئـەو چۆنێتییـەی کـە مێژووناسـە مسـوڵمانەکان لەباسـی هێـرش و جەنـگ و ئۆپراسـیۆنەکان کـە بـە درێژایـی ١٧ سـاڵ باسـی هێرشـی هاوینـە وگەڕانـەوەی زستانەیان کـردووە ناڕۆشـنن لە بارەی دیاریکردنـی شـوێنی هێـرش بـۆ کـراو و شـوێنی زسـتانەی سـوپایان بـە وردی دیـاری نەکـردووە، وەک سـەرچاوە مەسـیحییەکانیش پشـتگیری ئـەوەن کـە هێرشـەکانی سـەردەمی موعاویـە هەموویـان لـە دەریـاوە بـوون و لـە وشـکانییەوە نەبـوون [١٣].

هەوڵی فەتحی قوستەنتینییە:

سـەرەتای ئـەم فەتحـە بـە هێرشـەکانی ئەبـو عەبدالرحمانـی قەییـن لـە ساڵی٤٨ دەسـتی پێکـرد، لـەو ماوەیـەدا ئیمپراتـۆری بێزەنتـی مـرد و یەکـێ لـە سـەرانی ئەرمـەن هاتـە پـاڵ موعاویـە [١٤].

موعاویـە سـوپایەکی بـە وشـکانیدا نـارد و هێزێکـی دەریاییشـی نـارد لـە سـاڵی ٤٩ ک فوزالـەی کـوڕی عەبیـد خەرشـەنەی گـرت، بێزەنتییـەکان داوای پێکهاتنیـان دەکـرد و مسـوڵمانان دەچوونـە پێـش تـا گەیشـتنە شـاری خلقیدونـە، لـە بـەر سـەرما و نەخۆشـی حاڵـی مسـوڵمانان پەشـێو بـوو، موعاویـە لەگـەڵ یەزیـدی کـوڕی چەندیـن سـەحابەی هێنابـوون بـۆ بەرزکردنـەوەی ورەی سـوپا لەوانـە: عبداللـە کـوڕی عەباس وعبداللـەی کـوڕی عومـەر و ئەبـو ئەیوبـی ئەنسـاری کـە لـەو سـاڵەدا لـەوێ وەفاتـی کـرد و لـەوێ نێـژرا، سـوپای ئیسـلامیی لـە دەریـا و وشـکانییەوە دەوری قوسـتەنتینیەیان دا، یەزیـد لەبەرچـاوی خەڵکی سـەر قەڵاکـە دیلـە بێزەنتییەکانـی سـەردەبڕین تـا ورەیـان دابـەزێ.

شـارەکە بـە مەنجەنیـق لـە هـەردوو لێـواری بۆسـفۆر و خلقیدۆنـە و لەدەریـاوە ئاگربـاران و بـەرد بـاران دەکـرا [١٥]، بـەڵام لەگرنگتریـن هۆکارەکانـی سـەرنەکەوتنی ئـەم هێرشـە:

١- کـەش وهـەوای سـارد و بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی کوشـندە لەنـاو مسـوڵمانان.
٢- مسـوڵمانان بـێ ئەزمـون بـوون لـەو جـۆرە شـەڕانە.
٣- کەمـی مسـوڵمانان و زۆری و بەهێـزی کەشـتیگەلی بێزەنتـە.
٤- هەڵکەوتەی شوێنی قوستەنتینیە [١٦].

هێرشی دووەم بۆ سەر قوستەنتینیە:

دوای سـەرنەکەوتنی هێرشـی یەکەم لەساڵی ٤٩ ک، موعاویـە لـە هەمـوو ویلایەتـەکان دەسـتی کـرد بـە کەشـتی دروسـتکردن، لـە سـاڵانی ٥١ و٥٢ ک دوورگەکانـی دەریـای ناوەڕاسـتی دووبـارە فەتـح کردنـەوە و، خەڵکێکـی زۆری لـە دوورگـەی ڕۆدس دانـا تـا موعاویـە مـرد هـەر لـەوێ بـوون، دوایـی

یەزید دوورگەکەی بۆ بێزەنتییەکان چۆڵ کردەوە.

دەیزانی دەبێ لە دەریای مەڕمەڕە و کەناڵی زێڕینەوە هێرش بکاتە سەر شارەکە، ئیمپراتۆرێکی کەم تەمەن لە بێزەنتە لەسەر تەخت دانیشتبوو کە قوستەنتینیی چوارەم بوو.

لە ساڵی ٥٣ک چەندین وێستگە لە نزیک قوستەنتینییە گیران و، دوورگەیەک کە لە٥٤ک گیرا کرایە وێستگەی هێرش بۆ سەر شارەکە، ئەم دۆخە چەندین ساڵ بەو شێوەیە بەردەوام بوو، هەرلەو کاتەش جزیرەی کریت گیرا، تاکو لەهەموو ڕێگا ئاوییەکانەوە زەبر لەبێزەنتییەکان بدرێت. بەم شێوەیە حەوت ساڵ لە ساڵی ٥٢ تاکو ساڵی٥٩ک ئەم هێرش و گەمارۆیە بەردەوام بوو.

بەڵام کاتێ موعاویە زانی خەریکە دەمرێ و دوای خۆی ئومەوییەکان ناکۆکیان دەبێ، بۆیە بە مەرجەکانی بێزەنتییەکان ڕازی بوو کە ئەمانە بوون:

- پێکهاتن بۆ ماوەی ٣٠ساڵ کەنابێ جەنگ لەگەڵ بێزەنتە بکرێ و نابێ دەوڵەتی ئومەوی لەو ماوەیەدا کەشتیگەل و هێزی دەریایی هەبێ.
- مسوڵمانان ساڵانە سێ هەزار مسقاڵ زێڕ بدەنە بێزەنتە وەک سەرانە.
- گێڕانەوە و ئازادکردنی هەشت هەزار دیلی بێزەنتی بێ بەرامبەر.
- ساڵانە ٥٠ ئەسپی ڕەسەن لەلایەن ئومەوییەکان بدرێ بە بێزەنتییەکان.
- دیارە یەکێک لە بەندەکانی ڕێککەوتنەکە گێڕانەوەی دوورگەکانی دەریای ناوەڕاست بوو بۆ بێزەنتییەکان، بۆیە مسوڵمانەکان دوورگەی ڕودسیان بەجێ هێشت [١٧].

سەرچاوە مەسیحییەکان دەڵێن موعاویە ئەم پێکهاتنەی لەگەڵ ڕۆم مۆر کردووە، بەڵام سەرچاوە ئیسلامییەکان دەڵێن یەزیدی کوڕی لە دانوستانەکە لای پاشای ڕۆم مۆری کردووە

ئەم پێکهاتنە کە شکۆی دەوڵەتی ئومەوی شکاند و وایکرد ئیمپراتۆری لاو قوستەنتینی چوارەم لەئەوروپا وەک پاڵەوان و نوێکەرەوەی ئاینی مەسیحی بناسرێ و بێزەنتە هەژموونی خۆی لەدوورگەکان و کەناراوەکانی شام بەسەر مسوڵماناندا سەپاند و مەسیحییەکانی بەڵقان و ئاسیای بچووک و هەتا مەسیحییەکانی شامیش جۆرێک لەشکۆیان بۆ گەڕایەوە و، دەوڵەتی ئومەوی لەدوای ئەم پێکهاتنە کەلەباتی جزیە لەبێزەنتە وەرگرێ بۆ ماوەی سی ساڵ جزیەی دایە بێزەنتە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی عەیبی ئەم تێشکانە بە کوشتاری مەدینە و مەککە و لێدانی مەنجەنیق لەکەعبە و سەربڕینی ئیمام حوسێن و لەخاچدانی ئیبن زوبێر بشارێتەوە [١٨].

لە باسی گەمارۆدانی قوستەنتینیە لە لایەن موعاویەوە، سەرچاوە ئیسلامییەکان لەوەشدا ناڕۆشنن، چونکە پشتیان بەگێڕانەوە بەستووە و جارێ تەدوین دەستی پێنەکردبوو، چەندین سەرچاوەی مەسیحی ئاماژە بە هێرش و گەمارۆی دەریایی مسوڵمانان بۆ قوستەنتینیە دەکەن، کەبەداخەوە ئەم هێرشە کۆتایی بە

داستانی کەشتیگەلی ئیسلامیی هێناوە و ئەو دوورگانەی کە بەدەستی مسوڵمانانەوە بوون لەدەست چوون و کەشتیگەلی بێزەنتی هەموو کەشتیگەلی ئیسلامیی تێکشکاندووە و توانیویانە بێنە ناو بەندەرەکانی سوور و سەیدا لە لوبنان و جەبەل لوبنان بگرن و وابکەن موعاویە لە بەر پاراستنی دەوڵەتی ئومەوی لە شام ساڵانە سێ هەزار پارچە زێڕ و پەنجا کۆیلە و پەنجا ئەسپی ڕەسەن بداتە ئیمپراتۆری بێزەنتی، سەرچاوە مەسیحییەکان دەڵێن موعاویە

سەرچاوەکان:

(١) مشتاق بشير الغزالي- التموين الغذائي للجند وأثره على حركة الفتوحات الإسلامية خلال العصر الأموي، جامعة الكوفة، مجلة كلية التربية، عدد١٠ سنة ٢٠٠٨م، ص :٨٩-٩٦.

(٢) الطبري، ج٥، ص٩٥-٩٧.

(٣) ابن خياط، تأريخ، ص٩٢. البلاذري، م.م، ص.٢٠٨. ابن جعفر، كتاب الخراج، ص٣٠٦. ابن أعثم الكوفي، فتوح، ص٨١١. حياة عمامو. معاوية بن أبي سفيان، العرب والبحر المتوسط كليّة العلوم الانسانيّة والاجتماعيّة بتونس، مجلة : وحدة بحث التاريخ، ٢٠١٠م، ص١٩٤-٢٤٠.

(٤) ارشيباد لويس، القوى البحرية والتجارية في حوض المتوسط، ت:احمد محمد عيسى، مكتبة النهضة، القاهرة-١٩٦٠م، ص٢٠٢. انور عبدالعليم، الملاحة وعلوم البحر عند المسلمين، دار سلسلة عالم المعرفة، د-م-١٩٧٩م، ص٩١٣.

(٥) عبد العظيم رمضان، الصراع بين العرب واوربا من ظهور الاسلام الى انتهاء الحروب الصليبية، دار المعارف، القاهرة،١٩٨٣م، ص٤٦.

(٦) حياة عمامو، المصدر السابق، ص١٩٤-٢٤٠.

(٧) ابن الاثير، عز الدين علي بن ابي الكرم، ت٨٥٠هـ-١٢٣٢م، الكامل في التأريخ، ت:عبد الله القاضي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٧م، ح٢/ص٢٨٩. ابن كثير، عماد الدين اسماعيل بن عمر، ت٧٧٤هـ-١٣٣٤م، البداية والنهاية، ت:عبدالله عبد المحسن التركي، ط١، دار الهجر للطباعة والنشر، الجيزة،١٩٩٧م، ج٧/ص٥.

(٨) الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٣/ص٣٤١. حسنين ربيع، دراسات في تأريخ الامبراطورية البيزنطية، ص٨٥،١٧.

٢٢ ابن الاثير، الكامل في التأريخ، ج٣/ص١٩٩٩م، ج١/ص ٣٨،٢٣. الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٥/ص١٧٢. الذهبي، دول الاسلام، ت:حسن اسماعيل مروة،ط١.

(٩) المتوسط كليّة العلوم الانسانيّة والاجتماعيّة بتونس، مجلة: وحدة بحث التاريخ ٢٠١٠م ص ١٩٤-٢٤٠.

(١٠) الجنزوري، علية، الثغور البرية الاسلامية على حدود الدولة البيزنطية، مكتبة الانجلو، القاهرة، ١٩٧٩م، ص٢٠. القلشقندي، احمد بن علي، ت٨٢٠هـ -١٤١٧م، صبح الاعشى في صناعة الانشا، ط١،المؤسسة المصرية للطباعة والنشر، القاهرة-١٩٦٣، ج٣/ص ٢٦٤.

(١١) الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٥/ص٢٣٢، المسعودي،علي بن الحسين، ت٣٤٦هـ-٩٥٧م، مروج الذهب ومعادن الجوهر، ت:شارل بال، منشورات الجامعة اللبنانية، بيروت، ١٩٦٦م، ج٤/ ص٣٨٩. الذهبي، تأريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، ت: عمر عبدالسلام، ط١، دار الكتاب العربي، بيروت،١٤١١هـ،ج٤/ص١٩.

(١٢) فلهاوزن يوليوس، تأريخ الدولة العربية من ظهور الاسلام حتى نهاية الدولة الاموية، ترجمة: محمد عبد الهادي، د.مطبعة، بيروت، ١٩٦٨م، ص٢٠٩.

(١٣) حياة عمامو، المصدر السابق، ص١٩٤-٢٤٠.

ئەم پێکهاتنەی لەگەڵ ڕۆم مۆر کردووە، بەڵام سەرچاوە ئیسلامییەکان دەڵێن یەزیدی کوڕی لە دانوستانەکە لای پاشای ڕۆم مۆری کردووە.

بەم شێوە تراژیدییە پەردەدرا بە سەر کەشتیگەلی مسوڵمانان و تا چل ساڵ و سەردەمی سلێمانی کوڕی عبدالملک لە ساڵی ۹۹ ک مسوڵمانان هەموو چالاکی و جەنگێکی دەریاییان واز لێ هێناوە [١٩].

(١٤) فيليب حتى تأريخ العرب، ٢٥١/١، وفتحي عثمان، الحدود الاسلامية البيزنطية والبيزنطيون، ط٢، الدار القومية للطباعة والنشر، مصر-١٩٦٣م، ص١٥٤. حسنين محمد ربيع، دراسات في تأريخ الامبراطورية البيزنطية، ص٢٩٦.

(١٥) المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، ج٣/ ص٣٣-٦٥. ابن الاثير، الكامل في التأريخ، ج٣/ ص٣١٤-٤٥٨.

-اليعقوبي، تأريخ اليعقوبي، ج٢/ص٢٢٩. الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٦/ص١٣٠.

- ابن عساكر، تأريخ دمشق، ج٥٠/ص٣٣٨.

- سعاد ماهر، البحرية في مصر الاسلامية وآثارها الباقية، ط١، دار المجمع العلمي، جدة، ١٩٧٩م، ص٧٥.

- ابن عبد الرب، يوسف بن محمد، ت٤٦٣هـ -١٠٧٠م، الاستيعاب في معرفة الاصحاب، ت: علي محمد البجاوي، ط١، دار الجيل، بيروت،١٤١٢، ج٢/ص٣١٥،

- ابن كثير، البداية والنهاية، ج١١/ص٢٥٢.

- الذهبي، شمس الدين محمد، دول الاسلام، ت:حسن اسماعيل مروة، ط١،دار صادر، بيروت، ١٩٩٩م، ج١/ص٣٩١.

- ابن سعد، محمد بن سعد، ت٢٣٠-٨٤٤م، الطبقات الكبرى، ت:علي محمد عمري، ط١، مكتبةالخانجي، القاهرة،٢٠٠١م، ج١/ص٢٢٨.

(١٦) محمد عبدالله عنان، مواقف حاسمة في التأريخ، مكتبة مطبعة مصر، القاهرة، ١٩٥٢، ص٣٧. سعيد عبد الفتاح عاشور، تأريخ أوربا في العصور الوسطى، ط٨، مكتبة الانجلو المصرية، د-م، ١٩٨٥م، ص١١٣.

(١٧) اليعقوبي، تأريخ اليعقوبي، ج٢/ص٢٥٧. ابن الاثير، الكامل في التأريخ، ج٤/ص٣٠٤. الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٦/ص٢٢٠.

(١٨) الشيخ محمد، تأريخ الامبراطورية البيزنطية، ص٩٩.

- فتحي عثمان، الحدود الاسلامية البيزنطية، ج٢/ص٥٣.

- حسنين ربيع، الامبراطورية البيزنطية، ص٩٠.

- محمد عنان، مواقف حاسمة في التأريخ، ج١/ ص٣٨.

(١٩) حياة عمامو، المصدر السابق، ص١٩٤-٢٤٠.

پرۆفایل...

نەبەز ئیسماعیل عەبدوڵڵا

خوێندکاری ماستەر لەبەشی مێژووی ناوەڕاست، زانکۆی ڕاپەڕین.



م.یوسف کمال

ئەی تۆپەکە

سروودی نەوەکان

بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری:

یەکێک لە بنەماکانی پەروەردە و فێرکردن، ئاشناکردنی قوتابیانە بە سروود و گۆرانی گوتن و پەروەردەی مۆسیقایی لایان .

بەکورتی: قۆناغی گەشەی هونەری لە کۆرپەلەییەوە دەست پێدەکات، بۆیە دەبینین منداڵ ئاشنای دەنگی دایکی دەبێت و ترپەی دڵی ئاوازێکە بۆهێورکردنەوەی. لەتەمەنی ١ تا ٤ ساڵ: دەتوانێت بەجەستە ئاوێتەی گۆرانی و مۆسیقا بێت، بۆیە دەبینین لە گۆرانی شادی هەڵدەپەڕێ و بگرە دەقێکی خەمناک دەگرێت بە پێی ریتمەکەی نەک تێگەیشتنی !

قۆناغی٥-٦ ساڵی (قۆناغی باخچەی ساوایان) ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و بەشداری بەکۆمەڵ دەست پێدەکات و مەیلی دەستگرتنی و هەڵپەڕینی دەبێت لەگەڵ هاوتەمەنەکانی.

قۆناغی ٦-١٢ساڵ: توانای بەشداری ئەکتیڤی هەیە چ بە شێوەیەکی سادە و هەڕەمەکی وەک یاری و بەشداری لە شادییەکان و بۆنەکان و چ لە چوارچێوەی کارێکی هونەریدا و، دەرکەوتن لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و خوێندراو.

یەکێک لە شیعرەکانی پرۆگرامی خوێندن کە زۆر باوە لەلای قوتابیان شیعری شاعیر بێکەس[١] (تۆپ تۆپێن)ـە، ئەو شیعرەی کە نەوەکانی لە دایکبووی ١٩٦٣تا ٢٠١٧ [٢]-[٣] خوێندوویانە و لە گردبوونەوەی رۆژانی پێنجشەم سەدای داوەتەوە و لەلایەن قوتابییەکانەوە ئەزبەر کراوە لە پۆلی دووی بنەڕەتی لەساڵی ١٩٧٠ تا ئێستا.

ئاشنابوونی منداڵ بە گۆرانی و شیعر و مۆسیقا:

دەروازە: پەروەردەی مۆسیقایی منداڵ لە هۆکارەکانی یاریدەدەری منداڵانە بەوەی ئاسۆی وەرگرتنی فراوانتردەبێت هۆکارە بۆ وەرگرتن و ئەزبەرکردنی گۆرانی.[٤]

- قۆناغی کۆرپەلەیی:

زانست دووپاتی کردۆتەوە کە کۆرپەلە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەروەردەیی و قۆناغی پەروەردەکردنی لەکۆرپەلەییەوە دەست پێدەکات بە هۆکاری ئەوەی لە مانگەکانی دوای گەشەکردنی لە رێگەی بیستنەوە دەکەوێتە ژێرکاریگەری ژینگەی دەوروبەری دایکی،[٥] ئەو دەنگانەی لە قۆناغی کۆرپەلەیی گوێبیستی بووە ئاشنا دەبێت لەلای[٦]، هەروەها گوێچکەکەی جۆرە بیستنێکی

مۆسیقایی لا دروست دەبێت بەهۆی لاواندنەوەی بەتایبەتی بۆ نووستن بۆ نموونە دەلای لایە ڕۆڵە لای لایە .

قۆناغی ١ تا ٤ ساڵ :

لەم قۆناغەدا منداڵ زیاتر لەژێرکاریگەری جووڵەدایە و لەقۆناغی دروستکردنی سامانێکی زمانەوانییە[٧]، سەبارەت بە هۆنینەوەی هۆنراوەکان و گۆرانییەکان باشتر وایە پشت بە گۆرانییە میللییەکان ببەسترێت لەبەر ئەوەی بە زمانێکی میللی باوی دایک دەگۆترێن.[٨]

قۆناغی باخچەی ساوایان تا قۆناغی سەرەتایی:

لە سیما دیارەکانی گۆرانی منداڵان کە هەڵدەبژێردرێت بۆ قۆناغەکانی باخچەی ساوایان دەبێ سەرەتایی بێت و سادە و ساکار بێت و ڕیتمێکی دیار و سووکی هەبێت، لە کانگای مۆسیقا میللییەکان هەڵقولابێت[٩]، بەمەش منداڵ زیاتر چێژی لێوەردەگرێت، لەبەرئەوەی ئاشنایە بەم ڕیتمە، جا مەبەستدار بێت یا بێمەبەست کە گوێبیستی دەبێت لەماڵ بێت یا شەقام[١٠].

تۆپ تۆپێن

ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە
من دێم لە دەستم ڕامەکە
تۆ تۆپی یاری کردنی
وەك کوولەکەی ڕۆحی منی
وەختێ کە چوویتە ئاسمان
بانگ کە لەگەڵ من یەك زوبان
خۆش بێ وەتەن خۆش بێ وەتەن
بەرز بێ وەتەن بە عیلمو فەن

١٧

منداڵ لە قۆناغی ٦-٨ ساڵیدا :

بیرکردنەوەی منداڵ بەندە بە هەستەکانی و بەرجەستەبوونی، بەڵام خەیاڵی لە سنووری واقیعی و دەوروبەری دەڕوات بۆ جیهانە دوورەکان[١١]. لەو قۆناغەشدا ئەو گۆرانیانەی پەیوەستە بە چیرۆکەکان وەک چیرۆکەکانی فریشتەکان، خاکی جنۆکەکان، خاکی کورتە باڵاکان و، باڵا بەرزەکان و، دانیشتوانی دەریا ئاژەڵە قسەکەرەکان و دارە سەیرەکان.[١٢]

لەهەمان کاتیشدا گۆرانییە ئاینی و نیشتمانی و پەروەردەییەکان بە گونجاو دەزانرێن بەوەی کە هەڵگری داب و نەریتەکانن، بۆ ئەوەی زیاتر گونجاو بن پێویستە ناوەڕۆکی هەندێک جوڵە و دەستەواژەی کۆمێدیان تێدا بێت.[١٣]

گۆرانییە ئاینی و نیشتمانی و پەروەردەییەکان بە گونجاو دەزانرێن بەوەی کە هەڵگری داب و نەریتەکانن

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. ناوی تەواوی (فایەق عەبدوڵڵا بەگ) نازناوی (بێکەس)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لەناو خەڵکدا هەر بەو ناوە ناسراوە. (فایەق) لە ساڵی ١٩٠٥ز لە گوندی (سیتەک) کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سولەیمانی لە دایک بووە، لە منداڵییەوە لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویەتی. ماوەی چەند ساڵێک لە بەغدا ژیاوە، پاشان باوکی ڕوو لە تورکیا دەکات، دایکیشی دوای ئەوە هەر لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات، بۆیە فایەق لە ساڵی (١٩١٨)ز دێتەوە سولەیمانی لای مامی و لەوێ دەچێتە بەر خوێندن. دووبارە لە (١٩٢٤)ز دەچێتەوە بەغداد و دوای یەک دوو ساڵ دەگەڕێتەوە. ماوەیەک لە (ئەشغاڵ) کاردەکات، ئینجا دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانە سەرەتاییەکان. بێکەس شاعیرێکی کوردپەروەر و وڵاتپارێز بووە، چەند جار لەبەر بزاڤی ڕامیاری تووشی گرتن و لە کاردەرکردن بووە، چاونەرتس و ئازا بووە، بەشداری لە ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلولی (١٩٣٠)ز بەردەرکی سەرا لە سولەیمانی کردووە و تیایدا بریندار بووە، هیچ کاتێک گوێی بە پلە و پایە و پارە و پوڵ نەداوە، نزیک بووە لە بزاڤە ڕامیارییەکانی ئەو کاتە وەک بزاڤی (ژێ کاف)، پاشان (پارتی دیموکراتی کوردستان). شیعرەکانی بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمانەکەی تەرخانکردووە، بەشی زۆری هۆنراوەکانی باس لە کوردایەتی و نیشتمانپەروەری دەکەن، بێجگە لەوە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پانتاییەکی فراوان داگیر دەکەن. لە دیوانەکەیدا کۆمەڵە سروودێکی زۆر خۆشی بۆ منداڵان تێدایە، لە ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/٢٨ز لە هەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە سولەیمانی بە خاک سپێردراوە.

٢. پرۆگرامی خوێندنەوەی نوێ بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی چاپی یەکەمی لەساڵی ١٩٧٠ چاپکرا کە وەک بەرهەمێکی ڕێککەوتننامەی١١ی ئادار بوو، تاڕادەیەکی زۆر بابەتەکان کوردەواری بوون، ئەگەرچی کاریگەری چاپە عەرەبییەکەی لەسەر بوو وەک خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەم نەبوو کە تەواو بابەتەکانی کوردی بوون و هیچ پەیوەندی بە هاوشێوە کوردییەکەی نەبوو تاساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ خوێندرا، لەو ساڵەدا پرۆگرامێکی سۆرانی بادینی خرایە بەر خوێندن کە کورەکەم عومەر لەبەرخوێندن بوو بابەتەکان زۆریان لادران، بەڵام دوای ساڵێک گەڕیندرانەوە .

٣. وەک خۆم ئەم شیعرەم لەساڵی ١٩٧٢ خوێند لە قوتابخانەی سۆرانی سەرەتایی، ئەوسا مامۆستایەکمان هەبوو بەناوی (مەلامحمد) خوای گەورە لێیخۆش بێت لەو مەلایانەی کەبە بڕیاری زەعیم عبدالکریم قاسم بوونە مامۆستا، کەسێکی مەشرەب خۆش و دینپەروەر بوو و فێری زۆر شتمانی کرد، لەناو وانەکانیش وەک مامۆستا بەقوتابیانی قوتابخانەی گولەکی سەرەتاییم لە هەریر گوتووەتەوە و لە قوتابخانەی قەدری جان لە مەسیفیش گوتوومەتەوە .

٤. شیعر و مۆسیقا و گۆرانی سێ بنەمای هونەرن بۆ منداڵ کە شیعرئەزبەربکات و لەگەل مۆسیقا بیکاتە گۆرانی یاخود سروود، ئەمەش لە پەروەردەی عێراقی یاخود مەعاریف وەک پێشتر ناوی وابوو، هەر قوتابخانەیەک تیپێکی سروودی

منداڵ لە قۆناغی ٨-١٢ساڵیدا :

لە گرنگترین سیماکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە منداڵ لە خەیاڵی ڕەها دەگواسترێتەوە بۆ قۆناغێک زیاتر ویستی دەبێت بۆ خەیاڵ، ئەمەش بەرجەستە دەبێت لە یارییەکان کە پێویستی بەجۆرێک لە کارامەیی و گفتوگۆکردن دەبێت جگە لە ئازایەتیش سەرکێشە، بۆیە بە قۆناغی سەرکێشی ناوزەد کراوە.[١٤]

هەبوو، لە قوتابخانەی سۆران کە قوتابی بووم مامۆستا وریا کۆیی تیپێکی دامەزراند لە پۆلی چوار کە کراسێکی سپی و چاکەتێکی ڕەساسی و پانتۆڵێکی نیلی بە خەتێکی سوور لۆگۆی (فرقە الانشاد المدرسی) لە شێوەی قەڵغانێک کە هێمای مۆسیقای لەسەر بوو .

٥. یەکێک لەسەرنجەکانم لەسەر کتێبی ئەلف و بێی نوێ ئەوەبوو هەستم دەکرد منداڵانی مامۆستای وانە هەستیان نەدەکرد کە لایان غەریب بێت، هەرچەند کەمیش لە پۆل بوون بەهۆی موڵەتی لەدایک بوون.

٦. الحلوانی، عبدالقادر نبذة عن اغانی الاطفال، الموسیقی العربیة، تصدر عن المجمع العربی للموسیقی، العدد الثامن، اب ١٩٨٦.

٧. بۆ بابەتی سامانی زمانەوانی منداڵی کورد، بڕوانە: الثروة اللغویة لدی الطفل الکوردی، مطبوعات جامعة صلاح الدین ١٩٨٨ الدکتورعبدالستار طاهر شریف.

٨. الشلبی، محمود، نصوص اغانی الاطفال في الشکل والمضمون دراسات في اغنیة الطفل، دراسة مقدمة للمهرجان الاردنی، عمان، مؤسسة نورالحسین ١٩٩٦ص ٤٩.

٩. اسعد محمد علی، الموسیقی والطفل، الطبعة الاولی، مطابع ثنیان، بغداد١٩٨٦.

١٠. یەکێک لە بنەما سادەکانی پەروەردە گۆرانی و مۆسیقای ئەو بەند و باڵۆرانەی فۆلکلۆریە کە لەمنداڵی بەڕێگاوە یان لە یارییەکان دەمان گوتنەوە کە سادەیی لە وشەکانی و جۆرە قافیەیەکی شیعری و هارمۆنیکایەکی بیستنی تێدا بوو، بەتایبەتیش (هەچەرمە چەرمە -کۆرس دەیگوت حیلانی کەپوی بابتنان بە چەڵمە کۆرس وەڵامی دەدایەوە حیلانی).

١١. الهیتی هادی نعمان (واخرون) ادب الاطفال، الطبعة الاولی، بغداد، صفحة؟؟؟

١٢. محمد علی سلیمان، الموسیقی بین التربیه وطرق التدریس، الطبعة الاولی، القاهرة، مطبعة السعادة، صفحة؟؟؟

١٣. محمد علی سلیمان، الموسیقی بین التربیه وطرق التدریس الطبعة الاولی، القاهرة، مطبعة السعادة، صفحة؟؟؟

١٤. الهیتی هادی نعمان (وأخرون) ادب الاطفال، سلسلة دراسات منشورات وزارة الاعلام، الجمهوریة العراقیة، دارالحریة للطباعة، ١٩٨٧صفحة ٤٥.

پرۆفایل ...

یوسف کەمال مەحمود

- **لەدایکبووی هەولێر، ساڵی ١٩٦٥.**
- **بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین، دیبلۆمی باڵا لە پەیمانگای ناوەندی مامۆستایان، هەولێر.**
- **توێژەری کۆمەڵایەتی.**
- **بەڕێوەبەری نووسینی بەشی عەرەبی گۆڤاری ئاینده.**

سەوداکردن بەدراوە ئەلکترۆنییەکان لەنێوان ڕێپێدران و یاساغیدا

م. بەسۆز سدیق محمد

١- پێناسەی دراوە ژمارەییەکان:

أ- (DigitalCurrency) کە بە دراوە ئەلکترۆنیەکانیش ناسراون، کۆمەڵە دراوێکی گریمانەیین تەنیا بەشێوەی ژمارە هەن و بونیادێکی ماددی دەستلێدراویان نییە، مرۆڤ ناتوانێ بەدەستیان بێنێ و ئاڵوگۆڕیان پێ بکات تەنها لە ڕێگەی ماڵپەڕ و پەیجە ئەلکترۆنییەکانەوە نەبێ، کە کۆمەڵێک تۆڕ و سیستەمی تایبەت بەخۆیان بۆ تەرخان کراوە، بە پێچەوانەی دراوە کاغەزییەکان کە دەتوانرێ هەڵبگیرێن و ئاڵوگۆڕ بکرێن وکۆگا بکرێن [1].

ب- دراوی ژمارەیی جۆرێکە لە دراوە بەربڵاوەکان کە تەنیا بەشێوەی ژمارەیی هەیە، بەڵام هەمان تایبەتمەندی دراوەکانی تری هەیە لە کڕینی کاڵاکان و گواستنەوەی خاوەندارێتی کاڵای کڕدراو لە فرۆشیارەوە بۆکڕیار و دابینکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر بۆ ئەوانەی پارەی ژمارەییان هەیە، ئەم پارەیە تەنیا لەڕێی ئەنتەرنێتەوە ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێ [2].

٢- مێژووی دراوە ئەلکترۆنیەکان:

- لە ساڵی ١٩٧٧ز خوارزمییەکانی (آر إس أي) دەرکەوتن کە لیونارد أديمان وآدي شامير و رونالد ريفست لە پەیمانگای تەکنیکی ماساتشوستس دایان هێنان، پسوڵەیەک وەک هێما بۆیان چاپ کرا کە پیتی یەکەمی ناوی هەرسێ داهێنەرەکەی لێ نوسرابوو.
- لەساڵی ١٩٩٣ ز زانای بیرکاری دیفید تشوم یەکەم شیفرەی ئەلکترۆنی داهێنا،
- لە ساڵی ١٩٩٦ ز ئاڵتونی ئەلکترۆنی (إي-كولد) داهێنرا کە بۆ ئاڵوگۆڕی زێڕ بەکاردەهێنرا.
- لەساڵی١٩٩٩ ز یەکەم بانکی ئەلکترونی (باي بال) دامەزرا بۆ ئاڵوگۆڕی دراو لەئەنتەرنێتەوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٨ ز یەکەم دراوی ئەلکترۆنی داهێنرا لەسەر دەستی کۆمەڵێک بەرنامەدارێژ کە خۆیان ناونابوو (ساتوشي ناكاموتو) کەبە دراوی (البتكوين) ناسراوە، ئەم دراوە بۆ یەکەم جار لە نێوان

ساتوشي ناكاموتو و هال فيني لەساڵی ٢٠٠٩ ئاڵوگۆڕی پێکرا.

- لەساڵی ٢٠١٥ ز دا چەند دراوێکی نوێی ئەلکترۆنی بەناوی (لایتکوین، والاثریوم) دەرکەوتن.

- لە ساڵی ٢٠١٩ز کۆمپانیای فەیسبوك دراوی تایبەت بەخۆی بەناوی (لیبر) ڕاگەیاند کە لەساڵی ٢٠٢٠ ز خرایە بازاڕەوە [٣].

٣- جۆرەکانی دراوە ئەلکترۆنییەکان:

بەشێوەیەکی گشتی دابەشدەبن بۆ چوار جۆری سەرەکی:

أ- دراوە موشەفەرەکان:(Cryptocurrencies)

بەشێکن لە دراوە ژمارەییەکان، بەڵام هەموو ژمارەییەکان موشەفەر نین، دراوە موشەفەرەکان پشت بە تەکنیکی موشەفەری زنجیرەیی دەبەستن، "بلوك چين Blockchain"، کۆمەڵە هاوکێشەییەکە کە کاری کڕیار و فرۆشیار ئاسان دەکات بێ ئەوەی پێویستیان بەلایەنی سێیەم بێت.

لەگرنگترین جۆری دراوە موشەفەرەکان:

- دراوی بیتکوین (Bitcoin) کەلە ساڵی ٢٠٠٩ز وەک یەکەم دراوی موشەفەر دەرکەوت.
- دراوی ئیثریوم (Ethereum).
- دراوی لایتکوین (Litecoin) .

ب- دراوە ژمارەییەکانی بانکە ناوەندییەکان (CBDCs):

بانکە ناوەندییەکان لەسەر شێوەی چەند ژمارەیەک دەریان دەکەن و بانکەکان سەرپەرشتیان دەکەن، ئەمانە وەکو پسولە و کارتە گرێنتی کراوانەی لەهەر وڵاتێک بەکار دەبرێن بۆ ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتن.

ئەم جۆرە دراوە کەلە وڵاتی ئیمارات بەناوی درهەمی ژمارەیی لەساڵی ٢٠٢٣ز بەکاردەهێنرێ [٤].

ج- دراوە سەقامگیرەکان (Stable Coins):

ئەم دراوانە هەرچەندە دراوی موشەفەرن، بەڵام وا ڕێکخراون کە خاوەن بەهایەکی جێگیرن و وابەستەی چەند بنچینەیەکی ڕەسەنن، بۆیە لەدراوە موشەفەرە ئاساییەکانی وەک بتکوین جێگیرترن، لە گرنگترین ئەم دراوانە:

- دراوی تیثر (Tether).
- دراوی دولار بينانس (Binance USD).

د- دراوە گریمانەییەکان (Virtual Currencies):

دراوێکی ژمارەیی ڕێکنەخراوە، کە هیچ سیستەمێکی بەسەردا ناچەسپێ جگە لەوانەی دایانهێناوە و ئاڵوگۆڕی پێدەکەن و لەیارییە ئەلکترۆنییە گریمانەییەکان بەکاردەهێنرێ[٥].

دراوە ئەلکترۆنییەکان بەشێوەیەکی تریش دابەش دەکرێن:

- جۆرە دراوێکی سەرەکییە و بلۆکچین و سیستەمی ئەلکترۆنی تایبەتی هەیە وەک بتکوین وئیثیریوم وسولانا.

- جۆرێکی تر دراوێکی ناسەرەکییە و بلۆکچین وسیستەمی ئەلکترۆنی تایبەتی نییە و لەسەر بلۆکچین و سیستەمی ئەلکترۆنی دراوی سەرەکی بنیات دەنرێ [٦]

٤- چۆنێتی کارکردن بەدراوی ئەلکترۆنی و ڕەواجی ئەو دراوە لەناو وڵاتان:

أ- ئەوهەنگاوانەی کە پێویستن لە سەرکەوتنی دراوی ئەلکترۆنیدا ئەم هەنگاوانەن:

- دیزاین و داڕشتنی بەرنامەی ئاڵۆزی کۆمپیوتەری و بلۆکچینی تۆکمەی ئەلکترۆنی بۆ ئەوەی ببێتە سەکۆی سەودا و ئاڵوگۆڕی ئەو دراوانە.

-کاراکردن و ئاڵوگۆڕ و سەوداکردن بەو دراوانە لەناو ئەو تۆڕە کۆمپیوتەرانە.

- بوونی دەسکەوت و بەرەوپێشچوون لە شیکاری هاوکێشەکان تا بسەلمێ ئەو سەودایانە فەرمی بن.

- تۆمارکردنی ئەو دەسکەوت و بەرەوپێشچوونانە لەسەر بلۆکچینەکان وەک تۆمارێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ بۆ ئەو سەودایانە کە سەوداکەران لەهەرکاتێ بیانەوێ دەگەڕێنەوە سەری وەک بۆڕسەیەکی ئەلکترۆنی.

- ئاسایشی ئاڵوگۆڕ بۆ ئەو دراوانە بۆ دابینکردنی ئەو ئاسایشەش ئەو دراوانە تەشفیر دەکرێن تا کەس نەتوانێ دزە بکاتە ناو ئەو تۆڕانە و گزی بکا .

ب - ڕەواجی ئەو دراوە لەناو وڵاتان:

لەساڵی ٢٠١٦ز بەدواوە زیاتر لە ٢٤ وڵات زیاتر لە (٤ , ١) ملیون دولار لەبودجەی گشتی لەو جۆرە وەبەرهێنانە خەرج دەکەن و زیاترلە ٩٠ بانکی ناوەندی لە و سیستەمانە بەشدارن .

لەو وڵاتانەش:

- لە کەنەدا پێنج بانک بلۆکچینی هاوشێوەی دراوی ئیثریوم بەکار دێنن.

- لە چین فان یی جێگری سەرۆکی بانکی مەڵبەندی پێی وایە دراوە ژمارەییەکان تێچووی کارکردن کەم دەکەنەوە و دەبنە هەڵکشانی لێهاتوویی و فرەبوونی چەسپاندنە نوێکان.

- لە دانیمارک سێیەکی هاوڵاتیان دراوی مۆبیلیبای بەکاردێنن کە لە مۆبایلی زیرەکدا بەو سیستەمە ماڵ ئاڵوگۆڕ دەکا.

هەروەها لەهەریەک لەبانکەکانی: وڵاتی ئیکوادۆر و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ڕووسیا و کۆریای باشوور و سوید و سویسڕا و بەریتانیا و ئۆکرانیا، وە لەزۆر لەو وڵاتانە پلان و ماوەی ئەوە دانراوە کەلە دوای ٢٠٢٠ نابێ دراوە کاغەزی و پارەی کاش بمێنێ و دەبێ هەموو ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتنێک لەڕێی کارتی ئەلکترۆنی و حسابی بانکییەوە بێ [٧].

داهاتووی دراوە ژمارەییەکان (Cryptocurrencies) لە جیهان و لە کوردستان:

دراوە ژمارەییەکان **(Cryptocurrencies)** کە بە دراوی ئەلکترۆنی**(Digital Currency)** ناسراون لە کوردستان خەریکە لەگەڵ مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە ئاشنایەتی پەیدا دەکەن، لەگەڵ ژیانی ئێمەمانان تێکەڵ دەبن، پەیتا پەیتا خۆیان دەخزێننە ناو کایەکانی ژیانمان، لە ڕێگەی زیادبوونی ئەنجامدانی مامەڵە بەم جۆرە دراوانە، دراوی ئەلکترۆنی کە تەواو پێچەوانەی دراوی ئاساییە، کە مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی سەردەمانێکە مامەڵەی پێوە دەکەن چ لە ڕێگەی مامەڵەی دەستی بە دەستی یاخود لە ڕێگەی بانکەکانەوە، مرۆڤەکان هەست بە بوونی دەکەن لە ڕووی فیزیکییەوە، بەڵام هەرچی ئەم جۆرە

دراوەیە لە ڕووی فیزیکی هەست بە بوونی ناکرێت ناتوانرێت دەستی لێبدرێت، هەر ئەم ئامادەنەبوونەیە گومانی خستۆتە سەر خودی دراوەکە، چونکە مامەڵەکارانی ئەم دراوە تەنها لە ڕێگەی ژمارەیەکەوە دەتوانن مامەڵەی پێوە بکەن.

سەرەڕای نەبوونی دڵنیاییەکی تەواو لە لایەن مامەڵەکاران بەم دراوە لە چەند وڵاتێک مامەڵەی ئاسایی پێوە دەکرێت لە ڕووی کڕین و فرۆشتن و پارە ناردن یاخود وەرگرتنی پارە، وە خەریکە زۆربەی مامەڵە ئاساییەکانی ڕۆژانەی خەڵک لە ڕێگەی ئەم دراوە ئەنجامبدرێت و ڕاییبکرێن، لە هەمان کاتدا هێشتا هەندێک وڵات زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەل ئەم دراوە دەکەن وە لە هەندێک شوێن هەر مامەڵەی پێوە ناکرێت بە تایبەت ئەو وڵاتانەی لە جیهانی ئیسلامیدان.

کوردستانی خۆشمان بەدەر نییە لەم دونیایە و مامەڵەکردن بەم جۆرە دراوە خەریکە تەشەنە دەسەنێت و خەڵکانێکی زۆر و بە شێوەیەکی ناسروشتی و بێ هەبوونی پێشینەیەکی زانستی و لوژیکی و رۆشنبیری و بەبێ بوونی سەرەتاییترین زانیاری لەسەر ئەم دراوە مامەڵەی پێوە دەکەن و خەریکی کڕین و فرۆشتی ئەم دراوەن، ژمارەیەک هاووڵاتی ڕەنگە سوودی لەم جۆرە دراوە بینیبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕەنگە نەک سوود، بەڵکو زەرەریشی لەم جۆرە مامەڵەیە کردبێت، ئەمەش ڕەنگە لە ئەنجامی نائامادەیی کوردستان و کەرتی داراییەکەی بێت بۆ ئەم جۆرە مامەڵانە، ئەوەی لە کوردستان باوە و زۆر باسی لێوە دەکریت دراوی ئەلکترۆنی بیتکۆینە (Bitcoin)، وە زیاتر هاووڵاتیانی کوردستان گرنگی بەم جۆرە دراوە دەدەن کەچی لە وڵاتانی تر ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە جۆری ئەم دراوانە هەن و هەمووشیان مامەڵەی پێوە دەکرێت.

ئەوەی لێرەدا باسی سەرەکییە، جۆرەکان و چۆنیەتی کارکردن و مامەڵەکردن بەم جۆرە دراوانە نییە، بەڵکو داهاتووی ئەم دراوانەیە، وە وەڵامدانەی چەند پرسیارێکە کە ڕەنگە لە زیهنیەتی خوێنەرانی ئەم بابەتە گەڵاڵە بووبێت و هزریانی سەرقاڵ کردبێت، ئەوانیش ئایا دراوی ئەلکترۆنی جێگەی دراوی ئاسایی دەگرێتەوە؟ ئایە هەر ئەم جۆرە دراوانەی کە ئێستا بەکار دەهێنرێن هەر ئەمانە دەبن یاخود جۆری تر دێتە شوێنیان؟ بە دڵنیاییەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕەنگە ئەستەم بێت ئەگەر مەحاڵ نەبێت، بەڵام بەرمەبنای چەند توێژینەوەیەک کە لەسەر ئەم بابەتە و جۆری دراوانە ئەنجامدراون ڕەنگە بتوانین هەر هیچ نەبێت بەرچاو ڕوونییەک بخەینە ڕوو، ئەگەر وەڵامی تەواویشیان نەدەینەوە.

زۆربەی پسپۆڕانی بواری دارایی و بانک و هەروەها پسپۆڕانی ئابووری کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا داهاتوو بۆ دراوی ئەلیکترۆنی دەبێت و دراوی ئەلیکترۆنی جێگە بە دراوی ئاسایی لەق دەکات، ئەگەر جێگەشی نەگرێتەوە، وە بۆ ئەم کۆک بوونەشیان چەندین پاساو دەهێننەوە، وەکو خێرایی لە مامەڵەکردن بەم دراوە، وە تێچووی کەم لەسەر ئەو لایەنەی مامەڵەی پێوە دەکات و لە سەرووی هەمووشیان پارێزراوی (کە بەداخەوە لە کوردستان ئەم جۆرە لە پارێزبەندییە و مافی مامەڵەکاران بەم دراوە پارێزراو نییە)، وە ئەگەر سەیری بەکارهێنەرانی ئەم دراوانە بکەین ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبن، نەک تەنها کەسانی

یاسایی، بەڵکو کۆمپانیا گەورەکانی جیهان پەیتا پەیتا باوەش بۆ ئەم جۆرە دراوانە دەکەنەوە لەوانە کۆمپانیاکانی وەکو Tesla, Starbucks و چەند کۆمپانیایەکی تر، وە لە کۆتا ئەو هەڵی کارانەی کەوا کۆمپانیا Amazon ئامازۆن ڕایگەیاندووە بۆ کارکردن لەم کۆمپانیایە، ئەوانە دەگرێتەوە کەوا شارەزان لە بواری دراوی ئەلیکترۆنی و دامەزراندنی (بلۆک چەین) بۆ کۆمپانیای ناوبراو، بۆیە ئەم دەرگاکردنەوەیەی کۆمپانیایەکی گەورەی وەکو ئەمازۆن نیشانەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەوا لە داهاتوودا ئەم دراوە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا دەبێتە دراوی فەرمی وە کاری پێدەکرێت.

ڕەنگە ئەمە سەرەتایەک بێت کە کۆمپانیای ناوبراو جگە لە پەسەندکردنی ئەم جۆرە دراوە هەوڵی ئەوەش بدات کەوا وەبەرهێنان لەم جۆرە دراوە بکات و بێتە ڕیزی کۆمپانیا گەورەکانی وەکو Tesla کە تاکو ئێستا بە گەورەترین کۆمپانیا دادەنرێت کە وەبەرهێنانی کردووە لەم دراوەدا، ئەم پێشوازییەی هاووڵاتیان و کۆمپانیاکان لەم جۆرە دراوە لە سەرتاسەری جیهان وڵاتانی دونیای ناچارکردووە بیرلەکردنەوەی بانکی مەرکەزی تایبەت بە دراوی ئەلکترۆنی بکەنەوە هەر وڵاتێک Blockchain ی تایبەت بە خۆیان هەبێت، تا دەگاتە ئەوەی هەر وڵاتێک دراوی ئەلکترۆنی تایبەت بە خۆی هەبێت.

بۆیە بە پێی دواین ڕاپۆرتەکانی بواری دارایی و بانک ٨١ وڵات لە سەرتاسەری جیهان کە ٩٠٪ GDP ئابووری گۆی زەوی پێکدەهێنن لە سەرووی هەموویانەوە هەردوو وڵاتی ئەمەریکا و وڵاتی چین خەریکی کردنەوەی بانکی مەرکەزین بۆ ئەم جۆرە دراوە نوێیە، هەردوو وڵات بە تایبەت ترسیان لەوە هەیە ئەگەر وەکو گشت بوارەکانی تر کە پێشەنگن لەم بوارەشدا سەرمەشق نەبن! ڕەنگە لە داهاتوودا ئەم سەرقافڵەییە لەدەست بدەن، بۆیە زۆر بە جددی و بەخێرایی کار بۆ کردنەوەی بانکی ناوەندی تایبەت بە دراوی ئەلکترۆنی دەکەن، لێرەدا پرسیارێک دێتە نێو هزری هەر تاکێکمان ئەگەر هەر وڵاتێک دراوێکی ئەلکترۆنی تایبەت بە خۆی هەبێت! ئەی داهاتووی ئەم دراوە ئەلیکترۆنییانەی کە ئێستا هەن چییان بەسەر دێت؟ هەر ئەمەش وایکرد بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی کردنەوەی بانکی ناوەندی تایبەت بە دراوی ئەلکترۆنی، دراوی (Bitcoin) بتکۆین نیوەی بەهاکەی لەدەست بدات لە بازاڕەکانی دراودا، بۆیە بوونی بانکی ناوەندی تایبەت بە دراوی ئەلکترۆنی واتە بوونی دراوی ئەلکترۆنی تایبەت بۆ وڵاتان، ئەمەش مەترسی یەکجار گەورە لەسەر ئەم دراوانە دروست دەکات کە ئێستا مامەڵەیان پێوە دەکرێت، چونکە هیچ وڵاتێک خۆی بە خاوەنی ئەم دراوە ئەلکترۆنییانەی دانانێت.

بۆیە ئەگەری داڕمانی بەهای ئەم دراوانە لە ئان و سات دایە و هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەم دراوانەی کە هەن لەم کاتەدا، لە کۆتاییدا بە پێی هەموو پێوەرەکان داهاتوو بۆ دراوی ئەلکترۆنی دەبێت و ئەم دراوە جێگەی دراوی ئاسایی دەگەرێتەوە، بەڵام چۆن و کەی؟ ئەمە دەبێت ئاییندە وەڵامەمان بداتەوە [٨].

٥- حوکمی مامەڵە بە دراوە ئەلکترۆنییەکان:

أ- تێڕوانینی زانایانی ئیسلام بۆ دراوە ئەلکترۆیەکان:

- فەتـوای د. عەلـی قەرەداغـی لەبـارەی دراوە ئەلکترۆنییـەکان:

بسم الله الرحمن الرحيم

ژمارەی دراوە ئەلکترۆنییەکان هەتا ئێستا گەیشتۆتە نزیکی٩٠٠٠ دراو، لەوانەش بتکۆین و وەن کۆین، لە راستیدا ئەو دراوەی کە تا ئێستا زۆر بەناوبانگە بتکۆینە، وەن کۆین ناوبانگێکی ئەوتۆی نییە، تەنها لە کوردستان ئەو ڕەواجە زۆرەی پێ دراوە، هەتا ئێستا هیچ وڵاتێك دانی بە وەن کۆیندا نەناوە، ئەوەی کە هەیە شتی پچڕ پچڕە و متمانە پێ کراو نییە، بەڵام دەبێت ڕاستییەك بزانین ئەمە بەشێکە لە دەرهاویشتەکانی سیستمی ئابووری سەرمایەداری، ئەو لەسەر بنەمای قازانج مامەڵە دەکات، لەبەرئەوە گوێ نادا بەوەی دراوەکە دانی پێدا نراوە یان نا، ئەوان بەشوێن باجدا دەگەڕێن، مەبەستیان نیە ماهییەتی ئەو شتە چییە.

لە ساڵەکانی هەشتاکاندا **option** سەری هەڵدا، واتـە تۆ مافی شـتێك دەفرۆشـی، سـەرەتا کە سـەری هەڵـدا خەڵـك زۆر حـەزی لـێ دەکـرد، بـەڵام بەڕای هەمـوو توێژەرانـی بواری ئابـووری ئـەوە یەکێك بوو لـە هۆکارەکانـی ئـەو قەیرانـە ئابوورییەی کـە جیهان لـە سـاڵی٢٠٠٨ هەتـا ئێسـتا تێـی کەوتـووە، دەبێـت ئێمـەش ئـەوە بزانین کە نابێت هەر شـتێك سیستمی سـەرمایەداری دایهێنا ئێمـە وەك عـورف سـەیری بکەیـن و مامەڵـەی پێوە بکەین، ئێمە وەك مسـوڵمان بۆچوونـی ترمـان هەیـە کـە دەبێت بگەڕێینـەوە بـۆ بنەماکانـی ئابووری ئیسـلامیی، ئابووری ئیسـلامیی لەگـەڵ موڵکایەتـی و بوونـدا مامەڵـە دەکات، مامەڵە لەگـەڵ شـتی خەیاڵیدا نـاکات.

لـە ئابـووری ئیسـلامیدا ڕەگەزەکانـی چالاکـی ئابـووری پشـت دەبەسـتێت بـە (٥) بنەمـا: بەرهەمهێنـان، خەرجکـردن، ئاڵوگـۆڕ، دابەشـکردن، دووبـارە دابەشـکردن.

مـن دەڵێـم دەبێـت ڕەگـەزی یەکـەم موڵکایەتـی بێـت لـە موڵکایەتییـەوە بەرهـەم دروسـت دەبێـت لـە دواییشـدا ئەوەکانـی تـر. دەبێ هۆکارێـك هەبێت کە تـۆ شـتێکت هەبێـت وەك موڵکـی تـۆ بناسرێـت جا ئـەو شـتە مـاددی بێـت یـان مەعنـەوی، دەبێـت ئـەو شـتەش بوونێکـی هەبێـت، واتـە بەرجەسـتە بێـت بۆ ئـەوەی پێوانـە بکرێـت، ئەوانـەی ئێسـتا ڕابەرایەتـی ئـەو پرۆسـەیە دەکـەن زۆر ویسـتیان ڕای مـن بزانـن، وەفدێکـی ئەوانـەی وەن کۆیـن هاتـن بـۆ قەتـەر بەباشـی گوێـم لـێ گرتـن، بـەڵام مـن پەلـەم نەکـرد لـە فەتواکـەدا، مـن مـاوەی شـەش مانگ توێژینەوەم لەسـەر کـرد لـە ئەنجامـی ئەوەشدا(٥) پرسـیاری گرنگـم بـۆ دروسـت بـوو، مـن ئـەو (٥) پرسـیارەم ئاراسـتەی لایەنـە پەیوەندیـدارەکان کـرد، وتـم ئێـوە وەڵامی ئەو(٥) پرسیارەم بدەنەوە دوایی هەڵوێسـتی خۆمتـان پـێ دەڵێـم:

یەکـەم/ پرسـیارم ئـەوە بـوو، ئایـا ئـەم پارەیـە کـە وەردەگیرێـت لـە بەرامبـەر وەن کۆیـن دەچێتە کوێ؟ بەپێـی زانیـاری دروسـت دەچێتـە گیرفانـی ئـەو کۆمپانیایـەی کـە سەرپەرشـتی ئەم پرۆسـەیە دەکات و یـەك فلـس نامێنێتـەوە بـۆ بەشـداربووان.

دووەم/ ئایـا هیـچ کۆمپانیایـەك هەیـە کـە مافی مەعنـەوی ئەمانـە لەخـۆ بگرێـت؟

سـێیەم/ ئایـا هیـچ وڵاتێـك هەیـە زەمانەتـی ئـەم وەیـن کۆیـن و بـت کۆینە بـکات، بۆ نموونـە دیناری

عێراقی عێراق پشتیوانی دەکات، ئەی ئەم وەن کۆینە کێ پشتیوانی دەکات؟ واتە زەمانەتی نیە.

چوارەم/ ئایا هیچ کۆمپانیایەکی پشکدار هەیە کە خۆی بکات بە خاوەنی ئەم دراوانە و وەك بەشێك لە خۆی حسابی بۆ بکات، وە هەر کەسێك پشکێك بکڕێت ببێت بە بەشدار لەو کۆمپانیایە؟

پێنجەم/ چ زەمانێك هەیە بۆ ئەو خەڵکانەی کە بەشدارییان کردووە لە کاتێکدا کە ئەو دراوە پوچەڵ بکرێتەوە؟

لەگەڵ چەند پرسیارێکی تردا کردمان بە ئینگلیزی و ناردمان بۆیان، بەڵام ئەوان لە جیاتی ئەوەی کە وەڵام بدەنەوە وتیان ئەم پرسیارانە زۆر نهێنی تێدایە، ئێمە ناتوانین بە تەلەفون یان ئیمەیڵ وەڵام بدەینەوە، ئەوان وتیان ئێمە حەز دەکەین سەردانێکمان بکەیت، بەڵام من ئامانجی ئەوان تێگەیشتم، چونکە تەنها ئەگەر وێنەیەکم بگرن لای خۆیان سوودی لێ وەردەگرن بۆ شەرعیەتدان بە دراوەکەیان، من ڕازی نەبووم، بەڵکو داوام لێکردن با ئەوان سەردانم بکەن لە قەتەر یان لە هەر وڵاتێکی تر، بەڵام هەتا ئێستا وەڵامیان نەبووە، لە دوای ئەوە دوو چاوپێکەوتنم لەگەڵ جەزیرە ئەنجامدا، یەکەمیان بۆ تەئصیلی دراوی ئەلکترۆنی بوو کە دەبێت چۆن بێت، وتم دەبێت دراوی ئەلکترۆنی لە دوو شت پێکهاتبێت یەکەم ئەوەی پێی دەڵێن زنجیرەی خوارزمی (بلۆك چین) ئەمە شتێکی دروستە نابێت ئەمە حەرام بکرێت، چونکە ئایندەی چارەنووسی دراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە.

بەپێی زنجیرەی دراو دەبێت لە (ئاڵوگۆڕ) ـەوە دەست پێ بکات بۆ شمەك، پاشان بۆ دراو پاشان بۆ دراوی کاغەز پاشان بۆ دراوی ئەلکترۆنی، ئەم دراوە ئەلکترۆنیانە هیچ بوونێکی بەرجەستەیان نییە لە خەیاڵدا مامەڵەیان پێوە دەکرێت، وەك ئۆپشنی هەشتاکان وایە، یان وەك مارجن و فۆریکسی ئێستا.

ئەم دراوە مامەڵە پێکردنی لە بانك یان بۆ هەر شتێکی تر حەرامە، با ئەوەی کڕیوەتی بیگەڕێنێتەوە و قازانجەکەشی بخاتە کاری خێرخوازییەوە. من بەشداریم کرد لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر دراوی ئەلکترۆنی، چوار پێنج پرۆفیسۆری ئەمریکی بواری ئابووری بەشداریان کرد، ئەوان وتیان ئێمە پشتیوانی لە قسەکانی دکتۆر عەلی دەکەین و هیچ قسەیەکمان لەسەر قسەکانی ئەو نییە، وتیان ئێمە ڕامان وایە هەموو ئەو دراوانە خەیاڵین، وەك دراو و خراونەتە سەر بلۆك چین.

من (٥)چارەسەرم بۆ دانان:

یەکەم/ دەوڵەتێك بیکات بە دراوی دووەمی خۆی، ئەم دراوە یان بیخاتە پاڵ نەوت و غاز، دراوەکە بەو شتانە پشتیوانی بکرێت لەسەر بنەمای زنجیرەی خواریزمی.

دووەم/ یان کۆمپانیایەکی خاوەن پشك ڕابگەیەنن هەرکەس بە چەند کۆین بەشداری کرد بۆی ببێ بە بەش لە کۆمپانیاکە. دەربارەی (کیو نێت) یش ئەوە لەلایەن زانایانی کۆمەڵی فیقهی ئیسلامیی حەرام کراوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم مامەڵەکردن بە هەموو ئەو دراوانەوە ڕوویەکی شەرعییان نییە چونکە خەڵك سەرقاڵ دەکات و پارەیەکی زۆری وڵات ڕوو دەکاتە دەرەوە، واتە پرۆسەیەکە بۆ خواردنی ماڵی خەڵك بە حەرام، کەمینەیەك قازانج دەکات لەسەر حسابی زیانی زۆرینە.

دکتۆر عەلی قەرەداغی

ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان

(١٩-٨-٢٠١٨).

ب- پەیوەندی دراوە ئەلکترۆنییەکان و ڕیبا:

یەکـەم دامـەزراوە کـە فەتـوای حەرامکردنـی ئـەو دراوانـەی دا لـە شـارەزایانی وڵاتانـی ئیسـلامی لەبـارەی دراوە ئەلکترۆنییـەکان:

هەتـا ئێسـتاش بۆچوونـی زۆربـەی شـارەزایانی وڵاتانـی ئیسـلامی لەبـارەی دراوە ئەلکترۆنییـەکان بـەرەو حەرامکردنیەتـی، یەکـەم دامـەزراوە کـە فەتـوای حەرامکردنـی ئـەم جـۆرە دراوانـەی دا سـەرۆکایەتی کاروبـاری فەتـوای تورکیـا بـوو، پاشـان داری ئیفتـای فەلەسـتینی فەتـوای حەرامکردنـی دا، دوای ئـەوان د.شـەوقی عەلـلام موفتـی وڵاتـی میسـر فەتـوای دروسـتنەبوونی سـەودا بـە بیتکویـن و دراوەکانـی تـری دا، چونکـە یەکـەی گریمانەییـن و بنچینەیەکـی بەرجەسـتەیان نییـە و سـامان و ئابـووری وڵات و هاوڵاتیـان دەخەنـە مەترسـییەوە.

هەروەهـا شـێخ دکتـۆر محمـد المطلـق ئەندامـی دەسـتەی گەورە زانایانـی سـعودیە دەڵـێ: ئەوانـەی سـەودا بـەو جـۆرە دراوانـە بکـەن وەک ئـەوە وایـە خەریکـی قومارکـردن بـێ، وە نابـێ مسـوڵمان بەشـداری لـەو چەواشـەکارییە بـکات، کەغـەرەر لـە ئیسـلام دا حـەرام کرابـێ بەدەقـی فەرمـوودە: (نَهَـى رسـولُ اللّـهِ صلَّى اللَّـهُ عليـهِ وسـلَّمَ عـن بَيـعِ الغـرَرِ، وعـن بيـعِ الحصـاةِ((١٠). مامەڵـە بـەو دراوانـە لـە غـەرەر گەورەتـرە.

بـەڵام ئەمینـداری گشـتی یەکێتـی جیهانـی زانایانـی مسـوڵمان دکتـۆر عەلـی قـەرە داغـی دەڵـێ: دراوی بیتکویـن بـە خـودی خـۆی حـەرام نییـە چونکـە دراوێکـی فەرمییـە، بـەڵام بۆیـە حەرامـە چونکـە دەبێتـە هـۆی لەدەسـتچوونی

> یەکـەم دامـەزراوە کـە فەتـوای حەرامکردنـی ئـەم جـۆرە دراوانـەی دا سـەرۆکایەتی کاروبـاری فەتـوای تورکیـا بـوو

ماڵ و ژێرخانـی ئابـووری، کەواتـە وەک هـۆکار حەرامـە نـەک وەک مەبەسـت .

گرنگتریـن زیانەکانـی سـەودا و مامەڵە بەدراوی ئەلکترۆنـی لـەم خاڵانـەدا خـۆی دەبینێتـەوە:

- ئـەم دراوانـە لـە هیـچ لایەنێکـی فەرمـی دارایـی دەرنەچـوون، بۆیـە کاتـێ هاوڵاتـی لێیـان زیانمەنـد دەبـێ نازانـێ بـۆ قەرەبـووی زیانەکانـی سـەردانی کـوێ بـکات و لـەچ دامەزراوەیـەک بـۆی بگـەڕێ.

- ئەوانـەی ئـەم دراوانـە بەکاردێنـن بەتـەواوی خۆیـان ناناسـێنن و ناتوانـرێ لەلایـەن دەزگا چاودێرەکانـەوە چاودێـری بکرێـن، بۆیـە زۆر بەئاسـانی دەتوانـن چەواشـەکاری بکـەن.

- بـەرزی و نزمـی زۆر و خێـرا لەبەهـای ئـەم دراوانـە وادەکات کـە نەتوانـرێ متمانـە بـەو دراوانـە بکرێـت.

- چونکـە بـازاڕی سـەودای ئـەم جـۆرە دراوانـە ئەنتەرنێتـە، ئەنتەرنێتیـش لەهەمـوو شـوێنێک بەبەردەوامـی نییـە و زۆرجـار نامێنـێ، ئەمـەش وادەکات ئەوانـەی سـەودا بـەو دراوانـە دەکـەن زیـان مەنـد ببـن (١١).

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. العملات الرقمية تعريفها وأنواعها وكيفية الاستثمار فيها ماڵپەڕی الشارقه، م هالة كمال، ٢٩يوليو ٢٠٢٤.

٢. العملات الرقمية ماهيتها والموقف الفقهي منها، نووسینی د.محمود عوده تركی، ماڵپەڕی زانکۆی ئەنبار/کۆلێژی پەروەردە لەبەرواری٢٠٢٢/٥/١٨ - ماڵپەڕی ویکیپیدیا.

٣. العملات الرقمية ماهيتها والموقف الفقهي منها، نووسینی د.محمود عوده تركی، ماڵپەڕی زانکۆی ئەنبار/کۆلێژی پەروەردە لەبەرواری ٢٠٢٢-٠٥-١٨ - ماڵپەڕی ویکیپیدیا.

٤. استراتيجية العملة الرقمية للبنوك المركزية-الدرهم الرقمي مجلة البشائر الاقتصادية،

Volume 9, Numéro 1, Pages 90 - 1122023- 04- 22

٥. العملة الرقمية للبنوك المركزية (cbdc) كتوجه حديث في المعاملات المالية والمصرفية، نووسینی : بوزانة أيمن . حمدوش وفاء.

٦. العملات الرقمية ماهيتها والموقف الفقهي منها، نووسینی د.محمود عوده تركی، ماڵپەڕی زانکۆی ئەنبار/کۆلێژی پەروەردە لەبەرواری ٢٠٢٢-٠٥-١٨ - ماڵپەڕی ویکلیپیدیا.

٧. العملات الرقمية تعريفها وأنواعها وكيفية الاستثمار فيها ماڵپەڕی الشارقه، م. هالة كمال، ٢٩يوليو ٢٠٢٤/.

٨. ماڵپەڕی ویکیپیدیا بابەتی : العملة الرقمية.

٩. کامران ابراهیم شێروانی، ٢٧-٠٧-٢٠٢١، ئایا داهاتوو بۆ دراوە ئەلکترۆنییەکان دەبێت؟ لە ماڵپەڕی خەندان :

marketing@xendan.org ::Mob:

Copyright © 2020 Xendan.org all rights reserved

Designed and developed by AVESTA GROUP

١٠. فتوایەکی دکتۆر عەلی قەرەداغی دەربارەی دراوی ئەلکترۆنی،

کوردیو ٢٠/٠٨/٢٠١٨ - ٠٩:٢٥ هەواڵ/

کوردستانی:

Copyright ©2020 kurdiu.org. All rights reserved

١١. الراوي : أبو هريرة | المحدث: الألباني | المصدر : صحيح ابن ماجه | الرقم : ١٧٩٧ | خلاصة حكم الحديث: صحيح | التخريج: أخرجه مسلم (١٥١٣)، وأبو داود (٣٣٧٦)، والترمذي (١٢٣٠) واللفظ له، والنسائي (٤٥١٨)، وابن ماجه (٢١٩٤)، وأحمد (٧٤١١)

١٢. العملات الرقمية ماهيتها والموقف الفقهي منها، نووسینی د.محمود عوده تركی، ماڵپەڕی زانکۆی ئەنبار/کۆلێژی پەروەردە لەبەرواری ٢٠٢٢-٠٥-١٨ - ماڵپەڕی ویکیپیدیا.

پرۆفایل...

بەسۆز حمەصدیق محمدامین رسول

- **ساڵی (١٩٩٨) لە ڕانیە لە دایک بووە.**
- **دەرچووی باخچەی ساوایانە/ لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی ڕاپەڕین.**
- **ئەندامی بەشی پەروەردە لە ڕێکخراوی ژیار و مامۆستا لەو ڕێکخراوەدا.**
- **مامۆستا لە پەیمانگای شنایا.**
- **"بەشداری کردووە لە چەندان خێوەتگەی پەروەردەیی"**
- **بەشداری کردووە لە سیمیناری تایبەت بە پەروەردە و پەروەردەی تایبەت و خێزانی و تەندروستی خێزانی، سیمیناری تایبەت بە کارگێڕی و بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری و هونەری گوێگرتن و قسە کردن، خولی تایبەت بە ڕاهێنانی مامۆستایان.**

م.سەردار عەبدولڕەحمان
ئیبراهیم/ ڕانیە

گرنگی ژمارە (چل) لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ)

دەستپێك:

ژمارە چل(٤٠) لە ئاینی ئیسلامدا نیشانەی تەواویی و پاکبوونەوە و تەوبە و پێگەیشتنە، ئەم ژمارەیە لە چەندین بواردا وەک لە (قورئانی پیرۆز، فەرموودە، فیقە، پەرستش-عیبادەت، دروشم و مێژووی ئیسلامدا) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، ئەم ژمارەیە سیمبول و هێمایەکی گرنگە لە چەندین پێوەر و ڕێسا و ژیاننامە و فەرموودەی پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) دا هاتووە، لەمەڕ ئەم ژمارەیە لە ئیسلامدا چەندین نیشانەی ئاینی و ڕەوانبێژی هەیە کە لە سەرچاوە جیاوازەکاندا باسکراون، بە گوێرەی سەرچاوە ئیسلامییەکان چل(٤٠) ژمارەیەکی پیرۆز و نیشانەی تەواویی و پێگەیشتنە لە قۆناغەکانی ژیانی گەشەی تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی و ئیسلامییدا.

تەوەرەی یەکەم: گرنگی ژمارە چل(٤٠) لە قورئانی پیرۆزدا :[1]

یەکەم: چل ساڵ تەمەنی پێگەیشتن:

(وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ إِحۡسَٰنًا حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ كُرۡهٗا وَوَضَعَتۡهُ كُرۡهٗا وَحَمۡلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهۡرًا حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرۡبَعِينَ سَنَةٗ قَالَ رَبِّ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَصۡلِحۡ لِي فِي ذُرِّيَّتِيٓ إِنِّي تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَإِنِّي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ)، (الأحقاف: ١٥).

واتە: ئێمە فەرمانمان بە ئادەمیزاد داوە چاکەکار و چاکڕەفتار بێت لەگەڵ دایک و باوکیدا، دایکی بە ئازارەوە هەڵی گرتووە و بەدەم ئێش و ئازارەوە بوویەتی، سک پڕبوون و لە شیر بڕینەوەی سی دانە مانگی خایاندوون، هەتا کاتێک ئینسان دەگاتە حاڵەتی توندوتۆڵی و توانایی و تەمەنی چڵ ساڵی (ئەوسا ئیتر حەق وایە ئەم نزایە بکاتە یەکێک لەوێردەکانی سەر زاری) و بڵێت: پەروەردگارم! کۆمەکیم بکە و یارمەتیم بدە تاکو شوکرانە بژێر و سوپاسگوزاری ئەو ناز و نیعمەتانە بم بە من و دایک و

باوکمت بەخشیوە، هەروەها یارمەتیم بدە لەو جۆرە کاروکردەوە چاکانە ئەنجام بدەم تۆ پێی ڕازیت، داواکاریشم چاکە بڕوێنیت لەناو نەوەکانمدا لەبەر قازانجی خۆم (چاکەی هەرکەس بەشی دایک و باوکی تیادایە) بەڕاستی من گەڕاومەتەوە بۆلای تۆ تا لەگوناهەکانم خۆش ببیت و من لە مسوڵمانانی گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارم.

لە ئەم ئایەتە نیشان دەدات چل ساڵ تەمەن سنوورێکی گرنگە بۆ پێگەیشتنی عەقڵ و تێگەیشتن، زۆرێک لە زانایان ئەم ئایەتە بە نیشانەی پێگەیشتنی مرۆڤ دادەنێن.

دووەم: چل ساڵ گەشتەکەی بەنی ئیسرائیل:

خودا لە قورئاندا باسی سزادانی گەلەی موسا دەکات کە چل ساڵ لە بیاباندا وێڵ و سەرگەردان بوون: (قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيۡهِمۡ أَرۡبَعِينَ سَنَةٗۛ يَتِيهُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ)، (المائدة: ٢٦).

واتە: بەڕاستی ئەوە ئیتر شاری قودس لەسەریان حەرامە، دەبێت چل ساڵیش وێڵ و سەرگەردان بن لەسەر زەویدا (تا ئەو نەوە ترسنۆکە تیا بچێت و نەوەی تازە پێبگات)، ئیتر خەفەت مەخۆ بۆ گەل و هۆزی تاوانبار و ستەم پیشە.

سێیەم: چل شەو عیبادەتی موسا:

خودا فەرموویەتی موسا (سڵاوی خودای لەسەر) چل شەو بۆ عیبادەت ڕاوێژکرا پێش ئەوەی لەوحەکان (تەوڕات) وەربگرێت: (وَوَٰعَدۡنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيۡلَةٗ وَأَتۡمَمۡنَٰهَا بِعَشۡرٖ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرۡبَعِينَ لَيۡلَةٗۚ وَقَالَ مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَٰرُونَ ٱخۡلُفۡنِي فِي قَوۡمِي وَأَصۡلِحۡ وَلَا تَتَّبِعۡ سَبِيلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ)، (الأعراف: ١٤٢).

واتە: بەڵێنی سی(٣٠) شەومان بە موسادا (خواپەرستی تێدا بکات، تا ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی تەوڕات) و بە دە شەوی تر ماوەکەمان تەواو کرد، ئینجا کاتی گفتوگۆی موسا لەگەڵ پەروەردگاریدا تەواو بوو و گەیشتە چل(٤٠) شەو، موسا (پێش ڕۆیشتنی بۆ کێوی طور) بە هارونی برای وت: ئیتر تۆ لە جیاتی من بە لەناو قەوم و عەشرەتمدا دەوری چاکسازی ببینە و نەکەیت شوێن ڕێبازی ئەوانە بکەویت کە چێنەری تۆوی خراپەن.

چوارەم: چل ڕۆژ بۆ دروستبوونی مرۆڤ:

بە دە شەوی تر گەردان بوون.اي رةلار لةدةعةويايي و فيقهي هتد (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ...)، (الحج: ٥).

واتە: ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندوو بوونەوە هەیە، ئەوە چاك بزانن ئێمە سەرەتا ئێوەمان لە خاك و خۆڵ دروستکردووە، لەوەودوا (نەوەکان) لە نوتفەیەك (پەیدا بوون)، پاشان نوتفەش دەبێتە خۆهەڵواسەرێك لەناو منداڵداندا، لەوەودوا دەبێتە گۆشتپارەیەکی تەواو و سەرو سیمادار، یان ناتەواو، (هەموو ئەم شتانە دەهێنینەوە یادتان) تا بۆتان ڕوون بکەینەوە کە ئێمە ئاوا ئێوەمان دروستکردووە و دووبارە دروستکردنەوەشتان لامان ئاسانە، ئەوەش بمانەوێت لە منداڵدانەکاندا جێگیری دەکەین، تا کاتێکی دیاریکراو، لەوەودوا بەساوایی و بەبچووکی دەرتاندەهێنین (لە سکی دایکتان) دوایی بۆ ئەوەی گەورە ببن و بگەنە ئەوپەڕی هێز و تواناتان...

لە تەفسیری(ابن کثیر) و زانایانی تردا هاتووە، چل ڕۆژ یەکێکە لە قۆناغە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی کۆرپەلە لە سکی دایکیدا، هاتووە (ئەو قوڕەی بۆدروستکردنی حەزرەتی ئادەم ئامادەکرا ماوەی چل ڕۆژ دانرا تا کاتی دروستکردنی لاشەکەی).

تەوەرەی دووەم: گرنگی ژمارە چل(٤٠) لە ژیان و فەرموودەکانی پێغەمبەری نازداردا(ﷺ):

یەکەم: هاتنی نیگا (وەحی) لە چل ساڵیدا:

پێغەمبەری نازدارمان (ﷺ) لە تەمەنی چل ساڵیدا لەلایەن جبریلی ئەمینی وەحی نیگای هاویژراوەتە سینە و پێغەمبەرایەتی لە سیمای ئەو میرخاسەدا دەدرەوشایەوە.[٢]

لە سەرچاوەیەکی تریشدا ئاماژە بەوە کراوە خوای پەروەردگار پێغەمبەری نازدارمان(ﷺ) ی ئامادەکرد لە تەمەنی چل ساڵی بۆ پێغەمبەرایەتی بۆ هەڵگرتنی ئەمانەت و پەیامێکی بەرز و گەورە، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دروست بکات و خەڵکی بەرەو پەرستنی خوا و سەرفرازی دونیا و قیامەت بانگ بکات، تا سەرەنجام لە تەمەنی (٤٠) ساڵیدا خوای بەخشندە بە جبریلدا وەحی بۆ نارد.[٣]

دووەم: هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو خەدیجە:[٤]

لە سەرچاوەکانی ژیاننامەدا هاتووە پێغەمبەری نازدارمان (ﷺ) خاتوو خەدیجەی لە تەمەنی چل ساڵیدا دەخوازێت.

سێیەم: تەمەنی چل ڕۆژ منداڵ لە سکی دایکیدا:(٥)

پێغەمبەری نازدارمان(ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود) ڕیوایەتی کردووە، فەرموویەتی: (إنَّ أحدَكم يُجْمَعُ خَلْقُهُ في بطنِ أمِّه أربعينَ يومًا نطفةً، ثم يكونُ علقةً مثلَ ذلك، ثم يكونُ مضغةً مثلَ ذلك، ثم يبعثُ اللهُ إليه ملَكا، ويُؤمرُ بأربعِ كلماتٍ، ويُقالُ له: اكتبْ عملَه، ورزقَه، وأجلَه، وشقيٌّ أو سعيدٌ؛ ثم يُنفخُ فيه الروحَ)، (صحيح البخاري: ٧٤٥٤)، واتە: هەریەک لە ئێوە لەسکی دایکیدا چل ڕۆژ خەلق دەکرێت، پاشان دەبێتە خوێن پارە لە هەمان کاتدا، پاشان دەبێتە جووراوێک لە هەمان کاتدا، پاشان خوای گەورە فریشتەیەک دەنێرێت، فەرمانی پێ دەکرێت بە چوار شت (کارەکانی، ڕۆزیی، دواڕۆژی، نەگبەتە یان بەختەوەر)، پاشان گیانی پیادا فوو دەکرێت.

چوارەم: ئەنجامدانی نوێژ بە کۆمەڵ لە مزگەوت بۆ ماوەی چل ڕۆژ:(٦)

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِك قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ صَلَّى لِلَّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا فِي جَمَاعَةٍ، يُدْرِكُ التَّكْبِيرَةَ الْأُولَى كُتِبَ لَهُ بَرَاءَتَانِ: بَرَاءَةٌ مِنَ النَّارِ، وَبَرَاءَةٌ مِنَ النِّفَاقِ)، (سنن الترمذي: ٢٤١).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێک لەپێناو خوای گەورە چل ڕۆژ ئامادەی نوێژی جەماعەت بێت بەسەر یەک، بگات بە اللە أكبری دابەستنی نوێژ لەگەڵ ئیمام، ئەوا بۆی دەنووسرێت کە ئەو کەسە بەریە (پارێزراوە) لە دوو شت: بەریە لە ئاگری دۆزەخ، وە بەریە لە نیفاق (دوو ڕوویی).

پێنجەم: ماوەی نێوان دەرگاکانی بەهەشت چل ساڵە: (٧)

عَنْ ابی سعید الخدری قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (مَا بَيْنَ الْمِصْرَاعَيْنِ مِنْ مَصَارِيعِ الْجَنَّةِ مَسِيرَةُ أَرْبَعِينَ سَنَةً)، أخرجه: احمد (المسند) ٣/٢٩، وصححه الشيخ البانی فی (سلسلة الأحاديث الصحيحة): (١٦٩٨) وفي (صحيح الجامع): (٣١٩٠)، واتە: لە نێوانی ئەم لا ولای تاکە دەرگایەکی بەهەشتدا ماوەی ڕێ ڕۆیشتنی چل ساڵە.

شەشەم: ڕۆیشتن بە پێش نوێژخویندا:(٨)

عَنْ أَبِي جُهَيْم قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَوْ يَعْلَمُ الْمَارُّ بَيْنَ يَدَيِ الْمُصَلِّي مَاذَا عَلَيْهِ، لَكَانَ أَنْ يَقِفَ أَرْبَعِينَ خَيْرًا لَهُ، مِنْ أَنْ يَمُرَّ بَيْنَ يَدَيْهِ) قَالَ أَبُو النَّضْرِ: لَا أَدْرِي قَالَ: أَرْبَعِينَ يَوْمًا أَوْ شَهْرًا أَوْ سَنَةً؟... رواه مسلم: (٥٠٧)، واتە: ئەگەر بیزانییایە ئەو کەسەی بە پێش نوێژخوێنێکدا تێپەڕ دەبێت چەندە گوناهبارە ئەوا چل وەختان ڕابوەستایە باشتر بوو لەوەی بەپێش نوێژخوێنێک دا تێپەڕ بێت.

ئەبو نەضر دەڵێت: نازانم وتی چل ڕۆژ یا چل مانگ یا چل ساڵ .

حەوتەم: چل کەس نوێژ لەسەر تەرمێک بکەن:[٩]

وعن ابن عباس - رضي الله عنهما - قال: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (ما من رجلٍ مسلم يموتُ، فيقومُ على جنازته أربعون رجلًا، لا يشركون بالله شيئًا، إلا شفَّعَهم اللهُ فيه)، (رواه مسلم: ٩٤٨)، واتە: هەر مسوڵمانێک کاتێک کۆچی دوایی دەکات چل کەس نوێژی لەسەر بکەن کە شەریک و هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار نەدابێت، ئەوا خوای گەورە ئەوانە دەکاتە شەفاعەتکار و تکاکار لەبارەیەوە.

هەشتەم: تاوانی پرسیارکردن لە فاڵگرەوە و جادووگەر:[١٠]

عَنْ بَعْضِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ، لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً)، (رواه مسلم: ٢٢٣٠)، سونەنی ئەبوداود: (٣٩٠٣)، موسنەدی ئەحمەد: (٤٢٩/٢)، واتە: هەر کەسێك بچێتە لای فاڵچییەك و پرسیاری شتێکی لێبکات بێ ئەوەی باوەڕیشی پێبکات، ئەوا چل شەو نوێژی لێ وەرناگیرێ.

نۆیەم: ئارەقخۆر چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێت:[١١]

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ شَرِبَ الْخَمْرَ وَسَكِرَ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ صَبَاحًا وَإِنْ مَاتَ دَخَلَ النَّارَ، فَإِنْ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ)، پێشەوا ئەحمەد: (٦٧٧٣)، نەسائی: (٥٦٧٠)، ئیبن ماجە: (٣٣٧٧)، صحيح الجامع: (٦٣١٣)، واتە: هەرکەسێك عەرەق بخواتەوە و سەرخۆش بێ، ئەوا نوێژی چل بەیانی لێ وەرناگیرێ (واتە چل ڕۆژ)، جا ئەگەر بمرێ ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە، خۆ ئەگەر تەوبە بکات و پەشیمان بێتەوە، ئەوا خودا تەوبەکەی لێ وەردەگرێ .

دەیەم: دەججال چل ڕۆژ لەسەر زەوی دەمێنێتەوە:[١٢]

حَدِيثُ نَوَّاسِ بْنِ سَمْعَانَ قَالَ: قَالَ النَّبِيِّ (ﷺ): (يَخْرُجُ الدَّجَّالُ فَيَمْكُثُ أَرْبَعِينَ يَوْمًا، يَوْمٌ كَسَنَةٍ، وَيَوْمٌ كَشَهْرٍ، وَيَوْمٌ كَجُمُعَةٍ، وَسَائِرُ أَيَّامِهِ كَأَيَّامِكُمْ...)، (رَوَاهُ مُسْلِمٌ: (٢٩٣٧)، واتە: دەججال دێت و (٤٠) ڕۆژ دەمێنێتەوە، ڕۆژی یەکەمی وەک ساڵێکە، ڕۆژی دووەمی وەک مانگێکە، ڕۆژی سێیەمی وەک هەفتەیەکە، ڕۆژەکانی تری وەک ڕۆژە ئاساییەکانتانن.

یانزدەیەم: ماوەی دوو فووەکەی چلە:[١٣]

عن أبي هريرة - رضي الله عنه - قال : قال النَّبِيِّ (ﷺ):: (ما بَيْنَ النَّفْخَتَيْنِ أَرْبَعُونَ. قالوا: يا أبا هُرَيْرَةَ أَرْبَعُونَ يَوْمًا؟ قَالَ: أَبَيْتُ، قالوا: أَرْبَعُونَ شَهْرًا؟ قَالَ: أَبَيْتُ، قالوا: أَرْبَعُونَ سَنَةً؟ قَالَ: أَبَيْتُ،..)، (البخاري: ٤٨١٤)، (مسلم: ٢٩٥٥)، واتە: ماوەی نێوان دوو فووکردنەکە چلە، وتیان ئەی ئەبو هورەیرە چل ڕۆژە؟ وتی بێدەنگ بووم، وتیان چل مانگە؟ وتی بێدەنگ بووم، وتیان چل ساڵە؟ وتی بێدەنگ بووم.

دوانزدەیەم: بۆنی بەهەشت چل ساڵ ڕێیە:[١٤]

عـن عبداللـه بـن عمـرو رضي اللـه عنهـما، عـن النبي ﷺ قـال: (مَـن قتـل مُعاهـدًا لم يـرح رائحـة الجنـة، وإن ريحهـا توجـد مـن مسيرة أربعـين عامًـا)، (بوخـاری: ٣١٦٤)، (موسـليم: ٤٧٤٦)، واتـە: هـەر کەسێک نەفسێکی (معاهـد/ واتـە: ئـەو جولەکـە و گاورەی لەنـاو مسـوڵمانانـدا دەژیـن و سـەرانە دەدەن) بەناهەقـی بکوژێـت بەبێ ئـەوەی حەقێکـی لا بێـت، ئـەوا بۆنـی بەهەشـت نـاکات وە بۆنـی بەهەشـت هەسـتی پـێ دەکرێـت لـە دووری چـل سـاڵ.

تەوەرەی سێیەم: هێما و ئاماژەی ژمارە چل(٤٠) لە کەلەپوور و بۆنە ئاینییەکاندا:

١- لـە نـووسراوە ئاینییەکانیشـدا ژمـارەی ٤٠ ئاماژەیـە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ، عیسـای پێغەمبـەر ٤٠ ڕۆژ لـە دەشت بـە ڕۆژوو بـووە بـۆئـەوەی لـەبەرامبـەرئیبلیسـدا سـەرکەوێت.

٢- لـە ئەدەبیـاتی سـۆفیگەرییدا، شـێخ یاخـود ڕابـەری تەریقـەت دەبێـت چلـە بکێشـێت، مەبەسـت لـە چلەکێشـانیش، مانـەوە و چوونـە خەڵوەتـە بـۆ مـاوەی چـل رۆژ.

٣- وەك نەریتێـکی کۆمەڵایـەتی و ئاینیـی بـۆ کەسـانی کۆچکـردوو، چلـەی ماتەمینیـی

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. بورهـان محمـد ئەمـین، تەفسـیری ئاسـان بـۆ تێگەیشـتنی قورئـان، ناوەنـدی ڕۆشـنبیر، چاپـی سـێیەم.

٢. الشـیخ صفـي الرحمـن المباركفـوري، گـوڵاوی سـەرمۆر(الرحيق المختـوم)، وەرگێڕانـی مـەودود جەبار، ناوەنـدی ڕۆشـنبیری ئەدیبـان، چاپـی دووەم، ٢٠٢١، ل١٠٩.

٣. عەلـی باپیر، پوختـەی ژیاننامـەی پێغەمبـەری خـوا، چاپخانـەی تەفسیر، چاپـی سـێیەم، ٢٠٢١، ل٨٣.

٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

٥. د. دیـاری ئەحمـەد قەسـاب، چەنـد پەیڤێـک لەبـارەی قورئـان- ئیعجـاز- زانسـت، سـەنتەری زەهـاوی، چاپـی یەکـەم، ٢٠٢٣، ل١٤١.

٦. محمـد مـلا فائـق شـارەزووری، بەهەشـت لـە قورئـان و فەرمـوودە صەحیحەکانـدا، چاپـی پێنجـەم، ڕێنوێـن، ٢٠١٨، ل١٨٢.

٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

٨. ئەبـو ئەنـەس کـوردی، ٢٤٠ فەرمـوودەی مـرواری لـە صەحیحـی موسـلیم و بوخـاری، چاپخانـەی زانـا، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، ٢٠١٤، ل١٦.

٩. الامـام أبی زكريـا يحيـي بـن شرف النووي الدمشـقی، ريـاض الصالحـين، دار الفيحـاء، الطبعـة الثالثـة عـشرة، سورية-دمشـق-حلبوني، ٢٠١٩، ص٣٠٩.

١٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٣.

١١. محمـد صالـح منجـد، چەنـد حەرامکراوێـك لـە دیـدی خەڵکـدا بـێ بایەخـن پێویسـتە خۆیانـی لـێ بـەدوور بگریـن، و: احمـد شـێخ عبداللـە وەرتـی، لـە بلأوکراوەکانـی پـڕۆژەی سـەدای سوننە، قۆناغـی دووەم، چاپـی یەکـەم، ٢٠١٩، ل١١٤.

١٢. یوسـف بـن عبداللـە بـن یوسـف الوابـل، نیشـانە گەورەکانـی ڕۆژی دوایـی، وەرگێڕانـی: حەمـزە بەرزنجـی، چاپخانـەی شارسـتان، چاپـی سـێیەم، سـلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٣-٣٤.

سازدەکرێت، واتە دوای ٤٠ ڕۆژ لە مردنی کەسەکە.

٤- لە کوردەوارییدا بۆ ژنانێک کە تازە منداڵیان بووە، تا ٤٠ شەو بە ماوەی زەیستانی دادەنرێت و دەگوترێت هێشتا چلەی نەچووە [(١٥)] .

٥- جالوت چل ڕۆژ بەرەنگاری نەوەی ئیسرائیل بووەوە تا دواتر داود (علیه السلام) پێغەمبەر تێکیشکاند.

